تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کاروانی پێنووس

(شاعیران و نووسەرانی مەریوان و هەورامان)

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:
فاتح مستەفایی

- له دایک بووی ۱۹۷۲ گوندی «زەکریان»ی مەریوان.
- کوڕی سەید محەممەد (لە بنەماڵەی سەیدەکانی چۆڕ) و سەلما خاتوون.
- مامۆستای قوتابخانەکانی مەریوان لە ۱۹۹۳ەوە.
- ۱۹۹۶ دەرچوون لە زانکۆی کەرەج بە پلەی بەکالۆریۆس لە بواری «پەروەردە»دا.
- لە ساڵی ۱۹۹۹ەوە هاوکاری لە گەڵ گۆڤارەکاندا بە نووسینی وتارگەلی کۆمەڵایەتی.

بسم الله الرحمن الرحیم

کاروانی پێنووس

(شاعیران و نووسەرانی مەریوان و هەورامان)

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:

فاتح مستەفایی

سرشناسه	: مصطفایی، فاتح ۱۳۵۱.
عنوان نام پدیدآور	: کاروان پینووس / فاتح مصطفایی
مشخصات نشر	: سنندج، آراس۱۳۸۹
مشخصات ظاهری	: ۳۲۵ ص
شابک	: ۹۷۸-۶۰۰-۵۸۵۶-۳۰-۹
فهرست‌نویسی	: فیپا
موضوع	: شاعران کرد -- ایران -- قرن ۱۴ سرگذشتنامه
موضوع	: نویسندگان کرد -- ایران -- قرن ۱۴ سرگذشتنامه
رده‌بندی کنگره	: PIR۳۲۵۶ ۱۳۸۹ ۶م۲۱آ/
رده‌بندی دیویی	: ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی	: ۲۲۳۲۵۸۸

ناسنامەی کتێب

نێوی کتێب	: کاروانی پێنووس
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی	: فاتح مستەفایی
پێداچوونەوە	: عەزیز ناسری
ڕوو بەرگ	: هێمن کانی سانانی
بڵاوکردنەوە	: ئاراس ـ سنە
نۆرەی چاپ	: یەکەم - ١٣٩٠
نرخ	: ٦٥٠٠ تمەن
تیراژ	: ١٠٠٠ دانە

ناوەندی بڵاو کردنەوە:

سنەـ پاساژی عێزەتی ـ بڵاو کردنەوە ئاراس

تەلەفوون ٢٢٢٨٣٤١-٠٨٧١

پێشکەش بە:

ڕۆحی باوک و دایکم کە گەورەییان لە «وشە»دا ئەزانی.

پێڕست

ناوەرۆک	لاپەڕە
پێشەکی ئەحمەد قازی	١٧
پێشەکی نووسەر	٢١
شاعیران و نووسەرانی بەر لە سەدەی ١٤ی زایینی	٢٥
سەید محەممەد زاهید	٢٥
شێخ عەبدولڕەحمان ڕوکنەددین کاکۆ زەکەریایی	٢٥
پیرشالیاری یەکەم	٢٥
پیرشالیاری دووهەم	٢٦
شێخ نیعمەتوڵڵا کاکۆ زەکەریایی(یەکەم)	٢٦
شێخ نیعمەتوڵڵای کاکۆ زەکەریایی(دووهەم)	٢٧
محەممەدی کوڕی مەلا ڕەزای مەریوانی	٢٨
پیر یۆنس هەنجیران	٢٨
شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٤ی زایینی	٢٩
مەولانا محەممەدی گوشایش	٢٩
شێخ عەبدولڕەحمان جانەوەرە	٢٩
شێخ عەزیز جانەوەرە	٣٠
پیر ناری هەورامی	٣١
کابل مەریوانی	٣١
فازڵ کاکۆ زەکەریایی	٣٢
شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٥ی زایینی	٣٢
مەلا ئەبووبەکر موسەننیفی چۆڕی	٣٢
شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٦ی زایینی	٣٣
شێخ ڕەزا موعینەددین کاکۆ زەکەریایی	٣٣
شێخ شەهابەددین کاکۆ زەکەریایی	٣٣

خەیاڵی ٣٤
شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٧ی زایینی ٣٥
مەلا یۆسف جانی چۆڕی ٣٥
مەلاعەبدولغەفاری دووهەم ٣٥
شێخ ئیبراهیمی هەورامانی ٣٥
مەلا سەید عەبدولکەریمی چۆڕی ٣٥
شێخ ئیبراهیمی شارانی ٣٦
مەلا جامی چۆڕی ٣٦
شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٨ی زایینی ٣٦
مەلا خزری ڕووار ٣٦
مامۆستا فەخرەددین ٣٧
مەلا محەممەد سلێمان (سەیدی) ٣٨
ئەحمەد بەگی کۆماسی ٤٠
مەلا عەبدولعەزیمی سەوڵاوا ٤١
شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٩زایینی ٤٢
شێخ سەعیدی دۆلاشی ٤٢
مەلا عەبدولسەمەدی بالکی ٤٢
حاجی سەید حەسەنی چۆڕی ٤٢
مەلا عەبدوڵڵا قازی شەیدا ٤٣
مەلا شەریفی مەردۆخی ٤٣
مەلا حەسەن دزڵی ٤٤
محەممەد ئەمین (خیتلە) ٤٥
حاجی مەلا عەزیز ٥٠
مەلاعارف ٥٠
کاک حەمەی بێلوو (ناری) ٥٠
مەلا عەبدوڵڵا مەریوانی ٥١

مامۆستا محەممەد ڕەشید مودەڕیسی ٥٢
عەبدوڵڵا بەگی هەورامی ٥٣
مەلا مەحموود جوانڕۆیی ٥٦
مەلا عەبدولقادری جەلالی ٥٦
فەرەج وڵڵا زەکی مەریوانی ٥٧
حاجی سەید بابەشێخی ئەڵمانە ٥٧
مەلا عەبدولواحدی سەمەدی ٥٨
شێخ محەممەد (مەلا ئابی) ٥٨
حاجی شێخ عەبدوڵڵای نێزڵ ٥٩
خاتو خۆرشید مەریوانی ٥٩
مەلا محەممەد ئەمین چیچوڕانی ٦٠
مەلا محەممەدی ڕەشەدێیی ٦١
شێخ عوسمان سێراجەددینی«دووڕۆ» ٦١
شێخ محەممەد حەسەن مەزهەری ٦٢
محەممەد کەریمی(مامۆستا قازی) ٦٤
مامۆستا مەلا باقری بالک ٦٧
محەممەدی کوڕی شێخ عەلی مەریوانی دەرهەردیی ٦٨
مەلا حەمە سەعید سادەوا ٦٨
شاعیران و نووسەرانی سەدەی ٢٠ی زایینی ٦٨
شێخ محەممەد خەڵووزە (حەسرەت) ٦٨
قادر سەڵەسییەیی ٧٣
کەیخوسرەوی مەریوانی ٧٣
سەید ئیبراهیم چۆڕی و سەید عەبدوڵڵای چۆڕی ٧٤
مامۆستا قانع ٧٤
تایەر بەهجەت مەریوانی ٧٦
مەلا عەبدوڵڵای سەجادی بلبەر(سەید بلبەری) ٧٦

سەید عەتای چۆڕی ٧٨
محەممەد سادق ئەحمەدزادە........ ٧٩
مامۆستا گۆران........ ٨٠
مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس(نامی) ٨٢
محەممەد موڕادی (کوڕەخات) ٨٤
مامۆستا سەید عەلی خالدی ٨٥
شێخ نەجمەدین مەردۆخی ٨٦
حسێن زاهیدی ٨٩
دوڕی مەریوانی ٩٠
وەهمی کوردستانی........ ٩٢
مامۆستا محەممەد عارف عەلامی........ ٩٣
مامۆستا محەممەد ئەمین عالی ٩٥
شێخ جەلال فارۆقی........ ٩٦
عەبدوڵلا ئەقدەسی ٩٧
مەلا محەممەد کۆماسی ٩٨
سەعدوڵلا خەدیری ٩٨
حەمە عەلی رەحیم پوور........ ١٠٠
مامۆستا عارف مودەڕیسی ١٠١
شێخ حەمەمارف حەسەنی ١٠٢
ماجد مەزهەر پوور (ئاوارە)........ ١٠٤
مامۆستا شێخ ئەحمەد فارۆقی (کەڵەیمی شاعیر)........ ١٠٦
دوکتور عەبدوڵلا........ ١٠٩
سەید محەممەد موسەننیفی ١١٠
شێخ ڕەشید حسێنی ١١١
مەلا کەریم سەردۆش (پەژار) ١١٤
گەلێ فەخرە کە وا شوێنی مەزاری........ ١١٦
شێخ ئەحمەد مەردۆخی (شەپۆل) ١١٦

سەید ڕەئووف حسێنی ١١٨
محەممەد مەعرووفی ١١٩
مەلا محەممەدی جەوانڕوودی ١٢٢
ئەحمەد محەممەدی ١٢٣
ئیبراهیم غەریبی ١٢٧
فاتح شێخەلئیسلامی (چاوە) ١٢٨
مامۆستا مەحموود دەستوورە(مودەڕیس) ١٣١
ئەنوەر لهۆنیان ١٣٤
حەمیدە خالدی ١٣٦
ئەحمەد نەزیری ١٣٩
محەممەد ڕووستایی(مامۆستا حافز) ١٤١
موسلێح شێخەلئیسلامی (ڕێبوار) ١٤٢
ئیبراهیم مەردۆخی ١٤٢
ناسر حەیدەری کانی سانانی ١٤٤
محەممەد یۆسف ڕەهنموون ١٤٧
ئەحمەد ڕۆستەمی ١٥١
مامۆستا لەتیف ڕەحیمی ١٥٢
ئەحمەد قازی زادە ١٥٣
شەمسەددین فەتاحی (دواکەوتوو) ١٥٥
محەممەد فەهیم ١٥٧
مامۆستا بورهان عالی ١٦٠
سەید عەبدوڵڵا حسێنی ١٦٢
عەبدوڵڵای نیکخا (سەفایی) ١٦٣
فریشتە عەلەویی (دایکی سەلام) ١٦٦
ئەحمەد بەهرامی ١٦٧
سەید باباشێخ حسێنی ١٦٨
عیسا ئەحمەد زادە ١٦٨

ئیسماعیل مەحموودی ١٦٩
سەید ئیسماعیل حسێنی ١٧٥
عوسمان ئەشکاوەند (جێماو) ١٧٨
محەممەد ئەمین میرزایی ١٧٩
سابیر سەعیدی ١٧٩
عادڵ محەممەدپوور ١٨٠
عادڵ محەممەد پوور لە زمانی خۆیەوە بناسین: ١٨٠
باقی سەفاری ١٨٢
حسێن فیداکار ١٨٣
غەفوور(فەرەیدوون) بەهرامی ١٨٤
فاتح وەیسی ١٨٥
سەید ئەحمەد حسێنی (دڵپڕ) ١٨٦
عەبدوڵڵا ڕەحیمی ١٨٨
مەهین بەهرامی کەمانگەر ١٨٩
ئەمین عەزیزی ١٩٠
جەماڵ ئیرانی ١٩٠
فاتح ڕەحیمی ١٩٢
کوێستان یەزدان پەرست ١٩٣
جەلیل عەباسی (قەقنەس) ١٩٤
عەلی مەحموودی ١٩٥
فایەق باتەش ١٩٦
ئەنوەر ڕەوشەن ١٩٦
ساڵح حەبیبی ١٩٩
ئەرسەلان عەزیزی ١٩٩
ڕەئووف مەحموودپوور ٢٠٠
عەبدولمەجید خۆرمێهر ٢٠٢
ئەحمەد کۆنە پۆشی ٢٠٢

محەمەد ناجی کانی سانانی ٢٠٣
ئیبراهیم ئەحمەدی نیا ٢٠٤
جەلال سەعیدزادە ٢٠٥
مامۆستا سدیق محەممەدی ٢٠٧
عومەر ئەفسەری ٢٠٧
موزەفەر یۆسفی ٢٠٩
مەحموود مەحموودی ٢١١
سوبحان ئەمینی ٢١٢
عابد عەلایی ٢١٣
کولسووم عوسمانپوور ٢١٥
موسلێح ئەحمەدی ٢١٥
سەید دارا حسێنی ٢١٧
ڕەئووف ڕەهنموون ٢١٨
وەفا قادری ٢٢٠
بێهزاد کوردستانی ٢٢١
محەممەد مستەفازادە ٢٢٢
ئازاد ڕۆستەمی ٢٢٣
عەزیز ناسری ٢٢٤
شەهین محەممەدی ٢٢٦
سەمیرە نەقشبەندی ٢٢٧
مستەفا عەبدی ٢٢٨
د. ئومید وەرزەندە ٢٢٨
سدیق مەحموودی ٢٢٩
سەعید ئەکبەری ٢٣٠
جەمال ئیمانی ٢٣١
فاتح بادپەروا ٢٣٢
قادر ئەحمەدی ٢٣٣

کامیل سەفەریان.......... ٢٣٤
کەماڵ عەبدوڵڵایی (مەریوانی).......... ٢٣٥
مەحموود مۆبارەک شایی.......... ٢٣٦
پژمان حەبیبی.......... ٢٣٧
ڕەئووف جەهانی(سەیوان.ج).......... ٢٣٧
فاتح ئەرژەنگی (تینوو).......... ٢٣٩
نگار محەممەدی.......... ٢٤٠
موختار هووشمەند.......... ٢٤٠
ئەمجەد مەلایی.......... ٢٤٢
ئەنوەر هوژەبری.......... ٢٤٤
ئیبراهیم مینوویی.......... ٢٤٥
ڕەحمان هوشیاری.......... ٢٤٥
فەرید نیکخا.......... ٢٤٦
کافیە جەوانڕوودی.......... ٢٤٧
کاوە موعین فەر.......... ٢٤٩
مامۆستا مادح مرادی.......... ٢٥٠
موختار محەممەدی.......... ٢٥٢
نووری بەراری.......... ٢٥٢
حامد بەهرامی.......... ٢٥٣
مێهدی خووندڵ.......... ٢٥٤
عەلی دڵاوێز.......... ٢٥٥
جەمیل فارۆقی.......... ٢٥٧
حەمزە محەممەدی.......... ٢٥٩
ڕزگار عەلایی.......... ٢٦٠
موسلێح کۆنە پۆشی.......... ٢٦١
عەبدولڕەحمان ڕەحیمی نیا.......... ٢٦٢
بەختیار کەریمی.......... ٢٦٣

د. ڕەحمەت سادقی ٢٦٤
جەمال محەممەدی ٢٦٥
کاوە دەستوورە ٢٦٦
کوورش ئەمینی ٢٦٧
پەرویز ڕۆستەمی ٢٦٧
ڕەئووف سەعیدیان (ئاریا هەورامی) ٢٦٩
مەسعوود بینەندە ٢٧١
مێهدی چۆڕی ٢٧٢
هیوا نادری ٢٧٣
زاهید بارخدا ٢٧٥
مامۆستا ساحێب غەریبی ٢٧٦
عەبدوڵڵا ئازەری دوخت ٢٧٨
فەرید پەروازە ٢٧٩
تۆفیق موورادی (ڕێبوار هەجمنەیی) ٢٨٠
حامد کۆنە پۆشی ٢٨٢
شەریف موورادی ٢٨٢
ئەسکەندەر موورادی ٢٨٥
ئەییوب حەق بین ٢٨٦
ڕەحمان ڕەحیمی ٢٨٧
سەلام قادری ٢٨٨
مەستوورە خوسرەوانی ٢٨٩
عەدنان داستوار ٢٩٠
ئەحمەد محەممەدی ٢٩٠
محەممەد کەریمی ٢٩٢
عەدنان حەسەن پوور ٢٩٣
عیرفان حسێنی ٢٩٣
فەریدە محەممەدی (نارین) ٢٩٤

سۆران حەیدەری.......... ٢٩٥
ناسر خاوەری.......... ٢٩٥
هادی ڕەحمان زادە.......... ٢٩٦
ئیرەج قادری.......... ٢٩٧
شلێر زەمانی.......... ٢٩٨
کاروان شێخولئیسلامی (کارۆ).......... ٢٩٨
کەیوان جامخانە.......... ٢٩٩
هەورامان بەهرامی.......... ٣٠١
خەدیجە جەهانی.......... ٣٠٣
شنۆ جەوانڕوودی.......... ٣٠٤
شنۆ ڕەحیمی.......... ٣٠٦
محەممەد ناسری.......... ٣٠٧
سورەیا ئەمینی.......... ٣٠٨
عەدنان بادزۆهرە.......... ٣٠٨
هانا سەیفی.......... ٣٠٩
غەزاڵ کەریمی.......... ٣٠٩
هەیاس غەریبی.......... ٣١١
شەوبا ڕەحیمی.......... ٣١٢
سەرچاوەکان.......... ٣١٥
پێڕستی ناوەکان.......... ٣١٧

پێشەکی ئەحمەد قازی

تێڕوانینێکـی ورد لەو ڕووداوانەی بە دەور و بەرماندا تێ دەپەڕن و خۆمانیش دەوریان تێدا دەبینین، پێمان دەڵێن: بنەمای ژیان لە سەرەتای جیهانەوە تا ئێستا پرۆسەی فەوتان و هەستانەوەیە. ژیانی زۆربەی زیندەوەران بەوە دابین دەبێ کە بە هێزەکان بێ هێزەکان بخۆن و زۆردارەکان بێ زۆرەکان لە ناو بەرن.

ئەوە ڕەوەندی چەرخی زەمانە و تەنانەت ڕووەک و گیا و ئاوەژی ناو دەریا و ئادەمیزادەکانیش دەگرێتەوە.

کێشەی زاڵ بوونی «ئەم» بە سەر «ئەو»دا بە کوشتار و قەلاچۆ کردن، تواندنەوەی گەلانی ژێردەست، بە گۆڕینی زبان و ئایین و فەرهەنگ و شێوەی ژیان و دەیان جۆری دیکە هەروا درێژەی هەیە. بێجگە لەوانە زۆر هۆکاری دیکەش هەن کە ڕەوتی ئەو گۆڕان و توانەوە و تێداچوونە بە تەوژم تر دەکەن، دژواری و گیروگرفتەکانی بەرێچوون، کۆچبار بوون بۆ دوورە وڵات، ژیان لە مەنفادا و کاریگەری فەرهەنگە زاڵەکان و نغرۆبوون لە ناو بابەتی جۆراوجۆر و ئاسان بوونەوەی پێوەندی و تێکەڵاوی دەگەڵ هەموو جیهان بە هۆی ئەو گشتە ئامراز و کەرەسە جادوویی یانەوە ـ ئینترنێت، کامپیۆتێر، فەیس بووک، موبایل، کەناڵە زۆر و سەرنج ڕاکێشەکان ـ زۆر بە ئاسانی دەتوانێ «خۆت» لە خۆت بسڕێتەوە و بتکاتە بوونەوەرێکی ئاگا لە خۆنەماوی هەڵواسراو لە فەزایەکی خاڵی لە بوون و بنەچەک کە ناهومێدی و سەر لێشێواوی بەرهەمەکەیەتی.

هۆکارەکان بۆ سەر هەڵدانی حاڵەتێکی دەروونی لە خۆ بێگانە بوون، بێ ژمارن کە دەتوانین ئاماژە بە دەیان نموونە بکەین. دیتنی ژیانی پێشکەوتووی پڕ لە جم و جووڵ و هیوا و شانازی لە لای بەشێک لە وڵاتانی جیهان لە جەمسەرێک و داماوی و کلۆڵی و چەق بەستوویی و تاریکی و نادیار بوونی ئاسۆی ژیانی داهاتوو لە جەمسەرەکەی تری جیهان دا کە تۆشی لە گەڵ دای، بەرەی تازەی پێگەیشتووی چاوکراوە لەم جەمسەرە دەباتە سەر هەڵدێری بێ هیوایی و دابڕان لە خۆی و

فەرهەنــگ و کەلەپــوورەکەی. ئەم حــاڵەتە دەروونــی یە هەر ئێــستا یەکێــک لە گیروگرفتەکــانی جیهــانی سـێهەمە کە ئـێمەی کــوردیش تێـی دا دەژیــن و وای لێکــردووین تەنــانەت نەتــوانین بە باشــی کەڵــک لە ئــاڵ و گۆڕەکــان و هەلە هەڵکەوتووەکان وەربگرین. کورتەی کەلام: خۆ لە بیر بردنەوە و خۆ بە هێند نەگرتن بۆ تاک و بۆ کۆ، بۆ گەل و نەتەوە، هۆکاری سەرەکی فەوتان و تێداچوونە و ئەرکی ڕووناکبیری دڵسۆز و زانا بەرگری کردن لە پەرەگرتنی بارودۆخی لەم چەشنەیە.

لە بــارودۆخێکی وەهــادا، خۆناســینەوە، بە خۆداهــاتنەوە و گەڕانەوە ســەرخۆ، دەتوانێ وەک دژکردەوەیەکی کاریگەر وەبەرچـاو بگیرێ. هەر بزوتنەوەیەکـی لەم چەشنە بە تایبەتی زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و زبـان و کەلەپـوور... دەتـوانێ ببێـتە چەکی بەرگری لە دژی تێداچوون و توانەوە و خاشەبڕ بوون.

بەختەوەرانە، جەماوەرێکی بەرچاو لە ڕووناکبیرانمـان، لەو بـابەتەی بە کـورتی لە سەرەوە باسمان کـرد، تێگەیـشتوون و بە ویجـدانێکی مرۆڤـانی و بە شـێوەی مەدەنـی ئاوڕیان لەم ئاستەنگە داوەتەوە و تێکۆشاون پێش بە تێـداچوونی فەرهەنـگ و زبـان و شارستانەتی کورد بگرن کە جێگەی سپاس و ڕێزی هەموو دڵسۆزانی ئەم نیشتیمانەیە.

لەم ڕۆژانەدا چەپـکە گوڵێـک کە بریتـی بـوو لە کــورتە ژیـان نـامە و ئاسـەواری فەرهەنگـی بە هەمـوو سـیماکانیەوە ـ شـێعری، هـونەری، زانـستی ـ ئائینی و ... ـ کە نزیکەی سێ سەت کەسی لە نووسەران، شاعیران، هونەرمەنـدان و زانایـانی هەرێمـی هەورامان و مەریوانی لە خۆ گرتبـوو گەیـشتە دەسـتم. ئەم کتێـبە بە نـاوی «کـاروانی پێنووس» بە هیمەت و تێکۆشانی بەڕێز فاتێح مستەفایی بەرهەم هاتووە و هیوادارم زۆر زوو بگـاتە دەسـت خـوێنەران. نووسـەر بـۆ بەرهەم کردنـی ئەم گەنجینـەیە ئەرکـی گەورەی ڕاپەڕاندووە، سەری بە هەموو ماڵباتی هەورامان و مەریـوان دا کـردووە و لە هەر شوێنێک تووشی قەڵەم بە دەسـتێک یـا خـاوەن هەسـتێک لە هەر بەسـتێنێک دا هــاتبێ هەڵـی قۆسـتۆتەوە، دەرفەتـی لە دەســت نەداوە و ڕاسـتگۆیانە بە سـەرهات و ئاسەواری ئەو کەسانەی تۆمار کردووە.

ئەوەی سەرنجی منـی ڕاکێـشا ئەوەیە کە زۆربەی ئەم خۆشەویـستانەی ناویـان لەم کتێـبەدا هــاتووە کەســانێکن لە بنەمــاڵە هەژار و نەدارەکــانی نــاوچە و زۆربەیـان بە زەحــمەت و لە ژێــر تەق و تــۆق و هاشــەی بۆمبــا و گوللەبــارانی گونــد و شــاری

ناوچەکاندا خۆیان پێگەیاندووە و بە پلەی بەرز و ورەی بەرزەوە درێژەیان بە خوێندن و کار وچالاکی خۆیان داوە، تا پێگەیشتوون و بوونەتە ڕۆڵەی بە ئەمەگی ئەم وڵاتە و ئاوڕیان لە فەرهەنگ و زبان و هەویەی خۆیان داوەتەوە. بە ڕاستی ئەوە دەرسێکە کە خوێنەر لەم کتێبە وەریدەگرێ و ئافەرین بۆ نووسەریش کە بە وردی ئاوڕی لەم لایەنە داوەتەوە.

ئەحمەد قازی ـ مەهاباد

٧ی ئاوریل ٢٠١١

پێشەکی نووسەر

زانایان و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگا، چرا بەدەستانی ڕێگای ڕزگاری لە شەوەزەنگی نەزانی و تاریکین و ڕچەشکێنانی ڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی کۆمەڵگان بەرەو پێشکەوتن. ئەوانن کە بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ‌وچان، کۆمەڵگا لە زەلکاوی دواکەوتن ڕزگار ئەکەن و بەرە و ئاسۆی ڕوونی دەبەن.

بە وردبوونەوە لە ژیان و بەسەرهاتی زانایان و گەورەکانی هەر وڵاتێک، ڕادەی شارستانییەت، ئاستی زانست، هۆکارەکانی دواکەوتن و پێشکەوتنی ئەو گەلەمان بۆ دەرئەکەوێت.

کۆمەڵگای کوردەوەرای وەک هەموو کۆمەڵگاکانی‌تر خاوەنی پێنووس و بیر و هزری تایبەتی خۆیەتی و بە پێی هەل و مەرجەکان، لە هەرقۆناغێکدا کەسانێک خۆبەخشانە و دڵسۆزانە چوونەتە ژێر دارەلۆسی[1] فەرهەنگ و هونەری ئەو کۆمەڵگایە. خزمەتی خۆیان بە پێی هەل و دەرفەت و تواناکان درێخ نەکردووە.

مەریوان ئەودەڤەرە زانا پەروەرەیە کە لە مێژە بە «دارالعلم» ناسراوە. ئەگەر چاوێک بە کتێبخانەی کوردی و کتێبخانەی گەلانی‌تریشدا بخشێنین لە ناوی کەڵە زانایانی مەریوانی خاڵی نیە. کەسانێک وەک ئەستێرەی پرشنگدار لە ئاسمانی زانست و هونەر و عیرفاندا ئەدرەوشێنەوە. ئەم مەڵبەندە بە پێزە، هیچ کات بێ‌بەش نەبووە لەو سامانە کۆمەڵایەتییە. بەڵام سەد مەخابن لە بەر هەتیو بوونی نەتەوەکەمان و ئاستی نزمی خوێندەواری جەماوەر، وەک شیاو ڕێز و بایەخیان پێنەدراوە و تەنانەت زۆر جاریش ناو و ناتۆرەی خراپیان بۆ هەڵبەسراوە. ژیانیان پڕ بووە لە تەنگ و چەڵەمە و تاڵی و سوێری و ئاوارەیی. ڕاوەدوونان بووە بە بەشێک لە ژیانیان. وڵاتانی پێشکەوتوو و گەلانی تێگەیشتوو تا کاتێ زاناکانیان زیندوون، ڕێزیان لێئەگرن و کۆڕ و کۆبوونەوەیان بۆ ساز ئەکەن و بە ناوی ئەوانەوە شەقام و کۆڵان ئەڕازێننەوە. بەڵام بە

---

[1]. دارە لۆس: دارێکی ئەستوور و قورس بوو، پێشتر کە کەرەستەی گوساتنەوە نەبوو خەڵکی بە یارمەتی یەکتر ئەیانگواستەوە و لە خانووسازیدا بە جێگای تیرئاسنی ئەمڕۆ کەڵکیان لێ وەرئەگرت.

داخەوە ئـێمە دوای خۆیـان لە بەر بڕێـک بەرژەوەنـدی نـاوی هەنـدێکیان ئەبەیـن و ئەگەریش پێمان کرا لەبەر گلەیی کۆبوونەوەیان بۆ ساز ئەکەین و...

ڕێبوارانی زانا و دڵسۆز و لێهاتووی ئەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوە، وێڕای کۆسپ و تەگەرە، لەو پەڕی زەحمەت و تێکۆشاندا، ئەم کاروانە درێژە پێئەدەن.

وڵاتی ئێمە وێڕای تایبەتمەندی ڕۆژهەڵاتییانەی خۆی لەم سەردەمەدا، بێ بەهـرە نییە لەو ئـازیزە زەحمەتکێـشانە کە بـۆ هێـشتنەوە و پەرەپێـدانی فەرهەنـگ و تـۆرەی نەتەوەکەیان خەویان لە خۆ زڕاندووە و بە پشت کـردن لە زۆرێـک لە خۆشـییەکانی ژیان ئەو ڕێبازەیان درێژە پێداوە.

بە هەسـت کـردن بەم بۆشـاییە و بـاوەڕ بە کـاریگەری ئەرێنیـی نووسـەران و ڕووناکبیران، بە باشم زانی کە بە کەڵک وەرگرتن لە زانـست و گەورەیـی خۆیـان لە زمانی خۆیانەوە بە کۆمەڵگایان بناسێنم، بۆ ئەوەی لە هزر و بیری ئەوان زۆرتر کەڵک وەربگرین و بیانکەین بە نوێنەرێک بۆ نەوەکانی سبەینێمان و تا دوای خۆیان خەڵکی بە مەیلی خۆیان بۆیان نەبڕن و بۆیان نەدروون.

لە ماوەی ئەم چوار پێنج ساڵەدا کە خەریکی کۆکردنەوەی ژیان و بەسەرهاتی ئەو ئازیزانە بووم، زۆر شتی شـیرین و تـاڵم بینـی کە کـاریگەری زۆریـان لە سـەر دانـام: شیرین ئەوە بوو کە هەرکامێ لەو پێنووس بەدەستانە لەو پەڕی گەورەیی و دڵسۆزی و دڵپاکیدا، هیچ شتێکیان لێ نەئەشاریمەوە و دڵە گەورەکانیان بۆ ئـاوەڵا ئەکـردم و هەر کامیان بە تەنیا، بۆ من کتێبخانەیەک بوون. بەڵام ئەوەی کە تاڵ بوو:

یەکەم: دژوار بوونی باری ژیانی زۆربەیان، هەڵنەسوڕانی ژیانی ئاساییان تا بگاتە بە چاپ گەیاندنی بەرهەمەکانیان.

دووهەم: هاوکاری نەکردنی هەندێکیان.

سێهەم: کۆچی دوایی چەند کەسێکیان هاوکات لە گەڵ کۆکردنەوەی ئەم بابەتە، کە زۆر لە سەر دڵم گران بوو.

ناوی کتێبەکە!

لە دوای بیروڕا گۆڕینەوە و خۆماندوو کردنی زۆر بۆ ئەوەی چ ناوێک لەم کتێـبە بنێم، «کاروانی پێنـووس»م بە چـاک زانـی. لە بەر ئەوەی کـاروان دایـم لە چـوون و نەسرەوتنە و کۆتایی پێ‌نایەت. جێگای ئاماژەیە نووسەرانی مەریوان و هەورامان تەنیا

ئەم کەسانە نین کە من ناوم هێناون، بەڵام ئەوانەی وا ناویان نەهاتووە لە بەر چەند هۆیە کە:

یەکەم: خۆ دەرنەخستن و نادیار بوونی بڕێکیان.

دووهەم: وێڕای هەوڵ و تێکۆشانی خۆم، پێم نەزانیون.

سێهەم: خۆیان نەیان ویستووە ناویان ببەم.

ڕوونکردنەوە:

نووسەر لەم کتێبەدا کەسێکە، لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیدا هەوڵی دابێت و نوسراوەی هەبێت. مەریوان و هەورامان لە باری فەرهەنگییەوە ئەوەندە تێکەڵاون کە وەک دوو برای دوانە یەکیان لە ئامێز گرتووە و جیاکردنەوەیان ئەستەمە. مەبەستیش لە هەورامان لەم کتێبەدا «هەورامانی تەخت»ە.

ئازیزی خوێنەر!

زۆر هەوڵمدا کە ئەم بەرهەمە کەمتر هەڵەی تێدا بێ و بەڵام بێ گومان هیچ کارێ بێ هەڵە نییە و تەنیا خودایە کە بێ هەڵەیە. هەر بۆیە داوا لە خاوەن بیران ئەکەم بۆ پشت ڕاست کردنەوەی هەڵەکان یارمەتیم بدەن و بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا ڕچاو بکرێ.

لە کۆتاییدا جێگای خۆیەتی سپاسی گشت ئەو ئازیزانە بکەم کە لە کۆکردنەوەی ئەم کتێبەدا ڕێنموونیان کردم و لە هیچ هاوکارییەک خۆیان نەبوارد، بە تایبەت کاک ئەحمەد قازی، نووسەر و وەرگێڕی لێهاتوو، دۆستی شاعیر و خۆشەویستم عەزیز ناسری و هەروەها هاوسەرم کە یارمەتیدەری بێوچان و هاندەری سەرەکی بوو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم بەرهەمە.

فاتح مستەفایی ـ مەریوان

٢٠١١ ی زایینی

شاعیران و نووسەرانی بەر لە سەدەی ١٤ی زایینی

سەید محەممەد زاهید

نازناوی«زەهیرەدین» و ناسراو بە «پیر خزری شاهۆ»، یەکێ لە خواناسان و زانایانی گەورەیە کە ڕەچەڵکی زۆربەی سەیدەکانی کوردستان بۆلای ئەو ئەگەڕێتەوە. ئەم زانا پایە بەرزە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە[١] و گۆڕەکەی لە گوندی پیرخزرانە. یەکەمین کوردێکی کە وشەی «پیر»یان بۆ بەکار هێناوە، ئەم کەسایەتییە بووە[٢].

شێخ عەبدولڕەحمان ڕوکنەددین کاکۆ زەکەریایی[٣]

شێخ عەبدولڕەحمان ناسراو بە «روکن الدین» کوڕی شێخ ئەحمەدی سامت کوڕی شێخ محەممەد سادق فازڵ و لە بنەماڵەی شێخەکانی کاکۆ زەکەریا و لە خواناسانی سەدەی نۆهەمە کەخاوەنی کتێبی«فرض و سنت[٤]»ە.

لەکاتی منداڵیدا لە گەڵ باوکی ئەڕوات بۆ سەفەری حەج، لە کاتی حەجدا باوکی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات. شێخ عەبدولڕەحمان تا تەواو کردنی خوێندنی لە وڵاتی حیجاز ئەمێنێتەوە و پاشان بۆ زێدەکەی خۆی «کاکۆزەکەریا»ئەگەڕێتەوە.

پیرشالیاری یەکەم[٥]

کوڕی جاماسب، پیاوێکی زانا و گەورە بووە و لە سەر ئەوەی کە لە سەدەی یەکەم یان پێنجەمدا بووبێت جێگای باسە. لەم نووسەرە کتێبێک لە ژێر ناوی «مارەفەتو پیری» کە بریتییە لە پەند و ئامۆژگاری و داب و نەریتی ئایینیی کۆن وەک

---

١. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ٦٣.

٢. نورالانوار، سەید عەبدولسەمەد توداری، ل٩٣.

٣. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧.

٤. هەمان سەرچاوە، ل٧١.

٥. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ٢.

یادگار به جێماوه ئەم کتێبە زۆر نایابە و تەنیا لە بیر و هۆشی بڕێک لە خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە.

وەوریێ وەوارۆ، وەورە وەرێنە ورێسە بڕێو، چوار سەرێنە
کەرگەی سیاوە، هێڵە چەرمێنە گۆشڵێ مەمەڕێو، دوەبەرێنە

پیرشالیاری دووهەم[1]

ناوی سەید مستەفایە و بە ناو پیرشالیاری دووهەم بە ناوبانگە. ئەم زانایە هاوچەرخی شێخ عەبدولقادرگەیلانی (۱۰۵۰- ۱۱۴۰ز.) بووە. سەید مستەفا لە ساداتی حسێنییە. لە سەر خواستی خەڵکی هەورامان، پێداچوونەوەیەک بە سەر کتێبی «مارەفەتو پیری» پیرشالیاری یەکەمدا ئەنجام ئەدات.

شێخ نیعمەتوڵڵا کاکۆ زەکەریایی(یەکەم)[2]

کوڕی شێخ کەمالەددین زەکەریا و لە شێخەکانی کاکۆ زەکەریایە و بە «وەلی» ناسراوە. ساڵی۱۱۰۶ی زایینی چرای ژیانی کوژاوەتەوە. خواناسێکی گەورە و زانایەکی پایەبەرزی سەردەمی خۆی بووە و لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیشدا زۆر شارەزا بووە و شێعری هۆنیوەتەوە و ناز ناوی «سەید»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

حمد بی حد خدای یکتا را آن که جان داد و عقل و دین ما را
ذات پاکش ز عیب و عار بری است خالق آدمیّ و جنّ و پری است
هر چه ظاهر شد از ارادت او نیست مقصود جز عبادت او
حق پرستی تو را سر دین است به یقین راه مستقیم این است
پیرو پاک دین احمد شو تابع ملت محمد شو
احمد مرسل است فخر بشر گرد نعلین اوست، کحل بصر
آدم از قرب احمد است کبیر عالم از نور احمد است منیر
صد هزاران درود بی پایان باد بر مصطفی و بر یاران
این کتاب کفایة الاسلام هر کسی یاد کرد، یافت نظام

---

۱. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ۴۷.
۲. هەمان سەرچاوە، ل ۱۲۲.

لە درێژەی هۆنراوەکەیدا ئەڵێ:

یارب از فضل خویش رحمت کن | جـای «سـیّد»، مقـام جنـت کـن
«نعمـــــةُ الله» را ببخـــــشایی | کـــه ســـمیع و بـــصیر و دانـــایی
«نعمـةُ الله» راســت در دو ســرا | حل هـر مـشکلی بـه فـضل خـدا
وآنکـه خوانـد دعـا طمـع دارم | زانکـه مـن بنـده ی گنـه کـارم

شێخ نیعمەتوڵڵای کاکۆ زەکەریایی(دووهەم)[1]

لە شێخەکانی کاکۆ زەکەریایە، پیاوێکی زانا و شاعیرێکی پایەبەرز بووە. لە کتێبی «تاریخ مشاهیر کرد»دا نووسراوە کە ساڵی لە دایـك بـوون و کـۆچی نادیـارە و بابا مەردۆخ بە پێی هۆنراوەیەکی خودی "شێخ نیعمەتوڵڵا" ئەڵێ کە لە کەسایەتییەکانی سەدەی دەوانزەهەم بووە.

بە پیش گلشن رویت نزاکت گل چیست؟
بە پای زلف رسای تو گوی سنبل چیست؟
بە بـزم مجلـس میخوارگـان نـدارم کـار
چو چشم مست تو باشد گوارش مل چیست؟
گرفته شهر دلم، پیچ و تـاب زلـف کجـت
هجوم رشـتەی کـافردلان کاکـل چیـست؟
شهید غمـزەی خـود کـردە ای دو عـالم را
بە کـشتن مـن بیچـارە ایـن تأمـل چیـست؟
بە رغـــم مـــدعیانم نـــواختی اول
بگو در آخر کار این هـمە تغافـل چیـست؟
در آن زمـان چـو کـشم آە و نـالەی سـوز
ز هجر گلشن رویـت فغـان بلبـل چیـست؟
تـرا بە بندکـشد، تـا کُـشَد، شـبی «نعمـت»!
وگرنە حلقەی زلف پر از تسلسل چیست؟

---

١. هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٥.

محەممەدی کوڕی مەلا ڕەزای مەریوانی

ساڵی ١١٨٢ی زایینی لە مەدرەسەی بیارە لە فەرمانڕەوایی محەممەد پاشادا کتێبی «العدة المبارکة»ی نووسیوە[1]، بەڵام شوێن و ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دوایی نادیارە.

پیر یۆنس هەنجیران

کوڕی شێخ زەکەریا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی «ئەدهەل»ە. لە سەدەی سێزدەهەمی زایین دا ژیاوە.

بنازید ای مسلمانان بباب من کە سلطانم
بلطف خود کنم اعطا، چرا سلطان دورانم
نبارد قطرەای باران کە خارج باشد از امرم
تعالی اللە چە سان نافذ نمودە حکم و فرمانم
گهی با باد میآیم گهی با ابر می نالم
گهی من جوهر فردم گهی من مهر تابانم
زمان و هم مکان محکوم حکم من شدە، بی شک
همین فضل از خدا باشد کە من از جان جانانم
برادر کو بود شە نعمت اللە ولی بی شک
پدر باشد زەکەریا جد ادهل شاە دورانم
همە فرع شاذلی کز سبط پیغمبر
امام مجتبی یعنی حسن آن شاە شاهانم
اگر پرسی زمن، «یونس» منم سلطان این دوران
کریم ابن الکریم ابن الکریم و خاص خاصانم[2]

---

١. "بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد"، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووهەم، ل ١٨.

٢. نور الانوار، سەید عەبدولسەمەد توو‌داری، ل ٦٣.

شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٤ی زایینی

مەولانا محەممەدی گوشایش[١]

ناسراو بە گوشایش، کوڕی میر محەمەدی مەردۆخ(بابامەردۆخ)ە و ساڵی ١٣٦٩ی زایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. سەرتای خوێندنی لە هەورامان دەست پێکردووە و بۆ فێر بوونی زانست لە هەر لایەك ناوی زانایەکی گەورەی بیستبێ، ڕۆیشتووەتە خزمەتی و لە خەرمانی زانستی گوڵی چنیوە و بەهرەی بردووە. دوای وەدەست هێنانی خەرمانێك لە زانست و ئەدەب، گەڕاوەتەوە هەورامان، واتە زێدەکەی خۆی.

ئەم زانایە دوای خزمەتێکی زۆر بە خەڵکی هەورامان لە بواری ئایین و زانستدا، ساڵی١٤٥٢ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات.

شێخ عەبدولڕەحمان جانەوەرە

کوڕی شێخ محەممەدی کوڕی شێخ مەحموود لە شێخەکانی بنەماڵەی بست و شێخ حەسەن مەولاناوایە کە لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمدا لە گوندی «جانەوەرە» ژیاوە و برای شێخ عەزیزی شاعیرە. شێخ عەبدولڕەحمان ئەدیب و شاعیرێکی بە توانا بووە کە دیوانێکی شێعری بە زاراوەی هەورامی داناوە و نازناوی «ڕەحمان»ە. ڕەحمان لە سەرەتای لاویدا ئەویندارى کچە شۆخێك لە خێڵی جاف بە نێوی «ئەمان»بووە کە ئەو کچە جوانەمەرگ ئەبێ. زۆربەی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە بۆ ئەو ئەوینە ناکامەیە.

دیدەم دیسان چەرخ چەواشەی بەدخۆ
سازان فێڵێ پەی دووری من و تۆ
ئەوجار وەتاقێق دووری ؟! تۆ سەردان
منت وێنەی قەیس کەردەن سەرگەردان

---

١. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ١٣١.

هەنـــی مـــن وەكـــێ خـــاتر كەرۆ شـــاد
وەبـــۆنەی كێـــوە غەم بـــدەم وەبـــاد
حەیـــفەن ڕاز نەرم كـــێ نە گۆشـــم بـــۆ؟
شـــەوان دەســـت كـــێ نە ئاغۆشـــم بـــۆ
ســـا بـــا بنـــاڵووم مـــن وەی زامەوە
وەی زام كـــاری بـــێ دەوامەوە
پـــاڵ بـــدەم وە ئـــێش زام ســـەختەوە
وەی زام كـــاری شـــوومی بەخـــتەوە
شـــەڵڵای ڕۆی ئەزەڵ دیـــدەم كـــۆر بیـــا
دیـــدەم! تـــا دیـــدە دیـــدەی تـــۆ نەدیـــا
نەوینـــام وەچەم لادێ خـــاڵ تـــۆ
نەبۆســـام ســـەرخەد، لیمـــۆی كـــاڵ تـــۆ
نە گـــێلام چەنیـــت شـــەوان كەرۆم ڕاز
ســـەرم جە ســـەودات نەبیـــان ســـەرئەفراز
چـــون وەی تەور تەقـــدیر كەردش حەواڵە
هەنـــی دیـــدەنی بـــاڵات محـــاڵە
ئـــازاد كەر گەردەن، ئـــاخر لـــوامەن
كـــۆچ نەوەدڵ ئەوەونامـــامەن
مـــن خـــودا حـــافیز، تـــۆیش بنـــیش وە شـــاد
داخ بەردم وە گـــڵ، منـــیش چـــون فەرهـــاد

شێخ عەزیز جانەوەرە

كوڕی شێخ محەممەدی كوڕی شێخ مەحموود لە شێخەكانی بنەماڵەی بست و شێخ حەسەن مەولاناوایە كە لە گوندی «جانەوەرە»ژیاوە. پیاوێكی زانا و شاعیرێكی پایەبەرز بووە. شێخ عەزیز هاوچەرخی مەولەوی تاوەگۆزی بووە و دۆستایەتییەكی نزیكیان لەنێواندا هەبووە. شێخ عەزیز لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمدا، كۆچی دوایی كردووە.

پیر ناری هەورامی[1]

لە سەدەی چواردەهەمی زایین‌دا ژیاوە. پیرناری هەورامی لە هەورامان لە دایک بووە و هەر لەوێش پێگەیشتووە. بە شوێن زانست و فێر بووندا زۆر شوێن و مەڵبەند گەڕاوە و دواتر گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

یاران مزگانی شام نە کۆی مێرەن
میرم نۆشزادەن سەرمایەی خێرەن
شاهم شاپوورەن پوور ئەردەشێرەن
پەرێ دوژمنان چون وەچکە شێرەن
میرش سەنجنی وە چەشمەی یاری
نەبەرەش ئۆرمزد وێش دا دیاری
چاقا وارما وە ئاشکاری
مێردانش جەم بین پەی ڕەستگاری
مەولام ڕەنگبازەن ڕەنگ مەدۆ وەکۆچ
کۆچش تاری شەو مەکەرۆ وە ڕۆچ

کابل[2] مەریوانی

ئیبراهیم ناسراو بە کابل بەرزنجی کوڕی سەید مەحموودی کوڕی سەید عەبدولکەریمی سەید عیسای بەرزنجییە. لە گوندی «بەرزنجە» لە باکووری سلێمانی لە دایک بووە. سەرەتای خوێندنی بە قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمەوە دەست پێئەکات و بۆ گوڵ مژین لە گوڵستانی زانست ئەچێتە وڵاتی «میسر» و دواتر دێتەوە مەریوان و لە گوندی «نولۆ[3]» نشیتەجێ ئەبێت و تەدریس و ڕێنموونی خەڵک بۆ لای ئایین دەست پێئەکات. لە سەردەمی ئەمیر حەمزەی باباندا ئەبێ بە مودەڕیسی

---

١. بڕوانە کتێبی "مێژووی وێژەی کوردی"، سدیق بۆرەکەیی(صفی زادە) بەرگی یەکەم، ل ٢٦٩.

٢. کابل، کورت کراوەی «کاکە بلە» یان «کاکە ئیبراهیم»ە.

٣. گوندێک بووە لە پشت گوندی«دەرەتفێ»وە کە ئێستا تەنیا گۆڕستانەکەی ماوەتەوە.

قوتابخانەی «مزگەوتی سوور»[1] و لەو پەڕی ڕێز و حورمەتدا ئەمێنێتەوە.کابل خاوەن ڕێبازی «نووربەخشی»[2] بووە و ئەو ڕێبازەش شوێنکەوتووانی خۆی هەبووە.

سالی ۱۴۰۲ی زایینی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و لە سەرخواستی خۆی لە گۆڕستانی تایبەتی «دەرەتفێ» بە خاك ئەسپەردە ئەکرێت.

فازڵ کاکۆ زەکەریایی[3]

شێخ محەممەد سادق ناسراو بە «فازڵ» کوڕی شێخ نیعمەتوڵڵای وەلی کاکۆ زەکەریایە. زانایەکی پایە بەرز بووە و لە زۆربەی زانستەکاندا شارەزایی هەبووە. کتێبی «قاموس الانساب»ی لە سەر بنەماڵەی سەیدەکانی کوردستانی نووسیوە.

شاعیران و نووسەرانی سەدەی ۱۵ی زایینی

مەلا ئەبووبەکر موسەننیفی چۆڕی

مەلا ئەبووبەکر موسەننیفی چۆڕی، محەممەد حەسەن کوڕی سەید هیدایەتوڵڵا کوڕی مەولانا یۆسف جان کوڕی سەید حسێن لە پشتی پیرخزری شاهۆیە. سالی ۱۴۸۸ی زایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. زانایەکی پایەبەرز و نووسەرێکی بەتوانا و شاعیرێکی گەورە بووە. لەبەر زۆر بوونی نووسراوەکانی بە موسەننیف ناسراوە. موسەننیف زۆر بەرهەمی بۆ دوارۆژ بە جێهێشتووە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە: الوضوح، طبقات الشافعیە، سراج الطریق و ریاض الخلود.

ئەم زانایە لە گوندی چۆڕ کۆچی دوایی کردووە، بەلام ڕێکەوتی وەفاتی لە "هیدایة العارفین " و چەند سەرچاوەیەکی تردا سالی ۱۵۷۸ی زایینی نووسراوە

---

۱. مزگەوتی سوور، لە پشت گوندی «بەرقەلا» و پەنای کێوی «ئێمام» هەڵکەوتووە، کە بە داخەوە دارو پردووەکەشی لە ناو چوون و تەنیا برێ خشتی برژاوی لێ بە جێماوە.

۲. ڕێبازی «نووربەخشی» لە سەربنەمای "کتێب" و "سوننەت"و سەر لە بەیانی و دەمەوئێوارن بەردەوام بوون لە سەر "اذکار و اوراد".

۳. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ۱۲۹.

وسەرچاوەگەلی تریش وەک "الاعلام" ١٥٩٣یان دیاری کردووە.

ای زبـان هـم خـازن گنجینـه‌ای / وی زبـان هـم آفـت دوشـینه‌ای
ای زبـان هـم قفـل معنـی آمـدی / همچـو دشـمن هـم بـدعوی آمـدی
گـاه چینـی خوشـه از بهـر تـنم / گـاه آتـش میزنـی در خـرمنم
گـاه در بـازار، صـرّافی کنـی / گـاه در تزویـر، خلافـی کنـی
گـه بـری مـا را بـاوج اصـطفا / گـه بـری در چـاه اغـواء جفـا
گـه کنـی مـا را بعـالم سـربلند / گـه کنـی مـا را بعـالم مـستمند
گـه ز تـاج اجتبـا افـسر کنـی / گـاه افـسار شـقی بـر سـر کنـی
گـه بعلیـیّن بـری مـا را چـو مهـر / گـه بـسجین مـی بـری از روی قهـر
گـه شـود «ابـن هـدایت» شـاد دل / از زبـان، گـه میشود خـوار و خجـل

شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٦ای زایینی

شێخ ڕەزا موعینەددین کاکۆ زەکەریایی[١]

کـوڕی شـێخ مووسـا کـوڕی شـێخ مەحمـوود شـوجاعەددین کـوڕی شـێخ عەبدولڕەحمان لە شـێخەکانی کـاکۆ زەکەریـایە. ئەدیبێکـی پـایەبەرز و خواناسـێکی گەورە بووە و کتێبێکی بە نێوی «مسلك السالك» لە چۆنییەتی ئادابی تەسەووفدا بە زمانی فارسی نووسیوە. ئەم زانایە لە سەدەی شانزەهەمدا چرای ژیانی کوژاوەتەوە.

دشـمنان جهـان بـه مـذهب مـن / دوسـتانند و دوسـتان دشـمن[٢]

شێخ شەهابەددین کاکۆ زەکەریایی[٣]

کوڕی ڕەزیەددین کوڕی شێخ ڕەزاموعینەددین کاکۆ زەکەریـایە. سـاڵی١٥٨٢ی زایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە و ساڵی ١٦٥١ لە گوندی «کاکۆ زەکەریا» ماڵئاوایی لە ژیـان کـردووە. شـێخ شـەهابەددین شـاعیرێکی پـایەبەرز بـووە. وەک سـەیدی لە

١. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ١٦٢.
٢. بڕوانە کتێبی نورالانوار، سەید عەبدولسەمەد توداری، ل٧٤.
٣. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ٢٠٤.

هۆنراوەکانیدا لە کێشی عەرووزی کەڵکی وەرگرتووە. لە کاتی هێرشی هێزەکانی قزڵباش بۆ مەریوان و ڕاوڕووت کردنی ناوچەکە بەتایبەت گوندی «کاکۆ زەکریا» بە شێعر گلە و گازەند بەرز ئەکاتەوە:

پیــر یــۆنس هانــا! پیــر یــۆنس هانــا
مەزڵوومــان دایــم لای تۆشــەن هانــا
نەبیــــرەی ئەکــــرەم شـــاەمەردانی
فرزەنـــد دڵبەنـــد شـــێخ زەکریـــانی
پەی وایەمەنـــدان عەجەب دەرمـــانی
چـــون شـــێر کەمین،حـــازر مەیـــدانی
ئینتقـــام جـــاگەی بابـــای ئەکرەمـــت
بە شـــەپۆل کـــین قەلـــب قولزمـــت
بـستان جە لەشـکر دوژمـن بـێ ئەنـدێش
نمـــازی یەکـــێ بـــشۆ وەجـــای وێـــش
«شـەهاب»هەر چـی هەن نەسـڵ ڕەسـووڵەن
زوورپیەی تـــاهیر عەلـــی و بەتـــوولەن

خەیاڵی

ناوی محەممەد کوڕی شێخ حەیدەر لە بنەماڵەی شێخەکانی «کۆنەپۆشی»یە. لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەویدا ژیاوە و دانیشتووی گوندی «سەڵەسی» و شاعیرێکی پایەبەرز و خەت خۆش بووە. لە پێشەکی دیوانەکەی مامۆستا قانعدا نووسراوە «سەید محەممەد کۆنەپۆشی مەریوانی، نازناو خەیاڵی، لە سەدەی دەهەمی کۆچیدا ژیاوە. قورئانێک و دیوانێکی شێعری بە خەتی خۆی لێ بە جێماوە. چەند بەرگ لە هەرکامیان ماوەتەوە کە دڵۆپە، بەشی زۆریانی خراپ کردووە و ناخوێنرێتەوە». بە زاراوەی سۆرانی شێعری هۆنیوەتەوە. لە شێعرەکانیدا باسی هێرشی سەربازانی قزڵباش و ئەزیەت و ئازار و خراپیی ڕۆژگاری کردووە[1].

١. هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٤.

شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٧ی زایینی

مەلا یۆسف جانی چۆڕی[1]

کوڕی مەلا ئەبوبەکر موسەننیفی چۆڕپیە. ناوی ئەم مامۆستایە بە شوێنی ناوی باوکیدا دێت و یەکێ لە چوار کوڕەکەی مامۆستا موسەننیفی چۆڕپیە و لە سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە. ئەم نووسەرە پلەی خوێندەواری بەرز بووە و مامۆستایەکی بەڕێزی سەردەمی خۆی بووە و فەقێ و قوتابی و شەیدایانی زانست پەروەر لە دەوری خڕبوونەتەوە و لە بەرهەمی بەهرەمەند بوون. لە بواری نووسیندا، بەرهەمی ڕەنج و زەحمەتی ئەم زانایە کتێبی«اعلام التصریف»ە.

مەلاعەبدولغەفاری دووهەم[2]

کوڕی شێخ شەمسەددینی وەلی مەردۆخییە. ساڵی ١٥٤٨ ی زایینی لە گوندی «دەگاشێخان» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە زانستی بیرکاری(ریاضی) و پزشکی و ئەستێرە ناسیدا زانایەکی کارامە و لێهاتوو بووە. لە سەر خواستی هەڵۆخانی ئەردەڵان ئەڕواتە سنە و ساڵی ١٦٠٥ لە حەسەن ئاوا کۆچی دوایی ئەکات.

شێخ ئیبراهیمی هەورامانی[3]

ئەم زانا پایەبەرزە بۆ فێر بوون و زانست زێدەکەی بە جێ هێشتووە و لە وڵاتی حیجازدا گیرساوەتەوە و تا کۆتایی ژیانی لەوێ ماوەتەوە. ساڵی١٦٧٧ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

مەلا سەید عەبدولکەریمی چۆڕی[4]

کوڕی مەلا ئەبوبەکری موسەننیفی چۆڕپیە. ساڵی١٦٢١ی زایینی ماڵئاوایی لە ژیان

---

١. "بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد"، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، ل٣٤١.

٢. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ١٧٨.

٣. هەمان سەرچاوە ل١٨٦.

٤. هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧.

کردووه. لەم زانایە ئەم کتێبانە ماونەتەوە: تەفسیری قورئانی پیرۆز تا سورەی «النحل» لە سێ بەرگدا، المتوسط، الاوضح و انزال الاخوان لە پەند و ئامۆژگاریدا.

شێخ ئیبراهیمی شارانی

کوڕی شێخ حەسەن کوڕی شەهابەددین نەوەی پیر خزری شاهۆیە و بە «ئیبراهیم گۆرانی شارانی شارەزووری» ناسراوە. ساڵی ١٦٠٤ی زایینی لە گوندی «شارانی» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. زانایەکی پایە بەرز و خواناسێکی گەورە بووە. بیست و هەشت بەرهەمی وەک کتێب نووسیوە. بە پێی کتێبی «علمائنا فی الخدمة العلم و الدین» دوانیوەرۆی ڕۆژی چوارشەممەی ساڵی ١٦٨٠ لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کراوە.

مەلا جامی چۆڕی

کوڕی مەلا عەبدولکەریم کوڕی مەلا ئەبووبەکر موسەننیفە. ساڵی١٦٦٢ی زایینی لە سەر خواستی بداق سوڵتانی کوڕی شێرخان کوڕی حەیدەرخان حاکمی موکریان، چۆڕی بە جێ هێشتووە و چووەتە سابڵاخ. بداق سوڵتان "مزگەوتی سوور" دروست ئەکات و مەلا جامی بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی و مامۆستایی ئەو حوجرە و مزگەوتە بەئەستۆوە ئەگرێ و تا کۆتایی ژیانی لە مەهاباد ئەمێنێتەوە. گۆڕی ئەو زانایە ئێستا لە مەیدانی مەلاجامی شاری مەهاباد هەرماوە.

شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٨ی زایینی

مەلا خزری ڕووار

کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا محەممەد کوڕی میرزا حەکیمی حەککاکە. بەپێی وتەی زانای ڕەچەڵەک ناسی کورد مامۆستا «عەبدولسەمەدی تووواری» تا هەشت پشتی هەر لە کوردستان ژیاون. خەڵکی گوندی «ڕووار» لە ناوچەی هەورامانە. لە کتێبە مێژووییەکاندا بۆ ساڵی لە دایک بوونی مەلا خزر، جیاوازییەک

هەیە. مامۆستا «مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس» لە کتێبی «علمائنا فی الخدمة العلم و الدین»دا ئەڵێت: مەلا خزر لە ساڵی ١٧١٩ی زایینی لە دایک بووە. کەچی بابا مەردۆخی ڕۆحانی لە مەشاهیری کورددا ئەڵێت ساڵی١٧١٧ی زایینی لە دایک بووە. «مەلای ڕووار» بۆ خوێندن ناوچەکانی سنە، سابڵاخ، لەیلاخ، سلێمانی و قەڵاچوالان گەڕاوە و هەر لە قەڵاچوالان لای زانای پایەبەرز شێخ محەممەد وەسیمی تەختەیی مەردۆخی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و پێش ئەوەش لای مەلا محەممەدی بیارە خوێندوویەتی. بە پێی هەندێ بەڵگە ماوەیەکیش لە وڵاتی میسر بووە و چەند کتێبی گەورەی لەوێ نووسیوەتەوە. یەکێ لەوانە کتێبی گەورەی «قاموس المحیط»ی زانای وشەناس «فیرووز ئابادی»یە کە دوو جار نووسیویەتەوە[1]. ئەم زانا پایەبەرزە ساڵی ١٧٨٤ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. مەلاخزر پیاوێکی زانا و شاعیرێکی پایە بەرز بووە کە نووسراوە و پەرتووکی بە زمانی عەرەبی و کوردی هەبووە و لە چەند بەرگدا بە نێوەکانی ڕۆڵە بزانی، دەوڵەت نامە، زەمانە ئەندەن، عەقیدەی کوردی و ئێقباڵ نامە بە زەحمەتی نووسەر و لێکۆڵەر «جەمیل فارۆقی» چاپ و بڵاوو بوونەتەوە.

ڕۆڵە بزانی، ڕۆڵە بزانی ... فەرزەن وەر جەگشت مەبۆ بزانی
ئەسڵ و فەرع و دین چەنی ئەرکانی ... چەنی ئەحکامان پەی موسڵمانی
مەبۆ بزانی، هەریۆ پەنجەنێ ... ئەرچی پەنجەنێ، ئەمما گەنجەنێ
ئەسل و دینیمان، زاتەن و سیفات ... مەبدەئوو مەعاد، پەنجەم نوبووات
فەرع دینمان نمانە و ڕۆچێ ... زەکات، حەج، غەزا، بزانە تۆچێ

مامۆستا فەخرەددین[2]

کوڕی ئەحمەد کوڕی مەلا خزری ڕوواره. مامۆستا فەخرەددین زانا و شاعیر و خەت خۆش بووە و بە باپیریەوە شانازی کردووە. کتێبێکی بە نێوی (تذهیب المرام فی ترجمه تهذیب الکلام) بە زمانی فارسی داناوە.

---

١. بڕوانە کتێبی "پەراوێزێک لە سەر ژیانی مەلا خزری ڕواری، جەمیل فارۆقی، ل ٤٩.
٢. هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

مەلا محەممەد سلێمان (سەیدی)

مەلا محەممەد سلێمان (سەیدی)، ساڵی١٧٧٨ی زایینی لە گوندی «سەرپیر» چاوی بە ژیان هەڵێناوە و ساڵی ١٨٤٤ هەر لە زێدەکەی خۆی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

سەیدی، شاعیرێکی پایەرز بووە. کاتێ سەیری دیوانە شێعرەکەی ئەکەین وەک تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ وەهایە کە هەموو شتێکی تێدا پیشان درابێ. وشەی سۆرانی و هەورامی(کۆن و نوێ) فارسی و ...

سەیدی بێجگە لەوەی شاعیرێکی بەتوانا بووە، لەدەرمانگەری و گیاناسیشدا خاوەن زەکا بووە.

«هارە سەختەنی»

هارە سەختەنی، هارە سەختەنی
تۆ خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی
چی بوڵەند ئیقباڵ ساحێب بەختەنی
یارئامان وەلات جەهەد و جەختەنی
تراشیدەی دەست سەر ئوستادی باش
جەستەت پوڕ جە زەخم قوڵنگەی سەنگ تاش
یادگار ئۆسای قەدیم زەمانان
دەس ئاسی دەس کێش خیاتەی خانان
چمان تاشیای تێشەی فەرهاد بێ
دەستت جە نەمام داری شمشاد بێ
ئارۆ قیبلە و من بە لەنجە و لارە
تەشریفش وەلای تۆ ئامان هارە
شیرینەن نیشتەن دانە مەدۆ پێش
هارەش هار کەردەن دەور مەدۆنە وێش
مەگێڵۆ بە دەو چون چەرخی چەپگەرد
هەیاهووش گەرمەن مەناڵۆ جە دەرد
دوو لیمۆی وەش بۆش تەرحی شەمامە
جەمە جمشانا نە یەخەی جامە

کەس چوون تۆ ئازیز جە لای یار نەبی
هــارە چــی وەشــی ســاچی هــار مەبــی
تــای تــورەی زولفــان سیای عەنبەر بـۆ
ســـەر ئــاوێز کەردەن تـــا وەبـــانی تـــۆ
دەخـــیلەن دەســـتت بە دەســـتی یـــارەن
پەنـــجەش ڕێـــش نەبـــۆ هـــارە هـــاوارەن
شـیرین بە ســـەد نـــاز مەکێـــشۆ دەســـتە
دانە مەدۆ پێـــت چـــوون ئـــاوات واســـتە
دانەش مەســـانی چـــوون ســـتەمکاران
مەکەریـــش وەگەرد توتیـــای شـــاران
تـــاقەت شـــی جە لام واتـــم ئەی هـــارە
بە مەودای ئەڵمـــاس بـــای پـــارە پـــارە
تـــۆ دەســـتی شـیرین دەســـتە کێـشتەن
ئاواتـــت بڕیـــان نـــاڵەی چێـــشتەن؟
تـۆ پەنـجەی شـیرین کەفتەنـت وە ســەر
چـــی ســـاڕێش نەبـــی زامـــانی خەتەر
بـــا مـــن بنـــاڵوو ڕوان تـــا شـــەوان
زەدەی هیجـــــرانم دەردم بـــــێ دەوان
هـــارەی هەراســـان هەردەی هەردە گێـــڵ
کەم دەور دەنەوێـــت چـــوون دێـــوانەی وێـــڵ
ئـــانە شـــیرینەن دوڵـــبەر دوڵـــستان
دڵ چێـــت مەســـانۆ بە مەکـــرو داســـتان
بە بەیـــن و بەقـــاش هـــیچ مەبە خەڕە
جەفـــاش ســـەد بـــارەن وەفـــاش یەک زەڕە
چەنـی کەس تـا ســەر هەرگیـز یـار نیـیەن
یـــاری ســـاحێب شـــەرت وەفـــادار نیـــیەن
کـــاتێ مەزانـــی هـــۆر ئێـــزا بە قەس
چـــون بـــێ بەینتـــان جە تـــۆش کێـــشا دەس

شــی بە مــاوای وێـش تەشـریف بەردەوە
تــــــۆش ئاســــــتی وەلای داخ و دەردەوە
کۆتــا بــێ ســەداو نەعــرەتە و دەنگــت
بــێ قــیمەت گنــای کەســاس بــی ســەنگەت
بە دڵەی پــورِ ســۆز مەیــنەت بــارەوە
پێچیـــــــــای بە دەرد دووری یــــــــارەوە
ئەوســـا چەنـــی زام بـــێ دەوای خەتەر
مــات مەبــی بــێ دەنــگ جە «ســەیدی»بەتەر

ئەحمەد بەگی کۆماسی

ســاڵی١٧٨٩ی زایینـی لە نـاوچەی کۆماسـی چـاوی بە ژیـان هەڵێنـاوە. لە گەڵ مەولەوی تـاوەگۆزی هـاوچەرخ بـووە و دۆسـتایەتی گەرم لە نێوانیانـدا هەبـووە. مەولەوی لە شێعرەکانیدا بە خاڵۆی کۆماسی ناوی لێئەبات. لەم شاعیرە دیوانێکی شێعر لە ژێر ناوی «دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی»کەوتۆتە بەردەست خوێنەران. شـێعری «گڵکۆی تازەی لەیل» کە بۆ کۆچی خێزانەکەی هۆنیوەتەوە وەک شاکارێکی ئەدەبی باسی لێ ئەکرێت. ساڵی ١٨٧٣ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و لە گۆڕستانی تـاڵە سـواری گوندی «بەردی سپی» بە خاک ئەسپەردە کراوە.

چراخم!شـەو بـۆ، چـراخم شـەو بـۆ
شەوێ جە شەوان، چراخم! شەو بـۆ
هەراس بیم جەداخ شەو بـۆی زولـف تـۆ
ناعەلاج چنیم دەسەی شەو بۆی کـۆ
تا کە بۆی زوڵفت کەمێ بەیۆ لـێش
بەڵـکەم زامـانم کەمتـر کەرۆ ئـێش
چەنـد وە دڵ نیـام، ئەو بـۆی شـەوبۆ
بۆ مەدا ئەمما نەک چوون زوڵف تۆ
فـــدای ئەو دەس بـــام تـــۆش
زوڵفانــت گــرەو نە شــەوبۆ بەردەن
ئەر شەوبۆی زوڵفت بدەم وەشـەوبۆ
دەیری بوون نە جەمع دەیریـان کـۆ
«ئەحمەد»تازیندەن هەرسەرگەردانن
پەی شەوبۆی زوڵفت وێڵ هەردانەن

مەلا عەبدولعەزیمی سەوڵاوا[1]

کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا محەمـەد و دایکـی خـاتوو ڕێحـانە. سـاڵی ١٧٩٩ی زایینی لە «سەوڵاوا» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. مەلا مەحموودی باوەگەورەی لە نـاوچەی خۆشـناوی هەولێـرەوە هـاتوونەتە کوردسـتانی ئێـران و لە سـەوڵاوا گیرساونەتەوە. مامۆستا عەبدولعەزیم سەرەتای خوێندنی بە قورئان و کتێبە وردەکانی ئەو سەردەمەوە دەست پێئەکات. بۆ تێراو کردنی بیر و هزری لە کانیاوی زانست، زۆر ناوچەی کـوردەواری گەڕاوە و لە گـوڵزاری زانایـانی ئەو سـەردەمە گـوڵی زانـستی چنیوە. ساڵی ١٨٢٨ لە خزمەتی «مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای قەرەداغی» ئیجازەی زانستی وەرئەگرێت. ئەگەڕێتەوە زێدەکەی خـۆی و وەک مامۆسـتای مـزگەوت کاروبـاری ئایینی لە ئەستۆ ئەگرێت. ئەم زانایە ئەبێ بە سەرچاوەیەکی زانـستی بـۆ مامۆسـتایان و خەڵکی ناوچەکە و هاوکات کاری نووسین دەست پێئەکات. مامۆستا دوای تەمەنێک خـزمەت بە ئـایین و زانـست، دەوروبەری سـاڵی ١٨٩٩ ماڵئـاوایی لە ژیـان ئەکـات و گۆڕستانی «شێخ کەریم»ی سەوڵاوا ئەبێ بە دوا هەواری ژیانی.

لە بواری فەرهەنگی و نووسین دا زۆر نووسراوەی هەبووە بە داخەوە کە دەسـتی ڕۆژگار و خەم ساردی بەشێ زۆریانی لێ فەوتاندووە و ئەوانەشی کە مـاون لە چـاپ نەدراون؛ ئەم نووسراوانەی بە یادگار لێ بەجێ ماوە:

١ـ منقول الاکراد: پەرتووکێکی بە نرخە لە چوار بەش فیقهی ئیمـامی شـافیعیدا و حەوت سەد لاپەڕەیە. هەروەها بریتییە لە چەندەین نووسراوە لە سەر عیلمی حەدیس، عەقایـد، ئوسـووڵی فـیقهە و فتـوای خـۆی و چەنـدین وتـار و نووسـراوەی زانایـانی کوردیشی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

٢ـ تفسیری قورئان، تەفـسیری ئـایەتە «مـشکلە و متـشابە»کـان، چوارسـەدو هەشـتا لاپەڕەیە.

٣ـ کورت کردنەوەی کتێبی «الصواعق المحرقە»ی شێخ ئیبنی حەجەر.

٤ـ نووسینەوەی ناوەڕۆکی پەراوێزی مەلا عەبدوڵڵای یەزدی.

٥ـ شیکردنەوەی عەوامیلی جورجانی.

١. ژیان و بەسەر هاتی ئەم زانایەم لە مامۆستا «سەعدی عەزیمی» وەرگرتووە کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

٦ـ الاتحاف فی معرفة ما فی الاوقاف.
٧ـ کورت کردنەوەی بەشەکانی «عبادات و منجیات»ی کتێبی کیمیای سەعادەتی ئیمام غەزالی و ...

شاعیران و نووسەرانی سەدەی ١٩زایینی

شێخ سەعیدی دۆلاشی[١]

کوڕی شێخ محەممەدی دۆلاش لە سەیدەکانی کابلی مەریوان و باوەگەورەی شاعیری بەناوبانگی کورد «مامۆستا قانع»ە. شێخ سەعید پیاوێکی زانا و شاعیرێکی پایە بەرز بووە و زۆربەی شێعرەکانی بە زاراوەی هەورامی هۆنیوەتەوە. دوو پەرتووکی لە سەر عیلمی تەجوید یەکێ بە فارسی و یەکێ بە کوردی نووسیوە. لە نێوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمداماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

مەلا عەبدولسەمەدی بالکی

ساڵی١٨٣٩ی زایینی لە گوندی «هەجیج» چاوی بە ژیان هەڵێناوە و ساڵی١٩٠١ کۆچی دوایی کردووە.

حاجی سەید حەسەنی چۆڕی

زانایەکی پایە بەرز لە سەیدەکانی «چۆڕ»ە و باوکی سەید عەبدولقادر کوڕی سەید ئیبراهیم کوڕی سەید عەبدولڕەحمانە. لە گوندی «چۆڕ» مودەڕیس و شێخولئیسلامی مەریوان بووە. ساڵی ١٩٠١ی زایینی چرای ژیانی کوژاوەتەوە و لە بواری فەرهەنگدا خزمەتێکی زۆری کردووە و بەری ڕەنجی چەند ساڵەی ئەم کتێبانەیە:

١ـ پەراوێز لەسەر «تهذیب المنطق».
٢ـ پەراوێز لەسەر «جلال منطق».

---

١. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، ل ٣٧٩.

٣ـ پەراوێز لەسەر «تەسریفی مەلاعەلی شنۆ».

٤ـ پەراوێز لەسەر «گلنبوی بورهان».

٥ـ پەراوێز لەسەر «عەبدوالحکیم شرح شمسیه».

٦ـ پەراوێز لەسەر «منظومە فریدە لە نحودا».

٧ـ الرسالە الکلامیه

٨ـ تعلیق لەسەر تەفسیری بەیزاوی تا سوورەتی«القیامە»

مەلا عەبدوڵڵا قازی شەیدا

کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مەلاحسێن لە بنەماڵەی قازییەکانی هەورامانە. ساڵی١٨٤٣ی زایینی لە هەورامان چاوی بە ژیان هەڵێناوە و ساڵی ١٩٠٦ لە گوندی «تو تمەر» کۆچی دوایی کردووە. بە پێی نووسراوەکان چل و شەش کتێبی نووسیوە و تەنیا ئەم کتێبانەی کەوتوونەتە بەردەست خوێنەران.

١ـ مێژووی شارەزور لە چوار بەرگدا.

٢ـ مێژووی سلاتینی هەورامان لە هەشت بەشدا.

٣ـ مێژووی هەورامان، بە زاراوەی هەورامی.

٤ـ رجال من الاکراد، ژیان نامەی ناودارانی کورد بە زمانی عەرەبی.

٥ـ عەوالان، ژیانی هەڤالانی پێغەمبەر(د.خ.) و کەسایەتییە کوردەکان، بەتایبەت کەسایەتییەکانی ناوچەی هەورامان.

٦ـ کەماجاڕ، پەند و ئامۆژگاری و قسەی نەستەق و شێعر بە زمانی فارسی.

مەلا شەریفی مەردۆخی[1]

کوڕی «مەلا محەممەدی هەورامی» برای «مەلا حەسەنی دزڵی»یە. ساڵی١٨٤٤ی زایینی لە هەورامان لە دایک بووە. بە شێوەی خوێندنی ئەوسەردەمە خراوەتە بەر خوێندن و لە خزمەتی «مەلا عەبدوڵڵای شەیدا قازی تو تمەر» چۆکی فەقێیەتی داداوە. لە هۆنینەوەی شێعردا دەستی هەبووە بەڵام بە داخەوە لە بەر کەمتەرخەمی دوای خۆی

١. دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی، ئەحمەد نەزیری، ل١٦٦.

شێعرەکانی فەوتاون. لە لایەن «شێخەلئیسلام تالْش» لە باکووری ئێران بۆ دەرس وتنەوە بانگهێشت کراوە و بە واتای خۆی لە هیچ شتێک کەمی نەبووە، بەڵام دووری لە زێد و مەڵبەندەکەی ئازاری داوە و ئەو بێتاقەتییەی ئاوەها هۆنیوەتەوە.

ئەگەر جە غووربەت حاکم بی و پڕزۆر
هەورامان وەشەن وە لوقمەی نینۆر
پۆشاکت نەمەد، تەوەن پەی بالْش
وەشتەر جە پلاو و دۆشەکەی تالْش
جە شەحم و لەحم و جە گەشت و سەیران
هیچش کەم نیا شیمالی ئێران
مەشرق و مەغرب، جنوب و شیمال
سەراسەر ملکو خوای لایەزال
مامەڵە کەرۆ چەنی هەورامان
مەفارۆشەوە بە هەزار قورئان
مەر جە باقی‌نە بەهەشتیچ بەروو
ئەو وەختە دڵو وێم رەزا کەروو

مەلا حەسەن دزڵی[1]

کوڕی مەلا محەممەدی کوڕی محەممەد ڕەزایە. نازناوی «هیجری»یە. ساڵی١٨٥٤ی زایینی لە گوندی «وەیسیا»ی هەورمان چاوی بە ژیان هەڵێناوە و لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانە. دایکی ناوی شاپەروەرە و ئەویش لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانی هەورامانە. مەلا حەسەن وێڕای ئەوەی لەو پەڕی نەبوونی و هەژاریدا ژیاوە زۆریش نەفەس بەرز بووە و پێنووسی لە خزمەت هیچ دەسەڵاتدارێکدا نەبووە.

ئەم شاعیرە لە تەمەنی پیریدا نەخۆشی فەرامۆشی ئەگرێت و تووتن ئەکاتە ناو نووسراوەکانی و وەک گەڵا جگەرە کەڵکیان لێ وەرئەگرێ. دیارە کە بەشێ لە شێعرەکانی لە ناوچوون. ساڵی ١٩٤٣ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. دیوانێکی شێعری لە ژێر ناوی «دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی» کەوتووتە بەر دەست خوێنەران.

---

١. سەرچاوەی پێشوو.

مەلا حەسەن ئەم شێعرەی بۆ موجتەهیدی کوردستانی ناردووە:

دل مـــی رود زدســـتم صـــاحب دلان خـــدا را
دردا کـــه حـــبّ پنهـــان خواهنـــد آشـــکارا[1]
بـاد صبا «دە خیلـک» از حـد گذشـت شـوقم
بهـــر عزیمـــت شـــهر، «ئـــاخێز» کـــن زجـــا را
پـرواز کـن بـه افلاک تـا مـی رسـی بـه سمّاك
یـــک چـــرخ زن بـــه مثـــل طیـــاره بـــر هـــوا را
بـــر فـــرق سـه عناصـــر «ئەهلـــیلە جـــی»محاصـــر
غوغـــا بـــه عـــالم افکـــن تخریـــق کـــن هـــوا را
از عاشـــقان گـــذر کـــن وز «ئاویـــه ر» نظـــر کن
بنگـــر بـــه آن نـــواحی و آن شـــهر دلربـــا را
بگـــشای چـــشم عرفـــان در جـــستجوی یـــاران
دریـــــاب آســـــتان «عبـــــدالعظیم» مـــــا را

محەممەد ئەمین (خیتلە)[2]

سۆفی محەممەد ئەمین کوڕی محەممەد کـوڕی حسێن کـوڕی عوسـمان، سـاڵی ١٨٥٩ی زایینی لە گوندی «بارام ئاوا» چاوی بە ژیان هەڵێناوە و لە گونـدی «کەڵـێم[3]» ژیاوە و بە نێوی خێڵی «باڵ پان» ناسراون. لە تەمەنی شەش ساڵیدا بـاوکی ماڵئـاوایی لە ژیان ئەکات. دایکی لە گەڵ مامەی بە نێوی «شامار» ژیانی هاوبەش پێک دێنن، بەڵام بەهەر هۆیەک «خیتلە» ناچێتە لای دایک و مـامەی. ئەرکـی بەخێـوکردنی ئەکەوێـتە ئەستۆی ماڵە خاڵوانی لە گوندی دەگاشێخان و یانزە ساڵ لەو گوندە ئەمێنێتەوە. پاشان ئەڕواتە بیـارە و لە سـەر دەسـتی خواڵێخۆشـبوو «شـێخ عـومەری بیـارە» تەمەسـووک دەکـات[4]. بـۆ مـاوەی حەوت سـاڵ لە خانەقـای بیـارە ئەمێنێـتەوە. پاشـان ئەگەڕێـتەوە

١. ئەم بەیتە شێعری حافزی شیرازییە کە مەلا حەسەن بە سووکە دەسکارییەکەوە هێناوییەتی.
٢. ژیان و بەسەر هاتی ئەم زانایەم لە «کاک عادل»ی کوڕە زاری شاعیر وەرگرتووە کە جێگای ڕێز و پێزانینە.
٣. گوندێک بووە لە نزیک بارام ئاوای ئێستادا کە تەنیا دارو پردووی ماڵە ڕوخاوەکـانی لـێ بە جێمـاوە و ئەو دۆڵەی کە لە پەنای گوندی بارام ئاوادایە بە نێوی «دەربەن کەڵێم» ئەناسرێ.
٤. واتە دەبێ بە سۆفی و ڕێبازی نەقشبەندی هەڵئەبژێرێت.

گوندی «دەرەکێ» و لەو گوندە ئەگیرسێتەوە و ئاشقی کچێک بە نێوی «زوبەیدە» ئەبێت. بەڵام براکانی زوبەیدە بێجگە لە یەکێکیان بە نێوی «ساڵح» دژ بەم پەیوندە ئەبن و خیتلەش ئەڵێ:

هەرسو[1] چەمەکات، با تەڕە ساڵە	دوور بۆ ساڵحی نەبۆت براڵە
«ساڵح» ساڵحەن برادەرمەن	چون حەمە ئازیز[2] خەم بەرکەرمەن

لە ئاکامدا هەر ئەیخوازێ. دوای ماوەیەک لە گەڵ بنەماڵەی خانەکانی ئەوگوندەدا ناکۆکیان لێ پەیدا ئەبێ و بە ناچار دەرەکێ بە جێ دێڵن و بنەڕەتی گوندێکی تر لە مەزراکەی خۆیان کە دێمی جۆ بووە دائەمەزرێنن بە نێوی «دەیمەیەو[3]».

سۆفی محەممەد ئەمین ساڵی ١٩٤٢ لە «دەیمەیەو» ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و گۆڕستانی «دەروێش گومار» ئەبێ بە ماڵی هەتاهەتایی.

ئەم شاعیرە زۆر هەڵبەستی هۆنیوەتەوە بەڵام بە هۆی ئەوەی لەو سەردەمە و لەو ناوچەیەدا نووسینێک لە ئارادا نەبووە، زۆربەیان فەوتاون و ئەوەی ماویشەتەوە لە سەر زاری خەڵک بووە و هەرکەسیش بە پێی حەز و خواست و توانایی خۆی هەڵی گرتوون. مامۆستا باوەشێخی ئەڵمانە لە ڕێگای دەربەندی کەڵێمەوە ئەڕوات بۆ بیارە و چاوی بە سۆفی محەممەد ئەمین ئەکەوێت و ئەزانێت کە پیاوێکی خاوەن بەهرەیە و شاعیرە. دوای گەڕانەوەی لەو سەفەرە فەقێیەک ئەنێرێ بۆ ئەوەی هۆنراوەکانی «خیتلە[4]» بنووسێتەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێ فەقێکە ئەگاتە دەیمەیەو، سۆفی شاعیر ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و هۆنراوەکانی لە گەڵ خۆی بردۆتە دووتوێی خاکەوە. سۆفی محەممەد ئەمین لە ئەستێرەناسی و فەلەکییاتدا زۆر شارەزا بووە.

لە هۆنراوەیەکدا لە گەڵ دار توویەکی کۆن وتووێژ ئەکا و مێژووی ئەو وڵاتەی لێ ئەپرسێ، ئەڵێ:

---

١. هەرس: فرمێسک.

٢. یەکێ لە دۆستانی نزیکی بووە.

٣. دەیم: دێم، یەو: جۆ.

٤. لە بەر کورتە باڵا بوون، «خیتلە»یان پێوتووە، بەمانای خیتۆڵە یان گچکە.

ئـــارۆ ڕاگەم کەوت، شـــیم وە پـــای باخـــات
دڵـــم ڕاگەی غەم، دەرونـــم بـــی مـــات
جە قەراخـــی بـــاخ داریٚ دیـــم وە چەم
پیـــر بـــیٚ، پوویـــا بـــیٚ، دەروون پـــڕ جە خەم
شـــیم وەلای درەخـــت، چـــی داری تـــوو بـــیٚ
عـــومرش وێـــردە جە قەدیـــم زوو بـــیٚ
شـــیم وەلای درەخـــت بە ئەســـرینەوە
بەدیـــدەی نمنـــاک بە بـــرینەوە
واتـــم: داری تـــوو چـــۆنەن قامەتـــت
ڕەفیقـــان بڕیـــان چەنـــین تاقەتـــت
هەڵای هامنـــــــــا، مەکەری خەزان
لقـــت نەمەنەن تۆکڵـــت ڕێـــزان
هەروێـــت مەنێنـــی مـــاوات بیـــیەن چـــۆڵ
لقـــت نەمەنەن دلێـــت بـــی قـــرۆڵ
حەز کەروو پەرســـوو پەریٚ پیـــری تـــۆ
ئێـــشی دەروونـــم تـــا ســـاکن بیـــۆ

وەڵام:

مـــوحەممەد ئەمـــین؛ دیـــدەی دڵ ســـیفەت
ســـەرمات جە عەزاب پەروەردەی مەیـــنەت
خەمـــانی وەڵـــین نەبـــێم جەلاوە؟!
کـــۆنە زامانـــت تـــۆ چـــی کولنـــاوە؟!
جە زاتـــی بـــیٚ چـــوون، تـــۆ چـــی مەتەرســـی؟!
پەریٚ پیـــری مـــن پەی چـــێش مەپەرســـی؟!
واتـــش: ئەی کـــۆدە هەرزەی نابەکـــام
بـــیٚ وادە و مـــوراد، عەقـــڵ ناتەمـــام
ئـــارۆ بنیـــشە تـــاقەت بـــۆ جەلام
ڕازانـــی وەڵـــین، پەیـــت کەروو تەمـــام
وەختـــیٚ مـــن بێنـــیٚ، چەنـــی ڕەفیقـــان
لقـــم نەمەنەن، تـــۆکڵم ڕێـــزان

ئــاکەس مــن نیــا ســاحیب دەمــاخ بــێ
بــێخم تەڵان بــێ دەورم گــرد بــاخ بــێ
کــۆن شــەماڵ شــانۆ لەقــی بەکــارم
کــۆن کەیــف و ئاهەنــگ خەڵفــی وەهــارم
چنــــنە نــــازارێ چەم ســـیای ڕەنگـــین
چەن جاهێـــڵ گەردێ جـــوانێ شـــیرین
جە ســای ســەحەنم مەکەردشــا ســەیران
گەلە جە هەردە هــــۆبە جە مەیـــــدان
کــۆن بەرزە چــڕەی ســەرتەرزی چنــار؟
کــۆن ئــاوازەی وەش ســەدای هەرزەکــار
کــۆن قەتــارەی قــۆخ گــوڵ و گــوڵاوی
تــف و ســووره تــف هەڵــووچە و ســاوی؟
کــۆن بەرزە چــڕی ســەرتەرزی هەنگــوور
تــف چەنــی بــادام ســاوا بێنــێ ســوور؟
کەم تەرینـــــــی وەش هەوارو زبـــــــێ
ئەو بــاقی مەنــدەش گــرد ســاحیب ڕەز بــێ
ســـەیری ســـێبەران مەیـــدان گوڵەنگـــا
مەلا مەنیـــــــــشا جە هەڵاوەگـــــــــا
واچە بە مەدی چەنـــــــی مەیـــــــدانی
سلاّمـــشا کیـــانوو چەنـــی داڵانـــی
بـــاخی پیراڵـــی خـــاڵیەن خـــاڵی
کــۆن مەخــووله شــەل کــوانێ زەبــاڵی
کـــۆن بە ناهـــانەی هەزار قەرانـــی
کـــــاولش کەردەن بە زەکریـــــانی؟
کـــۆن هـــانەنەوە بـــیەن وێـــرانە
کــۆن بــاخی هەنگــوور جە بەناهــانە؟
دەســـکاری ترخـــان کـــۆنە زەمـــانە
کـــۆن ڕەزو دەیمـــی جە بەناهـــانە؟

کۆگــــای جیاشــــا تەمــــام بــــی تەمــــام
کــۆن ئەلــی کەچەڵ کــۆن حەمەوەش نــام؟
کــــۆن حەمەدەبەق خەمــــان دێ وەبــــاد؟
کــۆن بابــا ســمێڵ کــۆن فەقــێ فەرهــاد؟
بــــاخی بــــلەڕووت بــــی بە جــــای پــــاڵین
هەرشــــەو تــــا بەیــــان مەگــــرەوۆ خەمگــــین
قــــــاقبەی ژەرەژا ئێــــــشی ئادمــــــا
دەنگــــــو نــــــازارا هەر جە یادەمــــــا
کــــۆن تەقەی تفەنــــگ جە گڵــــوە ســــەردا؟
کــۆن دەنگــی وســەین، ســەرچەمەی زمــڕا؟
ســــەرچەمەی زمــــڕا بــــی بە جــــاگەی مــــۆڵ
داخــــی داخــــانم بــــاڵ پــــان کەردش چــــۆڵ
هەروێــــت مەنەنــــی چــــوون خەڵــــفە وی کــــۆڵ
دوور جە خەلیفەیــــت ئەرهــــۆ بــــاوان چــــوڵ!
کــــۆن حەمەوەش نــــام مــــاواش زهــــۆرە؟
کــۆن مامــا فــاتێ؟ کــۆن هــۆزە کــۆرە؟
کــــۆ جــــامی جەمــــشید ساحیب بــــاخی زەل
کــۆن بــلە قلیــان؟ کــۆن مەخــوولە شــەل؟
ســــــەیری ســــــێبەران تەپــــــۆڵە نــــــسار
دیــــدەم مەگــــرەوۆ پەی دەروێــــش گومــــار
ناســــک ســــەر دەربەن گــــوڵ و گوڵبــــاخ بــــێ
مزگــــی و عەمــــارەت وەش و پەرداخ بــــێ
حــــوجرە و فەقێیــــا پــــڕ عــــیلم و تــــاقەت
ئیمــــام خــــزر بــــێ جــــومعە و جەمــــاعەت
حــــاکمی ئەو شــــارە ئەحــــمەد بەگ نــــام بــــێ
پڕهــــۆش و پڕفــــام مەشــــهوری عــــام بــــێ

حاجی مەلا عەزیز

کوڕی سولەیمان ساڵی ١٨٥٩ی زایینی لە گوندی «هەرگینە»ی پێنجوێن چاوی بە ژیان هەڵێناوە و خوێندنی لە خزمەتی مامۆستا پێنجوێنیدا تەواو ئەکات. پیاوێکی زانا و نوکتەزان بووە و لە گوندی «دەرەتفێ» ئەبێ بە مەلای مزگەوت و تەدریس ئەکات. ساڵی ١٩١٦ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

مەلاعارف

مەلاعارف، کوڕی مەلا عەبدولسەمدی هەجیجی دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ی زایینی لە گوندی «بالك» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە خزمەت باوکیدا کە مەلای بالك بووە خوێندنی دەست پێکردووە. زانایەکی نوکتەزان، خەت خۆش و دەنگ خۆش بووە. زۆر کەس لە کانیاوی زانستی بەهرەیان بردووە. ساڵی١٩٠٩ چرای ژیانی کوژاوەتەوە.

کاک حەمەی بێلوو (ناری)

کاک حەمەی بێلوو(ناری[1])، مەلا محەمەد ناسراو بە کاکە حەمەی بێلوو کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا محەممەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان و دایکی لە بەگزادەکانی گوندی «کیکن»ە، ساڵی ١٨٧٠ی زایینی لە گوندی «کیکن» چاوی بە ژیان هەڵێناوە و نازناوی «ناری»یە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە خزمەت باوکی قورئان و بڕێ لە کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووە. ناری بە شوێن خوێندن و فێر بووندا زۆر شوێن گەڕاوە، وەك: سنە، پێنجوێن، سلێمانی، بانە، سابڵاخ، وان و باش قەڵا و هەولێر. لە ڕەواندز ئیجازەی تەدریس و مامۆستایەتی لە خزمەت مەلا ئەسعەد ئەفەندی خێلانی وەرگرتووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ مەریوان و لە گوندی «کیکن» نیشتەجێ بووە. ساڵی١٩٠٤ لە سەر داوای حسێن بەگی بێلوو ئەڕواتە ئەو گوندە. کاکە حەمە وێڕای ئەوەی شاعیرێکی پایەبەرز و بە توانا بووە، لە

---

١. دیوانی ناری.

زانستی بەلاغە و بیرکاری(ریاضی)شدا شارەزایی تەواوی هەبووە. ساڵی ١٩٤٢ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و دیوانە شێعرێک بە یادگار بۆ گەلەکەی بەنێوی «دیوانی ناری» بە جێ ئەهێڵێت.

نەفەس سەمتورە، سینەم ساز و دڵ نەی
حکایەت خوانی دووری تۆن پەیاپەی
بە زکری تۆ وەکو سۆفی هەمیشە
مەقاماتی فەنا فی الله ئەکەم تەی
چ شیرینە لەگەڵ شەهدی حوزوورا
لە من خەندە و لە تۆ ئاوازی ئۆخەی
ئەگەر سایەی سەری تۆ بێ بە تاجم
چ موحتاجم بە تاج و ئەفسەری کەی
غەزەل قەت نابڕێ هەرگیز بە باڵات
ئەزانم بۆ کەوا مایل بە تاقەی
هەواپەیمایی ئەوجی فیراقت
بەتەییارەی سەبووری کەی ئەبێ تەی؟
لە مەیخانەی خەیاڵی شەوقی تۆدا
بە نەشئەی یادی تۆ دڵ مەستە بێ مەی
لە وشکی دا نەمامی باخی نەزمم
بە پووشی ریشی سۆفی بوو شکۆفەی
بەسەرچوو دوور لە تۆ باخی خەیاڵات
نەبوونی ما، نەبۆنی ما، نە غونچەی

مەلا عەبدوڵلا مەریوانی[1]

کوڕی مەلا مەعرووفی کوڕی سۆفی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی سلێمان و دایکی خاتوو «زوبەیدە»ی کچی شێخ محەممەدی «هەرگینە»یە. ساڵی ١٨٧١ی زایینی لە گوندی «ولەژێر» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. مەلا عەبدوڵلا

١. "بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد"، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی حەوتەم، ل ٢١٠تا٢٢٢.

پیاوێکی شارەزا و ئەدەب دۆست و مەلایەکی چالاك و خەت خۆش بووە. گوڵچنێکی بەزەوق و هەست و بیر ناسکی ئەدەبی کوردی بووە و زانیویەتی چی دەکا و چ گوڵێک ئەچنێتەوە و خاوەن کەشکۆڵێکە کە بەرهەمی ڕەنجی سی وسێ ساڵییەتی. لە گوندەکانی «چۆڕ»، «قەڵاتێ»، «تەوێڵە» و «قەڵای هەولێر» نووسیویە. بە واتای مامۆستا عەلائەددین سەجادی «مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی» مەولەوی تاوەگۆزی بە وڵاتی سلێمانی ناساند و تا ئەو نەهاتبووە سلێمانی ئەدیب و شاعیرانی سلێمانی ئەوەندە ئاگایان لە مەولەوی نەبووە. ئەم مامۆستایە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی ئەکات.

مامۆستا محەممەد ڕەشید مودەڕیسی

ساڵی ١٨٧٥ ی زایینی لە گوندی «نەچێ» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی سمایل بەگ لە بەگزادەکانی ناوچەی مەریوان بووە کە خولیای پەرەپێدانی زانست و ئەدەب بووە و لە گوندی نەچێ قوتابخانەیەکی دامەزراندووە. محەممەد ڕەشید لای باوکی خوێندن بە قورئانی پیرۆز و گولستانی سەعدییەوە دەست پێئەکات. بە پێی نەریتی ئەو سەردەمە «ئاغازادە» و محەممەد ڕەشید بەگیان پێ گوتووە و ئەویش پێی ناخۆش بووە. لەسەر ئیجازەی باوکی نەچێ بەجێدێڵێت و ڕوو لە قوتابخانەی گوندی «چۆڕ» ئەکات. لای زانای پایەبەرز سەید حەسەنی چۆڕی درێژە بە خوێندن ئەدات. ساڵی ١٨٩٠ کتێبی عەواملی جورجانی ئەنووسێتەوە. یەکەمین دەستنووسی بەجێماو لە ناوبراو ئەم کتێبەیە. بە شوێن فێربوون و زانستدا زۆر شوێنی تری ناوچەی مەریوان و پێنجوێن و دواتریش سەقز و سنە ئەگەڕێت. لە خەرمانی زانستی زانایانی ئەو سەردەمە گوڵی زانست ئەچنێت. دواتر ئەگەڕێتەوە چۆڕ و لای سەید حەسەنی چۆڕی ئیجازەی مامۆستایەتی پێئەدرێت. بۆ تێراوکردنی بیر و هزری لە کانیاوی زانست ئەڕواتە سنە و لای مەلا عەبدوڵڵای دەشتی، موفتی کوردستان، لە قوتابخانەی دارولئێحسان دیسان ئیجازەی مامۆستایی وەرئەگرێت. تینوویەتی زانست ئارامی لێئەبڕێت و ڕوو لە کوردستانی ئێراق ئەکات و لای ئەسعەد ئەفەندی ڕەواندزی ئیجازەی فتوای پێئەدرێت. ساڵی ١٩٠٠ ئەڕواتە سنە و سەردەمانێکی زۆر لە قوتابخانەی دارولئێحساندا خەریکی تەدریس و وانە وتنەوە ئەبێت. ئەم زانایە لە ئەدەبیات و بیرکاری(ریاضیات)

و فەلەکییاتدا شارەزا و پسپۆڕ بووە. مەلا محەممەد ڕەشید یەکێ لە شوێن کەوتووانی ڕێبازی نەقشبەندی بووە. ساڵی ١٩٢٨ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و لە سەر تەپۆڵەی شێخ محەممەد سادق لە سنە بە خاک ئەسپەردە کراوە.[١]

عەبدوڵڵا بەگی هەورامی

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی حەمەشەفیع بەگ و لە بنەماڵەی بەگزادەکانی حەسەن سانی هەورامانی تەختە و ساڵی ١٨٧٨ی زایینی لە هەورامانی تەخت لە دایک بووە و لەوێش پێگەیشتووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا باوکی میرزای تایبەتی بۆ گرتووە و فێری خەت خۆشی و وێژەی فارسی کردووە. پاشان ماوەیەکیش چووە بۆ سنە و دەرسی ئایینی خوێندووە. دوای گەڕانەوەی بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی ساڵی ١٩٧١ بە تاوانی ئازادیخوازی لە لایەن هێزەکانی ڕەزا شاوە لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی دەسگیر ئەکرێن و ماوەی دە ساڵ لە زیندانی «ئیسفەهان»دا بەند ئەکرێت. پاشماوەی ژیانی بە پشوودان و پەڕاو و هۆنینەوەی هۆنراوە و وریا کردنەوەی خەڵک بردووەتە سەر. ساڵی ١٩٤٣ بە دەستی نەسەقچیانی ڕژێمی پاشایەتی کۆتایی بە ژیانی هاتووە و تەرمەکەی لە هەورامانی تەخت نێژراوە[٢].

عەبدوڵڵابەگ یەکێک لە شاعیرانی پایە بەرزی هەورامان لە سەردەمی مەلای حەسەنی دزڵیدا بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی لە زیندانی ئیسفەهاندا هۆنیوەتەوە.

یاران هامسەران ئیمشەو خاوێ دیم
جە زیندان تار عەجەو خاوێ دیم
ئازادی وەتەن هەورامانم دی
ئێلاخان چۆڵ کۆسالانم دی
وەنەوشەی وەشبۆ، چنوور جە هەردان
ئامانە خاوم پەی بارو دەردان

١. دانشمندان کرد در خدمت علم و دین، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، وەرگێڕاوی ئەحمەد حەواری نەسەب، ل ٥٨٦.
٢. "مێژووی وێژەی کوردی"، سدیق بۆرەکەیی(صفی زادە)، بەرگی دووهەم، ل ٢٩٥.

ڕێحان پەلش دێز، شەست پەڕ جە باخان
سۆسەن و نەسرین شەوبۆی ئێلاخان
بەرزەڵنگ جە کۆ، چنوور جە کاوان
سەوزی و مێرغوزار، هاژەی بەفراوان
چەنی هامسەران نیشتەبیم وەشاد
بەکەیف و ئاهەنگ غەم مەدام وەباد
گۆش بە سەدای ساز، چەم بە نیگاوە
جە قاوەخانەی ڕای کەمالاوە
لێو بە پیاڵەی عەقیق ڕەنگەوە
گاهێ پڕ بە شەوق گا بە خەندەوە
گا نیگای کۆسار بەرزی ئێلاخان
گا نیگای خەزان، گا نیگای زەردان
جەی عەیش و نشات، جەی خەوی بەتاڵ
زیندانم ئەسڵەن نامان وەخەیاڵ
هەر پاسەم زانان وێم شەهریارم
چەرخ کەچ کردار نەدان ئازارم
پاسەم مەزانا شای خاوەن بەختم
نەزانام مە زڵووم،حەپسی بەدبەختم
وختێو بێدار بیم، تەماشا کەردم
ئازان و زیندان نەزەر ئاوەردم
چەندە مەدهۆش بیم تەواسامەوە
عەقڵ و فام و هۆش نەمەن لامەوە
سەد موقابڵ بی باری خەمانم
وە سۆ ئاماوە سۆتەی زامانم
غەیر جە ئێش و نێش جەفای ڕۆزگار
هیچ سوودێ و جەفا نەدیم جەڕووی کار
زام کۆنە و نۆم تازە کەردەوە
زار زار مەناڵم وەدەم دەردەوە

یـا ڕەب هەر کەسێو کە ڕۆش نەهـات بـۆ
زام زەدەی تەقـدیر ڕووی سـەر بسات بـۆ
کەشـــتی نگیـــنش هەر ســـەرنگوونەن
نەگێجـــاو گـــێج ڕوود جەیحـــوونەن
مـۆرەی ئێقبـاڵش دووشـەش نـاوەردەن
چەنـــی بەدبەختـــی مـــامەڵەش کەردەن
خـــــوردو خــــۆراکش ژاراو زەردەن
خـــاو شـــیرینش هەر ئـــێش و دەردەن
یـــا ڕەب بەحـــاجەت ڕەســـووڵ حەبیـــب
خـــاك غەریبـــیم نەکەری نەســـیب

دوای کوژرانی عەبدوڵڵا بەگ، دایکی لاواندوویەتەوە و مەلا حەسەنی دزڵی ئەو لاواندنەوەیەی بەم جۆرە هۆنیوەتەوە[1]:

دنیـــای بـــێ بەقـــا بـــێ شـــەرت و بـــێ قەوڵ
جـای حیـرس و تەمەع جـای تەقەلا و حەوڵ
جـــــای ناتەمـــــامی، بەدی و بەد نـــــامی
هەر ڕۆ بەوێـــــنەی فـــــۆتە حەمـــــامی
وێـــرانە خـــوازی وێـــنەی بـــایەقوش
عەجـــووزەی دەوران کـــۆنە فەراد کـــوژ
ئـــاخر چـــی فەرزەنـــد جە دایە کەردی
چـــی نەوجەوانـــان نە تـــۆی گـــڵ بەردی
چەن خانەدانـــــــت شـــــــێونا وەهەم
جە کەیقوبـــــاد و جە جەمـــــشیدی جەم
چەن دەم و دەســـگا جە بـــێخ هورکەنـــدی
گـــردت کیانـــا و تـــۆ وێـــت هەر مەنـــدی
ئـــــاخر تـــــۆ مەگەر گـــــلاراوتەن
یـــا چـــون بـــاخەوان نـــۆبە ئـــاوتەن

١. دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی، ئەحمەد نەزیری، ل ٢٢و٢٣و٢٤.

نەونەمـــــامەکەی تەکـــــیەی بـــــاهوا
سەردەســـــتەی ڕەشـــــتەی دیە ئـــــاهوا
مـــن پیـــــرۆزە بـــیم پەی تـــۆ نگیـــنم
فەرزەنـــــدی ئـــــازیز ڕۆڵەی شـــــیرینم
هەزار و سێـــــسەد شەســـــت و چـــوار بـــێ
ڕۆحـــــش وە «ڕزوان» بەهەشـــــتی یـــاربێ

مەلا مەحموود جوانڕۆیی

(١٠ڕۆژ بەر لە کۆچی دوایی)

مەلا مەحموود جوانڕۆیی، ساڵی ١٨٧٩ی زایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ئەو زانا پایە بەرزە پسپۆڕی بواری بیرکاری(ریاضیات)، هندسە و فەلەکیات بووە و لە خزمەتی مامۆستای گەورە سەید عەلی حیکمەت ئەفەندیدا لە شاری کەرکوک پێگەیشتووە. ساڵی١٩٠٩ ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت و ئەچێتە هەورامان، دواتر ئەگەڕێتەوە بۆ زێدەکەی خۆی «مەریوان» و یانزە ساڵ لە گوندی «بالک» خەریکی مامۆستایی و تەدریس ئەبێ و زۆر لە مامۆستایانی پایەبەرز لە سەر دەستی ئیجازە وەرئەگرن. دوا هەواری تەدریس و ژیانی ئەبێ بە گوندی «دەرەتفێ» و ساڵی ١٩٤٢ کۆچی دوایی ئەکات.

مەلا عەبدولقادری جەلالی

کوڕی مەلا جەلالەددین کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی «نۆدشی» ساڵی ١٨٧٩ی زایینی لە نۆدشە چاوی بە ژیان هەڵێناوە. بە شوێنی زانستدا زۆر شوێن وەک دەوروبەری نۆدشە، سنە و بیارە گەڕاوە و هەر لە بیارە ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت. بۆ مامۆستایی و خزمەت کردن بە ئایین و زانست دێتە گوندی «دەگاگا».[1]

١. گوندێکە لە نزیک «سەوڵاوا».

ماموّستا جەلالی پیاوێکی شارەزا و لێهاتوو لە زانستی ڕۆژ و زانستی عەربی(صرف و نحو) و ئەدیبێکی گەورە بووە[1]. چەندین سالْ دەرسی بە فەقێ وتووە و سالْی ١٩٤٤ چرای ژیانی کوژاوەتەوە و لە گۆڕستانی گوندی «دەگاگا» بە خاك ئەسپەردە کراوە.

فەرەج وڵڵا زەکی مەریوانی

کوڕی عەبدولڕەحیم نزیک سالْی١٨٧٩ی زایینی لە گوندی «گلە»ی مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ئەم پیاوە زانا و چالاکە لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران و ئێراق دەرس ئەخوێنێت و بۆ فێربوونی زیاتر ڕێگای ولاّتانی عەربی ئەگرێتە بەر و لە ولاّتی میسر ئەگیرسێتەوە. بە هاوکاری چەند ماموّستا و خوێندکاری کورد ناوەندێکی خێرۆمەندی دائەمەزرێنن. پاشان لە قاهیرە، چاپخانەیەك بە نێوی «چاپخانەی کوردستان» دائەنێت و بە هاوکاری زانایانی کوردی نیشتەجێ لە قاهیرە چەندین کتێب و پەرتووك بلاّو ئەکەنەوە. ئەم بەرهەمانە لە لایەن ئەم کەسایەتییەوە بلاّو کراوەتەوە: «شروح شمسیه»، «شروح عقاید»، «المحاکمات فی ماجری بین علماء مصر و العراق من الاستعارات»، «مێژووی شەرفنامەی بەدلیسی» و... ئەم نووسەرە لە کۆتایی سالْی ١٩٢٩یان ١٩٣٠ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات.

حاجی سەید بابەشێخی ئەڵمانە

کوڕی شێخ عەبدوڵڵا کوڕی شێخ محەممەد کازاوی لە بنەماڵەی سەید خالدی کازاوی بانەیە. دەوروبەری سالْی ١٨٨١ی زایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. بە شوێن زانست و فێر بووندا زۆر شوێنی کوردستانی ئێران و ئێراق گەڕاوە و دواتر چووەتە گوندی «بارام ئاوا» و دوای دوو سالْ مانەوە لە بەر گرانی و هەژاری خەڵك و دەس پێکردنی شەڕی جیهانی، ئەڕواتە گوندی «ئەڵمانە» و دوای تەمەنێك خزمەت بە ئایین و ئەدەب سالْی ١٩٥٤ بۆ سەفەرەیکی بێبڕانەوە ئەچێت و ئیتر نەگەڕێتەوە.

---

[1] خەڵکی گوندی «دەگاگا»ش باسی شێعر و هۆنراوەیان بۆکردم، بەلاّم بەداخەوە هیچ کام لە شێعرەکانیم دەس نەکەوت.

مەلا عەبدولواحدی سەمەدی

کوڕی مەلا عەبدوالسەمەد ساڵی ١٨٨٢ی زایینی لە گوندی «بالك» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە خزمەتی باوکیدا قورئان و کتێبە سەرەتاییەکان ئەخوێنێت و بۆ تێراو کردنی بیر و هزری لە زانست ڕوئەکاتە «بیارە» و لە خزمەتی مەلا عەبدولقادری مودەڕیس چۆکی فەقێیەتی داداوە. ساڵی ١٩٣١ لە گوندی «ساوجی» ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات.

شێخ محەممەد (مەلا ئابی)

کوڕی شێخ سەعدوڵڵا کوڕی شێخ عەبدولکەریمی دەگاشێخان، لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانە. بە گوێرەی ناسنامەکەی ساڵی١٨٤٤ی زایینی لە گوندی هەڕگێنەی کوردستانی بن دەستی ئێراق چاوی بە ژیان هەڵێناوە. شێخ محەممەد لە هۆنینەوەی شێعردا دەستێکی باڵای هەبووە و ناز ناوی شێعری «ئابی» بۆ خۆی هەڵبژاردووە. مەلا ئابی یەکێ لە خەلیفەکانی شێخ حیسامەدین بووە و هەر بەو بۆنەشەوە لە ناسنامەکەیدا خۆی بە «حیسامی» نووسیوە. ئەم شاعیرە قەسەیدەیەکی کوردی لە سەر کێشی قەسەیدەی بوردی هەیەکە لە بۆنە ئایینیەکاندا ئەخوێنرێتەوە.

ئابی لە وەرزی پاییزی ساڵی ١٩٦٧ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و گۆڕستانی گوندی دادانەی کەوانگەر ئەبێ بە دواهەواری[1].

هەورامـــان مـــاوا تەڕەتـــوو وەرە — فەرەنجـی نەکـۆڵ مێـزەرە سـەرە
ئوسـتادی دانـا ئاگـاە بە ئەسـرار — عـالمی عامـل عـارفی ئەحـرار
ناخۆاسـتە وەلـی نـاکەردە مـراد — مـایەی ئیفتخـار ئەحفـاد و ئەجـداد
گەورەییت کەردەن پەرسانت پەرێـم — هۆشـت نەشـیەنا مزانـی مـن کـێم
نەوەی مەردۆخ و سـولالەی پاکـان — ڕۆڵەی پەروەردەی پیـری هەورامـان
فەرماوات مەردۆخ ئیسارش کەردەن — گیـانی وێـش فیـدای نەسـڵی وێـش
ڕاسـت فەرمـاوا ئەربـابی ئـیخلاس — دەخـیلەن نەوزیـم نەبـابی قیـاس

---

١. ژیان و بەسەر هاتی ئەم زانایەم لە «کاک ئیبراهیم مەردۆخی» وەرگرتووەکە جێگای ڕێز و پێزانینە.

مــن حەدم چێــشا قــابلم چکــۆن
عیلم و مەعـرفەت هەر لایـق وە تـۆن

تەقریـــر و تەحریـــر، فتـــوا و ئیفـــادە
هەر لایەقـــو تـــۆن جە ئـــێمە لادە

کەی واتــم مەلا یــا شــێخی ئیرشــاد
کەی بە مــن گنــۆ فتــوا و ئیجتهــاد

کام شێخی و کەسێ مورشد و پیری
کام عیلم و عیرفـان، دانـایی و ژیـری

بابـــــا مەردۆخە هەزار ئــــــافەرین
ڕەحمەت جە ڕۆحش هەتا یەوم دین

کوتێـــوش شــــانا هەزار ماشـــاالله
ئەحسەنول کـوت بـێ لا حەولە وە لا

گەراش چون ماساو بەحری بێ پایان
نەهەنـگ هورگنـۆ نە تـوولی زەمـان

قوتـــابی و شـــاگرد یـــا ئـــامۆزایی
پەی تـۆ بـێ فەرقـا شـێخی و مەلایـی

بەش خـــوا عـــومرم بـــدو تـــا پـــاییز
جـارێ تەر وینـوو دیـداری ئـازیز

یا خـوا نەڕێـزۆ پەنـجەو خـامەکەت
«ئـابی» وەفیـدای ئامـای نـامەکەت

شــەرتەن نــامەکەت بگێــرۆ نە بەرگ
بنیەوش نە سینە تـا وەسـاتی مەرگ

حاجی شێخ عەبدوڵڵای نێزڵ

کوڕی حاجی شێخ شەمسەدین کـوڕی شـێخ عوسـمانی سێڕاجەدینی بیـارەیە. لە گوندی نێزڵ ژیاوە و دەستی لە هۆنینەوەی شێعردا هەبووە. نازناوی «دانا»یە و لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات.

خاتو خۆرشید مەریوانی

کچی شێخ مەعرووفی کەوڵوس و لە سەیدەکانی «تەڕاتەوەن»ە. بـاوکی بە هـۆی نالەباریی ژیان لە مەریـوانەوە بـۆ سـنە ئەڕوات و خـاتو خۆرشـید لە منداڵیـدا لە مـاڵی سالارەژنێکی ئەردەڵانیدا ئەژی و باری خوێندنی بـۆ ئەڕەخسێنن. خـاتو خۆرشید بە زمانی فارسی کتێبێک سەبارەت بە ماڵ و منداڵداری و بارهێنانی منـداڵ ئەنووسـێت و دیــوانە شــێعرێکیش دائەنێــت. بە داخەوە هــیچ کــام لەو بەرهەمــانە چــاپ و بــڵاو نەبوونەتەوە. لە سەدەی بیستەمدا ماڵئـاوایی لە ژیـان ئەکـات. خـاتو خۆرشـید دایکـی شاعیری نیشتمان پەروەری کورد «قانع مەریوانی»یە.

ئەم پارچە هۆنراوەیەی بۆ ئامۆژگاری عادڵەی کچی داناوە:

کچــــم! ڕۆڵەی کـــزۆڵەی بوردەبـــاریم
چرای ڕوونـاکی بـێ دەسـتی و هەژاریـم
کچــــم! پـــارچەی نەژاکـــاوی زەمـــانەم
نەتـتـــیجەی ئیهتمـــامی خوێنـــدەواریم
وەرە گـــوێ ڕاگـــرە بـــۆ پەنـــدی دایکـــت
فەرەح بەخـــشی دەروونـــی بـــێقەراریم
نەخـــۆی هەرگیـــز فەریبـــی ســـادەڕویان
نەبیـــتە هـــۆی زیـــادی شـــین و زاریـــم
کچـم! هۆشـی حەیـا و نامووسـی خـۆت بـێ
نەکەیت کارێ زیادکەی دەردی کـاریم
کچـم! هۆشـیاری خـۆت بە تـاکوو مـردن
وەکـوو مـن، بە زرەنگـی و هۆشـیاریم
کچــــم! وەڵـــڵا هەمـــوو داخـــی کچـــانە
نەخۆشـــین و کـــزەی بـــێ ئیختیـــاریم
نەتەنهـــا وەســـــیەتم بـــــۆ تــــۆیە ڕۆڵە
هەواداری کچــــانی کـــــوردەواریم

مەلا محەممەد ئەمین چیچوڕانی

مەلا محەممەد ئەمین چیچوڕانی، ساڵی ١٨٥٩ی زایینی لە گونـدی «چیچـوڕان» لە ناوچەی بانە چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لای عەلامەی ئەو سەردەمە مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنی ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت و لە گوندی «چرچەقەڵا» لە کوردستانی ئێراق کاری تەدریس دەست پێئەکـات. پـاش گەڕانەوە بـۆ زێـدەکەی و مـاوەیەك تەدریس و وانەوتنەوە، ساڵی ١٩٢٤ هەواری ژیانی بۆ گونـدی«ڕەشـەدێ»ی مەریـوان ئەگـوێزێتەوە. دوای ١٠ســاڵ مامۆسـتایەتی و تەدریـس لەم گونـدەدا، سـاڵی ١٩٣٤ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و گۆڕستانی «مەلامحەممەد ئەمین»ی ڕەشەدێ ئەبێ بە مـاڵی هەتا هەتایی.

مەلا محەممەدی ڕەشەدێیی

کوڕی شێخ قادر کوڕی مەلا مەحموودی «نەچێ» یە، دەوروبەری ساڵی ١٨٨٢ی زایینی لە گوندی «ڕەشەدێ» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ئەم زانا پایە بەرزە لە وەرزی بەهاری ساڵی١٩٤٢ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و گۆڕستانی گوندی «ڕەشەدێ» بووە بە دوا هەواری.

شێخ عوسمان سێراجەددینی«دووڕۆ»

شێخ عوسمان کوڕی شێخ عەلائەددینی بیارە، ساڵی ١٨٩٣ی زایینی لە گوندی «سەفیاوا»ی جوانڕۆ چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ساڵی١٩٥٧ بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆزی ئێران و کوردستان گوندی «دووڕۆ» بە جێ دێڵێت و ئەڕواتە بیارە و پاشان بەغداد، تا ئەوەی وەک دوا هەوار لە تورکیە ئەگیرسێتەوە. ساڵی ١٩٩٦ ماڵئاوایی لە ژیان و شوێنکەوتووانی ڕێبازی نەقشبەندی ئەکات. شێخ عوسمان لە بواری پزشکیدا پسپۆڕ و لێزانێکی گەورە بووە و لە نووسین و شێعریشدا دەستی هەبووە. دیوانێ شێعری بە زمانی کوردی(سۆرانی و هەورامی) و فارسی لە ژێر ناوی «چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی» لێ بڵاو بۆتەوە.

یارم دیارەن مەیلش کەم بەیەن
ئەڵبەت شەرتەکەی وەڵین کەم بیەن
چون جاران وە ناز نەدیا وە لاوە
ڕۆحم وە سارای عەدەم لاواوە
هەرچەند مدرابیم دەس وە دوعاوە
یارم ئاماو شی، نەدیا وە لاوە
گرپەی بڵێسەی کوورەی دەروونم
ویەرد جە ئەفلاک نالەی زەبوونم
ئازیز! جە داخت ئاخم پڕ داخەن
ڕۆحم چۆن نەفەس سوبحی چراخەن

وە جەفاو جەورە وەی تەرزو تەورە
شەش دەرم بینیان، نمارۆ مۆرە
ئینە ڕەویەی شەرت هامڕازی نیەن
جە مێهر و وەفا بێزاری نیەن
کێ پەی تۆ چون من وە زام زەلیلەن
وەی خەیاڵی خام وە بێ دەلیلەن
پەنجەی ڕەنجەکەت جە دڵ کەردەن بەند
بنج و بنچینەی حەیاتم هۆرکەند
گۆش دەر وە زیلەی زایەڵەی دەروون
گۆش دەر وە بوڵبوڵ نەغمە خوانی زوون
لەیل دەلیلی مەیل پەنەش نەمەندەن
حەواسی خەمسە جە دەستم سەندەن
گاهێ وە خەیاڵ بۆ مەنیام نە بۆش
وە مەستیی پەستی دڵ مەبی مەدهۆش
یا ڕەب! وەخاتر سەییدی ئەکرەم
عەشقی حەقیقی پەنەم کەی کەرەم
عەشقی عوششاقان، مەستانی ڕای حەق
مەخموور و مەستی وارگەی (انا الحق)
مەستێتیی وارگەی فەنای ئەتەم تەم
وە هەوای نەوای (الست)م ماتەم

شێخ محەممەد حەسەن مەزهەری[1]

محەممەد حەسەن مەزهەری کوڕی شێخ مەزهەر لە نەوەکانی «شێخ عوسمانی تەوێڵە»یە. دایکی «حەنیفە خاتون» لە ساداتی «عەبابەیلێ»یە. ساڵی ١٨٩٤ی زایینی لە «تەوێڵە» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی لە خزمەت مامۆستایانی ئەو ناوچەیەدا دەست

١. ئەم زانیارییانەم لە لایەن کاک «عەفان مەزهەری» کوڕەزای ئەم شاعیرەوە دەست کەوتوون کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

پێئەکات و لە بەر ئەوەی مووچە و مەزرایان لە گونـدی «گۆشـخانی» ئەبێ ئەڕۆنەوە ئەو گوندە و کشت و کـاڵ دەگـرنەبەر. «مەزهەری» هەر لە تەمەنـی لاویـدا شـەیدای عیرفـان و تەسـەوف ئەبـێ و لای «شـێخ عەلـی حیـسامەدین» کە مـامەی بـووە، تەمەسسووک ئەکا و ئەویش ڕێزی تایبەت لە برازاکەی ئەگـرێ. لەسـەر بانگهێشتی ئاغاواتی «ئیلخانی بۆکان» ماوەیەک بە ماڵەوە بۆ گوندی «عیلم ئاباد» لە نێوان مەهابـاد و بۆکان کۆچ ئەکـات و دەسـت ئەکـا بە ڕێنـوویێنی و ئیرشـادی خەڵـک و ناوبانـگ دەرئەکـات. لەوێ «تحـفە خـاتوون»ی خێزانـی کـۆچی دوایـی ئەکـات و ئەویـش ئەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی. ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی «گۆشـخانی» ماڵـئاوایی لە ژیـان ئەکـات و هەر لەو گونـدە لە گۆڕسـتانی تـایبەتی بنەمـاڵەکەی لە تەنیـشت بـاوکی بە خاک ئەسپەردە ئەکرێت.

شێخ محەممەد خولیای شێعری شاعیرانی کـورد و فـارس وەک: نـالی، مەحـوی، مەولەوی، نـاری، حـافز، سـەعدی، کەلیمـی و ئێراقـی و... بـووە. ئەم کەسـایەتییە شاعیرێکی بەتوانا و قەڵەم ڕەنگـین و هەسـت ناسـکە. دەسـتی لە هـۆنینەوەی شێعردا هەبـووە و بە زمـانی کـوردی و فارسـی شـێعری هەیە و نازنـاوی «مەزهەری» و بـڕێ جاریش «حەسەن»ی بۆ خۆی داناوە. زۆربەی شێعرەکانی وەک نامە گۆڕینەوە لەگەڵ دۆسـتانی بە تـایبەت «مامۆسـتا سـادقی نگڵـی» بـووە. بەداخەوە زۆربەی شـێعرەکانی فەوتاون و کۆ نەکراونەتەوە.

یـــا ڕەســـول الـــلە بە قوربـــان زۆر پەرێـــشانم مەدەد
زۆر لە کـــرداری خراپـــی خـــۆم پەشـــیمانم مەدەد
وا بە ئـاخر هـات هەمـوو عـومرم لە گەڵ ئەعمـالی بەد
خـۆت دەزانـی مـن ئەسیری نەفس و شـەیتانم مەدەد
ڕوو سیا و ڕوو ڕەش منم دەسـگیری عاسـی خـوا ئەتـۆی
کەوتـــوویی بـــاری گرانـــی جەور و عوســـیانم مەدەد
دەرد و عوســـیان و گونـــاهم زۆرە چـــارەی نـــاکرێ
ڕەحمەتـــی تـــۆ، مەرهەم و دەرمـــانی زامـــانم مەدەد
تـــۆ بیتـــو ڕەحمـــی خـــودا و شـــاهی شـــەهیدی کەربەلا
لابە زوو کێـــوی بەڵا شـــاها لە ســـەر شـــانم مەدەد

بـــێ کەس و مـــاتەم زەدە و مەغمـــوم و بێچـــارە و غەریـــب
کـــێ دەپرســـێ غەیـــری تـــۆ قوربـــان لە گریـــانم، مەدەد
«مەزهەری» مـــــاتەم زەدە بە خـــــوا پەنـــــاهێکی نیـــــیە
غەیـری تـۆ، هەر تـۆی پەنـاهی دیـن و ئیمـانم مەدەد

محەممەد کەریمی(مامۆستا قازی)[1]

محەممەد کوڕی عەبدولعەزیم کوڕی قازی عەبـدوڵڵای شەیدا و «ئەسما» خاتوون لە بەرەی سەیدەکانی بلّبەرە. ساڵی ١٨٩٥ی زایینی لە گوندی توتمەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە دوای کۆچی باوکی ئەڕواتە چۆڕ. «ئاغاحسێن[2]»ی چۆڕی وەک بـاوکێکی دڵـسۆز و مامۆسـتایەکی لێهـاتوو ئەرکـی بەخێو کردن و وانە پێوتنەوەی وەئەستۆ ئەگرێت. دوای چێژ وەرگـرتن لە زانـستی ئەو زانـایە، دواتـر بـۆ درێـژەدان بە خوێندن ڕوو لە بەردەڕەشە ئەکات و چەند ساڵێک لە خزمەتی شێخ فەتاحی حەسنی، باوکی شاعیری مەریوانی، شێخ حەمەمارفی حەسەنیدا، وەک قوتابی ئەمێنێتەوە. ساڵی ١٩٣٤ ئەگەڕێتەوە چۆڕ و لە سەر دەستی مامۆستای زانا و پایەبەرزی چۆڕ ئیجـازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت. ئەچێتە دزڵی و ئەبێ بە نووسەر و کـاتبی مەحمـوود خـانی دزڵی. ئەم مامۆستایە بۆ خزمەت کردن بە خەڵـک لە کاروبـاری ئایینیـدا ئەگەڕێتەوە زێـدەکەی زانـای پـایەبەرز قـازی عەبـدوڵڵای شـەیدا، و مـاوەی ٢٠سـاڵ ئەو ئەرکە بەڕێوە ئەبـات. لە دوای سـووتاندنی کتێبخـانەکەی بـاوەگەورەی[3]، هەواری ژیـان بـۆ

١. ئەم زانیاریە کاک «مادێح ڕۆستەمی» دەستی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

٢. ئەم مامۆستا پایە بەرزە کوڕی «حاجی سەید حەسەن»ی چۆڕ ناسراو بە «چۆڕی» یە. ساڵی ١٨٥٦ی زایینـی لە چۆڕ لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زانست پەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە و لە ساداتی چۆڕە. لە سەردەمی ژیانی پڕ پێزیـدا ئەرکـی بە خێو کردن و پێگەیاندنی زۆر کەسایەتی وەک مامۆستا قانع، مامۆستای سیاناو و مامۆستا قازی وەئەسـتۆ گرتـووە. سـاڵی ١٩٣٨ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و هەر لە مزگەوتەکەی خۆی ئەسپەردە کراوە.

٣. ئەو کتێبخانە، بەری ڕەنج و تێکۆشانی چەندین ساڵەی زانـای بلیمەت و مێژوو نووسـی گەورە، قـازی عەبـدوڵڵای شەیدا بووە. لە دوای ناکۆکییەک کە لە نێوان بنەماڵەی مامۆستا قازی و خانەکانی ئەو نـاوچەیە درووسـت ئەبێـت، سـاڵی ١٩٤٥ خانەکان هێرش ئەکەنە سەرگوندی توتمەر و ئەو کتێبخانە نایابە ئەسووتێنن و هیچ شوێنەوارێکی لێ بە جێ نامێنێت.

گوندی دارسەیران ئەگوێزێتەوە. بە دروست بوونی مزگەوتی گەڕەکی «تەکیە»ی شاری مەریوان ئەبێ بە پێش نوێژی ئەو مزگەوتە و تا دواساتەکانی ژیانی لەو شوێنە ئەمێنێتەوە. ساڵی ١٩٩٧ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و گۆڕستانی دارسەیران ئەبێت بە دوا هەواری ژیانی.

ئەم مامۆستایە وێڕای خزمەت بە ئایین، لە بواری شێعر و هەڵبەستیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، بە دوو زمانی کوردی و فارسی، ژان و ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و هەستی نەتەوایەتی و بیری ئایینی هۆنیوەتەوە. بەری ڕەنجی چەند ساڵەی لەو بوارەدا دەفتەرێک شێعرە کە هێشتا چاپ و بڵاو نەبۆتەوە.

«بە شێ لە شێعری کوردە بە قوربانت بم»

کوردە قوربانی ناو دار و بەردت
کوردە قوربانی هەناسەی سەردت
کوردە قوربانی مەردی مەیدانت
قوربان کەڵەڕاو کەیفی هەردانت
قوربان ڕێگەکەی گاوە کەچت بم
قوربان ڕێی مەرس مل بە کەچت بم
قوربان دۆڵەناو نەو هەوارت بم
قوربان ..... بێ زەوارت بم
قوربان شاخەکان شاهۆو زەڕەوەت
قوربان قەلەبەرد سەنگەر نەڕەوەت
کوڕەی میانە و تەختت هەزارانی
لوتککەی مەدی جێگەی بەرزانی
شاخی سان ئەحمەد شاخی مەڵەخورد
تەواو شاخەکان سەنگەرگاکەی کورد
شاخەکەی تەتە و شاخی دالانی
شاخی گوڵیجە و شاخی سەردانی
قوربان دەست و برد هەڵمەت غەزاییت
قوربان قانعی و نەفسی ڕەزاییت

قوربــــان مـــاڵەکەی چـــۆڵ و هۆڵــت بـــم
قوربـان کـۆچ کـردن بـار و کۆڵـت بـم
کـــوردە قوربـــانی شـــارە و شـــارت بـــم
قوربـان نـاو غـار و خـار و مـارت بـم
قوربـان شـاخە و شـاخ سەرکوێـستانت بـم
قوربـان خـان ئەحـمەد تەختـی سـانت بـم
قوربـــان هەوارگەی هەوشـــوو بارانیـــت
قوربـــان زیـــارەت بـــاوە حەیرانیـــت
قوربـــان دوعـــای خێـــر پیرشـــالیارت بـــم
قوربـــان ئاشـــنا و دۆســـی پـــارت بـــم
کـــــوردە تــــۆم ســــپارد بەو عەواڵانە
نەوەدونـــــۆ پیـــــر ئەو هەورامــــانە
قورئـــانی کەریـــم کەمە بـــازوی تـــۆ
کـــوردی هەڵ خـــولێ بە ئـــارەزوی تـــۆ
وەعـــــدەی خـــــودایە ئەدا دڵ خۆشـــــی
بـــۆ دڵتەنگەکـــان دوای مەدهۆشـــی
وەعـــدەی ســـادقان ئەدا خـــۆش ڕەنگـــی
بـــۆ هەمـــوو عەبـــدێ دوای هەر تەنگـــی
قوربـــان ئەشـــکەوتی ســـەختەکانت بـــم
قوربـــان ســـەر ســـینی بەردەکانـــت بـــم
قوربـان فەرشـــەکەی خـــاکی ژێـــر پێـــت بـــم
قوربـــان ئاســـمانی لـــێفەی ســـەرت بـــم
قوربـــان هەســـێرەی چـــرای شـــەوت بـــم
قوربـان قاسـپە قاسـپ ڕەنگـی کەوت بـم
قوربـــان تـــۆخڵەدار ســـفرەی شـــامت بـــم
قوربـان خـــواردنی گییـــای خامـت بـم
قوربـــان دۆشـــەکەی خـــاکی بـــۆژت بـــم
قوربـــان ڕەفیقـــی شـــەو و ڕۆژت بـــم

قوربـــان مـــاڵەکەی مەجنـــوون ئاســـات بـــم
قوربـــان نەعـــرەتە و دەنگـــی ڕەســـات بـــم
قوربـــان نەترســـــی و هەم نوســـــرەتت بـــم
قوربـــان بـــێ بـــاکی و هەم غیرەتـــت بـــم
ڕوو کەرە خـــــودا خـــۆت پرســـــینە ڕۆ
لەم تەنـــگ و چەڵەم خـــۆت گرســـێنەرۆ
«قـــازی» حـــــازرە قەزای تـــــۆ بگـــــرێ
ئـــاڵاکەت بینـــێ و ئەو وەخـــتە بمـــرێ

مامۆستا مەلا باقری باڵک[1]



محەممەد باقر کوڕی حسێن خان ناسراو بە ئاغا گەورە کـوڕی مەنووچێهرخان کوڕی حسێن خـان کـوڕی خوسرەوخان کـوڕی ئەحمەد خان لە بنەماڵەی ئەردەڵانییەکانن. فـاتمە خـاتوونی دایکـی کچـی مەلا عەبـدوڵڵا لە بنەمـاڵەی شێخەلئیـسلامییەکانی سـنەیە. سـاڵی١٨٩٥ی زایینـی لە گونـدی «نـزار»ی سـنە چـاوی بە ژیـان هەڵێناوە. ئەم زانا پایە بەرزە شەش ساڵ لە گوندی «چۆڕ» و چل ونۆ سـاڵ لە گونـدی «بالک» خەریکـی تـێ گەیانـدن و پـێ گەیانـدن و دەرس وتـنەوە بـووە و مەدرەسـە و حوجرەی باڵک سەرچاوەی عـیلم و زانـست بـووە و زۆر کەس لە کانیـاوی زانـستی مامۆستای بالک چێژیان بردووە و سێ سەد فەقێ ئیجازەی مامۆستاییان لە سەر دەستی وەرگرتووە. هاوکات لە گەڵ تەدریس و مامۆسـتایی سـێ سـەد پەرتـووکی لە بـوارە جـۆار و جۆرەکـانی زانـستدا نووسـیوە کە بە داخەوە بـێجگە لە نیکـاح و تەڵاق «مەحمودیە» هیچکامیان لە چاپ نەدراون. لە بواری شێعر و وێـژەدا دەسـتێکی بـاڵای هەبووە و نازناوی «غەریـق»ە. دیـوانێکی شـێعری بە یادگـار بە سـێ زمـانی کـوردی، عەربی و فارسی بۆ گەلەکەی بەنێوی «دیوان مدرس کردستانی» بە جێهێشتووە. سـاڵی ١٩٧٢ لە گوندی «بالک» بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حوجرە و مزگەوت و وانە کردووە و

١. دیوانی مودەڕیس کوردستانی، مەلا محەممەد باقری بالکی مەریوانی.

گۆڕستانی گوندی بالك بووه به دوا هەواری.

دیواری پۆڵا هیچ وەخت نابێ لەق حەقیش بە ئینکار نابێ بە ناحەق
چاوی حەسودان کوێر و نابیناس بەچاوی ئەوان ڕاس نابێ ناڕاس

محەممەدی کوڕی شێخ عەلی مەریوانی دەرهەردیی

ساڵی ١٩٠٥ز کتێبی «الحواشی الجلالیه»ی نووسیوه. بەڵام شوێن و ساڵی له دایک بوون و کۆچی دوایی نادیاره.

مەلا حەمه سەعید سادەوا

کوڕی مەلاعەبدوڵلا کوڕی خودامراد لە گوندی «بالك» چاوی بە ژیان هەڵێناوه. ساڵی ١٩٧٩ی زایینی ماڵئاوایی له ژیان ئەکات و له گۆڕستانی حاجی شێخ له پێنجوێن ئەسپەردە کراوه. ئەم زانا پایەبەرزە دەستی لە هۆنینەوەی شێعردا هەبووه و بەداخەوه تەنیا ئەم شێعرەی لە فەوتان ڕزگار بووه. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی «علماونا فی الخدمه علم و الدین»[1] بە تێر و تەسەلی باسی گەورەیی و زانستی ئەم کەسایەتییە ئەکات.

سەبارەت بە گلەیی له نیوه و ناتەواو سەرفیترەدانی خەڵك وتوویەتی:

ئەگەر عەقڵت بێ ئەمە پەنێکە
شەرتی کەر دوو مەن، هی خۆت مەنێکە

جێگای ئاماژەیە کە ئەم کەسایەتییە باوکی «مامۆستا محەممەد یۆسفی ڕەهنموون»ه.

شاعیران و نووسەرانی سەدەی ٢٠ی زایینی

شێخ محەممەد خەڵووزە (حەسرەت)

کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید فەتاح کوڕی شێخ محەممەد کوڕی شێخ ڕەزای هەنگەژاڵی کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عەلی دۆڵپەمووه. له گوندی «بێلووو»

---

١. علماؤنا فی الخدمةِ علم والدین، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل٦٢٢.

چاوی بەژیان هەڵێناوە. لەخزمەت کاکەحەمەی بێلوودا ئیجازەی مامۆستایی وەرگرتووە[١]. یەکێونیو دانگی بێلووو مڵکی خۆیان بووە کە دوای کۆچی براکەی، ناکۆکی لە نێوان حەسرەت و یەکێ لە خانەکانی «بێلوو» پەیدا ئەبێ و لە بێلوو دەرئەکەوێت و ئەچێتە گوندی «خەڵووزە». بەهۆی گۆڕانکاریی سیاسییەوە خەڵووزە بە جێ دێڵن و ئەڕۆنە «گۆخلان». وەک مامۆستای ئەو گوندە تا کۆتایی ژیانی ئەمێنێتەوە. لە سەدەی بیستی زایینیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە[٢]. دەستێکی بالای لە هۆنینەوەی شێعردا هەبووە و نازناوی «حەسرەت»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. شێخ مەحموودی «مێرگەدرێژ» کە خوشکەزای مامۆستا حەسرەت و پیاوێکی بەتەمەن و نەخوێندەوارە و شێعری زۆربەی شاعیرانی سەردەمی خۆی لەبەرە، بۆی گێڕامەوە: خۆم لە خاڵۆم بیست کە وتی: «شەوێ نەخۆش کەوتم، ئەوەندە ئێش و ئازارم بوو، هۆشم لای خۆم نەمابوو، چوارسەد شێعر لە شێعرەکانی خۆمم سووتاند و دوایی بۆم دەرکەوت چ خەسارێکم لە خۆم داوە.» بەداخەوە شێعرەکانی مامۆستا حەسرەت لە ناو چوون و تەنیا ئەم شێعرەی ماوەتەوە کە ناوی «بەردئاش»ە.

«داوا و پاڕانەوە»[٣]

یارەب موحتاجم یارەب موحتاجم
یا رەب بە تۆیە چار و عەلاجم
یارەب سفید کەی ڕووی وەکو ساجم
ڕەواج بەی سکەی زۆر ناڕەواجم
بۆ نیشانەی خەم هەر وەک ئاماجم
بێ ماڵ و دەوڵەت بێ خەرج و باجم
بە تۆ موحتاجم یا شاهی شاهان
یا «مالک الملک» کار بەدەس ئاسان

١. بە پێی ئەم ئیجازە وەرگرتنەی لە سەدەی بیستەمی زایینیدا لە دایک بووە.
٢. ئەم زانیاریانە کاک «حسێنی نەردەوانی» لە شێخ عەبدوڵڵا کوڕی شێخ حەسەن خەڵکی گوندی «ڕاوگان» لە پێنجوێن دەستی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.
٣. ئەم شێعرە «کاک مێهدی مورادی ڕەزاوی» لە شریتەوە بۆی دابەزاندم، جێگای ڕێز و پێزانینە.

یـــا ڕەب بەخـــاتر ئەولیـــا و خاســـان
گوشاد کەی موشکل جوملەی حەق ناسان
دامـــــاو و ماتـــــڵ بـــــێ ڕزق و ڕۆزی
وام لە خەیـــالا بـــۆ ڕزقـــی ســـۆزی
ڕزق و بەراتـــــم نیـــــوە ئاشـــێکە
ئومێـــــــــدی خەلیـــــــــل ....[1]
بەرد ئـــاش حـــازرە ئاشـــم بـــێ ئـــاوە
ئاشیـــشم ئێحـــسان بەڕزای خـــاوە
خەیـری ساحێب خێـر بـێ ئـاو وەسـتاوە
بـــۆ ڕەحمەتـــی تـــۆ تـــاوێ ســـەد تـــاوە
مـــاڵ و منـــاڵم چـــاوەڕێی مـــزەن
بـــێ نـــان و بـــێ دۆ بـــێ ڕۆن و چـــزەن
ئەمە چ وەخـــتە نیـــوەی زســـتانە
عـــالەم وشـــک و ڕەق بە بـــێ بـــارانە
ئەر لە بەر مـــنە بـــاران نابـــارێ
بـــا نەگبەتـــی بەم بـــڕۆم بـــۆ شـــارێ
مەیلـــــت وا بە لای دەوڵەمەنـــــدەوە
بەدارای ئەســـبابَ چـــای و قەنـــدەوە
مەشـــغوڵی کـــاری ئـــێمەی بەد بەخـــت بە
موشکڵ گوشای کار ئێمەی سەر سەخت
بە جـــارێ ئەوا مـــردین لە برســـا
بەفـــر و بـــارانێ بێـــنە وەک ئەوســـا
یـارەب بە ئیعجـاز سـی جـزمەی قورئـان
خەلە هەرزان کەی بە عیـشقی خاســـان

[1]. ئەم وشەیەم بۆ ڕاست نەبۆوە.

بـــاران بـــارێنی، لافـــاو ســـەر واز کـــا
بە هەرد و دەشـــتا وەک تەیـــر پەرواز کـــا
لافـــاو دەشـــت و دەر تەواو داپۆشـــێ
بـــێ دەنگـــی تـــا کەی، فەلەک خرۆشـــێ
تـــا کەی ئینتیـــزار بەفـــر و بـــاران بـــم
لە نائۆمێـــدی گەســـتەی مـــاران بـــم
بـــۆ مـــزەی گـــاڵی تـــاڵە دامـــاوین
فـــرە ئینتیـــزار پـــووکە و ماســـاوین
یـــارەب نـــامەوێ بنکـــرِی پـــلاو
ئەوە بـــۆ مەتـــبەخ ......[1]خـــاو
گۆشـــتی فرووجـــت لـــێ تەڵەب نـــاکەم
خـــوا بمگـــرێ ئەگەر داوا کەم
کەبـــابم نـــاوێ گۆشـــتی مەڕ نـــاخۆم
کـــوردم بە کـــوردی فێـــری نـــان و دۆم
جلـــی گـــاگرانی نـــاکەمە بەرم
ڕەشـــتی و جامـــانەم نـــاوێ بـــۆ ســـەرم
مـــایینم نـــاوێ بـــۆ ســـەر و ســـواری
نـــامەوێ ڕەعـــیەت خەرج و بێگـــاری
لاکـــێش و قـــاڵیم نـــاوێ بـــۆ دیـــوان
چـــیمە لە بگـــرە و بەردەی دیوەخـــان
فکری بەخت و تەخت خوسرەوان ناکەم
داوای گەنج و ماڵ مەحموود خان ناکەم
خـــاو و میـــراوام نـــاوێ تـــا باشـــماخ
نـــامەوێ حـــوکمی گەڕووس و لەیـــلاخ

١. ئەم وشەیەم بۆ ڕاست نەبۆوە.

بــۆ چــیمە بەزم و دەبــدەبەی ئێــران
ســەفاتی بــۆ کەیــف خــانی مەریــوان
لــوولەی ئەقــراوی جــگەرەی سامــسۆن
نــامەوێ لە گەڵ قــرچەی پیــاز و ڕۆن
موخلیــسی کــۆکەی گــاڵ و دۆکەشــکم
دوژمنـــی چــایی تــاڵی بەد تەشــکم
هەتیــو ئیــزەبەی چــای تــاڵ ئەکەم
موحتــاجی نــانم داوای گــاڵ نــاکەم
ئــارەزووی مــاس و کــۆکەی گــاڵمە
بــێ نــانی نوخــشەی مانــگ و ســاڵمە
پــڵاوی چەور و هەورامـــی و ســاجی
ئەویــش بــۆ دیــوان ئاغــاکەی ساوجی
نــامەوێ بــووکی تــازە و بە نــاواز
بــۆ عەیــشی شــەوان بــۆ ڕاز و نیــاز
ئەوە بــۆ مەحمــوود حەیــدەری نــژاد
«حەسرەت» بۆ چیەتی بێ نان وبێ زاد
ســکەی ئەســکەناس ڕەزای پەهــلەوی
تەڵای دەس ســاز و لیــرەی خوســرەوی
نــامەوێ یــاڕب هــیچ کــام ئەمــانە
مەقـــسوودم ئــاو و بەفــر و بــارانە
ئــاوبێتە گەردش مــزە هەرزان کــا
یــایێ[1] تەبەکمــان بــۆ پــڕ لە نــان کــا
مەشکە پــڕ لە مــاس کەرەی دیــزەی سوور
ئەویــش بــۆ مەولا پیــری مێرگەســوور

---

١. لە موکریان بە «خانم» دەڵێن «یایێ».

لەنـــــاو عالەمـــــا قـــــوتبی تەواوە
ســـاحێب بـــزگەل و کـــووری خەســـاوە
حەســـرەت دانیـــشیَ ئیتـــر بـــیَ دەنـــگ بە
لە بەحـــری غەمـــدا هەر وەکـــوو ســـەنگ بە
یـــــارەب ئاشـــــەکەم بێنـــــی بە گەڕان
بە یادمـــــان بـــــکەی بە بەفـــــر و بـــــاران
ئەگەر ئاشـــــەکەم بـــــگەڕیَ بەســـــمە
عەبەی بـــــرایم خـــــۆ فریـــــاد ڕەســـــمە
زۆر بە ئیخلاســـــە تەواو حەق ناســـــە
ئەزانـــیَ لە مـــاڵ چ دەنـــگ و باســـە
گەر خـــــودا بکـــــا گەڕیَ ئاشـــــکەم
لە ســـایەی شـــێخۆ تەرک ڕێبـــاز ئەکەم

قادر سەڵەسییەیی

کوڕی شێخ سەمەدی سەڵەسیی بووە و ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دوایی نادیارە. هەر ئەوەندە کە مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی لە کتێبی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد»دا باسی نووسەرێکی لێهاتوو بە نێوی قادر سەڵەسییەیی دەکات کە خاوەنی کەشکۆڵێکە. ئاماژەی پێکردووە کە گوایە ئەم نووسەرە بە فارسی نووسیویەتی «بە دست قادر فرزند شیخ صمد اهل روستای سلسی در روستای عصرآباد نوشته شده»[1].

کەیخوسرەوی مەریوانی[2]

یەکیَ لە نووسەرانی مەریوانی بووە کە لە نووسینەوەی «کەشکۆڵی ئەحمەدی براله»دا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە. بەڵام شوێن و ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دوایی نادیارە.

١. واتە، بە دەستی قادری کوڕی شێخ سەمەد خەڵکی گوندی سەڵەسی لە ئاوایی عەسرئاوا نووسراوە.
٢. ئالبۆمی کەشکۆڵ، محەممەد عەلی قەرەداغی.

سەید ئیبراهیم چۆڕی و سەید عەبدوڵڵای چۆڕی

دوو کەسایەتی ئەدەبی و زانای مەریوانین کە شوێن و ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دواییان ڕوون نەبۆتەوە.

مامۆستا قانع

شێخ محەممەد کوڕی شێخ عەبدولقادری کەوڵۆس کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەممەدی دۆلاش، ساڵی١٨٩٧ی زایینی لە گوندی «ڕیشێن» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە چل ڕۆژەی تەمەنیدا باوک و لە چوارساڵەشدا دایکی کۆچی دوایی ئەکات و قانع لە بۆن و برامەی باوک و دایک بێ بەش ئەبێت. خوالێخۆشبوو «سەید حەسەنی چۆڕی» وەک باوکێکی دڵسۆز پەروەردەی ئەکات و ئەینێرێتە مەکتەب. مامۆستا قانع بە کوردی و فارسی شێعری هۆنیوەتەوە و زۆربەی شێعرەکانی گلە و گازەند لە بارودۆخی ڕۆژگار و ڕەخنە لە دۆخی بێ سامانی ژیانی خۆیەتی. قانع پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەزان و نەفس بەرز بووە و دەستی بۆ لای کەس ڕانەکێشاوە و بۆ بژێوی ژیانی ئەم کارانەی کردووە: نووسەری، مامۆستای مزگەوت، مامۆستای مەکتەب، باخەوانی، فەلایی، وردەواڵەفرۆشی، ئاشەوانی، دارفرۆشی و تەنانەت کاریگەری. هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە لە پێنج کۆمەڵدا بلاو بوونەتەوە، وەک: گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی کوردستان، چوارباخی پێنجوێن، شاخی هەورامان و دەشتی گەرمیان. مامۆستا قانع ساڵی١٩٦٤ لە گوندی «لەنگەدێ»ی کوردستانی ئێراق ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

ئەم وێنەیە وامان بۆ دەرئەخات کە مامۆستا قانع شمشاڵ ژەنیش بووبێت[1].

---

١. ئەم وێنەیەم لە کۆمەڵە شێعری «باخچەی کوردستان»، لاپەڕەی ٦٩ وەرگرتووە.

قوربـانی ئەم خـاکەیە، ئەم ڕۆحە لە بەرمـا
سۆزی دڵی پڕ دەردە، کە خولیایە لە سەرما
ئامـادەیی مەیـدانم و ئەم بەرگە کە پۆشیم
کفنە، نەوەکـو چـاکەت و پـانتۆڵە لە بەرمـا

«ستایشی مەریوان»

ئەم خـــاکی مەریـــوانە وەکـــوو جەنەتـــی خەزرا
پـڕیە لە مەلەك، یەعنـی خەجـێ و فـاتم و عـوزرا
ئەم خـــاکی مەریـــوانە وەکـــوو جەنەتـــی خەزرا
ئەم خـــاکی مەریـوانە وەکـوو عەرشـی مـو عە لا
ئەم خـــاکی مەریـــوانە، بـــرا، کـــانی ســـەفایە
ئەم خـــاکی مەریـــوانە وەکـــوو زرووەیـــی ئەعـــلا
ئاو سارد و هەوا سووك و فەرەح بەخش و عەتـردار
بۆخۆشـترە دڕکـی، لە دووسـەد نەرگـسی شـەهلا
پیـــاوانی هەمـــوو ژیـــر و ژنـــانی هەمـــوو ئاقـــڵ
پیرانـــی هەمـــوو ڕەنـــد و منـــاڵی هەمـــوو دانـــا
مەســـتانە ســـیفەت ســـەف ئەبەســـن گەورە کچـــانی
زێبەنـــدەترن، کـــاکە لە ســـەد تاوســـی زیبـــا

یا خود بە مەسەل کەبکی دوری جیلوە فرۆشن
بێ باك لە هەرتانە، وەکوو دایکی مەسیحا
گولزارە هەموو دەشت و دەر و شەربەتە ئاوی
گۆیا تۆ ئەڵێی زەمزەمە، یا کەوسەری ئەعلا
کانی کەرەم و مەخزەنی ئەسراری سەداقەت
یا وەك سەدەفی پڕ لەدوڕ و، دانەیی یەکتا
بۆ زامی خەفەت مەرهەمە سەیرانی مەریوان
پڕیە لە وەتەن خواە، وەکوو «قانعی» دانا

تایەر بەهجەت مەریوانی[1]

یەکێ لە شاعیرانی سەردەمی مامۆستا قانع بووە کە لە شیکاگۆ ژیاوە و چەندین نامەیان لە گەڵ مامۆستا قانع بە شێعر ئاڵوگۆڕ کردووە. ئەمە بەشێ لە یەکێ لە شێعرەکانی «مامۆستا قانع»ە کە بۆ ئەوی نووسیوە، بەڵام شێعرەکانی ئەو نادیارن.

ئەی موشفقی دێرینە لە هەرکار خەبەردار
ئەی عاشقی دیوان و غەزەلبازی و ئەشعار
ئەی مەرهەمی زامانی دڵی خەستەو و خەمبار
داماو و سەراسیمە لەدەس گەردشی دەووار
یادی وەتەنت لازمە، تاماوە بەهار؟

مەلا عەبدوڵڵای سەجادی بڵبەر(سەید بڵبەری)

مەلا عەبدوڵڵای سەجادی بڵبەر، ناسراو بە سەید بڵبەری، کوڕی سەید تالب کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید عەبدولحەمید لە بنەماڵەی سەیدەکانی «کەلجی»یە. سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی لە دایك بووە. خوێندنی بە قورئانی پیرۆز و کتێبە وردەکانەوە دەست پێ‌دەکات. بە شوێن فێربوون و زانستدا کوردستانی ئێران و ئێراق گەڕاوە. دواى تەواو کردنی خوێندن بۆ زێدەکەی خۆی گوندی «کەلجی»

---

۱. دیوانی مامۆستا قانع، ل ۸۳

ئەگەڕێتەوەو دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ئەڕۆاتە گوندی «بڵبەر». لە تەمەنی ٩٢ساڵیدا چرای ژیانی ئەکوژێتەوە.

ئەم نووسەرە خاوەن بیست وحەوت پەرتووک بووە کە هەر هەموویانی بە خەتی خۆی نووسیوە بەڵام بڕێکیان فەوتاون(جێگای ئاماژەیە کە لە نووسینەکانیدا لە بری دەوات و جەوهەر لە دۆشاوی هەنار کەڵکی وەرگرتووە.) ئەم شاعیرە پایە بەرزە شێعرەکانی بە زمانی کوردی(سۆرانی، هەورامی) و فارسی هۆنیوەتەوە.

بەشێ لە بەرهەمەکانی بریتین لە:

١ـ گلزار، (شێعر بە زمانی فارسی). ٢ـ دیوانی شێعر(زۆرتر لە پێنج هەزار شێعر بە هەورامی). ٣ـ مێعراج نامە(شێعر بە هەورامی). ٤ـ وەرگێڕاوی «قصیدە بردیە» (شێعر بە زمانی فارسی). ٥ـ مشاعرنامە(شێعر بە زمانی فارسی). ٦ـ اعتقادنامەی مولانا جامی(شێعر بە زمانی فارسی). ٧ـ رسالە آداب الایمان(بە زمانی فارسی). ٨ـ کلام شیخ فریدالدین عطار(شێعر بە زمانی فارسی). ٩ـ شێعر بە کوردی(سۆرانی). ١٠ـ کتێبی «قواعدالنجمیە» (شێعر بە زمانی عەرەبی).١١ـ کتێبی «کشف الغطا» (بە زمانی عەرەبی).١٢ـ گۆڕ و ڕۆژی قیامەت (شێعر بە زمانی عەرەبی).

نموونەی شێعری سەید بڵبەر:

فیدات بم نازەنینی خۆم، لە بەر چی لێم نەزەر ناکەی
بە تەئسیری لەبی لەعلت لە جەرگ و دڵ نەزەر ناکەی
بە تیری تیژی خوێن خوارت، بە چاوی مەستی بیمارت
بە نوتقی شەکەرین بارت، دڵی زارم نەکردت حەی
دوو چاوی نەرگسین وارت، دوو زوڵفی عەنبەرین بارت
ئەگەر ئەم جارە بنوێنی، دەڵێم ئۆخەی، دەڵێم ئۆخەی
دڵم بۆ خاڵی موشکینت، لە بۆ دوو زوڵفی چین چینت
زەلیل و زارە بۆ دینت، بینایم بۆ نەزەر ناکەی

سەید عەتای چۆڕی[1]

کوڕی حاجی ئاغا ئەحمەد، کوڕی سەید حەسەنی ناسراو «چۆڕی»یە و دایکی حلێمە خاتوون کچی مەلا قادری بیارەیە. ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لە گوندی چۆڕ چاوی بە ژیان هەڵێناوە. هەر لە منداڵیدا هەتیوی پێبڕاوە و ئەرکی بە خێوکردنی ئەکەوێتە ئە ستۆی «ئەنیسە» خاتوونی خوشکی. خوێندنی لە چۆڕ دەست پێئەکات. بۆ درێژەدان بەخوێندن زۆر شوێنی کوردستانی ئێراق و ئێران گەڕاوە. لە ئێراق ماوەیەک لە عەبایەیلێ ئەخوێنێت دواتر ئەچێتە بیارە و لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا ئەمێنێتەوە. دواتر ئەگەڕێتەوە مەریوان بەم شێعرە داوای جێگای خوێندن، لە مامۆستا ناری ئەکات:

یتیم علم و ادب بیشتر به لطف سازست
یتیم بی ابوین بس است پاره ای نان

کاک حەمەی بێلوش بەم شێعرە وەڵامی ئەداتەوە و جێگای خوێندنی پێ ئەدات:

لیک چو هنگام قضا باشد معین
نیست تقصیری از این پیر حزین
چون عطا پیوسته منظور خداست
از عطا قلب «محمد» کی جداست

دواتر ئەچێتە خزمەت مامۆستا مەلا مەحموودی دەرەتفێ و دوای ماوەیکیش ئەوێ بە جێ دێڵێت و ئەڕوات بۆ بالک و لە خزمەت مامۆستا مەلا باقری بالکدا ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت. پاشان ئەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی چۆڕ و وەک مودەڕیس و وانەبێژ خزمەت ئەکات. دوای دامەزراندنی قوتابخانەی مزگەوتی گوندی دەگاشێخان، هەواری ژیان بۆ ئەو دێیە ئەگوێزێتەوە و تا کۆتایی ژیانی لەوێ ئەمێنێتەوە. ساڵی ١٩٩١ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و گۆڕستانی گوندی چۆڕ ئەبێ بە دوا هەواری ژیانی.

---

١. ئەم ژیاننامەیە «سەید مەحموودی شێخەلئیسلامی» دەستی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

«پاڕانەوە»

بە قوربـانی سـەرت بـم مـن ئەسـیری نەفـس و شـەیتانم
تەوەجـوە کە بە حـاڵم مـن غەریقـی بەحـری عـسیانم
پەشـیمانم لە حـاڵم چـوون تـالەعم پـوچ و بـێ نەفـعە
بە ڕووی ڕەحـم و لوتفـت دائیمـا مـن دڵ پەرێـشانم
شەفاعەت گەر نەکەی بۆ من لە لای ڕەبی هەمـوو عـالەم
بە پێـی قـانوونی ئیـسلامی شـەریکی ئەهلـی نیـرانم
بەڵـێ غەفـار و سـەتارە لە بـۆ هەر عەبـدێ مەیلـی بـێ
ئەوەی تۆیش ئەکەی قوربان لە لای من غەیبە نـایزانم
لە هەرکـوێ دامبنێـی خۆشـە بەڵام بەو شـەرتە ڕازی بـی
جەهەنم بـێ چ جەنـنەت بـێ موتیـع و بەنـدە فەرمـانم
پەنـا بە خـوا ئەگەر ڕازی نەبـی جـێگەم لە هەرکـوێ بـێ
چ دۆزەخ بێ چ جەننەت بێ حەریفی ئەهلی خوسرانم
«عەتـا»! فەرمـوویە حەق مـن هـام لە زەننـی عەبـدما ئیتر
مەیەژە تـۆ لەمەولا مـن لە ڕەحـم و عەفـویی حیرمـانم

محەممەد سادق ئەحمەدزادە

مەلا محەممەد سادق ئەحمەدزادە نگلی، کوڕی حسێن کوڕی مەحـموود کـوڕی ساڵح کوڕی مەحموود کوڕی نەجمەددین خانی کەمانگەرە و دایکی «ئاسیە» کچـی مەلا عەبدوڵلای کەمانگەرە. ساڵی ١٩٠٢ی زایینی لە گونـدی «نگـڵ» چـاوی بەژیـان هەڵێناوە. خولیای فێر بوون و زانست هەوارە و هەواری پێکـردووە و لە خزمەتـی زۆر ماموسـتادا چـۆکی فەقێیەتـی داداوە: بـۆ وێـنە لە نگـڵ لای مەلا قـوتبەددین و لە ئەوێهەنـگ لای مەلا محەمـمەد سـادق مـودەڕیس دەرسـی خوێنـدووە. ئەم مامۆسـتا شاعیرە، پیاوێکی دڵ ئاوەڵا و ڕووخۆش بووە و هاوینی ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی «نگڵ» ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. دیوانێکی شێعری بە یادگار بەنێوی «دیوانی مەلا محەممەد سادق نگلی» لێ بە جێماوە. نازناوی ئەم شاعیرە «صادق»ە.

ناچمە نێو خاکی غەریبی عاجز و خەمبار ئەبم
موبتەڵای دەرد و دووچاری وەسوەسەی ئەغیار ئەبم
من کە ڕۆڵەی داوێنی نازی وەتەن خاسی خۆمم
دوور لە کۆشی مادەری، تووشی هەزار ئازار ئەبم
حەرفی بێگانە بە گوێی دڵ با بە ناحەق نەژنەوم
بەد دڵ و بەد باتن و بەد خواە و بەدکردار ئەبم
نان لە ماڵی مەردوما ناخۆم لە خوانی میننەتا
مەسمومی زەهری هەلاهەل، ژار و زەهری مار ئەبم
ئەی وەتەن جارووکەشی ئارا و بساتی پاکی تۆم
خادەمی خاسی خیرەدمەند بۆ گوڵی بێ خار ئەبم
ئەر بەدڵخوازیت وەتەن عومرم تەواو بێ عاقیبەت
بلبلی باغی بەهەشت و سەرخۆشی گوڵزار ئەبم
نازەنینی و نازکی، ڕاسی وەتەن من عاقیبەت
«سادق»م کوشتەی نیگاری نازکی و نازار ئەبم

مامۆستا گۆران

عەبدوڵڵا بەگ کوڕی سڵێمان بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگە. گۆران لە ١٩٠٤ یا لە ١٩٠٥ ی زایینی لە «هەڵەبجە» لە دایک بووە. بنەماڵەی باپیری لە بەگزادەی میران بەگی بوون لە ناوچەی مەریوان. گۆران لای باوکی خوێندنی بە فێر بوونی قورئان دەست پێکردووە. پاشانیش لە مزگەوتی پاشای هەڵەبجە بووە بە فەقێ و تەنانەت ماوەیەکیش بە فەقێ عەبدوڵڵاە ناسراوە. دەرس خوێندنی گۆران لە قوتابخانەی ڕەسمیشدا پچڕ پچڕە و ژیانی تەژێ بووە لە گرتن و زیندان و چەند ساڵی تەمەنی لە زینداندا بردۆتە سەر.

مامۆستا گۆران ئەم ئیشانەی وەك پیشە لە ژیانیدا هەبووە: مامۆستای قوتابخانە، ئەشغال بەشی کاروباری ڕێگا و بان، ڕادیۆ، بەرپرسی ڕۆژنامەی ژین، سەر

کریکاری، سەرپەرشتی گۆڤاری شەفەق ـ کە بە نێوی (بەیان)وە دەری کردووە ـ ئەندامی ئەنجومەنی زانستی زانکۆی بەغدا و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ژین. لە «مامۆستا گۆران» دیوانێکی شێعر بە نێوی «دیوانی گۆران» چاپ و بڵاو بۆتەوە و دوای خزمەتێکی بەرچاو بە ئەدەبی کوردی لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/١١/١٨ بە نەخۆشی شێر پەنجە چاوی بە یەکجاری ناوەتەوە.

«لە بەختی تار»

لە بەختــی تــاری شــەو نــاکەم شــیکایەت
شــەبیهە چــونکە بەو زوڵفــی ســیایەت!
نــی یە قابیــل بڕینــی ڕاهــی دووری
وەکــوو پرچــت کــشاوە بــێ نیهــایەت !
بە هــیچ خاکــستەرێ نــاگەم، نەکــا بــۆم
لە ئەنجــامی لەهیبــی حــوب حیکــایەت!
کە تیــری نیــو نیگــات چەرخــانە ئینــسان
قەفەس خــاڵی ئەکــا مــورغی دیــرایەت !
لە چــاوی بەد خــوا عــومری جــوانی!
قوبــووڵ کــا لــێم بە پاداشــی ویقــایەت!
خەوی منــداڵ و ســـەهری عاشــقی زار
ئەبەخــشێ حــوزنی نەغــمەی لایەلایەت!
هووەیــدایە لە ڕەنگــی ئــاڵی دەســتت
کە دائــیم پیــشەتە قەتــڵ و جینــایەت!
هەتــا کەی بــادە نۆشــی عەشــقی تــۆ بــم
هەتــا کەی بــێ مەزەی مــاچێ کیفــایەت؟
دەخیلــت بــم هومــای زولفەینــی دلــبەر
بە ســەر ســەرما بکێــشە فەیــزی ســایەت!
بە «گــۆران» نــاکرێ قەت تەرکــی ســەودا
کــلا نــابم لە ســەر جــادەی هیــدایەت!

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس(نامی)

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کوڕی فەتاح کوڕی سلێمان کوڕی مستەفا کوڕی محەممەد خەجێ لە هۆزی «قازی»یە. دایکی «خانم»ە لە هۆزی «سورەجو»ە.

لە سەر شوێن و ساڵی لە دایک بوونی مامۆستا «نامی» باس و بۆچوونی جیاواز هەیە. بەڵام بە پێی بەڵگە سەرلمێنراوەکان ئەمەم بۆ دەرکەوت کە مامۆستا ساڵی ١٩٠٥ی زایینی چاوی بەژیان هەڵێناوە.

ئەم بەڵگانە بۆ شوێنی لە دایک بوونی:

١ـ بە پێی دیمانەیەک کە لە گەڵ حاجی ڕەشید تەرخان ئاوا(ئەردەوانی) ئەنجامما ئەمەی بۆ باس کردم: «لە گەڵ باوکم لە ڕێگای ئێراقەوە بۆ سەفەری حەج ڕۆیشتین. لە حوجرەی حەزرەتی غەوس(ر) لە بەغدا چاومان بە مامۆستا نامی کەوت. کاتێ مامۆستا زانی ئێمە مەریوانین بڕێک سەیری باوکمی کرد و فرمووی باشە ئەوە تۆ حەمەی دادە ئایشم نیت؟!(کاتی منداڵی لە گوێزەکوێرە پێکەوە ببوون.) دەستی باوکمی گرت و لە پەنای خۆی داینایین و فەرمووی کە ئەمە هاوشیرەی خۆمە. هەواڵی یەک بە یەکی مامەکانمی لە باوکم پرسی و گوتیشی ئەمانە خزمی منن و لە زێدەکەی خۆمەوە هاتوون. دواتر کە لە بابەت چلۆنایەتی یەکتر ناسینیان پرسیارم لە باوکم کرد، تێی گەیاندم کە هەر دووکیان لە گوێزە کوێرە لە دایک بوون و دادە ئایشێ کچی کاکە عەبدوڵڵای باشە بەخێوی کردوون.»

٢ـ لە مامۆستا یۆسف ڕەهنموونم بیست کە گوایە مامۆستا نامی لە نووسراوە کۆنەکانیدا «عەبدوالکریم المریوانی»ی ئەنووسی.

٣ـ مامۆستا عەلی قەرداغی ئەم ڕاستییەی پشت ڕاست کردۆتەوە کە مامۆستا نامی لە یەکێ لە گوندەکانی دەوروبەری مەریوان لە دایک بووە.

٤ـ ئەگەر لەو شوێنانەی مامۆستا لە سەردەمی منداڵیدا دەرسی تێدا خوێندووە و ناوی لێ بردوون وردبینەوە، ئەو ڕاستییەمان باشتر بۆ دەرئەکەوێت: بەیەڵە، ئەسراوا، کانی‌سانان، لەنج ئاوا و بالک.

جێگای ئاماژەیە هۆی ئەوەی مامۆستا ئەو ڕاستییەی شاردوەتەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ

بـاری ئەمنیەتـی و ئاسایـشی خـۆی و منـداڵەکانی و بەس. مامۆسـتا دوای تەمەنێـك خـزمەت بە ئـایین و فەرهەنـگ و ئەدەبـی کـوردی شـەوی ٢٩ لە سـەر ٢٠٠٥/٨/٣٠ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

بەرهەمەکانی مامۆستا نامی:

بە زمانی کوردی:

١ـ سەرچاوەی ئایین کە لە شـەش نـامیلکە پێکهـاتووە. ئیمـان و ئیـسلام، ئەساسـی سەعادت، ئاوی حەیات، چل چرای ئیسلام، نورو نەجات و ئیقباڵنامە.٢ـ مەولودنامە و مێعراج نامە. ٣ـ دووڕشتە. ٤ـ بەهار و گوڵزار. ٥ـ شەریعەتی ئیسلام. ٦ــ وتـاری ئـاینی بۆ ڕۆژانی هەینی. ٧ـ بارانی ڕەحمەت. ٨ــ یـادی مەردان. ٩ــ دیـوانی مەولەوی. ١٠ــ ڕاڤەی شێعرەکانی دیوانی نالی. ١١ـ ڕاڤەی شێعرەکانی دیوانی مەحـوی.١٢ــ کـۆمەڵە شێعرێکی فەقێ قادری هەمەوەندی. ١٣ـ حەج نامە. ١٤ـ ڕاڤەی «عقیـده ی مرضـیه»ی مەولەوی لە عیلم و کەلامدا. ١٥ــ مەکتوبـاتی کـاك ئەحـمەدی شـێخ.١٦ــ بنەمـاڵەی زانیاران. ١٧ـ تەفسیری نامی. ١٨ـ خۆلاسەی تەفسیری نامی. ١٩ـ نـوری قورئـان. ٢٠ــ ڕێگای بەهەشت. ٢١ـ نامەی هوشیار. ٢٢ـ شەرحی«فتح القریب». ٢٣ـ ڕێگای ڕەهبەر. ٢٤ـ بەدیـع و عەروزی نـامی.٢٥ــ ڕاڤە و لێکـۆڵینەوەی شـێعرەکانی سـالم.٢٦ــ ڕاڤەی تەسریفی زەنجانی.٢٧ـ سەنا و سکاڵا.

بە زمانی عەرەبی:

١ـ جواهرالفتاوی. ٢ـ جواهرالکلام فی عقاید اهل الاسـلام. ٣ــ صـفوهاللالـی مـن مستصفی الغزالی. ٤ـ ارشاد السالك الی المناسك. ٥ـ المواهب الحمیده فی الفریده. ٦ ـ نورالایمان. ٧ـ رسائل العرفان فی الصرف و النحو و الوضوع و البیان. ٨ـ ارشـادالانام الی ارکان الاسلام. ٩ـ الصرف الواضـح للمبتـدئین. ١٠ــ مفتـاح الاداب. ١١ــ رسـائل الرحمه فی المنطق و الحکمه. ١٢ـ المفتاح فی المنطق. ١٣ـ الورقات فی المنطق. ١٤ــ رساله العزیزه فی المنطق. ١٥ـ الوجیهه المرضیه فـی المواجهـات. ١٦ــ اعـلام بالغیـب الهام بلاریب. ١٧ـ نورالاسلام. ١٨ــ علمائُنا فی الخدمة العلـم و الـدین. ١٩ــ مواهـب الرحمان فی تفسیرالقرآن. ٢٠ـ خلاصه منظومه جواهرالکلام فی عقاید اهـل الاسـلام. ٢١ــ الرسـاله و انوارهـا. ٢٢ــ اسـناد الاعـلام الـی حـضره سـەیدالانام. ٢٣ــ المواهـب

الحمیده. ٢٤ـ الورده العنبریه فی مدح خیرالبریه. ٢٥ـ الانوار القدسیه فی الاحوال الشخصیه. ٢٦ـ الوسیله فی شرح الفضیله.

بە زمانی فارسی:

١ـ شمشیر کاری بر فرق نسیم رستگاری. ٢ـ فوائد الفوائح در شرح(منظومه الفوائح).

ـ ئەمانە دەستنووسن و بە عەرەبی نووسراون:

١- العلمان فی العلمین.٢- شرح حدائق الصمدیه ٣- خلاصه التبیان.

ـ بە زمانی کوردیش ئەم دەستنووسانەی نووسیوە:

١ـ نامەی حەقیقەت. ٢ـ ڕۆژگاری ژیانم. ٣ـ سۆسەنی کۆسار. ٤ـ وەنەوشەی نازار. ٥ـ پەیڕەوان. ٦ـ باخچەی مەعریفەت. ٧ـ ڕاڤە و لێکۆڵینەوەی شێعرەکانی بێسارانی. ٨ـ شەمامەی بریندار.٩ـ نامەی بەختیار. ١٠ـ باوەشێنی دڵ بە چەند دەستە گوڵ.

ـ بە زمانی فارسیش ئەم دەستنووسانەی نووسیوە:

١ـ شهاب سما در رجم جن جان نما. ٢ـ فیوضات خدای ذی من. ٣ـ گلزار حکمت در رباعیات فارسی. ٤ـ هۆنراوەیەکی فارسی لە زانستی تەجویددا.

محەممەد موڕادی (کوڕەخات[١])

محەممەد موڕادی[٢]، کوڕی حەمە کەریم ناسراو بە «کوڕەخات» ساڵی١٩٠٧ی زایینی لە گوندی «دەرەکێ» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. بۆ چارە سەری نەخۆشی ئەچێتە «بیارە» و دوای چاک بوونەوەی ئەبێ بە موریدی شێخانی بیارە و سەردەمانێکی زۆر لە بیارە و دووڕۆ وەک یەکێ لە نزیکانی ئەو بنەماڵەیە ئەمێنێتەوە. ئەگەرچی نەخوێندەوار بووە، بەڵام هەر بەمنداڵی دەستی بە شێعر هۆنینەوە کردووە و هەست و سۆز وخۆشەویستی خۆی بۆمەڵبەند و نیشتمانەکەی بەشێوەی شێعر دەربڕیوە. دوای دەس پێکردنی شەڕی ئێراق و ئێران ڕوو ئەکاتە کوردستانی بندەستی ئێراق و ماوەیەکی زۆر ئەمێنێتەوە. غەریبی و دوورە وڵاتی هەستی شێعری

١. دایکی ناوی خاتوون بووە.

٢. ئەم زانیارییانە لە لایەن کاک «غەفار» کوڕەزای ئەم شاعیرەوە دەسم کەوتوون کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

زۆرتر ئەبزوێنێ و چەندین پارچە شێعری دوور و درێژ وەک قسە کردن لە گەڵ دارو بەردی زێدەکەی ئەهۆنێتەوە کە خوێنەر ئەخاتەوە بیری چامەکەی نالی بۆ سالم.

لە کاتی هۆنینەوەی شێعری کتووپڕ و لە ناکاودا، سەدان سەیرانگا و کانیاو و شیو و دۆڵی مەڵبەندەکەی ناو لێ ئەبات و لە گەڵیان ئەدوێ. سەد مەخابن ئەژدیهای خەم ساردی و گوێ نەدان، زۆربەی شێعرەکانی هەڵ مژیوە و ئەوەشی مابێتەوە پرژ و بڵاون. ئەم شاعیرە لە دوای گەڕانەوە بۆ گوندەکەی، دوای مل ملانێیەکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی، زستانی ساڵی ٢٠٠٢ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و گۆڕستانی ئەو گوندە ئەبێ بە دوا هەواری ژیانی.

کەردم ئاکەلە تا تاوام چڕیم　　دەنگم نەیاوا، یەخەی خۆم دڕیم
دەروونم بیەن بە سیا پڵاس　　وەشڵێم بە قولێ مەدیو پیرەواس
جە نەقارەخان هەتا عەواڵان　　داخی داخانم عومرم شی تاڵان
پایینش پیرەواس،بەرزش عەواڵان　　ئانە نشینگەو شاو سۆسەن خاڵان
جە هانە تاڵە تا لووتەو دۆڵی　　خەمێم فرێنێ گێرتێنم کۆڵی
چەمەو داودا تا پایین و باخا　　چۆڵی وەتەنی پەی ئێمە داخا
جە باخچەو مروا تا هانە و مارا　　غەریبی گولا چارما ناچارا
هەر جە مەخڵگا تا باخچە دەمە　　من جە غەریبی، خۆم دانم لەمە
ملەگاو خەرمانی تا هانە و فاتێ　　من جە غەریبی ئێ شێعرەم واتێ
رۆڵە خوا حافیز شمە سڵامەت　　دوعاگۆتانا تا کوو قیامەت
واتەی محەممەد پیر ئەباسی یا　　ڕەزای خوداوەند ڕێگای ڕاستیا

مامۆستا سەید عەلی خالدی

سەید عەلی خالدی[1]، کوڕی سەید باباشێخ کوڕی شێخ عەبدوڵڵا کوڕی شێخ محەممەدی کاژاوی، ساڵی ١٩٠٨ی زایینی لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زانست پەروەر

١. ئەم زانیارییە کاک «عیرفان خالدی » کوڕەزای مامۆستا پێی دام، کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە تەمەنێکی زۆر خواردا(١٥ساڵان) زانستە ئایینییەکان لە خزمەتی باوکیدا تەواو ئەکات و لە سەر خواستی باوکی بۆتاقیکاری ئەڕواتە شاری سنە و لە سەر دەستی مامۆستایانی پایەبەرزی ئەو سەردەمە وەک: ئایەتوڵڵا مەردۆخ، حەبیبوڵلا مودەڕیس ڕۆحانی، عەبدولعەزیم موجتەهیدی، شێخ ئەحمەدی شێخەلئیسلامی و محەممەدی مودەڕیس گورجی، بە کۆی دەنگ ئیجازەی مامۆستای پێدەدرێت و هەرهەموویان ئیجازەنامەکەی واژۆ ئەکەن. دواتر لەم شوێنانە مامۆستایەتی کردووە: پێنجوێن، باشماخ، بێلوو، نێ و مزگەوتی چوارباخی شاری مەریوان. ئەم زانایە نزیک بە شەست ساڵ خەریکی تێگەیاندن و پێگەیاندن و دەرس وتنەوە بووە و زۆر کەسایەتی گەورەی پەروەردە کردووە.

مامۆستا خاوەن بەهرەیەکی خودادای و بیر و هۆشێکی تایبەت بووە. لە زۆربەی زانستەکاندا، بە تایبەت: بیرکاری(ریاضیات)، هەندەسە و جەبر شارەزا بووە. بە چەشنێک کە ناوبانگی دەرکردووە و ئەو گرێکوێرانەی لەم بوارەدا خەڵکی بۆی نەکراوەتەوە زۆر بەئاسانی کردویەتەوە. لە گەڵ مامۆستایانی پایەبەرزی ئەو سەردەمە وەک: شێخ محەممەدی خاڵ، ئایەتوڵڵا مەردۆخ، مامۆستا باقری بالک و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس نامەیان گۆڕیوەتەوە.

مامۆستا سەید عەلی کتێبێکی دەسنووسی لە ژێر ناوی «تسهيل المسائل» بە یادگار بە جێ هێشتووە کە هێشتا چاپ و بڵاو نەبۆتەوە. ئەم زانا گەورەیە ساڵی١٩٨٤ ماڵئاوایی لە ژیان کرد و گۆڕستانی«دارسەیران» بوو بە هەواری هەتا هەتایی.

شێخ نەجمەدین مەردۆخی[1]

کوڕی بابە شێخ کوڕی شێخ ئیبراهیمی بەرقەڵا کوڕی شێخ عەبدولکەریمی دەگاشێخانە. بە پێی ناسنامەکەی ساڵی ١٩٠٨ی زایینی لەگوندی بەرقەڵا چاوی بە ژیان هەڵێناوە. هێشتا چل ڕۆژ لە تەمەنی تێنەپەڕیوە باوکی کۆچی دوایی ئەکات و باپیریشی نزیکەی چل ڕۆژ پاش باوکی دنیای فانی جێ

١. ئەم زانیارییە «کاک ئیبراهیمی مەردۆخی »پێی دام،کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

دەهێڵێت. ئامینی خاتوونی دایکی بە هاوکاری ماڵباوکی خۆی(فەتاح بەگی گوێزەکوێرە) بەخێوی ئەکات. لە سەر باو و نەریتی ئەو سەردەمە هەر لەگوێزە کوێرە ئەنرێتە بەرخوێندن. پاش بڕینی پلەی سەرەتایی، هەر وەك هەموو فەقێکانی سەردەمی خۆی پەڕەوازەی حوجرە و خوێندنگاکانی کوردەواری دەبێت. بەڵام زۆر ڕوون نییە لە کوێ و لای کێ خوێندوویەتی، هەر ئەوەندە دیارە لە شاری سنە گیرساوەتەوە و لە مزگەوتی دارالاحسان(مزگەوتی جامێعە)، لە خزمەتی مامۆستا مەلا عارفی بانەیی دەرسی خوێندووە. لەم گوندانەدا مەلایەتی کردووە: زونج، دادانە، گڵیە، دەرەوەران و میراوا.

لەپاییزی ساڵی ١٩٥٥ لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا لە گوندی زونج کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی حاجی باوادا بەخاك ئەسپەردەکراوە. مامۆستا نەجمەددین هەرچەند لە خوێندنی ئاساییدا کەمی خوێندووە بە هۆی هەل و مەرجی نەگونجاوی ژیانەوە نەیتوانیوە وەك مامۆستایان و زانایانی سەردەمی خۆی هەموو پلە و پایەکانی زانیاریی ببڕێت، بەڵام بەهۆی زیرەکی و لێهاتووییەوە بلیمەت و ناوازە بووە و لە هۆنینەوەی شێعردا دەستی باڵای هەبووە و نازناوی شێعری «کەریمی» بۆخۆی هەڵبژاردووە و کۆڕ وکۆمەڵی بە بابەتی ئەدیبانە و شاعیرانە ڕازاندۆتەوە. سەد مەخابن وەك زۆربەی زانایان و ئەدیبانی کوردەواری بە ئاگری نەداری و هەژاری هەڵقرچاوە و بە دەربەدەری و کوێرەوەری و کۆچاوکۆچ ژیاوە. مامۆستای شاعیرمان لە هەموو بوارێکدا شێعری هۆنیوەتەوە و ویستویەتی بە دەست و پەنجەی ناسك و حەکیمانە زامی ناسۆری گەل و وڵاتەکەی سارێژ بکات. بەڵام بەداخەوە بەرهەمەکانی ئەمیش وەك بەرهەمی زۆربەی ئەدیبان و شاعیرانی کورد لە بەر بارودۆخی نالەباری ژیان لە ناو چوون. تەنیا پارچە شێعرێکی لە دیوانەکەی مامۆستا سادقی نگڵیدا بۆ ئێمە بە یادگار ماوەتەوە کە بە یەکەوە دۆستایەتی نزیك و شێعر گۆڕینەوەیان بووە.

شێعری خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ نەجمەدینی مەردۆخی (کەریمی)

«بۆخەلیفەیەك»

شێرزادەی ئەهلی شەرعم کاکە ترسم لانیە

ئەم تەرێقە تۆدەڵێی هەر چی دەپرسم وا نیە

مـــن مەناقـــب ئەولیـــام زۆر خوێنـــدووە بـــڕوا بـــکە
باســـی زەرگ و تێـــغ و بەرد و مـــار و نـــاری تیـــا نیـــیە
شەرعە وەک بەحـر و تەریـقە گەوهەری مەکنونی ئەو
نـــاگەیە بەو گەوهەرە هەرکەس غەواســـی شـــا نیـــیە
خـــۆ تەریـــقە چـــوارە، مەشـــهورە لەعـــالەم، ئاشـــکار
ســـوهرەوەردی چەشـــتی و هەم نەقـــشی و گەیلانیـــیە
سەر بە سەر ئادابی نەقشی سـەبر و حـیلم و مەعـریفەت
چـــون شـــیعاری نەقـــشبەند و حەزرەتـــی ڕەببـــانییە
قـــادری دوورە لە عەیـــب و قەدح و زەم هەڵنـــاگرێ
نـــووری عەیـــنە، مـــوحی دیـــنە، بـــۆ شـــەریعەت بـــانییە
ئەو دوویـــی بـــاقی یەقینـــت بـــێ لەوان تـــر چـــاکترن
چـــونکە ئەووەڵ فـــارۆقی ســـانی ئەڵـــێن عوســـمانییە
پێم بڵێ ئەم چـوارە کامیـان زیـدەی شـەرعی ئەنـوەرن
تـــۆ لە دڵ دەرکە بەجـــارێ جەهلـــی ئەم نـــادانییە
گەر ڕەفـــاعی تـــۆ بە شـــاهید دێنـــی بـــۆ ئەم موددەعـــا
ڕەددی ئەو قەولە زەعـــیفە تـــوحفەیە و شـــیروانییە
جـــامیعی شـــەرع و تەریـــقە ڕافیعـــی هەر موشـــکیلە
چـــۆن لە ئەو ســـادر دەبـــێ فێعلـــێ خیلافـــی شـــانییە
پەس دەلیلـــی تـــۆ چیـــیە ئیحـــزاری مەنقولـــت بـــکە
یـــا بڵـــێ ئەم داو و تەزویـــرە لە بەر بـــێ نـــانییە
بـــێخەبەر ڕەززاقـــی عـــالەم کەس نیـــیە غەیرەزخـــودا
ئیلتیجـــای دەروێـــش و ســـۆفی ئیـــشی ســـەرگەردانییە
یـــا خەلـــیفە، لەم خـــیلافە مەنعـــی دەروێـــشت بـــکە
مـــونتیجی تەکزیبـــی شـــەرعت خوســـری جاویـــدانییە
مەزرەعەی ئەهلی تەریقەت وشکە بێ ئەنهـاری شـەرع
مەســـئەلە مەشـــهورە قـــاتی ئیـــشی بـــێ بـــارانییە

خۆحەدیسە ئەولیا نابێ لە جاهیل هەڵکەوێ
چونکە ئەسراری ئیلاهی مەحرەمی حەمقانییە
نەک وەکو دەروێشی ئەم عەسرە کە ڕوکنی ئەعزەمی
ئیرتیکابی مەنهیات و ئارەزوی شەهوانییە
ڕووی درژ و مویی گرژ و خویی بەد بئس القرین
یعرف المجرم بسماهم خەتی پێشانییە
انما یخشی بخوێنە نەسسی فەزڵی عالەمە
کافرە هەر کەس کە مونکیر ئایەتی قورئانییە
گەر بڵێی خەشیەت لە بازێ عالما دەس ناکەوێ
ڕاستە بێ خۆفی لەوا زیاتر لە بێ عیرفانییە
ئیعترافی تۆ سبووتی موددەعای من بوو کەچۆن
مەعریفەت هەرگیز لە کۆلکە شێخ و دەروێشانییە
گەر لە سەر ئەم ڕێگە بی ناگەی بە بازێ ئارەزوو
چونکە ئەم ڕێگە دیارە راهی تورکستانییە
خۆم دەزانم مۆعیزەم تەئسیرێ نابەخشێ بەکەس
چونکە بێ قەدرە لە عالەم هەر شتێ مەججانییە
ئەی (کەریمی) باسی کۆتاکە، لەسەر مەتڵەب مەڕۆ
عاقیبەت عیجزاوەرە هەر مەبحەسێ تولانییە

حسێن زاهیدی[1]

یەکێ لە ئەدیبانی شاری مەریوان کە خاوەنی دیوانێك شێعر بووە، بەڵام بێجگە لەم شێعرەی کە ساڵی ١٩٣٤ لە گۆڤاری «نمکدان» دا بڵاو بووەتەوە هیچ شێعرێکی تری دیار نیە.(زۆر هەوڵم دا و بە دوایدا گەڕام بەڵام بەداخەوە هیچ کەسێك نەبوو کە لەسەر ئەم شاعیرە زانیارییەکم پێ بدات).

١. شاعران کرد پارسی گوی، سەید عەبدولحەمیدحیرەت سەجادی، ل٣٧٤.

برفت فصل بهار و گذشت موسم عید
خموش بلبل شیدا زظلم وی گردید
ز برف بهمن گردید کوهسار سفید
ولی سیاهی غم در دل من است پدید
که نه گل است به گلشن و نه کس خریدارش

دلا به خاک مریوان بجای سبزه ی باغ
بهرطرف نگری نیست جز سیاهی زاغ
بیاض برف سفیدش شد از سواد کلاغ
چنانکه اسب نظامی بتن بگیرد داغ
تو سیم وار، ز یخها نگر زریوارش

رَوی اگر بمریوان و بگذری سویش
بغیر برف نبینی ز بر زن و کویش
اثر نیابی از سنگریزه در جویش
زبَس که ریخته یخ قطعه قطعه بر رویش
پدید نیست نه قلعه نه بام و دیوارش

در این دیار دل بی غمی اگر باشد
گمان مدار که از تودة بشر باشد
زغم پدر نه خبردار از پسر باشد
ز غصه «زاهد» بیچاره خون جگر باشد
که دوست هم نشود شادمان به دیدارش

دوڕی مەریوانی[1]

لە کتێبی «شاعران کرد پارسی گوی»دا باس لەم شاعیرە «مەریوانی»یە ئەکرێت کە ئەم شێعرەی خوارەوەی لە گۆڤاری «نمکدان»دا بڵاو بۆتەوە و خودی شاعیر بۆ گۆڤارەکەی ناردوە.

١. هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٥.

امشب از حسرت رویت به دو صد فکر و خیـال
دل زغم لـب بـه لـب و دیـده ز خـون مالامـال
بی تو شب نیست که بر من نشود خـواب حـرام
نالـه‌هـا بـر مـن دلخـسته حـلال اسـت حـلال
تــو کـــه از حــالِ دلِ ســوختگانی غافـــل
به چه سـان میگـذرد هفتـه و روز و مـه و سـال
ثلث شب،اول شب، نیمـه ی شـب، آخـر شـب
میشود ایـن دل خـون گـشته زغـم حـال بحـال
جگرم خون و دلـم خـون و دوچـشمم پرخـون
ســینه ام خـــسته و بشکـــسته باميـــد وصـــال
حکـــم تقـــدیر چنـــین بـــود کـــه بُـــد روزِ اَزل
مـرغ دل زآتـش هجـر تـو بـسوزد پـر و بـال
خـــرّم آنـــروز کـــه از کـــوری چـــشم حاســـد
تـــو خرامـــی بـــه گلـــستان و منـــت از دنبـــال
دل غمدیـــــده کجـــــا طاقـــــت دوری دارد
زنده بودن به جهان بی تـو محـال اسـت محـال
رحمـــــت ایـــــزد و آه جگـــــر خـــــستهٔ مـــــن
مگـــر ایـــن شـــام فـــراق تـــو رســـاند بـــه زوال
ضربت خنجر عشقت به دل کیـست کـه نیـست
شـــاهد از عـــارض روی تـــو نمایـــان دو هـــلال
طیلـــسان نبـــی الله و یـــا پـــرده ی غیـــب
یـــا عماریـــست در آن نافـــهٔ مـــشکین خلخـــال
عـــشقبازان! حـــذر از فتنـــه ی ابـــروش کنیـــد
کـــه کـــسی را نکنـــد لـــشکر زلفـــش پامـــال
غربت و عاشقی و مفلـسی و هجـر بـس اسـت
چنـــد گـــویی ز ره طعنـــه بمـــا کیـــف الحـــال

قُمـری روح پریـد از غمـت ای سـرو سـهی
سـوخت پروانـة دل ز آتـش آن شـمع جمـال
کرمـی کـن ز سـرلطف و عطـائی بنمـا
تـا بکـی چـشم بپوشـی ز مـن کـج اقبـال
لذت آنست که گـر وصـل تـوام ممکـن نیـست
جـان خـود را کـنم از شـوق بـه قربـان بـلال
منکـرت کـور شـود تـا کـه نبینـد رویـت
دشـمنت شـل شـود از غـصه و بـدگویت لال
نکهـت مـشک کجـا و ادویـه ی آن سـر زلـف
نـرگس مـست کجـا گـردش آن چـشم غـزال
وه! لبـت غنچـه و رویـت گـل و مویـت سـنبل
جـسدت جملـه برازنـده ی آن عـارض آل
هر طـرف مـی نگـرم غیـر تـو محبـوبی نیـست
مـن بقربـان قـد و قامتـت ای تـازه نهـال
لال گـردم بزبـان گـر گـذرد غیرتـوام
کور بنـشینم اگـر جـز تـو گـزینم خـط و خـال
یـار اگـر لطـف کنـد جانـب «درّی» نگـرد
وه از این طـالع فیـروز و از ایـن جـاه و جـلال!

وەهمی کوردستانی

وەهمی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە مەریوان ژیاوە و یەکێ لە شاعیرانی ئەو سەردەمە بووە کە بە کوردی و فارسی شێعری هۆنیوەتەوە.[1]

ئەرێ هەی قیـبلەکەی دیـنم، ئەتـۆ بڕوانـە بتبیـنم
کە مـن مـردم بـکەی شـینم، کە شـینی تـۆیە یاسـینم

---

١. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی دووهەم، ل١٣٦.

مەکە ئیزهـــاری بێـــزاری هەتـــا ســـاتێ بە بێـــزاری
بـــێ ئیمکـــانی تەســـکینی دڵـــی بیمـــار و خەمگیـــنم
چناری قەددی تۆم دی، وا سووروشکم چاوەکم!بووبـوو
بە جۆبـــاری چنـــاری چەم کە شـــایەد بێـــتە تەســـکینم
تەماشـــای چەنـــد شـــیرینە دەڵێـــی جەیـــرانە بیبیـــنە
ســـــەراپا ئـــــافەتی دیـــــنەکە وا بـــــردی دڵ و دیـــــنم
مەداری فەخرە بۆ «وەهمی» وەکوو سەعوە، بەڵێ دائـم
گرفتـار چەنگـی بـازم مـن، ئەسـیری نـازی شـاهینم

مامۆستا محەممەد عارف عەلامی



محەمـــمەد عـارف عەلامـی، کـوڕی مەلا عەزیـز کـوڕی مەلا محەممەدی کوڕی مەلیک میرزا بەگـی «زەڕیـن کفـش»ە. سـاڵی ١٩١۴ی زایینی لە گونـدی ولەژێـر لە بنەمـاڵەیەکی ئـایینی چـاوی بەژیان هەڵێناوە. لە بنەڕەتدا بنەماڵەکەیان لە دوای دروسـت بـوونی شاری سنە لە لایەن ئەردەڵانییەکـانەوە، بەهـوی خزمـایەتی لە گەڵ ئەردەڵانییەکانـدا، بوونەتە کاربەدەست لە حکومەتدا، بەڵام بەهۆی چەند ناکۆکییەکی نـاوخۆوە، واز لە دەسەڵات دێنن و ڕوو لە مەریوان ئەکەن و چالاکانە لە بواری ئاییندا خـزمەت ئەکەن و تا دەگات بە مامۆستا عارف، هەر هەموویان مامۆستای ئایینی ئەبن.

سـەرەتای خوێنـدنی بە قورئـان و کتێـبە وردەکـانی ئەو سـەردەمەوە لە خزمەتـی باوکیدا دەست پێئەکات. بەڵام هەر لە سەرەتای نەوجەوانی ئەمدا، باوکی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات. وەک فەقێ بۆ خوێندن و زانسـت ڕوو لە ناوچەکـانی تـری کوردسـتان ئەکات. لەسەر دەستی مامۆستا شێخ حسێنی نزارە ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێـت و ئەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی (ولەژێر). لە سەر دەستی خوالێخۆشبوو شێخ عەلادینی نەقشبەندی ڕێبازی تەسەوف هەڵ ئەبژێرێـت. وەک موریـد و شـوێن کەوتـووی ئەو ڕێبازە تا دوا ڕۆژی ژیانی ئەمێنێتەوە. مامۆسـتا عـارف، عـارفێکی گەورە و زانـایەکی پـایە بەرز بـووە کە لە زۆر بـواردا بەناوبانـگ بـووە، بە تـایبەت: ڕوو خۆشـی، خەت

خۆشی، دەنگ خۆشی، چارەسەری نەخۆشی بە گژ و گیای خۆماڵی و شێعر هۆنینەوە. نازناوی شێعری «عەلامی» بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ئەم زانا گەورەیە ساڵی ١٩٩٠ ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و گۆڕستانی گوندی «ولە ژێر» ئەبێ بە ماڵی هەتاهەتایی[١].

بەرهەمەکانی بریتیە لە:

١ـ تەڵقینی مردوو بە زمانی کوردی(لە مەهاباد لە چاپ دراوە). ٢ـ تەجویدی قورئان. ٣ـ مەناسیکی حەج. ۴ـ حەوت تەبەقی ئەرز و ئاسمان. ۵ـ تەفسیری چەند جزمێک لە قورئان.(لە شاری بەغداد مامۆستای ولەژێر لە گەڵ مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە یەک ئەگەن و باسی تەفسیری قورئان ئەکەن. کاتێک بۆیان دەر ئەکەوێت کە هەر دووکیان خەریکی تەفسیرن، مامۆستای ولەژێر واز لە تەفسیرەکەی خۆی دێنێت).

۶ـ دیوانێ شێعر کە ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەیە.

«شێعری مەلا عارفی ولەژێر بۆ مامۆستا مەحموودی سیاناو»

بەناوی خودای خالق مەوجودات ... سڵاوات لە سەر ئەشرف مەخلوقات
مامۆسای بەڕێز خاوەنی عیرفان ... بە وەزن سووک و بە قیمەت گران
عالم و عامڵ بە شەرع و قورئان ... ئاشنا بە زات حەزرەتی یەزدان
بە گۆچانی عەون قادری مەننان ... گۆی مەعریفەتت ڕفان لە مەیدان
خۆش بەخت و ئیقباڵ لە عالەم ئەزەل ... لیس لحکم الا لە بدل
تەحیبە و سەلام حەزرەتی مەعبود ... فَضلاً عَلَیکَ أَیُها المَحمود
شوکرانەی بەشێ خودا داویەپێت ... ڕەحم کە بەوەی ئەپاڕێتۆ لێت
بەحری ڕەحمەتی حەق بێ کەنارە ... زۆرتر شاملی حاڵ خەتاکارە
لەو بەحرە ئێوە دایم ئەنۆشن ... دەی بۆ تینوێ وەک من تێکۆشن
چاکە لە گەڵ باش زۆر هونەرنییە ... لە گەڵ بەدکاران جوان و مەردییە

---

١. ئەم ژیاننامەیەم لە «کاک مەعروفی عەلامی» کچەزای مامۆستای ولەژێر وەرگرت کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

ناوی : ١ـ کەلەپووری کوردی پەندی پێشینیان.٢ـ بازێ لە کەشف و کەرامەتەکانی

تکـــام ئەوەیە لە یـــادت نەچـــین نەکـا لە ناکـاو لە دەسـتت دەرچـین
شـایەد کـۆچ بـکەم لە دنیـای فـانی بە گونەهبـــاری و حـــاڵی ناکـــامی
بەڵکـو خوداوەنـد بە ڕەحمـی عـامی حوســـن خـــاتیمە، دا بە عەلامـــی

مامۆستا محەممەد ئەمین عالی

کوڕی مەلا محەممەد سادق کوڕی مەلا محەمـمەد ئەمـین و «ڕابێعە» خاتوونە. ساڵی ١٩١٥ی زایینـی لە گونـدی «شـێخە کوێرە» چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

لە سەردەمی منداڵیدا، باوکی ماڵ ئاوایی لە ژیان ئەکات و ئەرکـی بەخێـو کردنـی مەلا مەحیەدینـی بـرای و خـاتوو خۆرشیدی خوشکی ئەکەوێتە ئەستۆی مەلا محەممەدی برای گەورەیان.

خوێندنی لای براگەورەکەی دەست پێئەکـات و درێـژەی خوێـندنی لە خـزمەت مامۆستایان سەید بابە شێخی ئەڵمانە، حـاجی سـەید عابـدینی چـۆڕ و مامۆسـتا بـاقری بالکدا بووە. هەر لە بالک ئیجازەی مامۆستایەتی وەر ئەگرێت. بـۆ تێراوکردنـی بیـر و هزری لە کانیاوی زانست و فێربوونی زانستی ئەستێرە ناسـی و هەندەسـە و بیرکـاری ئەچێتە خزمەتی مامۆسـتا مەلا عەلـی حەمامیـان لە بۆکـان. لە دوای شـارەزا بـوون لەو زانستانەدا بـۆ دووهەمـین جـار ئیجـازەی مامۆسـتایەتی وەرئەگرێـت و بەرەو زێـدی خۆی، مەریوان، ئەگەڕێتەوە. مـاوەی یانزەسـاڵ وەک وانەبێـژ و پێـشنوێژ لە گونـدی نژمار ئەمێنێتەوە. لەسەر خواستی محەممەد خانی کانیسانانی ئەڕواتە گونـدی کـانی سانان. ئەم مامۆستا زانا و بلیمەتە، ٣٥ ساڵ لەو گوندە ئەمێنێتەوە و کـانی سـانان ئەبێـت بە مەکۆی زانست و عیرفان. زۆرێک لە مامۆستایان و زانایانی کـوردەواری لە بـاخی زانستی چێژ وەرئەگرن.

مامۆسـتای کـانی سـانان لە سـەر دەسـتی خوالێخۆشـبوو شـێخ عەلائەدینـی بیـارە تەمەسووک وەرئەگرێت و ئەڕواتە سەر ڕێبازی نەقشبەندی.

ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی شەڕی ناوخۆ و ئاڵۆزی ناوچەکە لە گەڵ پیری ڕێبازەکەی شێخ عوسمانی سێڕاجەددینی، هەواری ژیانی بۆ کوردستانی ئێراق ئەگوێزێتەوە و ماوەی ٢٢ساڵ لە سلێمانی و بیارە خزمەتی ئایین و زانست ئەکات. سەد مەخابن لەکۆتایی ژیانی‌دا تووشی نەخۆشی شەکرە و فەرامۆشکاری ئەبێت و ساڵی ٢٠٠١ ئەگەڕێتەوە مەریوان. دوای چوار مانگ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەو نەخۆشیانەدا، ماڵئاوایی لە مزگەوەت و حوجرە و کتێب ئەکات و گۆڕستانی گوندی «دوو ڕۆ» ئەبێت بە دوا هەواری ژیانی.

ئەم مامۆستا زانایە لە بواری نوسیندا ئەم چالاکییانەی هەبووە:

١ـ در رد وهابیت

٢ـ سەبارەت بە عیرفان و تەسەوف

٣ـ چەند وتارێک لە فیقهـ دا

شێخ جەلال فارۆقی

ساڵی ١٩١٩ی زایینی لە گوندی «دەیمەیەو»چاوی بە ژیان هەڵێناوە. کوڕی عارف و خواناسی گەورە «شێخ عەبدوڵلا» و لە بنەماڵەی فارۆقییەکانی دەیمەیەوە.

خوێندنی بە کتێبە سەرەتاییەکانی ئەوسەردەمەوە لە خزمەتی باوکیدا دەست پێئەکات. وەک نەریتی فەقێکانی کوردەواری بۆ فێربوون لە بوارەکانی زانستی ئەو سەردەمە، زۆر شوێن گەڕاوە و لە خزمەت زۆر کەسایەتی‌دا چۆکی فەقێیەتی داداوە، وەک: شێخ عەبدوڵلای دەمەیەو، مەلامحەمەد ئەمینی پایگەلان، مەلا عەبدولعەزیم موجتەهید و مەلا عەبدوڵلای گورجی سنەیی، مەلا ئەحمەدی وەیسە، مامۆستا سەید عارفی خورماڵ، مامۆستا شێخ حسێنی نزارە، مامۆستا سەید باوە شێخی ئەڵمانە، مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس. ساڵی ١٩٥٠ لە خزمەت مامۆستا سەید باوە شێخ ئەڵمانە ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت. پەنجا و دوو ساڵ وەک مامۆستای ئایینی و مودەڕیس لە گوندەکانی قەڵاجێ و نژمار خزمەتی کردووە.

ئەم مامۆستایە پەروایزی لە سەر کتێب گەلی وەک: «جمع الجوامع» و گەلنبوی

بورهان نووسیوە و «فەلەکیات»ی شەرح کردووە. هەستی خۆی بە شێعر دەربڕیوە و تەخمیسی لە سەر شێعری حافز داناوە. کتێبی «ئادابی حەج»ی بەکوردی چاپ و بڵاو بۆتەوە. ئێستا بە هۆی پیری وازی لە مەلایی هێناوە و دانیشتووی «کانی دینار»ی مەریوانە.

عەبدوڵڵا ئەقدەسی

یەکێ لەو کەڵە نووسەرە بێناوانەی کورد، میرزا عەبدوڵڵای ئەقدەسییە کە بیست و پێنجی مەی ساڵی١٩١٩ی زایینی لە بناری کۆساڵان لە گوندی «ڕەزاو» لە بنەماڵەیەکی زانست پەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی فەتحوڵڵا ئاغا و دایکی زیبا خاتوون، لە بنەماڵەی خان بەیگییەکانی ڕەزاون. قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی ڕەزاو، کە یەکەم قوتابخانەی ناوچەی هەورامان بووە، لای «مدیرمەحموودخانی هونەر» دەست پێ ئەکات. بۆ درێژەدان بە خویندن ڕوو ئەکاتە شاری سنە و قۆناغی ناوەندی تەواو ئەکات. خوێندنی ئایینیش لە خزمەتی خوالێخۆشبوو «ئایەتوڵڵا مەردۆخ کوردستانی» و «مامۆستاخالیدی موفتی»دا بووە. بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە قوتابخانەی سەربازی. لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا واز لەو شوێنە دێنێت و دەست ئەداتە کاری ڕامیاری و پێوەندی دەگرێ بە « ژ.ک» و کۆماری کوردستانەوە و بۆ ماوەیەکیش ئەبێ بە شارەداری مەریوان و ...

میرزا عەبدوڵڵا پاش شەست و پێنج ساڵ ژیان، شەوی٢٧ لە سەر ٢٨مەی ١٩٨٦ دڵە گەورەکەی لە شاری سلێمانی لە لێدان ئەکەوێت و ئەبێ بە میوانی گردی سەیوان. لەم شاعیرە چەند دیوان شێعری دەسنووس بەجێماوە کە تا هەنووکە یەکێ لە بەرهەمەکانی بە ناوی «گوڵزاری مەریوان» بڵاو بۆتەوە. لە کتێبی «تاریخ سلاطین هەورامان»دا ئاماژەی پێکراوە کە درێژەی ئەم مێژوویەی قازی عەبدوڵڵای شەیدا، بە پێنووسی میرزا عەبدوڵڵای ئەقدەسی نووسراوە. مریەم خانی کچی میرزا عەبدوڵڵای ئەقدەسی بە تێروتەسەلی ئەوەی بۆ باس کردم و شاهیدی لە سەر ئەم ڕاستیەدا.

هەروەها سەبارەت بە بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە، چەند کەسێکی ڕەزاوی

بۆیان باس کردم کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا میرزا عەبدوڵڵا زۆر کتێبی دەس نووسی خۆی و کتێبی بە نرخی تری بە ئامانەت لای پیرێژنێک دا نابوون. ئەو پیرێژنەش لە ئەشکەوتێکدا قایمیان ئەکات و لە دوای چەند ساڵ وا دەزانێ هەموویان قورئانن! ئەیخاتە ناو ڕۆباری گوندی ڕەزاو. بەم چەشنە دەس ڕەنجی ئەم نووسەرە ئەدرێ بەئاوا.

مەلا محەممەد کۆماسی

کوڕی شوکروڵڵا، ساڵی ١٩٢٠ی زایینی لە گوندی «مامۆڵە» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. پیاوێکی زانا و بیرمەند بووە. بۆ چێژ وەرگرتن لە کانیاوی زانست، زۆرێک لە حوجرەکانی کوردستانی ئێران و ئێراق گەڕاوە و دوای ئەوەی ئیجازەی مامۆستایەتی وەرگرتووە و تا کۆتایی ژیانی لە خزمەتی زانست و ئیسلامدا ماوەتەوە. دەوروبەری ساڵی ١٩٧٨ لە گوندی «وەنێنەی ژووروو» چرای ژیانی کوژاوەتەوە.

سەعدوڵڵا خەدیری

لە بەرە بەیانێکی ساڵی ١٩٢٣ی زایینی لەگوندی «هەجیج» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی سۆفی حەبیب و دایکی مینا بووە.

لە بەر بارودۆخی ژیانی ئەو سەردەمە، ئاوارەی ناوچەی ژاوەرۆ بوون و لە دێی «فەقێکان» ئەگیرسێنەوە. سەعدوڵڵا منداڵ بوو کرا بە قوتابی و لای «مەلا سەلاح» ناوێک، پاشان لای مەلا «محمد شریفی» پیتەکانی ناسی و یەک دوو جزمی قورئانی پیرۆزی خوێند. دوای دوو ساڵ غەریبی و ئاوارەیی ئەگەڕێنەوە هەجیج و لای مەلا «ئەحمەدی ئەنساری» قورئان خەتم ئەکات. پاشان لە پاوە و ئەنجا لە ئەسپەرێز هەندێ وردە کتێب و گوڵستان و بووستانی سەعدی ئەخوێنێت. دوای گەڕانەوەی بۆ هەجیج لای مەلا محەممەد ڕەشید پێشەکیی سەرف و نەحوو ئەخوێنێت و سەرکەوتوانە خەریکی خوێندن ئەبێت. بە داخەوە چارەنووسی ئەم فەقێیە جۆرێکیتر ئەگۆڕدرێت. ڕۆژێک شتێکی نەناسراو ئەدۆزێتەوە و هەڵی ئەگرێت و لە بەر خۆیەوە ئەڵێ ئەمە وەک پێنووس کەڵکی لێ وەرئەگرم! دوای دەسکاری کردنی ئەم چاشنی دینامیتە ئەتەقێتەوە و سێ پەنجەی دەستی چەپ و چاوی چەپیشی پێشکەش بە

بارەگای نووسین ئەکات. خەزان ڕوو لە داری خوێندنی ئەکات. دوای ماوەیەك دووری لە پێنووس و تێنووس، دەستەوئەژنۆیی وەلا ئەنێت و بۆ ڕەواندنی خەمەکانی ئەچێتە نێو دنیای شێعرەوە. بۆ یەکەم جار کەم ئەندام بوونی خۆی بە شێعرێکی فارسی ئەهۆنێتەوە.

بۆ بژێوی ژیانی دەس ئەکات بە کاروانچییەتی، تەنەکەسازی و باخەوانی. پاشان بۆ هەمیشە زێدەکەی خۆی « هەجیج» بە جێ دێڵێت و لە گوندی «کانی حسێن بەگ» نیشتەجێ ئەبێ.

بە درێژایی ئەم ژیانە قەڵەم و کاغەز و شێعر و نووسین هاوەڵی هەمیشەیی بووە. شێعرەکانی بە دوو زمانی فارسی و کوردی (هەورامی و سۆرانی) بە شێوازی کلاسیك لە قاڵبی مەسنەوی، قەسیدە، غەزەل و چوارینەدا هۆنیوەتەوە.

میرزا سەعدوڵڵا لە شێعری هەورامیدا زۆر سەرکەوتووە و ئەتوانین بڵێین لە شۆڕە سوارانی ئەم بەشەی ئەدەبی کوردی نزیك ئەبێتەوە. بەڵام ئەم سەرکەوتنەی لە شێعرە سۆرانییەکانیدا تا ڕادەیەك کەم ئەبێتەوە و لە شێعرە فارسیەکانیشدا کەمترە. بابەتی شێعرەکانی میرزا زۆربەیان ئەوینە و لە قالبی غەزەلدایە و بەشێکی تری بابەتی تەوس و پلار و گاڵتە و چەمەری و نیشتمان پەروەرییە.

ئێستا میرزا بێ چاویلکە ئەخوێنێتەوە، بەڵام گوێچکەی نابیستێ و لە ڕێگای نووسینەوە پێوەندی پێوە دەگرن. نازناوی «سەعد»ی لە شێعرەکانیدا بۆ خۆی هەڵبژاردووە. سەرجەمی شێعرەکانی بە هەوڵ و تێکۆشانی «جەمیل فارۆقی» ئامادەی چاپ و بڵاو کردنەوەیە.

«خەستەخانە»

ئازیز نە پەرسای حاڵی پەشێوم

هاوەختە کەگیان بەیۆ وەلێوم

تیری مەهجووریت جەرگم پارەکەرد

ئەرواح نەوەتەن تەن ئاوارە کەرد

پەردەی دڵ دڕیان ساکێش ورازۆ

بە تای زوڵفی تۆ بەخیە مەوازۆ

سرۆمم عارەق سیمی خاڵی تۆن
بەندی شکەستەم بە دەسماڵی تۆن

تەختی بەستەریم ئوتاقی مەیلت
ڕازیم بە مەردەن گیان بە توفەیلت

خاری هیجرانت، تەزریقی باڵم
بیماریم پەی تۆن خەیلێ وەشحاڵم

دەرەجەی هوونم وەفاو مەیلی تۆن
ئەرمەیلت نەبۆ من هوونم جە کۆن؟

ئازیز حەیاتم قەیدی وەفاتەن
بێ وەفات، حەیات پەی من مەماتەن

شەربەتم، شیشەی مینای بێ گەردت
کەرەم فەرماوای تۆ بە من وەردت

خۆ شەربەت نیەن ئاوی حەیاتەن
سەرچەمەی حەیات نەپای زوڵماتەن

حەمە عەلی ڕەحیم پوور

حەمەعەلی کوڕی سۆفی ساڵحە و ساڵی ١٩٢٦ی زایینی لە گوندی «بلچە سوور»ی کۆماسیی مەریوان چاوی بە دیمەن و سروشتی جوانی کوردستان هەڵێناوە و نازناوی شێعری «خەم فرۆش»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ئەم شاعیرە نەخوێندەوارە بۆ تەنیا ڕۆژێکیش لای هیچ مامۆستایەک وانەی نەخوێندووە و لەگەڵ دنیای پیتەکاندا نامۆ بووە. لە دوای کۆچی هاوسەرەکەی وەک ئەحمەد بەگی کۆماسی لە سەر گڵکۆی لەیلی دائەنیشێ و کانیاوی هەستی ئەجۆشێت و سۆز و پەژارەی بە شێعر و هۆنراوە دەرئەبڕێت و قوتابییەکانی بلچەسوور وشە ڕازاوەکانی خاڵۆی خەم فرۆش دەنووسنەوە. بەرهەمی ئەم شاعیرە لە ژێر ناوی «دیوانی خەم فرۆش» بە هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا یۆسف ڕەهنموون و دوو کاک مەحموود ناو لە فەوتان ڕزگاری ئەبێت و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی ئەکرێت. لەم ماوەیەدا

که خەریکی کۆکردنەوە و نووسینی ئەم بەرهەمە بووم(٢٠٠٧)بە داخێکی زۆرەوە خاڵۆی خەم فرۆش بار و بنەی پێچایەوە. ماڵئاوایی لە شێعر و ئەدەب کرد و نەمتوانی بە خزمەتی بگەیەم.

مامۆستا عارف مودەڕیسی

عارف مودەڕیسی، ساڵی ١٩٢٦ی زایینی لە گوندی «بالک» زێد و لانکەی عیرفان و زانستە ئایینییەکان لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زانست پەروەر لە دایک بووە. هەر ئەو خانووە کە ئەستێرەی عیرفان و زانینی ئەو سەردەمە مامۆستا مەلا باقری مودەڕیسی کوردستانی تێدا بووە؛ دایکی خەدیجە خاتوونە کە بە ڕەچەڵەک ئەچنەوە سەر مۆسەننیفی چۆڕی. لە تەمەنی شەش ساڵیدا خوێندن لە قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە کە بریتی بوون لە سەرف و نەحوی عەرەبی لای باوکی و فەقێکانی باوکی دەست پێئەکات و لە درێژی خوێندنیدا لە خزمەت ئەم بەڕێزانەدا بیر و هزری بە تیشکی زانینیان زاخاو ئەدات:

مامۆستا مەلا باقری بالک، مامۆستا سەید عەتای چۆڕی، حاجی سەید بابا شێخی ئەڵمانە، مامۆستا مەلا مەحموودی جوانڕۆیی و مامۆستا شێخ حسێن، مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، مامۆستا سەید عارف هانەسووری و ...

ئیجازەی مامۆستایی لە لایەن شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی و شێخ عوسمانی کوڕیەوە بۆ ئەنووسرێت و دواتر مامۆستای بالک ئەو ئیجازەیەی پێ ئەدات. مامۆستا عارف وەک هەموو مامۆستایەکی ئایینی کورد بۆ پێش نوێژی و وانە گوتنەوە زۆر گوند و شاری کوردستان گەڕاوە. ناو براو لە بواری فەرهەنگیشدا هەوڵێکی یەکجار زۆری داوە و جێگای دەست و پەنجەی لە کتێبخانەی کوردیدا دیارییە.

باوکی ئەم قەڵەم بەدەستە لە سەردەمانی خۆیدا یەکێ بووە لە کەڵە زانایانی ناوچەکە و زۆر نووسراوە و پەرتووکی بە دیاری وەک دەسنووس لێ بەجێماوە، کە بە هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا عارف تا هەنووکە دوانزە بەرگیان چاپ بووە و شەش بەرگی دیکەیان ئامادەی چاپ کردووە، هەر وەها خۆیشی چوار پەرتووکی لە ژێر ناوی : ١ـ کەلەپووری کوردی پەندی پێشینیان.٢ـ بازێ لە کەشف و کەرامەتەکانی

باوک و باوەگەورەی.٣ـ ئیسباتی شەفاعەت بە نەسسی قورئان.٤ـ ڕێ و ڕەسمی ڕێخستنی مردوو بۆ گۆڕ، چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

پەرتووکێ تریشی لە ژێر ناوی «ڕاز و نیاز» لە ژێر چاپدایە و کتێبێکی لە ژێر ناوی «ئیسبانی تەریقەت» کە نووسراوەی باوکییەتی لە عەرەبیەوە کردووە بە فارسی.

مامۆستا مەلا عارف لە دوای کۆچی هاوسەرەکەی مەریوانی بە جێ هێشتووە و نیشتەجێی شاری سنە بووە.

شێخ حەمەمارف حەسەنی



شێخ حەمەمارف حەسەنی کوڕی «مامۆستا شێخ فەتاح» و خاتوو «ئامینێ»یە. ساڵی١٩٢٧ی زایینی لە گوندی «بەردەڕەشە»ی مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. سەرەتای خوێندنی بە قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی ئەوسەردەمە لە خزمەتی باوکیدا دەس پێئەکات و بۆ چێژ بردن لە کانیاوی زانست، بیارە و کەرکووک و سلێمانی ئەگەڕێت. ماوەیەک لە خوێندن دوور ئەکەوێتەوە و دیسان هەست بە پێویستی فێر بوون و زانست هانی ئەدات کە چاکتر و دڵگەرم تر لە پێشوو خوێندن دەس پێبکاتەوە. ئەم جار ئەڕواتە خزمەت «مامۆستای کانی سانان» و دواتر لە شاری «پێنجوێن» ئەگیرسێتەوە و هەر لەو شارەدا ئیجازەی مامۆستایەتی پێئەدرێت. دوای گەڕانەوەی بۆ مەریوان، چەن ساڵێک مامۆستای مزگەوتی «بەردەڕەشە» ئەبێ و دواتر واز لە مامۆستایەتی دێنێت و پیشەی بەرگ دووری (خیاطی) دەس پێئەکات. دواتر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تاران وەک وەرگێڕی زمانی عەرەبی دائەمەزرێت و تا دەس پێکردنی شۆڕشی گەلانێ ئێران دژ بە ڕژێمی پاشایەتی ئەمێنێتەوە. دوای شۆڕش وەک مامۆستای کاتی (حق التدریس) لە قوتابخانە ناوەندییەکانی مەریواندا وانە ئەڵێتەوە. دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیە ئەبێ بە مامۆستا و وانەبێژی شۆرای ڕۆحانییەتی شاری مەریوان.

مامۆستا شێخ حەمە مارف، لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبدا یەکێ لە شاعیرانی پایەبەرزی مەریوانە کە زۆر شێعری هۆنیوەتەوە. بەڵام سەد مەخابن شێعرەکانی هێشتا لە لاپەڕەی دەفتەرە دەس نووسەکانیدا ڕەنگی هەتاویان نەبینیوە.

ماموستا پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەزان بوو کە قسەخۆشەکانی ئێستاش شەوچەرەی ماڵان و بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکییە. ١ی جولای ساڵی ١٩٩٨ بزەی سەر لێوی کپ و دەفتەری قسەخۆشەکانی تەواو و چرای ژیانی کوژایەوە و گۆڕستانی گوندی «بەردەڕەشە» بوو بە هەواری حەوانەوەی.

«خوا لامان دا لە کەر»

مەرجانەی جادو بێ بە هاوسەرت   لباسی گۆنی بکەیتە بەرت
خەرجی خێزانێ کەوێتە سەرت   ناهومێد مابی لە دەشت و دەرت
بۆ شێوی شەوێ ئەم دەرو دەر بی
چاکترە لەوەی کە تووشی کەر بی
پیر بی تەمەنت بچیتە هەشتا   بووك بۆ چۆڕێ ئاو بچێ بە گژ تا
کوڕ بتکا بە شوان لە دەر و دەشتا   هەڵت خولێنن لە خۆشی و وەشتا
ئەویش بێ جێوڕێ، بێ ژورە سەربی
چاکترە لەوەی کە تووشی کەر بی
گەدایی و فەقر بتکا بە فاقە   لە قەرزا چەقیو تا بینە قاقە
خێزان بۆ کراس بتکا فەلاقە   دوو بڵێ شێتە و یەك بڵێ ساقە
کزو ناهومێد هەناسە سارد بی
چاکترە لەوەی کە تووشی کەر بی
سیل باریکت کا هەر وەکوو سووزن   بە گولی و ئیسقا بی بە ڕمووزن
بە فیتی فیتنە و درۆی درۆزن   شار بەدەرت کەن بەدار بت گۆزن
بەم حاڵە ئەگەر خاوەن نەزەر بی
چاکترە لەوەی کە تووشی کەر بی
دەرکی زیندانت لە سەر دابخرێ   بێ تاوان حوکمی کوشتنت بدرێ
تاقانە کوڕت بە لاوی بمرێ   ماڵ و سامانت بە تالان ببرێ
پێت ئەڵێم هەتا تۆ با خەبەر بی
چاکترە لەوەی کە تووشی کەر بی

ماجد مەزهەر پوور (ئاوارە)

شێخ ماجد مەزهەر پوور کوڕی شێخ مەزهەری «گۆشخانی»یە. دایکی «پیرۆزە خاتوون» کچی سەید «تەها» لە ساداتی «سەولاوا»یە. ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لە گوندی «گۆشخانی» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. چوار مانگ لە دوای تێپەڕ بوونی تەمەنی، لە بۆن و بەرامەی دایک بێ بەش ئەبێ و دایەگەوەی بە خێو کردنی وەئەستۆ ئەگرێ. لە تەمەنی هەژدەساڵیدا بە هۆی ناکۆکی خێزانییەوە، سەری خۆی هەڵ ئەگرێ و ڕوو لە ناوچەی «لەیلاخ» ئەکات. وەک مێرمنداڵێکی بێکەس و ئاوارە لە گوندی «سرینجانە» لە خزمەت مەلا محەممەد ناوێک خوێندنی قورئان و کتێبە وردەکانی ئەو سەردەمە دەست پێئەکات و دواتر ئەچێتە گوندی «میرەکی» و لای مامۆستا محەممەد ئەمین درێژە بە خوێندن ئەدات. بە دوای عیلم و زانستدا ڕوو ئەکاتە وڵاتی ئێراق و لە شاری «هەڵەبجە» لە ماڵی «شێخ ئەحمەد» ناوێک ئەگیرسێتەوە و دوای سێ ساڵ مانەوە بە ئیشی «بەننایی و دارتاشی»یەوە خەریک ئەبێ و «ئایشێ خاتوونی» خوشکی «مەلا حەسەنی قازی» مارە ئەکات و لە بەر بێ منداڵی دوای شانزەساڵ ژیانی هاوبەش، لە یەک جیا ئەبنەوە. سەد مەخابن گشت شێعرەکانی تا ئەم سەردەمە لە هەڵەبجە لە ناو ئەچن و ساڵی ١٩٧٤ بەدەستی خاڵی بۆ ئێران ئەگەڕێتەوە و لە شاری سنە لە دایەری ئاو(امورآب) دائەمەزرێت. لە گەڵ ئامۆزایەکی خۆی بە نێوی «عوزرا خاتوون»ی کچی «شێخ عەبدوڵڵای نگل» ژیانی هاوبەش پێک دێنێت. شێخ ماجد لە وەرزی پاییزی ساڵی ٢٠٠٠ بە هۆی نەخۆشی وەستانی دڵ بۆ هەمیشە چاوی لە یەک دەنێ و لە شاری «سنە» بە خاک ئەسپەردە ئەکرێت.

شێخ ماجد حەزی لە شێعر و ئەدەبیات بووە و شێعری زۆری هۆنیوەتەوە کە بە داخەوە زۆریان فەوتاون و ئەویشی کە مابێ چاپ و بڵاو نەبووەتە و نازناوی «ئاوارە» و برێ جاریش «ماجید»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ئەزانم یەک جار کە زاتی یەزدان
پیاڵەی پڕ لەمەی خەییامی ڕژان

کــردی بە گــاڵە بە بــێ چەن و چــوون
نەفرینــی ئەنــارد بــۆ چەرخــی گەردوون
لە کوردســـتانا داد بەریـــن بـــۆ کـــێ؟
ڕەز و خــاوەن ڕەز وەک یەک ئەســووتێ
ئێمە گەر پاک و گەر پیس و بەد خۆین
هەرچی هەیـن ڕاستی خۆ ئۆمەتی تۆین!
بــۆ چەرخــی ڕەحمــی گەردوون ســواوە؟
میللەتـــی کـــوردی لە بیـــر نەمـــاوە!

«بۆ شۆخەکچێکی سەیدزادە بە نێوی «نابغە»ی هۆنیوەتەوە»

نــاڵەی دەردی دڵ بولبــوڵ لە ســەر چــڵ
دیـــداری دڵـــبەر، چـــرکە چرکـــی دڵ
بـــادەی یـــاقووتی لە نـــاوی بلـــوور
تاســـەی دیـــداری یـــارانی زۆر دوور
غـــونچەی پـــشکوتوو لە ڕۆژی نەورۆز
مـــوژدەی ســـەربەرزی کـــامەرانی هـــۆز
هەواری خـــاڵی کە پـــڕ بـــێ لە گـــوڵ
سروشـــتی جـــوانە، شـــەکراوە بـــۆ دڵ
بەڵام نـــیم نیگـــای نـــابغەی دەوران
ئەمـــانەی هەمـــوو خـــستۆتە زینـــدان
وشـــەی ســـەر زاری دەنـــگە نەرمەکەی
شمـــشادی بـــاڵا و خـــوێنە گەرمەکەی
دوو شمـــشێر لە ســـەر هەردوو چـــاوەکەی
دوو مـــاری قەتـــران زوڵـــفە خـــاوەکەی
هەتـــاو لێـــی ئەدا بە شـــانەی شـــەماڵ
پەخـــشانی ئەکـــا بە جـــووت و بە تـــاڵ

پەلــــکە زێـــڕینەی ئاســـمانی بەهـــار
لە لای بـــازاڕی کـــزە بە یەک جـــار
دوو لێوی قەیتـان، ئـاڵ وەک پەڕەی گـوڵ
قـــرچە و بڵێـــسەی ئـــاگری ســـەر دڵ
دۆنـدان سـپی و ورد هەر وەکـوو کـافوور
مـــرواری ئاســـا لە نـــاوی بلـــوور
دوو لیمـــۆی شـــیرین لە ســـەری ســینە
قـــوبەی مێحرابـــی ریجـــالی دیـــنە
دوو کـوڵمی ئـاڵی وەک مینـای بـێ گەرد
دوو دەوای زامـــی دڵانـــی پـــڕدەرد
پەنــجەی وەک قەڵەم سرووشــتی جـوانی
پــێ نووســی دەســتی زاتــی یەزدانــی
پـاژنەی خـڕ وێـنەی قـۆبەی سـەری ئـاو
خـــوێنی دڵـــداری بە ســـەرا ڕژاو
یەک گەردەنی بەرز جـوان و پـێ کەوتـوو
وەک یـاقوت لە نـاو ئـاوا نەسـرەوتوو
لە پەنــجەی پێــی دا هەتــا تەوقــی ســەر
زەمـــان نەیـــدیوە تـــا ڕۆژی مەحـــشەر
«ماجیـــد»ئەزانـــم فکـــرت گـــۆڕاوە
نـــابغە تیـــری لە جەرگـــت داوە

مامۆستا شێخ ئەحمەد فارۆقی (کەڵەیمی شاعیر)

شێخ ئەحمەد فارۆقی[1]، کـوڕی مەلا شـێخ محەمـمەدی کـوڕی شێخ عەبدوڵڵای «دەیمەیەو »ییە و بە ناوی مامۆستا شێخ ئەحمەدی ئەحمەد ئاوا ناسراوە. ساڵی ١٩٢٨ی زایینی لە گونـدی «دەیـمەیەو»

١. ئەم زانیارییە «کاک عەبدوڵڵا »ی کوڕی مامۆستا پێیدام، کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

کەڵەیم لەساڵی ١٩٨٢ دەستی کردووە بە خوێندنی ئایینی و لە پێناوی زانست و زانیاریدا تێکۆشاوە و لە زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستان ژیاوە، وەک: هەولێر، هەڵەبجە، کەرکوک، ڕەواندوز، سلێمانی، خۆشناو، پێنجوێن، دزەیی، مەریوان، قەراج، شارباژێڕ، ژاوەرۆ، شارەزوور، گاوەرۆ، هەورامان، کۆیە، سنە، مەنگوڕایەتی، شامیان، پشدەر، برادۆست، مەرگە و قەرەداغ و زۆر شوێنی تریش. تەمەنێکی زۆری لە خزمەت ئیسلامدا سەرف کردووە. لە ساڵی ١٩٥٦ لە سلێمانی لە لایەن حاجی مامۆستا مەلا مەعروفی خاوییەوە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و ڕێگای فەتوای شەرعی پێدراوە.

کەڵەیم بە فەرمانی مامۆستایانی ئایینی کراوە بە مودەڕیسی مزگەوتی «شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ عەبدولقادر» (شێخی تەریقەی قادری) لە گوندی «کرپچنە» لە ناوچەی سەنگاو لە لیوای کەرکوک. پاش ئەمە بووەتە مەلای گوندی «گرێزە»ی سەر بە ناحیەی سەیدسادق. پاش ئەمەش لە بەر ناباری باری ژیانی لە ساڵی ١٩٥٩ ناچار پەنای بردۆتە بەر کاربەدەستانی میری و بووەتە مووچەخۆری میری. لە ساڵی ١٩٨٨دا ئاوارەی ئێران بووەتەوە و ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە کوردستانی ئێراق و کراوەتە قازی شەرعی هەڵەبجەی شەهید تا ساڵی ١٩٩٤.

مامۆستاو بەرهەمەکانی:

- بە زمانی کوردی:

١- کتێبی پێشهاتی مەرگ. ٢- ڕشتەی پێغەمبەر. ٣- دیوانی شێعر.

مامۆستا لە زۆر بابەتدا شێعری نووسیوە. بەداخەوە دوو بەرگی شێعرەکانی لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەکتێبخانەکەیەوە و چەندەها نووسراوەی خۆیەوە سووتاون و ئێستاکە تەنها بەرگێکیان ماوە. کەڵێمی لە شێعرەکانیدا نازناوگەلی عەبداڵ و مەلای هەورامیشی بەکار هێناوە.

مامۆستای خواناس پاش بە سەر بردنی شەست وسێ ساڵ تەمەن لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٦/١٢/٩ لە ئەحمەدئاوای کوردستانی ئێراق کۆچی دوایی کردوە.

«پاڕانەوە»

ئەونە زۆرە چـــاکەیی تـــۆ ئەی بەتەنیـــای ئەی وەدوود
سـەر بەسـەر پۆشیــوتە عـالەم تـاکو گـاور هەم یەهـوود
ڕەحـــمەت و چـــاکەت تەواوی دابەشـــە بـــۆ مـــا سـیوا
چـــۆن لە ئێـــستا مـــن ئەمێـــنم هەر لەجێـــدا بـــێ نەوا
یـــارمەتی هەرکەس ئەدەی تـــۆ پـــڕ بەرە مەیلـــت ببـــێ
بـێ وتە کەیلـــی ئەکەی گەر ئـارەزوو کەیفـــت ببـێ
تـــۆ «کـــریم العفـــو»ی بـاری، خـاوەنی لوتـــف و عەتـــا
مـــن «کثیـــر الـــذنب» و گـــومڕا و بەدنـــەوا و پـــڕ خەتـــا
سـەد درێغ لەم عـومرە پـوچەم وا لە دەم کەل ڕۆی بەسـاڵ
وا کـــە گرتـــی ڕێـــی بەتـاڵی و وابـوو ئیمـڕۆ پایـــەماڵ
چەنـــدە جـار کـــردوومە تـۆبە هەر لە سـەر کـــرداری بەد
عاقیبــــەت یەک یەک شـکاندم «یـاکریم» و «یاسـەمەد»
هەر بەزارە و بـــاز ئەڵێمـــــەو ئەی غفـــووری دادگەر
وەک نەسووحت یاوەرم بە چـون ڕێگـاکەم هەس خەتەر
هەققی گیانی پاکی «ئەحمد» خـۆت بە «موختـار» داوتە بـاز
تـۆ پەنـامدە ڕۆژی مەحـشـەر هەم بـــدە پێم ڕێـی نیاز
تـا ببـــم یـارت وە یاکـــوو یـاوەری یـــاری «سـەدیق»
دوور لە غەیر بم، ڕێ گـوزەرکەم تـا بە قاپیـت بـم ڕەفیـق
هەققـــی پـــاکی ســاڵحانت تـــۆ بـــکە ئیرشـــادی مـــن
لەم جیهـــان و پاشـــە ڕۆژیـــش تـــۆ بـــگە فریـــادی مـــن
خـــۆ برینـــدارە کـــە لاشـــەم ناگەمـــێ بـێمە حـوزوور
تـۆ ببەخـشە گـشت گونـاهم تـا ببێ بـۆم ڕێـی عوبـوور
داک و بـــابم هەروەهـــایە تـــۆ بە ڕەحـــمەت شـــاد بـــکە
لەو عەزابـــی پاشـــە ڕۆژە یەکـسەری ئـــازاد بکـــــە

کۆمەڵــــی ئەولادەکــــانم لەم جیهانـــەی پــڕ زەبــوون
دووریــان خەیتــۆ لە نەفــس و نــاڕەوایی هەردوو دوون
خــۆم لە چــاکە دوور بــووم و بەس ئومێــدم هەس بەگیــان
تەربیـــــەت ئــارا بکـــەی بــۆم ئــاڵ و بەیــتم گــشتیــان
بـۆ ڕەوشــت و خــووی شــەفاگەر بـۆ گەلــی کــۆڕی بەشــەر
تا بـزانــن دڵ بە غــیرەت بـــۆ خــودا بـــن کارگـــەر
مـــن هیـــوادارم بە لوتفـــت «یـــاکریم المـــستعان»
هەققــی شــاهی (احمــد)ی حەق، خــاتمی پێغەمــبەران
یەک بەیەک گــشتیان نەواکە بـۆ بەنــدەیی وڕێــگەی نیــدا
بــۆ دەری قــاپی شوناســیت ئەی کەریــم و ئەی خــودا
تـــانەکەونە تـــافی گێـــژاو هەم مەلالـــی ڕێـــی خەبــیس
گیــان و دڵیــان تــۆ پەنــادە لەو هەمــوو ڕێبــازی پــیس
یەک بەیەک گـــشتیان ڕەواکە بـــۆ دەری «خیـــر البـــشر»
هەم لە زنجیــرەی کەرەمـــتا تــۆ بـــدە بەشیـــان کەرەم
چــوونکە ســوودی چاکەیــان خــۆ بــۆ دەرون و شــانی مــن
هۆی نەجات و سوودە یەکسەر بـۆ نـزوولەی گیـانی مـن
وانەبــێ مــن قەتعــی ڕەحمــم کردبــێ، ئەی «ذوالجــلال»
ئەمـــرە داوا، بـۆ ئیجــابەیـــش واتەتە ئـایەی کەمـــال
«حافیا» ڕۆژی دوسەد جار بـۆ «کەڵەیـم» حەق هــەس تەواو
بـۆت بنێـــریێ ڕەحمەتـی پـاک چـون وتـارت هـاتە نـاو

دوکتور عەبدوڵڵا

ناسراو بە مەلا عەبدوڵڵای میانە، کوڕی وەسا ڕەسووڵی نەجاڕ، ساڵی١٩٢٩ی زایینی لە گوندی «میانە» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە زانکۆی «الازهر»ی میسر بەکالۆریۆس وەرئەگرێت. خولیای زانین و فێر بوون بەرەو وڵاتی ئاڵمان ئەیبات و لە زانستگای «ئاپل» ئەگیرسێتەوە و ساڵی ١٩٧٥ لە ڕشتەی زمانناسەیدا بڕوانامەی

دوکتـۆرا وەرئەگرێـت. هەر لەو زانـستگایەدا مـاوەی هەژدەسـاڵ وەک مامۆسـتا ئەمێنێـتەوە و ئەبـێ بە ئەنـدامی کـۆڕی زانـستیی زانستگا و بە «پرۆفیـسۆری کـورد» ئەناسرێت. دیسان پلەیەکی تری زانست ئەبڕێت و دوکتورای دووهەمـی لە فەلـسەفەدا وەرئەگرێت.

دوای ئەوەی خانەنشین ئەبێ، هەلی بۆ ئەڕەخسێ و چەندین کتێب، کە یەکێکیـان سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ژیانی خۆی و کـوردەوارییە ئەنووسێت. پرۆفیـسۆرێکی! ئاڵمانی لێی ئەدزێت و بەناوی خۆیەوە لە چاپی ئەدات. دوای شەست ساڵ غەریبـی و دووری، خۆشەویستی نیشتمان هانی ئەدات کە بگەڕێتەوە، بەڵام بەو ئـاواتە ناگـات و ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی نەخۆشی دڵەوە چرای ژیانی ئەکوژێتەوە.

سەید محەممەد موسەننیفی

شەوی داگیـر کردنـی گونـدی دزڵـی لە لایەن دەوڵەتـی ناوەندیی ئێران و دەرکردنـی مەحمـوود خـانی دزڵـی، سـاڵی ١٩٢٩ ی زایینی لەگوندی «چۆڕ» مەڵبەندی زانایان و زانـست پەروەران چاوی بەژیان هەڵێنـاوە. بـاوکی سـەید مەحمـوود و دایکی خاتوو زوبەیدەی کچی خواناسی گەورە «باوەڕەحمانی چۆڕە[1]» کە لە بنەماڵەی سەیدەکانی «چۆڕ»ی مەریوانن.

سەرەتای خوێندنی بە قورئانی پیـرۆز و وردە کتێبەکـانی ئەو سـەردەمەوە دەسـت پێئەکات و بۆ پەرەپێدان بەزانست و پاراوکردنی بیر و هزری لە کانیـاوی زانـین زۆر گوند و شاری ئەم کوردستانە زاناخێزە گەڕاوە و لە خزمەتی ئەم مامۆستایانەدا چۆکی فەقێیەتی داداوە و وانەی ئایینی و خواناسی و نەتەوە دۆستی خوێندووە: مەلامحەممەد حەیـدەری چـۆڕی، مەلا مەحیەددینـی شـێخەکوێرە، مامۆسـتا و زانـای گەورە مەلا محەممەد ئەمینی عالی، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا محەمـمەد بەهاددین لە بیارە، مامۆستا سەید عارفی چۆڕی لە خورماڵ، ئاغا حیسامی موجتەهیدی لە سنە، حاجی سەید بـابە شـێخ و مامۆسـتا شێخ حـسێنی ئەڵمـانە، مامۆسـتا سـەعیدی

---

١. یەکێ لە خواناسانی گەورە و پیاو ماقوڵانی چۆڕ بووە. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥١دا، ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

لهۆنی، مامۆستا سەید عەتای چۆڕی، مامۆستا مەحموودی سیاناو، مەلا محەممەدی کۆماسی، مامۆستا باقری بالک و... دواتر لەسەر دەستی مامۆستای کانی‌سانان ئیجازەی مامۆستایەتی پێ‌ئەدرێت و بۆ خزمەت لە بواری ئاییندا ئەچێتە گوندەکانی: «هەڵووژان» و «زەکریان»، تا ئەوەی لە گوندی «کانی‌سپیکە» ئەگیرسێتەوە و ژیانی مامۆستایەتی مزگەوت لەم گوندەدا تەواو ئەکات. ئێستاش دانیشتووی مەریوانە.

ئەم پیاوە نوکتەزان و قسەخۆشە سەردەمانێکی زۆرە هەوڵێکی چڕو پڕی خستۆتە گەڕ بۆ دۆزینەوە و لە چاپ دانی نووسراوەکانی فیلسووف و خواناس پایەبەرزی کورد «مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی». لە تێکۆشان لەم بوارەدا نەسرەوتووە و توانیویەتی بڕێکیان بە ئەنجام بگەیەنێت و ڕچەی بڕێکی‌تریان هەڵبکات. ژیان و شێعر و قسەخۆشەکانی ئەم مامۆستایە لە کتێبێکدا بە نێوی «ئاردە بەرە» چاپ و بڵاوبۆتەوە.

خوایە ئەزانم جێگات بێ جێیە	ئاخۆ دەمزانی جێگای تۆ کوێیە؟!
نەمدیوە هیچ کەس وەکوو تۆ وابێ	خاوەن دنیا بێ خۆی بێ جێگا بێ!!

شێخ ڕەشید حسێنی



شێخ ڕەشید حسێنی، کوڕی بابا تایەر، شاعیر و چالاکی فەرهەنگی، لە زمانی خۆیەوە بناسین: «ساڵی ١٩٣١ی زایینی لە گوندی «دۆڵاش» چاوم بە ژیان هەڵێناوە. هێشتا کۆرپەیەک بووم لە باوەشی دایکمدا، باوکم لە ئێران هەڵات. لە سەردەمی دەسەڵاتی مەلیک غازیدا چوینەتە پێنجوێن. هەر لەوێ خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەیەکدا کە شەست تا حەفتا قوتابی لێ بوو و بە سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی دەرسمان ئەخوێند. تا تەواو کردنی پۆلی شەشەمی سەرتایی هەموو ساڵێ بە پلەی یەکەمەوە دەر ئەچووم، لە پێنجوێن مابنەوە. دوای ئازاد بوونی بەگزادەکان لە زیندانی ڕەزا شا، باوکم بۆ بەخێرهاتنەوەیان هات بۆ مەریوان و دواتریش ڕۆیشتبوو بۆ سنە، هەر لە سنە دەسگیر و بێ سەروشوێنیان کرد. باری نالەباری ژیان تەنگی پێهەڵچنین. منیش ناچار بووم واز

لە خوێندن بێنم. لە پێنجوێن وەک نووسەری دوکانداریێک بە مانگانەی پێنج یان شەش دینارەوە کارم ئەکرد. ڕۆژێ «شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود» کە یەکێ لە دۆستانی باوکم بوو، بەڕێکەوت هات بۆ پێنجوێن و شێوەی ژیانمی بینی. لە گەڵ خۆی بردمی بۆ ماڵی خۆیان لە سلێمانی. بە هۆی مەعروف جاوگ کە ئاشنایان بوو لە شارەداری سلێمانی وەک موراقب دامەزرام. ساڵی ١٩٤٦ بوومەلەرزە شاری پێنجوێنی وێرانکرد. دەوڵەت بە تێکرا شاری چۆڵ کرد و ماڵی ئێمەش ڕۆیشتە سلێمانی و من هەر لە شارەداری مامەوە. تەمەنم کە گەیشتە شازدە ساڵ کەوتمە نێو کاروباری سیاسییەوە.

ڕۆژێک توشی هاوڕێیەکم بوم، وتی ڕەشید حکومەتی کورد لە مەهاباد دامەزراوە، چەند کەس لێرە حیزبێکمان پێک هیناوە بە نێوی «پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق»، پێمان خۆشە تۆیش ببی بە ئەندامی ئەو پارتە. ئەو کاتە بارزانی لە مەهاباد بوو، منیش قبوولم کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیار درا کتێبخانەیەک دانرێ بۆ ئەندامەکان. من کرام بە بەرپرس، ناومان لێنا کتێبخانەی ڕووناکی سلێمانی. خەڵک مانگانەیان ئەدا بەکتێبخانە و حیزب. منیش بە سەرکتێبخانەکەوە بووم. زۆرکەس وەک حەمە ساڵح دیلان، حەمەی ئەحمەدی تاها، کامران موکری، ڕەئوف مەعرووف خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ لە سلێمانی، محەڕەم محەممەد ئەمینی چیرۆک نووس، نوری شاوەیس ... سەردانی کتێبخانەکەیان ئەکرد و یارمەتیان ئەدا. دوای تێکشانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، حکوومەت هاتە سەرکتێبخانەکە و فەرمانی داخستنیان پێدام، وتم ئەمە هۆی بژیومە، کابرایەک بە نێوی معاون مەزهەر کە کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو، وتی ئەبێ دایبخەی! منیش دام نەخست. ئەیان گرتم دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ بەند ئەکرام، دوایی ئازادیان ئەکردم. تا بەهاری ساڵی دوایی گیرام و وتیان ئەبێ زامنیک بێنی و لە سلێمانی نەمێنی و بڕۆی. خوا عەفوی کا مەلا عەبدولای تووتنچی لە سلێمانی بوو بەزامنم.

هاتمەوە بۆ پێنجوێن و دوای ماوەیەک بڕێ لە هاوڕێکانم گیران. هەواڵیان دامێ منیش ئەگیرێم. ئیتر هاتمەوە بۆ مەریوان. لێرەیش وازم نەهێنا. تاکوو ساڵی ١٩٥٣ و لە سەردەمی دوکتور موسەددیق هاتن ماڵەکەمیان پشکاند و بڕێ کتێبی کوردی و ڕۆژنامەی کوردیم بوو، بردیان. شێخ حەمە مارف و مەلامحەمەد جوانڕۆی و

شـارەزای ڕەوتـی تـازە و گۆڕانکارییەکـانی دنیـای ئەدەبیـات ئەبێـت. چـاوە شێخەلئیسلامی هاوڕێ لە گەڵ سوارەی ئیلخانی زادە و عەلی حەسەنیانی هەوەڵین هەنگاوەکانی بزاڤی نوێکردنەوەی شێعری کوردی لە کوردستانی ئێران هەڵدەگرن. دواتر ئەبێ بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان و دوای چەند ساڵ مامۆستایەتی دیسانەوە دەستبەسەر ئەکرێت ـ تا بێ بەش کردنی لە مافی کۆمەڵایەتی ـ لە زیندانی «قەسری قەجەر»ی تاران ئەیهێڵنەوە. پاش ئازاد بوونی لە زیندان، بە دەس فرۆشی لە گوندەکانی ناوچەی مەریوان بژێوی ژیانی خۆی دابین ئەکات. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەبرێتەوە سەر کار و دواتریش لە سەرکار لائەبرێت و بەیەکجاری مەریوان بە جێدەهێڵت. چاوە لە ساڵی ۱۹۷۹وە لە وڵاتی سوید ئەژیت.

«ئاسمان دوور و زەوی سەخت»

لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە عەسرێکا
کە دێوی زاڵی عیلمی بەشەر مێشی مانگ ئەقاپێنێ
لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە کاتێکا
هەر دوو دەسی هەتاکوو ئەنیشکی لە قوڕ ناوە
نەک بۆ کار
نەک بۆ قوڕ شێلان
بەڵکوو بە ڕەمزی
تەمێ و پەشیمانی
پەشیمانی
لەوان مەجالان
وابەرد و ئاسنی شێلا و
خەنجەری خوڵقاند
بۆ دەستی ئەو کەسانە
کە دەستی پێ ئەنێنە سەر سینە

«نیشتمان و بەهار»

نیشتمان وەرزی بەهارە و کاتی چوون بۆ شاختە
کاتی سەیرانی گوڵاڵە و لالەزاری باختە
کاتی هەڵپەڕکێ و سەمایە بۆ هەرزەکار و کیژ و لاو
کاتی سەیری قەڵبەزی بەفراوی شاخ و داختە
بۆی خۆشتر، گەر لە بۆنی عەتری پاریست ئەوێ
بۆی وەنەشە و نەرگس و لولوپەڕ و گوڵباختە
نیشتمان لەندەن بە قوربانی نەسیمی بەر بەیان
خانە باخی ژاوەرۆ، قەسر و تەلار و کاختە
مەعدەن و کانی دەرامەد بۆ هەژار و بێ نەوا
پیچک و قەنر و مەنە و ڕێواسی کوێستانانتە
دەنگی مۆسیقای پیانۆ یا کەمانچە و عود و تار
دەنگی بلوێر و نەوای شمشاڵی دەستی شوانتە
بۆ نیگاداری سنوورت لاوەکانت وەک پڵنگ
وان لە مەیدانی خەباتا و کۆچەکەی قوربانتە
نیشتمان بۆ قەومی کورد تاکوو لە خەو ڕاپچڵەکێ
شێعر و پەخشان و وتەی خەمگین دەوا و دەرمانتە

مەلا کەریم سەردۆش (پەژار)

مەلا کەریم مەکی پوور، کوڕی محەممەد عەزیز، مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٣٢ی زایینی لە بنەماڵەیەکی ئایینی و هەژار لە گوندی «سەردۆش» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. مامۆستا پیاوێکی بوێر و نیشتمان پەروەر و شاعیرێکی توانا بووە. نازناوی «پەژار»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. سەد مەخابن شێعرەکانی وەک شێعری زۆربەی شاعیرانی کورد بە هۆی

بارودۆخی ناوچە و دەربەدەری و شەڕ و کۆچاوکۆچ کردن فەوتاون. ساڵی ١٩٨٨ی زایینی بە هۆی تۆپبارانی گوندی «سەردۆش» لە لایەن ڕژێمی سەدام حسێنەوە، چرای ژینی ئەکوژێتەوە.

«پەژار و مەریوان»[1]

مەریوان تۆ هەرێمی گوڵ عوزاری
مەقامی پڕ ئەدیبی ڕۆزگاری
بەدیمەن وەک بەهەشتی سەر زەمینی
هەموو فەسڵێ ئەڵێی فەسڵی بەهاری
زرێبارت وەکوو کەوسەر وەهایە
گزنگی خۆر کە هەڵ دێتە دیاری
لە قەلبی مێژوو نووسدا بوی بە عوقدە
کە چەن قەرنە بە خۆشی پایەداری
ڕەقیبت شاهیدی حاڵە مەریوان
جینانی حۆریانی چاو خوماری
گوڵاڵەی زەرد و سووری تۆیە شەونم
وەکوو مەرجان دڵۆپ ئەتکێ لە زاری
بە شیرینی ڕەوشتی پیاوەکانت
لە عالەمدا نگینی یادگاری
تەمەددون یا سەقافە ئیرسی تۆیە
لە ڕۆژێکۆ کە هەیتوو نامداری
پڕە سینەت لە زانستی بە ناو بانگ
وەکوو «چۆڕی» وەیان وەک چەشنی
بە گۆڕی کابلا دیارە مەریوان
کە تۆ جێگەی لە بۆ قوتبی مەداری

١. ئەم شێعرە کاکە «عەبدوڵڵای نیازی باشماخی» دەسی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

دوورڕۆ ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت. ماوەی ١٣ساڵ وەک وانەبێژ لە قوتابخانەی دوورڕۆ خزمەت بە ئایین ئەکات و لەبەر زانایی و لێهاتوویی لە زانست و وانەوتنەوەدا بە « مودەڕیسی دوورڕۆ» ئەناسرێت. جێگای وەبیر هێنانەوەیە پێش چوونی بۆ دوورڕۆ بە هۆی بیری نەتەوایەتیەوە، لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە ماوەیەک قاچاخ ئەبێت.

مودەڕیسی دوورڕۆ، ساڵی ١٩٧٨ لە بەر باری ئاڵۆزی ناوچەکە، لە گەڵ پیری ڕێبازەکەی «شێخ عوسمانی سێراجەددینی» هەواری ژیان بۆ کوردستانی ئێراق ئەگوێزێتەوە و دوای ماوەیەک مانەوە لە بیارە، لە مزگەوتی مەولانا خالیدی شارۆچکەی سەید سادق وەک پێش نوێژ و وانەبێژ خزمەت دەکات. دواتر ئەڕواتە مزگەوتی حاجی عەلی بەگ لە سلێمانی. لە دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕینە گشتییەکە دژ بە دەسەڵاتی بەعس، بۆ زێدەکەی خۆی مەریوان ئەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەوە پێش نوێژ و وانەبێژی مزگەوتی گوندی «نگل»ە. ئەم مامۆستایە لە هەر مزگەوت و شوێنێکدا، قوتابخانەیەکی ئایینی ڕازاندۆتەوە و زۆر مامۆستا و زانای پایە بەرزی پێگەیاندووە. ئەم لە نووسینی شێعردا دەستێکی توانای هەیە. خاوەنی چوار کۆمەڵە شێعرە، بە دوو زمانی کوردی و فارسی و بە شێوەی کلاسیک لە بابەتگەلی ئایینی، کۆمەلایەتی و منداڵان.

«ئەی مناڵە کاڵەکان»

ئەی مناڵە کاڵەکـــــــــان نگینـــــی نـــاو ماڵەکـــان
بـــێ تۆکـــڵ و بـــێ کیـــنەن جـــێ نـــشینی ئەم چیـــنەن
دڵپـــاک و بـــێ تەمـــاعن نەمـــامی تـــازەی بـــاخن
ئێـــــوەن هیــــوای ئەم گەلە کە پـــێ بـــــگەن بە پەلە
ئێـــوەن هیـــوای ئەم چیـــنە بـــاخی ئەم ســـەر زەمیـــنە
دایکـــــی دڵـــسۆزی ئێـــوە کە دڵ قـــایم وەک کێـــوە
بە لای لایەو گـــــــۆرانی بە شـــیری پـــاک و جـــوانی
ئێـــــــوەی بە مێهرەبـــــانی پەروەردەکـــرد بە جـــوانی

ئەمجا خستنیە مەکتەب بۆ کەسبی عیلم و ئەدەب
چوونە ژێر دەرس موعەللیم لە بۆ تەربییەو تەعلیم
بەشکم شتێ فێر ببن لە نەزانی دەربچن
ئێوەش خۆت و غیرەتتان تەلاش بکەن بێ وچان
ڕەنجی دایکی مێهرەبان مەخەنە ناو ئەشغاڵدان
ڕۆشن کەنۆ وجاخی ببن بە گوڵی باخی
ڕەنجی بە هەدەر مەدەن گوڵی هیوای سیس مەکەن
بەڵکوو نەمرن پێ بگەن لەم دنیایە تێ بگەن
هەرگیز نەخڵەتێن بۆکەس ناموس بەرنەدەن لە دەس
یەک دڵ و یەک جەهەت بن خاوەنی بەسیرەت بن
ئەخلاق لە دەس بەرنەدەن بە ئەدەب ڕەفتار بکەن
دوور بن لە دوودی تریاق لە سۆحبەتی بەد ئەخلاق
خۆتان پارێزن لە شەڕ لە شەڕ خۆتان بکەن کەڕ
سەعی بکەن تا بەهار شەویش بکەن بە نەهار
ئەوەی دەرستان پێ ئێژێ خراپتان پێ نایەژێ
ئێوە فێر خوێندن ئەکا لە جەهل دەرتان ئەکا
لە قسەیان دەر مەچن ئیحترامیان ڕابگرن
بە ئەدەب بن لە گەڵیان قیام بکەن لە بەریان
کە هاتنە دەشتەوە لە بیرتان نەچێتەوە
موعەللیم گەورەتانە وەکوو تاجی سەرتانە
ئەدەب بۆ خۆتان خاسە دەستان نانێتە کاسە
بێ ئەدەب بەشخوراوە بە سووک ناوی براوە
ئاخر وەسیەتم وایە ئێژم دنیا کا و بایە
گشت ئومێد و هیوایە هەمووی بە دەس خوایە
دەس لە خوا بەرمەدەن ئیتاعەی ئەمری بکەن
لە گەڵ ئەوا ئەخوێنن فەرمانی بە جێ بێنن
زانینێ سوودی هەیە بۆندار بە وێنەی بەیە...

ئەسپی تەبعی من بە بن داری خەمۆ بەسراوەتۆ
وەرنە ڕۆژێ سەد دەر و دەشت و بیابان تەی ئەکا
گەر «شەپۆل»ی بێ نەوا جارێ لە باخت ڕێی کەوێ
یا دزی یەک دانە سێو، یا دزی دوو بەی ئەکا

سەید ڕەئووف حسێنی

کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە گوندی «نوێن» چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

خوێندنی بە ئایەتەکانی قورئانەوە لە خزمەتی باوکیدا دەست پێئەکات. هەر لە منداڵیدا بە تامەزرۆیی بۆ فێربوون شار بەشار و گوند بە گوند لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەگبەی زانستی خۆی ڕەنگاوڕەنگ دەکات.

ساڵی ١٩٥٩ ژیانی هاوبەش پێک دێنێت. بۆ بژێوی ژیانی خۆی و ماڵی باوکی زۆر کوێرەوەری و ناسۆر ئەچێژێت.

هەژاری و دەربەدەری بەرەو پانتای شێعر هانی ئەدات. خەم و پەژارە و ئاوارەیی خۆی بە شێوەی هۆنراوە دەرئەبڕێت. لە ساڵی ١٩٥٩ بە دواوە، سەید ڕەئووف بە پێی بارودۆخی کورد لە ئاوارەیی و سەر لێ شێواوی کورد لە کوردستانی ئێراق و ستەم و سەرەڕۆیی میرەکانی ئێراق بە شێعر دواوە. بابەتگەلی جیاجیا وەک : کۆمەڵایەتی، ئایینی، نیشتمانی و هتد... بوونەتە هەوێنی هۆنراوەکانی.

ئەم شاعیرە لە حوجرە و قوتابخانەکەی مامۆستا نامی و فاتحی کوڕیدا چۆکی فێربوونی داداوە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس زۆر کتێبی خۆی بە دیاری پێ بەخشیوە.

ناو براو لە ساڵی ١٩٦٠ بە دواوە لە گەڵ مامۆستا عەلایەددین سەجادیشدا پێوەندییەکی دۆستانە و شاعیرانەی هەبووە.(ئەگەرچی لە سەر ڕەچەڵکیان کێشە لە نێوانیاندا درووست ئەبێ) ئەم بەڕێزە لە ساڵی ١٩٧٧ەوە لە گەڵ مامۆستا محەمەد ئەمین کاردۆخیدا هاتوچۆوی گەرمی هەبووە. یارمەتی چاکی کاردۆخی داوە بۆ کۆکردنەوە و نووسینی دیوانی سەیدی هەورامی. بڕیاریش بووە کە خوالێخۆشبوو

کاردۆخی دیوانی مامۆستا سەید ڕەئووفیش کۆبکاتەوە کە ئەجەل مەودای پێ نادات.

مامۆستا ڕەئووف خولیای نووسینی مێژووی ناوداران و پیاو ماقووڵانی کوردە و لە دەهەزار بەیت شێعردا ئەو حەزەی خۆی دەربڕیوە. دیوانێ شێعریشی لە ژێر ناوی «بەهەشتی هەورامان» چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

مامۆستا ڕەئووف ئەگەرچی خۆی بێ منداڵە بەڵام زۆر منداڵی هەتیوو بێ کەسی پێگەیاندوە. ئێستاکە مامۆستای ئایینی مزگەوتی گوندی «هوویە»یە و ژیانی ئاسایی و شاعیرانەی خۆی لە گەڵ هاوسەرەکەیدا تێپەڕ ئەکات.

محەممەد مەعرووفی

محەممەد کوڕی شێخ جەمیل کوڕی شێخ مەعرووفە کە بە ڕەچەڵەک ئەگەنەوە بە شێخەکانی دەگاشێخان و دایکی ناوی فاتمە خاتوونە. ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گوندی « باقلاوا»ی کەڵاتەرزان چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

لە خزمەت شێخ موختاری مامی دا خوێندنێ دەست پێکردووە و پاشان کتێبە وردەکانی ئەو سەردەمەی لە خزمەتی مەلا محەممەدی کۆماسی خوێندووە. بە دوای فێر بوون و خوێندن زۆر شوێنی کوردستانی ئەم دیو و ئەو دیو گەڕاوە و لە خزمەتی زانایانی وەک: سەید مەحموود شێخەلئیسلامی(چۆڕ)، مامۆستا سەید جەلال(سونەتە)، مامۆستا سەید عەتای چۆڕ چێژی زانستی وەرگرتووە. دواتر لە سەر دەستی مامۆستای پایەبەرز مەلا باقری بالکدا ئیجازەی مامۆستایەتی وەرگرتووە. بەڵام مامۆستایەتی نەکردووە. ساڵی ١٩٧٣ هەواری ژیان بۆ شاری مەریوان ئەگوێزێتەوەو لە دایەرەی پەروەردە دائەمەزرێت و دواتر دیپلۆم وەرئەگرێت. دوای ٢٦ساڵ مامۆستایەتی لە مەریوان و گوندەکانی دەوربەری، خانەنشین ئەکرێت.

ئەم مامۆستایە لە پەنای ئەرکی مامۆستایەتیدا، لە بواری شێعریشدا چالاکی نواندووە و نازناوی شێعری «هاوڕێ»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

شێعرەکانی مامۆستا قانع و کاکە حەمەی بێلوو ئەبێ بە هەوێنێک بۆ چوونە ناو دنیای شێعر و هەڵبەستەوە. لە بواری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئەوین و خۆشەویستی و

دیـــسان ســـــەلامی گەرم و بە تیـــنم
هەڵقـــولاو لە نـــاخ دڵەی حەزیـــنم

پێشکەش بە تەک تەک مـاڵ و خێزانـت
پەروەردەی فکــــری بەرز و لێزانـــــت

یــا خــوا پێنووســت هەر وا لە ڕێـی حەق
بــــڕوا هەتــــاکوو ئەگـــا بە شــەبەق

لە لـــووتکەی بەرزی ئاســۆی ئـازادی
کۆتــــایی بێنـــــی بە نـــــامۆرادی

«ئەنــوەر» موخلیـسە هەتــا کـــوو مـــاوە
نـــــاوت لە پەڕەی دڵا نووســـــــراوە

یەک وێــنە لە نـاو بیـل بـیەلەی چـاوە
هەر چـــێ ئەڕوانــم شــێوەی جێمــاوە

هەژدەی گـــولانی ســـاڵی هەشـــتا و نــۆ
پیـــرۆز بـایم هـــات بــۆ خزمەتـــی تـــۆ

سوپاســـــی خــــوایە ئـــاخر کەلامـــم
هــــاتە کۆتــــایی عەرز و ســـــەلامم

حەمیدە خالدی

حەمیدە خالدی کچی خوالێخۆشبوو حاجی باوە شێخی ئەڵمانەیە. ساڵی ١٩۴۴ لە گوندی «ئەڵمانە» لەبنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە. بە هۆی نزم بوونی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردەواری لەئاست ژنان و کچاندا، ئەمیش وەک ژنان و کچانی سەردەمی خۆی، لە خوێندن و فێر بوون بێ بەش بوو و نەیتوانی چێژ لە بەهرەی خواپێداوی خۆی وەربگرێ.

لە ساڵەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ بە کەڵـک وەرگـرتن لە کەلاسەکانی(نهـضت سوادآموزی) توانیٚ تا ڕادەیەک خوێندن و نووسین فێر بێت. چەرمەسەرێی ژیان و

پەرستاری کردن لە دایکی خۆی کە نەخۆش بوو و هەست و سۆزی دایکی، وای لێ کرد کە دەست بۆ پێنووس ببات و ئەزموونی شێعری خۆی بخاتە بەردەست خزمان و دۆستانی. ئێستا خەرمانی لە کچ و کوڕ و ماڵی دنیا، ژیانی کۆمەڵێ شێعر و هەڵبەستە. ئاواتە خوازە کە رۆژێ دەفتەرە شێعرەکەی چاپ بکرێت و بکەوێتە بەردەست خوێنەران.

«بێ وەفایی پیاوی خراپ»

چەند ساڵ لە ماڵ مێرد ژن ڕەنج ئەکێشێت
خوێن و مۆخی خۆی هەموو ئەبێژێت
لە دەستی ئەدات قۆناغی جوانی
ئەبێت بە فیدای ماڵ و میوانی
ئەو لەشە جوانە هەمووی تێکئەشکێت
لەزەت و خۆشی لە دەستی ئەچێت
قەدری نازانێت پیاوی بێ وەفا
پێی ئەڵێ بڕۆ خوا پەکم ناخا
ژن عومری گەیشت بە چل و پەنجا
پیاو بۆ ژنتر ئینجا هەوڵ ئەدا
ڕیش و سمێڵی بە دەواو دەرمان
هەمووی ڕەش ئەکات پیاوی فرەزان
لیباسی تازە ئەکاتە بەری
کەوشی قاوەیی، بۆیە بۆ سەری
خۆی بۆن خۆش ئەکات بە عەتر و گوڵاو
سەرو زبان خۆش لە گەڵ ژن و پیاو
بە خاتر ئەوە ژنتر بهێنێت
بۆ ژنی کۆنەی گۆڕ هەڵئەکەنێت
هیوای ژن هێنان کەلەی ئەدات جۆش
لە لای نامێنێت عەقڵ و فام و هۆش
بە جێگەی بەحس و تەکبیر لە ناو ماڵ
جوێن و هەرا بوو لە گەڵ قسەی تاڵ

مەلا محەممەدی جەوانڕوودی[1]

مەلا محەممەدی کوڕی زانای پایە بەرز مەلا مەحموودی جەوانڕوودی ساڵی ١٩٣٦ی زایینی لە گوندی «دەرەتفێ» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە خزمەتی باوکیدا خوێندن دەست پێئەکات و بۆ تێراو بوون لە کانیاوی زانست ڕوو لە کوردستانی عێراق ئەکات. زۆربەی شار و گوندەکان ئەگەڕێت و بە خزمەتی مامۆستا ناودار و پایەبەرزەکانی سلێمانی و دەوروبەری ئەگەیەت. دوای چەند ساڵ ئەگەڕێتەوە دەرەتفێ و لای باوکیدا درێژە بە خوێندن ئەدات و پاشان ئەڕواتە خزمەتی مامۆستا مەلا مەحەمەد ئەمینی کانی سانان. هەر لەو ساڵانەوە، لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە چالاکیە سیاسیەکانی دەست پێدەکات و چالاکیی سیاسیی ئەو تا دوایین ساتەکانی ژیانی بریتی بووە لە وەستان لە بەرانبەر زۆر و نابەرابەری چ لە بەرانبەر ئەربابێکی زۆردار و چ دەوڵەتێکی سەرەڕۆ وەک دەوڵەتی پاشایەتی.

دوای ئەوەی چەند ساڵ لە خزمەتی مامۆستا مەلا باقری بالک ـ دواتر ئەبێ بە خەزوورەی ـ خوێندوویەتی. دیسانەوە بەرەو سلێمانی ئەگەڕێتەوە و سەرئەنجام لە خزمەت خەتیبی سلێمانی (شێخ محەممەدی خەتیبی گەورە) ئیجازەی زانستی وەرئەگرێت. بە هۆی نەخۆشی و کۆچی دوایی باوکییەوە ئەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی. بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی ئاگا کردنەوەی خەڵکی چەوساوە و ژێردەستی گوندەکانی دەوروبەر، بێ وچان لە ژێر هەڕەشە و ئازاری ئەرباب و زەویدارەکاندا ئەبێت. هەروەها ساڵەکانی ١٩٦١و١٩٦٢ لەلایەن دەزگای دەوڵەتییەوە حوکمی دەسبەسەری بۆ دەر ئەچێت و چەندین جار پەلاماری کوشتنی ئەدەن. هەر لە بەر ئەوە دەست لە مەلایەتی هەڵ ئەگرێ و بە میکانیکی، خەیاتی، دوکانداری، جۆشکاری، شۆفیری و ... ژیانی بە سەر ئەبات.

هەر لە منداڵییەوە نیشانی داوە کە هۆگری فێر بوونە. لە سەردەمی منداڵیدا کە باوکی دەرسی وتووەتەوە ئەم نووسەرە لە دوورەوە گوێبیستی وانەکان بووە و کاتێ

---

١. ئەم زانیارییە کاک «سەلاحی کوڕی» دەسی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

فەقێکانی باوکی نەیانتوانیوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، زۆر چالاکانە وەڵامی داوەتەوە. ئەم مامۆستایە لە سەر زۆرێك لە کتێبەکانی فەلسەف و مەنتق پەراوێزی نووسیوە. نامیلکەیەکی لە سەر فەلسەفە ئامادەیە کە هێشتا لە چاپ نەدراوە. کتێبێکی سەبارەت بە جۆغرافیا و مێژووی مەریوان و زانایانی ناوچە نووسیوە کە بە داخەوە مەرگ دەرفەتی تەواو کردنی پێنەداوە. زۆر هۆگری خوێندنەوە و نووسینی شێعر بووە و ئەو شێعرانەی بە خەتی خۆی لە سەر زۆربەی دەفتەر و کتێبەکانی لە کاتی خوێندنەوەیان نووسیونی، ئەگەر کۆ بکرێنەوە دەفتەرە شێعرێکی تەواوە.

دوای چەند مانگ نەخۆشین و شیمی دەرمانی لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٩٣ ماڵ ئاوایی لە ژیان ئەکات و وەسیەت نامەکەی چەن وشە و دوو پارچە هۆنراوەی خۆی بووە کە لە سەر چەسپێکی کاغەزی لکاندویەتی بە بن دەستییەوە.

ئەحمەد محەممەدی

ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە جەرگەی هێرشی هێزەکانی شای ئێران بۆ سەر گوندی «دزڵی» کە بووە هۆی ئاوارەیی و دەرچوونی خەڵک بۆ بناری شارەزوور، لە لووتکەی بەرزی کێوەکانی هەورامان لە سەر سنوور «مڵەوەرد» لە دایك بووە.

قۆناغی سەرەتایی لە مەریوان و دواناوەندیشی لە بەشی ئەدەبی لە کرماشان تەواو کردووە. لە تەمەنی بیست و یەك ساڵاندا وەك دەرجەدار لە سپای ئەوکاتەی ئێراندا وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٦٠ لە تەمەنی بیستودوو ساڵاندا لە ناوەندی تۆپخانەی ئیسفەهانەوە بۆ ناوەندی سپای چواری ڕۆژئاوای ئێران لە شاری کرماشان ئەگوێزرێتەوە و هەر لەوێش وەك وەرگێڕی بڵاڤۆکە کوردییەکانی سپای ڕۆژئاوای ئێران دائەمەزرێت. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠تا ١٩٦٣ وەك وەرگێڕی ستادی سپای ئێران ئەو ئەرکە بەڕێوە ئەبات.

لە داوی سی ساڵ خزمەت کردن لە سپای ئێراندا و جێگا گۆڕکێیەکی زۆر لە ساڵی ١٩٨٨خانەنشین ئەبێت.

بڕی و ڕەنگ کاری. لە گەڵ پێکهاتنی ڕێکخراوی «پیکار با بیسوادی[١]» دوای سەرکەوتن لە تاقیکاریدا ئەبێ بە مامۆستای قوتابخانەی «ژریژە» و دواتریش «دێوەزناو». لە درێژەی خزمەتی مامۆستاییدا، لە دایەرەی پەروەردە و بارهێنانی مەریوان بەرپرسیاریەتی وەئەستۆ ئەگرێت. دواتر بۆ سنە ئەگوێزرێتەوە و لە قوتابخانەکانی شاری سنەدا وانە ئەڵێتەوە. ساڵی ١٩٨٨ لە تاقیکاری پلەی سێی مامۆستایانی ئایینی‌دا بەشداری ئەکات و لە لایەن « وەزارەتی زانست و فێرکاری باڵا » دوکتورای پێ ئەبەخشرێت.

مامۆستا قانع کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر داناوە و بەرە و نووسین هانی داوە. هەنووکەش دانیشتووی شاری سنەیە و خەریکی خوێندنەوە و نووسین و لێکۆڵینەوەیە.

کارنامەی فەرهەنگی ئەحمەد نەزیری:

بڵاو کراوەکان:

١ــ زایەڵەی زریبار. ٢ــ کۆکردنەوەی «دیوانی مەلاحەسەنی دزلی». ٣ــ ساخ کردنەوە و لە چاپ دانی «تاریخ سلاطین هورامان».

بڵاو نەکراوەکان:

١ـ کتێبی «هەورامان ناسی» لە هەشت بەرگ و شەش هەزار لاپەڕەدا. (لە بەر زۆر بوونی هێشتا چاپ نەبووە، بەڵام کورتەیەک لە باسەکانی ئەم کتێبە بە ناوی «بەرکولێک لە هەورامانناسی» لە ژێر چاپدایە.

٢ــ بەرهەمی بڵاو نەکراوەی «مامۆستا مەلا ساڵحی ئەسپەریزی» ناسراو بە «موحریق».

٣ـ کتێبی « گەنجینەی وشەی کوردی» .

۴ـ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی «دیوانی فەریقی».

۵ـ کتێبی «قسە خۆشە کوردییەکان و گوڵبژێرێک لە ڕشتەی مرواری».

---

١. «پیکار با بیسوادی» واتە بەرەنگاری لەگەڵ نەخوێندەواری، لە دەیەی شەستی زایینی‌دا لە ئێران دەستی بە چالاکی کرد و ئەرکە سەرەکییەکەی خوێندەوار کردنی گەورە ساڵانی نەخوێندەوار بوو.

٦- کتێبی «کایەکوردییەکان» کە دووسەدو چوار گەمەی کوردی ئەگرێتە بەر.
٧- نووسین و کۆکردنەوەی قسەخۆشە کوردییەکانی ناوچەی مەریوان و دەوا و دەرمانی زووی ئەم ناوچەیە.

هاوکاری کردن بە شێوەی نووسین و وتار لە گەڵ زۆربەی ڕۆژنامە و حەوتوونامەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور، بەشداری کردن لە کۆنگرەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، وەک: هەورامانناسی،کۆنگرەی مەولەوی، کۆنگرەی مەولانا خالید نەقشبەندی، کۆنگرەی مەشاهیری کورد و... نووسین و ئامادەکردنی بەرنامەگەلی جیا جیا بۆ میدیا کوردییەکان و بەشداری ڕاستەوخۆ لە بەرنامەکانیاندا.

محەممەد ڕووستایی(مامۆستا حافز)

مامۆستا حافز، مانگی سێی ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە گوندی «باشماخ» لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «حاجی ئەحمەد» و دایکی «ئامینە» خاتوونە.

مامۆستا لە خزمەتی مامۆستایان: مامۆستا عارفی بێیەرە لە باشماخ، مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرمیانی لە سلێمانی، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا زەرواوی لە سلێمانی و مامۆستا مەلا محەممەدی خوداجو لە باشماخ، چۆکی فەقێیەتی داداوە. ساڵی ١٩٧٢ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و باخی ژیانی بێ گوڵە و لە گەڵ «زەڕین» خاتوونی خێزانی بێ منداڵ ئەژین و دنیای پان و بەرینی بە دوو چاوی سەر نەبینیوە. ئەم پیاوە نەفس بەرز و قسەخۆشە، لە ژیانیدا بۆ جارێکیش دەستی بۆ لای کەس ڕانەکێشاوە و وەک کاسبێکی لێهاتوو، زۆر لە خزمەتی هەژاران و نەداران دایە. لە ماڵە خنجیلانەکەی وەک قوتابخانەیەک کەڵک وەرئەگرێت و بێ چاوەڕوانیی ماڵی دنیا وانەی قورئان ئەڵێتەوە.

وەرگێڕانی کتێبی «جوهرالنضید»ی شێخ مەعرووفی نۆدهی (لە سەر زانستی تەجوید) لە عەرەبییەوە بۆ کوردی یەکێک لە چالاکییەکانی مامۆستا لە بواری نووسیندایە کە وەک سی. دی. کەوتۆتە بەر دەست هۆگرانی. مامۆستا حافیز ئێستا(٢٠١١) دانیشتووی مەریوانە.

مەعرووف بەرزەنجی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی.
٨ـ سێ کوچکەی هەرەس، لە نێو بەردئاشی ڕۆم و عەجەمدا، نووسینی سەلام خۆشناو، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی.
٩ -کاروانێک لە شەهیدانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەورەی پەهلەویدا، نووسینی حەسەن قزڵجی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی.
١٠- بە سەرهات و ژیانی پرۆفیسۆر ئەمین زەکی، نووسینی مەعرووف جیاوک، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی.
١١ـ بیرەوەریەکانی جنرال(سپاهبۆد ئەمانۆڵڵا جیهانبانی و ئۆردوکێشی و هێرش هێنانی ئەرتەشی ئێران دژ بە سمکۆ).
١٢ـ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا، نووسینی جنرال ئێحسان نووری بدلیسی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی.
١٣ـ لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد.
١٤ـ بارزانی لە مەهابادەوە بۆ لێوارەکانی ئاراز، نووسینی نەجەف قوڵی پسیان، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی.
١٥ـ بۆ ئاگاداری بەڕێزان، تائێستا چواردە بابەت و ڕیسالە و نامیلکە و بە سەر هات و ژیانی ڕێبەران و کەڵە پیاوانی گەلی کوردم نووسیوە و لە بەرهەمە چاپ کراوەکانمدا بە نێوی «تعلیقات» لە چاپ دراووە کە ئەمانەن:
١٦ـ بە سەرهات و ژیانی پێشەوای سەربەرز و گەورەی کورد، شەهید قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان.
١٧ـ شێخ مەحموودی نەمر دانەری بەردی بناغەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.
١٨ـ مستەفا بارزانی نەمر دانەری بەردی بناغەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.
١٩ـ شێخ سەعیدی پیران، شەهیدی ڕێگای ئازادی گەلی کورد و ڕێبەری شۆڕشی ئاگری داخ (ئارارات) ١٩٢٥.
٢٠ـ شەهید سمایل ئاغای سمکۆ، ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.
٢١ـ بەسەرهات و ژیانی مێژوو نووس، شاعیر و وەرگێڕی بلیمەتی کورد،

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی(هەژار).

٢٢ـ بەسەرهاتی عەلائەددین سەجادی، مێژوونووس و ئەدیبی پایەبەرزی کورد.

٢٣ـ بنەماڵەی بەدرخانییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو بنەماڵە بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد.

٢٤ـ جاسووسی کردنی جنرال میجرسۆن لە کوردستان.

٢٥ـ ڕێکەوتننامەی بە ناوبانگی ١٩٢٧ لە نێوان بەریتانیا و شێخ مەحموودی نەمردا.

٢٦ـ ئازادکردنی شێخ مەحموودی نەمر لە زیندانی «قەڵەبەندی» بەغدا بە هۆی دەروێش حسێنی سنەیی.

٢٧ـ دوایین شەڕەکانی مەحموود خانی دزڵی دژ بە بریتانیا .

٢٨ـ بە سەرهات و ژیانی مستەفا بارزانی نەمر.

٢٩ـ نامیلکەیەک سەبارەت بە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر، لە کۆنگرەی باڵای سلێمانی خوێندرایەوە و مەداڵی زێڕینی پێ بەخشرا.

ئیبراهیم غەریبی

ساڵی ١٩٤١ی زایینی لە گوندی «کانی پان» سەر بە ناوچەی لەیلاخ هاتووەتە دنیا. پیشەو کاری بنەماڵەکەی کشت و کاڵ بووە و بەو شێوە ژیانیان بردووەتە سەر. بە هۆی ناکۆکییەک کە ئەکەوێتە نێوان بنەماڵەکەی و بنەماڵەیەکی تر زێدی خۆیان بە جێ دێڵن و ڕوو لە گوندێکی‌تر بە نێوی «کەرگ ئاوا» ئەکەن و لەوێ ئەنێردرێتە حوجرەی مزگەوت و جزوی عەممە ئەخوێنێت. لە بەر باری لاوازی ژیان ڕوو ئەکەنە سنە و پاشان مەریوان و لەوێشەوە بەرەو ئێراق ئەڕۆن تا لە کەرکووک ئەگیرسێنەوە. پاش دوو ساڵ بە هۆی ئێرانی بگیرەوە دیسان باروبنەیان بەرەو ئەم دیو ئەپێچنەوە و مەریوان ئەبێ بە ماڵ و زێدیان.

خوێندنی سەرەتایی لە مەریوان دەست پێئەکات. ساڵی ١٩٦٠ لە «دانشسرای مقدماتی تربیت معلم» لە سنە بۆ مامۆستایەتی وەرئەگیرێت. دوای تەواو کردنی خولی فێرکاری ئەگەڕێتەوە مەریوان وجل و بەرگی مامۆستایەتی لەبەر ئەکات و بە بیر و هزری ڕۆژەوە سی و چوار ساڵی ڕەبەق دەستی لەرزۆکی قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی

و چاپەمەنییانەوە گەیشتووەتە بەردەنگی خۆیـان: ڕادیـۆی سنە و ڕادیـۆی کرماشـان؛ حەوتەنامە و گۆڤارەکانی: بانگی حەق، ئاسۆ(گۆڤاری زانکۆی سەنعەتی ئیسفەهان)، ڕوانگە (گۆڤاری زانکۆی کوردستان)، و هاوار.

وەکوو کتێب ئەتوانین ئاماژە بە وەرگێڕانـی قورئانی پیـرۆز بکەیـن کە ئامـادەی چاپە. ئێستاش خەریکە کار لە سەر کتێبێک ئەکات لە مەڕ مێژووی شار و ناوچەی مەریوان.

ناسر حەیدەری کانی سانانی

کوڕی حەمەخان کوڕی مەحمـوود خـانی کـانی سـانان و دایکی «تاووس» خـاتوون کچـی سـلێمان خـانی جـافە. سـاڵی ١٩٤٨ی زایینـی لە گونـدی «شـەیان»[1] لە نـاوچەی شـلێر لە کوردستانی ئێراق چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

ئەم نووسەرە ئەڵێت[2]: «هەر لە کانی سانان چومە مەدرەسە. لە بیـرمە بەشـێک لە مـاڵەکەی خۆمـان بـۆ مەدرەسـە و مـاڵی مامۆستا تەرخان کردبوو. ئەو شوێنە لە مێژەوە مەدرەسەی تێدا بـوو[3]. یەکەم مامۆسـتام پیاوێکی قسەخۆشی خاوەن هەستی شێعری سنەیی بوو بە نێوی ئاغای «هوشیار». من کە کـوڕی سـەرۆک عەشـیرەی حەیـدەری بـووم، وەک قوتابیەکـانی تـر سـەیری

١. لە دوای کۆچی دوایی خواڵێخۆشبوو مەحموودخانی کـانی سـانان لە سـاڵی ١٩٤١ لە زینـدانی «قەسـری قاجـار»ی تاراندا، حەمەخانی کوڕی ئەکەوێتە ژێر زەبر و زەنگ و موڵـک و مـاڵی لێـزەوت ئەکرێـت. حەمەخـان کە خوێنەواری ئاکادمیای نیزامی لە تاران بووە، لە گەڵ پتر لە ٧٠ کەس لە هاوڕێیانی لە مەریـوان، لە سـەر بانگهێشـتی قـازی محەمـەد ئەڕواتە مەهاباد و تێکەڵ بەو شۆڕشە ئەبێت و پلەی سەرهەنگی پێ ئەبەخشرێت. پێش لە هاتنی سوپای نیزامـی و هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان، لەسەر پێشنیاری پێشەوا قازی، مەهابـاد بەجێـدێڵێت. ئەچێتە «مێشیاو»و بە هـۆی ڕاوەدونـانی دەوڵەتی ئێراقەوە، ئەوێش بە جێدێڵێت و ئەڕواتە «شەیان»و پەنا ئەبا بۆ شێخ مەحموودی نەمر و لای شـێخ دائەنیشـێت. بە تاوانی بەشداری چالاکانە لە کۆماری کوردستاندا، بە شێوەی غیابی بڕیاری لە سێدارەدانی لە لایەن حکومەتی ئێـرانەوە بۆ دەر ئەچێت. پاش ساڵێک لە لایەن «سپەهبود ڕزم ئارا»وە ئەو بڕیارە هەڵئەوشێتەوە و بەم جـۆرە ئەگەڕێـتەوە زێـدەکەی خۆی کانیسانان.

٢. وت و وێژ لە گەڵ نووسەر.

٣. یەکەم خوێندنگا لە مەریوان لە ساڵی ١٩٢٦ لەو شوێنەدا، لە سـەر خواسـت و ویـستی خواڵێخۆشبوو مەحموودخـانی کانی سانان دائەمەزرێت. پاش گـرتن و دوورخستنەوەی سەرۆک عەشیرەکانی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٣٠و١٩٣١ لە لایەن حکومەتی ڕەزاشاوە، ئەو قوتابخانەش دائەخرێت. ساڵی ١٩٥٤دیسان دائەمەزرێتەوە.

شارەزای ڕەوتی تازە و گۆڕانکارییەکانی دنیای ئەدەبیات ئەبێت. چاوە شێخەلئیسلامی هاوڕێ لە گەڵ سوارەی ئیلخانی زادە و عەلی حەسەنیانی هەوەڵین هەنگاوەکانی بزاڤی نوێکردنەوەی شێعری کوردی لە کوردستانی ئێران هەڵدەگرن. دواتر ئەبێ بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان و دوای چەند ساڵ مامۆستایەتی دیسانەوە دەستبەسەر ئەکرێت ـ تا بێ بەش کردنی لە مافی کۆمەڵایەتی ـ لە زیندانی «قەسری قەجەر»ی تاران ئەیهێڵنەوە. پاش ئازاد بوونی لە زیندان، بە دەس فرۆشی لە گوندەکانی ناوچەی مەریوان بژێوی ژیانی خۆی دابین ئەکات. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەبرێتەوە سەر کار و دواتریش لە سەرکار لائەبرێت و بەیەکجاری مەریوان بە جێدەهێڵت. چاوە لە ساڵی١٩٧٩وە لە وڵاتی سوید ئەژیت.

«ئاسمان دوور و زەوی سەخت»

لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە عەسرێکا
کە دێوی زاڵی عیلمی بەشەر مێشی مانگ ئەقاپێنێ
لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە کاتێکا
هەر دوو دەسی هەتاکوو ئەنیشکی لە قوڕ ناوە
نەک بۆ کار
نەک بۆ قوڕ شێلان
بەڵکوو بە ڕەمزی
تەمێ و پەشیمانی
پەشیمانی
لەوان مەجالان
وابەرد و ئاسنی شێلا و
خەنجەری خوڵقاند
بۆ دەستی ئەو کەسانە
کە دەستی پێ ئەنێنە سەر سینە

لەوان مەجالان
وا عەرزی هەڵدڕی
بە چنگەڕنێ
تا مشکی هەماری ماڵی ئاغا
بە خەڵەی سوور
گورپن بێ و خرپن بێ
مناڵەکانی ئەویش ببنە بووکە دارینە
لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە کاتێکا
خەنجەر و دەسەکەوشەی نەماوە
بۆ دەستی بەر پشتێن
لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە کاتێکا
هاتۆتە گوێسەبان
سەر گوێسەبانی ماڵی ڕووخاوی
هاوار ئەکا:
گەلی برادەرینە!
زەوی سەختە ئاسمان دوورە.
(پاییزی ١٩٦٥)

«بۆ مەهاباد»

لای گەلاوێژ چلەی هاوینە
ڕۆژە وەک ڕوومەتی یار پڕ تینە
کەڵکەڵەی گەشت و گەڕم کەوتەوە سەر
بەم گڕ و کڵپە سەرم نایە سەفەر
بۆ مەهابادی هەژار و هێمن
تاسە پڕ گیان و دڵی بە سوێمن

تاقەداری کزی پیری عەودالْ
دیمەنی «هێمن»ی هێنامە خەیالْ
وەکوو ئەو تاک و تەریک لەم لێژا
غەیری سوێراوی گڕاو نەیچێژا
(١٩٦٦)

«شەو»

شەوم بردە سەر بە ئاواتی خەو
خەو نەبوو لە بەر خەیاڵاتی شەو
تاریکیی شەوان خەیالْ ئەهێنێ
درێژیی خەیالْ خەو ئەڕەوێنێ
(١٩٦٣)

ماموٚستا مەحموود دەستووره(مودەڕیس)

ماموٚستا مەحموود کوڕی «محەممە» و «ئامین» خاتوونە. ساڵی ١٩٤١ی زایینی لە گوندی «کالْ» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. سەرتای خوێندنی بە قورئانەوە لە لای خوالێخۆشبوو «شێخ عابدی کالْ» دەست پێئەکات. بۆ درێژەدان بە خوێندن زۆر شوێنی کوردستانی ئێران و ئێراق گەڕاوە و لە خزمەت ئەم زانایانەدا چێژی وەرگرتووە؛ ماموٚستا شێخ جەلال فاروٚقی(نژمار)، ماموٚستا عارف وەسنەیی(سەردوٚش)، ماموٚستا سەید عەلی خالدی(نێ)، ماموٚستا عارف عەلامی(ولەژێر)، ماموٚستا فایەق ئەڵمانەیی و ماموٚستا کەریم سەردوٚش(وەیسە)، ماموٚستا ئیسماعیل(پێنجوێن)، ماموٚستا حەسەن(عەبابەیلێ)، ماموٚستا شێخ حسێن (نزاره)، ماموٚستا محەممەدی مل چەور(بەردەڕەشە)، ماموٚستا محەممەد ئەمین عالی(کانی سانان). ساڵی ١٩٦٥ لە سەردەستی ماموٚستای کانی سانان لە خانەقای

دوورڕۆ ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت. ماوەی ١٣ساڵ وەک وانەبێژ لە قوتابخانەی دوورڕۆ خزمەت بە ئایین ئەکات و لەبەر زانایی و لێهاتوویی لە زانست و وانەوتنەوەدا بە « مودرڕیسی دوورڕۆ» ئەناسرێت. جێگای وەبیر هێنانەوەیە پێش چوونی بۆ دوورڕۆ بە هۆی بیری نەتەوایەتیەوە، لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە ماوەیەک قاچاخ ئەبێت.

مودەڕیسی دوورڕۆ، ساڵی ١٩٧٨ لە بەر باری ئاڵۆزی ناوچەکە، لە گەڵ پیری ڕێبازەکەی «شێخ عوسمانی سێڕاجەددینی» هەواری ژیان بۆ کوردستانی ئێراق ئەگوێزێتەوە و دوای ماوەیەک مانەوە لە بیارە، لە مزگەوتی مەولانا خالیدی شارۆچکەی سەید سادق وەک پێش نوێژ و وانەبێژ خزمەت دەکات. دواتر ئەڕواتە مزگەوتی حاجی عەلی بەگ لە سلێمانی. لە دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕینە گشتییەکە دژ بە دەسەڵاتی بەعس، بۆ زێدەکەی خۆی مەریوان ئەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەوە پێش نوێژ و وانەبێژی مزگەوتی گوندی «نگل»ە. ئەم مامۆستایە لە هەر مزگەوت و شوێنێکدا، قوتابخانەیەکی ئایینی ڕازاندۆتەوە و زۆر مامۆستا و زانای پایە بەرزی پێگەیاندووە. ئەم لە نووسینی شێعردا دەستێکی توانای هەیە. خاوەنی چوار کۆمەڵە شێعرە، بە دوو زمانی کوردی و فارسی و بە شێوەی کلاسیک لە بابەتگەلی ئایینی، کۆمەڵایەتی و منداڵان.

«ئەی مناڵە کاڵەکان»

ئەی مناڵە کاڵەکـــــــان نگینـــــی نـــاو ماڵەکـــان
بـــێ تۆکـــڵ و بـــێ کیـــنەن جـــێ نـــشینی ئەم چیـــنەن
دڵپـــاک و بـــێ تەمـــاعن نەمـــامی تـــازەی بـــاخن
ئێـــــوەن هیـــــوای ئەم گەلە کە پـــێ بــــگەن بە پەلە
ئێـــوەن هیـــوای ئەم چیـــنە بـــاخی ئەم ســـەر زەمیـــنە
دایکـــی دڵـــسۆزی ئێـــوە کە دڵ قـــایم وەک کێـــوە
بە لای لایەو گـــــــۆرانی بە شـــیری پـــاک و جـــوانی
ئێـــــوەی بە مێهرەبـــــانی پەروەردەکـــرد بە جـــوانی

ئه‌مجا خستنیه مه‌کته‌ب
چوونه ژێر ده‌رس موعه‌للیم
به‌شکم شتێ فێر ببن
ئێوه‌ش خۆت و غیره‌تتان
ڕه‌نجی دایکی مێهره‌بان
ڕۆشن که‌نۆ وجاخی
ڕه‌نجی به هه‌ده‌ر مه‌ده‌ن
به‌ڵکوو نه‌مرن پێ بگه‌ن
هه‌رگیز نه‌خڵه‌تێن بۆکه‌س
یه‌ك دڵ و یه‌ك جه‌هه‌ت بن
ئه‌خلاق له ده‌س به‌رنه‌ده‌ن
دوور بن له دوودی تریاق
خۆتان پارێزن له شه‌ڕ
سه‌عی بکه‌ن تا به‌هار
ئه‌وه‌ی ده‌رستان پێ ئێژێ
ئێوه فێر خوێندن ئه‌کا
له قسه‌یان ده‌ر مه‌چن
به ئه‌ده‌ب بن له گه‌ڵیان
که هاتنه ده‌شته‌وه
موعه‌للیم گه‌وره‌تانه
ئه‌ده‌ب بۆ خۆتان خاسه
بێ ئه‌ده‌ب به‌شخوراوه
ئاخر وه‌سیه‌تم وایه
گشت ئومێد و هیوایه
ده‌س له خوا به‌رمه‌ده‌ن
له گه‌ڵ ئه‌وا ئه‌خوێنن
زانینی سوودی هه‌یه
بۆ که‌سبی عیلم و ئه‌ده‌ب
له بۆ ته‌ربییه‌و ته‌علیم
له نه‌زانی ده‌ربچن
ته‌لاش بکه‌ن بێ وچان
مه‌خه‌نه ناو ئه‌شغاڵدان
ببن به گوڵی باخی
گوڵی هیوای سیس مه‌که‌ن
له‌م دنیایه تێ بگه‌ن
ناموس به‌رنه‌ده‌ن له ده‌س
خاوه‌نی به‌سیره‌ت بن
به ئه‌ده‌ب ڕه‌فتار بکه‌ن
له سۆحبه‌تی به‌د ئه‌خلاق
له شه‌ڕ خۆتان بکه‌ن که‌ڕ
شه‌ویش بکه‌ن به نه‌هار
خراپتان پێ نایه‌ژێ
له جه‌هل ده‌رتان ئه‌کا
ئیحترامیان ڕابگرن
قیام بکه‌ن له به‌ریان
له بیرتان نه‌چێته‌وه
وه‌کوو تاجی سه‌رتانه
ده‌ستان نانێته کاسه
به سووك ناوی براوه
ئێژم دنیا کا و بایه
هه‌مووی به ده‌س خوایه
ئیتاعه‌ی ئه‌مری بکه‌ن
فه‌رمانی به جێ بێنن
بۆندار به وێنه‌ی به‌یه...

ئەنوەر لهۆنیان

ساڵی ١٩٤٣ی زایینی لە گوندی «کیکن» لە ناوچەی خاو و میراوای مەریوان لە دایک بووە. باوکی محەممەد سەعید، ناسراو بە گرووبان سەعید بووە کە لە تەمەنی شەش ساڵی کاک ئەنوەردا لە شەڕی نێوان «لهۆن و جوانڕۆ» ئەکوژرێت. نەجیبە خانمی دایکی ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی لە گەڵ هاوسەرەکەی عەبدوڵڵا بەگی قامیشلە وەستۆ ئەگرێ. باوەپیارەکەش وەک کوڕی خۆی پەروەردەی ئەکات.

ساڵی ١٩٧٣ ئەبێ بە چریک و شەش مانگی ئاخری لە گوندی هەنجیران ئەمێنێتەوە. سەید محەممەد ئەمین ناوێک کە پیاوێکی ژیر و لێهاتوو بووە، هەموو ڕۆژێک لە ماڵەکەی خۆیدا دەرسی پێئەڵێت و تا فێری خوێندن و نووسینی ئەکات. دەست لە چریکی هەڵئەگرێت و بۆ بژێوی ژیان لای دۆستێکی فێری پیشەی بەرگدووری ئەبێت.

ساڵی ١٩٧٥ لە ئیمتیحانی پۆلی پێنج سەرئەکەوێت و بۆ پاراستنی دار و دەوەنی زێد و نیشتمانەکەی ئەچێتە ئیدارەی «جنگلبانی»، کە لە دوای سی ساڵ خزمەت کردن خانەنشین ئەبێت.

شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران کاک ئەنوەر ناچار ئەکات کە سی و حەوت جار بە ماڵ و منداڵەوە ئەم هەوار و ئەو هەوار بکات.

بۆ گەشە پێدان بە زانین و توانایی خۆی زۆر هەوڵی داوە. تا ئەوە جێیەی کە دەست لە ملی پێنووس ئەکات و حەز و ویستی خۆی وەک شێعر دەرئەبڕێت.

بەوتەی خۆی: «جوانی وڵاتەکەم و گیروگرفتی ژیان و کوێرەوەری زۆر، دەستیان دا بە دەستی یەکەوە تا توانیم ئەوەی لە دڵمایە باشتر بیخەمە سەر پانتای کاغەزەوە[١].»

کاک ئەنوەر خاوەنی چەند دەفتەر شێعرە کە ئامادەی چاپن.

---

١. وتووێژ لەگەڵ نووسەر.

«پیرۆز بایی جەژنی نەوروز لە جێماو»[١]

هەوڵ بە نـــــاوی خــــــودای دادگەر
لە پاشـــــان ســـلاو لە گیـــانی ڕێـــبەر
بـــــرای بەڕێـــزم زانـــا و بـــا هــــونەر
یـــا خـــوا بە خۆشـــی دونیـــا بەیـــتە ســـەر
دڵـــسۆزی گەلـــی بە ناســـۆر خنکـــاو
چـــاو ســـاقی هەژار مەشـــهوور بە جێمـــاو
ســـاڵی تـــازەیە ســـەوزە کەش و کـــۆ
دڵ بـــۆ ســـەیری شـــاخ داخە وەک پـــشکۆ
موبـــــارەک بـــــایی عەرز ئەکەم پێتـــــان
بەهـــار، جەژنـــی گـــوڵ پیـــرۆز بـــێ لێتـــان
لە تـــۆ و لە هەمـــوو پێنـــووس بەدەســـتان
لە گەلـــی کـــورد و خـــاکی کوردســـتان
خـــودای بـــانی ســـەر ئاگـــای لە حـــاڵە
ســـاڵ و مانـــگ و ڕۆژ تـــۆم لە خەیـــاڵە
لە ئـــاوێنەی دڵ شـــێوەی جەنابـــت
دیـــارە ئاکـــار و ڕەســـم و ئادابـــت
بە چەکـــی پێنـــووس خەریـــک خەبـــاتی
لە فکـــــری مـــــافی گەل و وڵاتـــــی
لە خـــوا ئەخـــوازم هەســـتت پـــتەو بـــێ
بـــۆ خـــزمەت بە گەل فکـــرت پێـــشڕەو بـــێ
لای مـــن بەڕێـــزی گـــوڵی چـــوار وەرزی
وەک ســـیازاخ و شـــاهۆ ســـەر بەرزی
مامۆســـتای زانـــا ئەدیـــب و دڵـــسۆز
چـــرای ڕوونـــاکی خـــاک و گەل و هـــۆز

١. نازناوی شاعیر کاک عوسمان ئەشکاوەندە.

دیـــــسان ســــــەلامی گەرم و بە تیـــــنم
هەڵقـــــولاو لە نـــــاخ دڵەی حەزیـــــنم
پێـشکەش بە تەک تەک مـاڵ و خێزانـت
پەروەردەی فکـــــری بەرز و لێزانــــــت
یـا خـوا پێنووســت هەر وا لە ڕێـی حەق
بـــــڕوا هەتـــاکوو ئەگـــا بە شــــەبەق
لە لـــــووتکەی بەرزی ئاســـۆی ئـــازادی
کۆتـــــــایی بێنـــــــی بە نــــــامۆرادی
«ئەنــــوەر» موخلیـــسە هەتـــا کـــوو مـــاوە
نــــــاوت لە پەڕەی دڵا نووســــــــراوە
یەک وێـــنە لە نـــاو بیـــل بـــیەلەی چـــاوە
هەر چـــیێ ئەڕوانـــم شـــێوەی جێمـــاوە
هەژدەی گـــولانی ســـاڵی هەشـــتا و نـــۆ
پیـــرۆز بـــایم هـــات بـــۆ خزمەتـــی تـــۆ
سوپاســـــی خــــوایە ئـــاخر کەلامـــم
هــــاتە کۆتـــــایی عەرز و ســــــەلامم

حەمیدە خالدی

حەمیدە خالدی کچی خوالێخۆشبوو حاجی باوە شێخی ئەڵمـانەیە. سـاڵی ١٩٤٤ لە گونـدی «ئەڵمـانە» لەبنەمـاڵەیەکی ئایینی و نیشتمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە. بە هۆی نزم بوونی ئاسـتی هۆشـیاری کـۆمەڵایەتی و داب و نەریتـی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردەواری لەئاست ژنـان و کچانـدا، ئەمـیش وەک ژنـان و کچانی سەردەمی خـۆی، لە خوێنـدن و فێـر بـوون بـێ بەش بـوو و نەیتـوانی چێـژ لە بەهرەی خواپێداوی خۆی وەربگرێ.

لە ســاڵەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ بە کەڵـــک وەرگـــرتن لە کەلاســـەکانی(نهـــضت سوادآموزی) توانیێ تا ڕادەیەک خوێندن و نووسین فێـر بێـت. چەرمەسـەرێی ژیـان و

پەرستاری کردن لە دایکی خۆی کە نەخۆش بوو و هەست و سۆزی دایکی، وای لێ‌کرد کە دەست بۆ پێنووس ببات و ئەزموونی شێعری خۆی بخاتە بەردەست خزمان و دۆستانی. ئێستا خەرمانی لە کچ و کوڕ و ماڵی دنیا، ژیانی کۆمەڵێ شێعر و هەڵبەستە. ئاواتە خوازە کە رۆژێ دەفتەرە شێعرەکەی چاپ بکرێت و بکەوێتە بەردەست خوێنەران.

«بێ وەفایی پیاوی خراپ»

چەند ساڵ لە ماڵ مێرد ژن ڕەنج ئەکێشێت
خوێن و مۆخی خۆی هەموو ئەبێژێت
لە دەستی ئەدات قۆناغی جوانی
ئەبێت بە فیدای ماڵ و میوانی
ئەو لەشە جوانە هەمووی تێکئەشکێت
لەزەت و خۆشی لە دەستی ئەچێت
قەدری نازانێت پیاوی بێ وەفا
پێی ئەڵێ بڕۆ خوا پەکم ناخا
ژن عومری گەیشت بە چل و پەنجا
پیاو بۆ ژنتر ئینجا هەوڵ ئەدا
ڕیش و سمێڵی بە دەواو دەرمان
هەمووی ڕەش ئەکات پیاوی فرەزان
لیباسی تازە ئەکاتە بەری
کەوشی قاوەیی، بۆیە بۆ سەری
خۆی بۆن خۆش ئەکات بە عەتر و گوڵاو
سەرو زبان خۆش لە گەڵ ژن و پیاو
بە خاتر ئەوە ژنتر بهێنێت
بۆ ژنی کۆنەی گۆڕ هەڵئەکەنێت
هیوای ژن هێنان کەلەی ئەدات جۆش
لە لای نامێنێت عەقڵ و فام و هۆش
بە جێگەی بەحس و تەکبیر لە ناو ماڵ
جوێن و هەرا بوو لە گەڵ قسەی تاڵ

ئەو پیاوە وەها فکری ئەشێوێت
ماڵ و منداڵ و زندەگی ناوێت
فکری ژن هێنان وەهای لێ ئەکات
خۆراک و خەوی لێ حەرام ئەکات
ئەم جارە ئەڕوات بۆ خواستگاری
زوو مارەی ببڕێ و تەواوکا کاری
چەند پیاوی ماقووڵ سمێڵ چەخماخی
سەرو ڕەشتی زل، قەیم گەڵباخی
ئەحمەد و مەحموود لە گەڵ کا مووسا
ئەکەونە پشت سەر حاجی و مامۆسا
چەند ژنی گوستاخ بۆ کاروفرمان
مەحبووب و مەعسووم، شلێر و جیران
لیباس و کەوش و مێخەکی خۆش بۆن
گۆشت و برنج و قەن و چایی و ڕۆن
ئاوێنە و سابوون، عەتر و گوڵاوی
نوقڵ و شیرینی، کلە بۆ چاوی
مارەیان بڕی بێ قرە و هەرا
بۆ گوێزانەوەی تەکبیری کرا
خۆیشی ئەزانێ کاری وا شیرین
هیچ کەس نەیکردووە لە سەر ڕووی زەمین
کچیش و دایک هەردوو نەزانن
هەر دوو مەغرووری دەورو زەمانن
ئەم فکرە کۆنە کاری نەزانە
ژن بە سەر ژن دان دوژمنی گیانە
دوژمنی درۆ زۆر ئاشکرایە
دوژمنی ناو ماڵ ماری پەنایە
بە پێکەنینێ جەرگت ئەکا کون
درەختی عومرت دەردێنێت لە بن

تــــۆ بە چەن ڕۆژێ ئـــابڕووی خـــۆت ئەبەی
بـــۆ پـــوولْ و پـــارە خـــۆت ریـــسوا ئەکەی
پیـــاو چـــۆنە بـــۆ ئەو، بـــۆ تـــۆش هەروایە
ڕەنجـــی گەلـــێ ژن ئەچـــێ بە زایە
خوشـــکانی ئـــازیز کیژانـــی چاوکـــاڵ
ئیتـــر بەســـیەتی ئـــاژاوەی ناومـــاڵ
ئەم ڕەســـــــمە قـــــۆڕە لابەن لە نـــــاوا
کەم خۆتـــان گـــوم کەن لە نـــاو قـــوڕاوا
پیـــاو ئەگەر عـــوزر و بەهـــانەی ببێـــت
یـــا بـــێ منـــداڵ و یـــا ژن خـــراپ بێـــت
ئەو پیـــاوە حەقـــی ژن هێنـــانی هەس
ڕەنجـــی چەن ســـاڵەی بەر نـــادا لە دەس

ئەحمەد نەزیری

ئەم نووســەرە کــوڕی مەلا عەلــی لە بنەمــاڵەی حــاجی مەلا نەزیــری تەوێـڵەیە. ســاڵی ١٩٤٧ی زاینــی لە گونــدی «دەگاگــا» چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

بنەماڵەکەیان بە هۆگەلی تـایبەتەوە، زۆر شـوێن گەڕاون و ئەم دیو و ئەو دیویان کردووە. دوای شۆڕشی عەبدولکەیم قاسم، بۆ هەمیشە ئێراق بە جێ دێڵن و بۆ مەریوان ئەگەڕێنەوە و باوکی دەبێتە مەلای «ڕیخەڵان».

ئەم نووسەرە خوێندنی بە قورئانی پیرۆزەوە و لە لای باوکی دەست پێئەکـات. بـۆ درێژەدان بە خوێندن ئەچێتە ئاواییەکانی سیاناو، وەیسە، کانی سانان، بالک، نژمار و بەرقەڵا.

لە تەمەنی شانزە ساڵیدا، باوکی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و ئەمیش بەخێـو کردنـی سێ خوشک و برایەک ئەکەوێـتە ئەسـتۆی و هاوکـات ئەبـێ بە جێگـری بـاوکی لە مزگەوت. دوای ماوەیەک مەلایەتی، ڕیخەڵان بە جـێ دێڵێـت و دەچێـتە «مـازیبن» و دواتریش دەبێتە مەلای «ژریژە». لە پاڵ مەلایەتیدا دەست ئەکات بە دارتاشی و شیـشە

بڕی و ڕەنگ کاری. لە گەڵ پێکهاتنی ڕێکخراوی «پیکار با بیسوادی[1]» دوای سەرکەوتن لە تاقیکاریدا ئەبێ بە مامۆستای قوتابخانەی «ژریژە» و دواتریش «دێوەزناو». لە درێژەی خزمەتی مامۆستاییدا، لە دایەرەی پەروەردە و بارهێنانی مەریوان بەرپرسیاریەتی وەئەستۆ ئەگرێت. دواتر بۆ سنە ئەگوێزرێتەوە و لە قوتابخانەکانی شاری سنەدا وانە ئەڵێتەوە. ساڵی ١٩٨٨ لە تاقیکاری پلەی سێی مامۆستایانی ئایینیدا بەشداری ئەکات و لە لایەن « وەزارەتی زانست و فێرکاری باڵا » دوکتورای پێ ئەبەخشرێت.

مامۆستا قانع کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر داناوە و بەرە و نووسین هانی داوە. هەنووکەش دانیشتووی شاری سنەیە و خەریکی خوێندنەوە و نووسین و لێکۆڵینەوەیە.

کارنامەی فەرهەنگی ئەحمەد نەزیری:

بڵاو کراوەکان:

١ـ زایەڵەی زرێبار. ٢ـ کۆکردنەوەی «دیوانی مەلاحەسەنی دزڵی». ٣ـ ساخ کردنەوە و لە چاپ دانی «تاریخ سلاطین هورامان».

بڵاو نەکراوەکان:

١ـ کتێبی «هەورامان ناسی» لە هەشت بەرگ و شەش هەزار لاپەڕەدا. (لە بەر زۆر بوونی هێشتا چاپ نەبووە، بەڵام کورتەیەک لە باسەکانی ئەم کتێبە بە ناوی «بەرکولێک لە هەورامانناسی» لە ژێر چاپدایە.

٢ـ بەرهەمی بڵاو نەکراوەی «مامۆستا مەلا ساڵحی ئەسپەرێزی» ناسراو بە «موحریق».

٣ـ کتێبی «گەنجینەی وشەی کوردی» .

۴ـ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی «دیوانی فەریقی».

۵ـ کتێبی «قسە خۆشە کوردییەکان و گوڵبژێرێک لە ڕشتەی مرواری».

---

١. «پیکار با بیسوادی» واتە بەرەنگاری لەگەڵ نەخوێندەواری، لە دەیەی شەستی زایینیدا لە ئێران دەستی بە چالاکی کرد و ئەرکە سەرەکییەکەی خوێندەوار کردنی گەورە ساڵانی نەخوێندەوار بوو.

٦ـ کتێبی «کایەکوردییەکان» کە دووسەدو چوار گەمەی کوردی ئەگرێتە بەر.

٧ـ نووسین و کۆکردنەوەی قسەخۆشە کوردییەکانی ناوچەی مەریوان و دەوا و دەرمانی زووی ئەم ناوچەیە.

هاوکاری کردن بە شێوەی نووسین و وتار لە گەڵ زۆربەی ڕۆژنامە و حەوتوونامەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور، بەشداری کردن لە کۆنگرەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، وەک: هەورامانناسی،کۆنگرەی مەولەوی، کۆنگرەی مەولانا خالید نەقشبەندی، کۆنگرەی مەشاهیری کورد و... نووسین و ئامادەکردنی بەرنامەگەلی جیا جیا بۆ میدیا کوردییەکان و بەشداری ڕاستەوخۆ لە بەرنامەکانیاندا.

محەممەد ڕووستایی(مامۆستا حافز)

مامۆستا حافز، مانگی سێی ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە گوندی «باشماخ» لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «حاجی ئەحمەد» و دایکی «ئامینە» خاتوونە.

مامۆستا لە خزمەتی مامۆستایان: مامۆستا عارفی بێیەرە لە باشماخ، مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرمیانی لە سلێمانی، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا زەرواوی لە سلێمانی و مامۆستا مەلا محەممەدی خوداجو لە باشماخ، چۆکی فەقێیەتی داداوە. ساڵی ١٩٧٢ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و باخی ژیانی بێ گوڵە و لە گەڵ «زەڕین» خاتوونی خێزانی بێ منداڵ ئەژین و دنیای پان و بەرینی بە دوو چاوی سەر نەبینیوە. ئەم پیاوە نەفس بەرز و قسەخۆشە، لە ژیانیدا بۆ جارێکیش دەستی بۆ لای کەس ڕانەکێشاوە و وەک کاسبێکی لێهاتوو، زۆر لە خزمەتی هەژاران و نەداران دایە. لە ماڵە خنجیلانەکەی وەک قوتابخانەیەک کەڵک وەرئەگرێت و بێ چاوەڕوانیی ماڵی دنیا وانەی قورئان ئەڵێتەوە.

وەرگێڕانی کتێبی «جوهرالنضید»ی شێخ مەعرووفی نۆدهی (لە سەر زانستی تەجوید) لە عەرەبییەوە بۆ کوردی یەکێک لە چالاکییەکانی مامۆستا لە بواری نووسیندایە کە وەک سی. دی. کەوتۆتە بەر دەست هۆگرانی. مامۆستا حافیز ئێستا(٢٠١١) دانیشتووی مەریوانە.

موسلێح شێخەلئیسلامی (ڕێبوار)

ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی سەید ئەحمەد و دایکی فەهیمە خاتوونە و لە بنەماڵەی شێخەکانی «وشکێن»ە. خوێندنی سەرەتایی لە مەریوان دەست پێئەکات. بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەچێتە تاران و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئابووری لە زانکۆی تاران وەرئەگرێت. دواتر ئەگەڕێتەوە سنە و لە دایەرەی بەرنامە و بودجەدا دائەمەزرێت. لە سەر داوای خۆی ئەچێتە شاری زەنجان. دواتر ئەکەوێتە بەر شاڵاوی لە سەر کار لابردن و ساڵی ١٩٧٩ مەریوان بە جێدێڵێت. هەواری ژیانی بۆ وڵاتی سوید ئەگوێزێتەوە. ڕێبوار بە دوو زمانی کوردی و سویدی بەرهەمی ئەدەبی هەیە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١ـ گەشتێک لە کوردستان(کۆمەڵە شێعر).
٢ـ سروودی ئاڵای ئازادی(کۆمەڵە شێعر).
٣ـ دەنگ هەڵبڕە(کۆمەڵە شێعر).
٤ـ چەپکێک چیرۆکی جوان بۆ منداڵان.
٥ـ «ترێسی چاپمەن» شاعیر و گۆرانی بێژی ئەمریکای لاتین(بە زمانی فارسی).

ئیبراهیم مەردۆخی

بنەماڵەی ئیبراهیم مەردۆخی لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی بەرقەڵای مەریوانن. شێخ نەجمەدینی باوکی، لە دەورو بەری ساڵی ١٩٢١ی زایینی کەوتووەتە گوندی «زونجی»سەر بە ناوچەی کەڵاتەرزان. بەڕچەڵەک ئەگەڕێنەوە سەر مەردۆخییەکانی دەگاشێخان.

ساڵی ١٩٤٨ی زایینی لە گوندی زونج چاوی بە دنیا هەڵێناوە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا خراوەتە بەرخوێندن؛ لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتووەتە کانیسانان

چالاکییەکانی نووسەر:

سەرەتای چالاکییەکانی ئیبراهیم مەردۆخی بۆ ساڵی ١٩٦٠ ئەگەڕێتەوە. لە وانەشە

ئەم بابەتە هەندێ جێگای سەرنج و گومان بێت و بە قسەیەکی زل بدرێتە قەڵەم و لە قەوارەی منداڵێکی دە دوازدە ساڵانەدا نەگونجێ. بەڵام لە ڕاستیدا هەوێنی مێشک و بیری بە هۆی برای لە خۆی گەورەتر، شێخ عوسمانی مەردۆخی، شێخ ئەحمەدی مەردۆخی کانی میرانی شاعیر، ناسراو بە شەپۆل و مامۆستا مەلا عەلی لێوی(بیارە) گیرسا.

هەر لەو چرکەساتەوە خۆشەویستی گەل و نیشتمان و زمانە زگماکییەکەی و نووسین و خوێندنەوەی کوردی، ئاوێتەی بیر و هۆشی بوو. هەر ئەم دیاردەیەش بوو دوای چەند ساڵ مانەوە لە حوجرەکانی مەریواندا، بەرە و سلێمانی هەڵینا و لە ساڵی ١٩٦٨ لە «مەعهەددی ئیسلامی مزگەوتی گەورە» گیرساوە؛ درێژەی بە خوێندندا و هەر لەوێش دیپلۆمی عەرەبی وەرگرت. بەهاری ساڵی ١٩٧٦ بەرەو ئێران گەڕایەوە.

ساڵی ١٩٧٧ یەکێ بوو لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی مەدرەسەی قورئانی مەریوان. لەو کاتەوە چالاکی خۆی دژی ڕژێمی پاشایەتی ئێران دەست پێکرد. بەشداری کردن لە خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوەکان هەندێک لەم چالاکییانەن. بە شوێن سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ ئیبراهیم مەردۆخی بەنوێنەرایەتی مەدرەسەی قورئان، ئەبێتە ئەندامی شۆرای گشتی شاری مەریوان. لە ئووتی ١٩٨٢دا لە شاری سنە گیراوە.

خۆی ئەڵێت: «پاش سێ چوار مانگ کوناوکون پێ کردن و هەڕەشە و گوڕەشە لێ کردن، چوار ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاندم. لە گەڵ هەندێ لە هاوبیرانمدا بەرەو بەندیخانەی تەورێز ڕاپێچ کراین. پاش سێ ساڵ و سێ مانگ و دوازدە ڕۆژ، قاپیە گەورەکەی بەندیخانە کرایەوە و جارێکی دی بە زێدی خۆشەویستی خۆمان شاد بوینەوە. کورد وتەنی نەخۆشینە کۆنەکە وەک ڕەگی گولی لێی هەڵدامەوە و سەر لە نوێ کەوتمەوە وتوویرە...[1]»

ئیبراهیم مەردۆخی لە ساڵی ١٩٧٩وە دەستی بە نووسین کردووە. هەوەڵین بەرهەمی لە گۆڤاری «زرێبار» و هەر لەم ساڵەدا بڵاو کرایەوە. لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا زیاتر لە سی وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەنتەرنێتدا بڵاو کردۆتەوە. لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا چالاکانە بەشداری کردووە. بەرهەمەکانی ناو براو لە ڕێی ئەم دەزگا

١. وتوویژ لەگەڵ نووسەر.

و چاپەمەنییانەوە گەیشتووەتە بەردەنگی خۆیان: ڕادیۆی سنە و ڕادیۆی کرماشان؛ حەوتەنامە و گۆڤارەکانی: بانگی حەق، ئاسۆ(گۆڤاری زانکۆی سەنعەتی ئیسفەهان)، ڕوانگە (گۆڤاری زانکۆی کوردستان)، و هاوار.

وەکوو کتێب ئەتوانین ئاماژە بە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بکەین کە ئامادەی چاپە. ئێستاش خەریکە کار لە سەر کتێبێک ئەکات لە مەڕ مێژووی شار و ناوچەی مەریوان.

ناسر حەیدەری کانی سانانی

کوڕی حەمەخان کوڕی مەحموود خانی کانی سانان و دایکی «تاووس» خاتوون کچی سلێمان خانی جافە. ساڵی ١٩٤٨ی زایینی لە گوندی «شەیان»[1] لە ناوچەی شلێر لە کوردستانی ئێراق چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

ئەم نووسەرە ئەڵێت[2]: «هەر لە کانی سانان چومە مەدرەسە. لە بیرمە بەشێک لە ماڵەکەی خۆمان بۆ مەدرەسە و ماڵی مامۆستا تەرخان کردبوو. ئەو شوێنە لە مێژەوە مەدرەسەی تێدا بوو[3].یەکەم مامۆستام پیاوێکی قسەخۆشی خاوەن هەستی شێعری سنەیی بوو بە نێوی ئاغای «هوشیار». من کە کوڕی سەرۆک عەشیرەی حەیدەری بووم، وەک قوتابیەکانی تر سەیری

---

١. لە دوای کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو مەحموودخانی کانی سانان لە ساڵی ١٩٤١ لە زیندانی «قەسری قاجار»ی تاراندا، حەمەخانی کوڕی ئەکەوێتە ژێر زەبر و زەنگ و موڵک و ماڵی لێزەوت ئەکرێت. حەمەخان کە خوێنەواری ئاکادمیای نیزامی لە تاران بووە، لە گەڵ پتر لە ٧٠ کەس لە هاوڕێیانی لە مەریوان، لە سەر بانگهێشتی قازی محەممەد ئەڕواتە مەهاباد و تێکەڵ بەو شۆڕشە ئەبێت و پلەی سەرهەنگی پێ ئەبەخشرێت. پێش لە هاتنی سوپای نیزامی و هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان، لەسەر پێشنیاری پێشەوا قازی، مەهاباد بەجێدێڵێت. ئەچێتە «مێشیاو»و بە هۆی ڕاوەدونانی دەوڵەتی ئێراقەوە، ئەوێش بە جێدێڵێت و ئەڕواتە «شەیان»و پەنا ئەبا بۆ شێخ مەحموودی نەمر و لای شێخ دائەنیشێت. بە تاوانی بەشداری چالاکانە لە کۆماری کوردستاندا، بە شێوەی غیابی بڕیاری لە سێدارەدانی لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بۆ دەر ئەچێت. پاش ساڵێک لە لایەن «سپەهبود ڕزم ئارا»وە ئەو بڕیارە هەڵئەوشێتەوە و بەم جۆرە ئەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی کانی سانان.

٢. وت و وێژ لە گەڵ نووسەر.

٣. یەکەم خوێندنگا لە مەریوان لە ساڵی ١٩٢٦ لەو شوێنەدا، لە سەر خواست و ویستی خوالێخۆشبوو مەحموودخانی کانی سانان دائەمەزرێت. پاش گرتن و دوورخستنەوەی سەرۆک عەشیرەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٣٠و١٩٣١ لە لایەن حکومەتی ڕەزاشاوە، ئەو قوتابخانەش دائەخرێت. ساڵی ١٩٥٤دیسان دائەمەزرێتەوە.

ئەکردم. باوکم خوێنەوار بوو و بایەخی بە زانست ئەدا. لەو سەردەمەدا کتێبخانەیەکی بچکۆلەمان هەبوو، من و دوو خوشکەکەمی بۆ خوێندن هان ئەدا و لێپرسینەوەی لێئەکردین. دوای تاقیکارییەکی گشتی کە لە شاری مەریوان بەڕێوە چوو، خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد و چوینە قۆناغی دواتری خوێندن کە لەو کاتەدا(١٩٦٠) پێیان ئەوت «سیکلی ئەوەڵی دەبیرستان» لە دەبیرستانی فەرۆخی مەریوان. من سەرجەم سێ ساڵ لە مەریوان دەرسم خوێند و ساڵی ١٩٦٣پلەی یەکەمی ناوەندیم تەواو کرد. لە پاییزی ئەو ساڵەدا بۆ درێژەدا بە خوێندن چومە شاری سنە و لە دەبیرستان ڕازی لە «رشتەی طبیعی» دیپلۆمم وەرگرت. ساڵی ١٩٦٦ لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە «زانکۆی میللی تاران» درێژەم بە خوێندن دا. ساڵی ١٩٧١ بەکالۆریۆسم وەرگرت. پاش تەواو کردنی سەربازی، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کە ئەیویست لە مەریواندا ئیزگەیەك بکاتەوە، دامەزرام. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤دا لە سنە دەستم بەکار کرد. دواتر ڕەوانەی مەریوان کرامەوە و کاری ئیداریم تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بوو. دوای ماوەیەك لە سەر کارلابرام و دواتر بانگهێشت کرامەوەو ساڵی ١٩٩٧ خانە نشین بووم».

ئەم نووسەرە، نووسراوەکانی کە بریتین لە بابەتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و مێژوویی، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا بڵاو ئەکاتەوە. لە بواری شێعر و هەڵبەستدا چالاکی ئەنوێنێت و بەرهەمی ڕەنجی لەم بوارەدا کۆمەڵە شێعرێکە. نازناوی شێعری «غەریب»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. خۆی ئەڵێت: «سێ هاندەری سەرەکیم بۆ چوونە ناو بواری نووسین هەبوو. یەکەم هاندانی خوالێخۆشبووی باوکم، دووهەم بوونی کتێبخانەکەی ماڵی خۆمان لە کانی سانان، سێهەم لە سەردەمی منداڵییەوە هەر شێعرێکم پێ جوان ببوایەت لە دەفتەرێکدا ئەم نووسیەوە و لای خۆن هەڵم ئەگرت. ئەو دەفتەرە کۆکراوەیە، لە گەڵ حەز و ویستی خۆمدا بوو بە هەوێنێک بۆ دەر بڕینی هەستی شێعریم».

«دونیای خەیاڵ»

ئــــازیز خـــــاڵییە، ئــــازیز خـــــاڵییە
دونیـــام وە بــێ تـــۆ، ئـــازیز خـــاڵییە

سـەر بە سـەودای تـۆم، وەیـلان و پەشـێو
بـۆ هەرلا ئەچـم، بـێ تـۆ خـاڵییە
شـــەوان تـــا ســـەحەر، هەزارە ئەکەم
هەر کـوێ ئەگەڕێـم، لە تـۆ خـاڵییە
بە ڕۆژ چـوون مەجنـوون، هەردەگێڵم مـن
گێڵیـانم بـێ خێـر، جـێگەت خـاڵییە
مەریـوان بـێ ڕەنـگ لە سـەوزەی بـاڵات
هەروەک بیابـان بـۆ مـن خـاڵییە
ســنە ســەیرانگای تــۆ بــوو ئــازیزم
ئێـستە سـەیرانگات بـۆ مـن خـاڵییە
بـێ نەشـئەی نیـشات لەقـای سیمای تـۆ
زەوق بـێ ڕەونەق لە شـەوق خـاڵییە
بـێ نیگـای پـڕ هەسـت ئەلەسـتی مەسـتت
مەیخانـان بـۆ مـن لە مەی خـاڵییە
بـێ جـام جەمـین جلـوە ئـارای تـۆ
مینـام شکـسته، جـامم خـاڵییە
بـێ تەنـین سـەدای، دڵ نـشینی تـۆ
دونیـام لە نەغـمە و نەوا خـاڵییە
بـێ ئـاڵای بـاڵای مەردانەکەی تـۆ
ئـاڵام یەکـاڵا، مەیـدان خـاڵییە
دات لە شـەقەی بـاڵ بـۆ مەودای خەیـاڵ
هەی داد هەی بێـداد هـێلان خـاڵییە
یـاران، یـاوەران یەکیـان گـرتەوە
لە نـاو کۆڕیانـا، جـێگەت خـاڵییە
خەیـاڵ وەخولیـای تـۆ خەمـڵاوە خەم
خـاتر پـڕ مـاتەم لە هەسـت خـاڵییە
بە فەسڵت ئەی گـوڵ «غەریـب» غەرقی غەم
چـوار فەسـڵەی حەزان، لە گـوڵ خـاڵییە

محەممەد یۆسف ڕەهنموون

ئەم شاعیرە ساڵی ۱۹۵۰ی زایینی لە گوندی «ساداوا[۱]»ی مەریوان لە بنەماڵەیەکی زانست پەروەر و ئایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە و نازناوی شێعری «کۆچەر»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

دایکی زوبەیدە خاتوون لە سەیدەکانی بێلوو و باوکی حاجی مەلا سەعیدە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی «علمائنا فی الخدمةِ العلم و الدین» دا باسی زانایی و لێهاتوویی ئەم بەڕێزەی کردووە.

مامۆستا محەممەد یۆسف لە لای باوکی خوێندن بە قورئانی پیرۆز و گوڵستان و بوستان و کەلیلە و دیمنەوە و ... دەست پێئەکات و بۆ درێژەدان بە خوێندن و پاراو بوون لە کانیاوی زانست لە خزمەت ئەم بەڕێزانەدا بووە: مامۆستا مەلا زاهیدی مووسکی، مەلا محەممەدی خوداجو باشماخ، مامۆستا سەید مەجیدی شانەدەری، مامۆستا سەید ئەحمەدی بانی بنۆک، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بایەوە، مامۆستا مەلا مەحموودی سیاناو، مامۆستا مەلا محەممەدی مل چەوری بەردەڕەشە و مامۆستا مەلامحەممەد ئەمینی کانی سانان کە زۆربەی کتێبە گرینگەکانی لە خزمەت ئەم زانایەدا خوێندووە.

ساڵی ۱۹۷۰ی زایینی لە تاقیکردنەوەی مەعهەدی هەڵبجەدا بەشداری ئەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێ ئەبەخشرێ و لە ساڵی ۲۰۰۶ لە ئێران بەکالۆریۆسی دووهەمی وەرئەگرێت.

بە واتای مامۆستا ڕەهنموون لە درێژەی ژیانیدا ئەوەندە ئەم دیو و ئەو دیوی کوردستانی کردووە کە خۆیشی بۆی ساخ نابێتەوە خەڵکی کام لایە. خۆی ئەڵێ: «ئەوەندە ئەم شار و ئەو شار و ئەم گوند و ئەو گوندم کردووە کە تا چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار و ئاڵەکۆکی مام غەنیم نەخوێندبۆوە، وام ئەزانی تەنیا من دەربەدەر بووم کە تا ئێستا چل و یەک جار کۆچم کردووە.»

بۆ مەلایەتی ئەم شوێنانە گەڕاوە: قاینەجەی شارەزوور، پێنجوێن، سەید سادق،

---

۱. کورت کراوەی سەعید ئاوا.

سلێمانی، سنه و مەریوان.

هۆنراوەکانی کەڵە شاعیرانی نەتەوەی کورد وەک قانع، مەولەوی، ناری، نالی، مەحوی و شەپۆل، کانیاوی بیر و هەستیان تەقاندووە و بەرە و سارای ئەدەب و هۆنراوە هانیانداوە و بە واتای خۆی خۆشترین کات و سات بۆی، بینین و بیستنی هۆنراوەی پڕ ماناو واتایە. هۆنراوەی بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی لە بابەت گەلی ئەوینداری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانیدا هۆنیوەتەوە کە وەک جگەرگۆشەی خۆشیانی ئەویٚ و ئەڵیٚ:

لەجگەر گۆشەی شێعرم مەدە مەعنای خراپ

بە سەبەب کەس نیە ڕازی کە لە ئەولادی دریٚ[١]

ئەم زانا بەڕێزە بێجگە لە نووسین و هۆنینەوەی شێعر و بوونی دەفتەرێکی شێعر و نووسینی ژیانی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) بە کوردی و بە شێعر، چەند خزمەتی بەرچاو و گەورەی لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبدا بە گەلی کورد کردووە کە جێگای ڕێز و پێزانینە:

١ـ پاراستن و لە فەوتان ڕزگار کردنی دیوانی مامۆستا شەپۆل بەو شێوەی کە خۆی باسی ئەکات[٢]:

«مامۆستا شەپۆل(مامۆستا شێخ ئەحمەدی کانی میران) لە گەڵ دایکم پێوەندیی بنەماڵەییان بووە و دراوسیٚ دیٚشمان بووە(کانی میران و ساداوا) زۆر ئاشنایەتیم لە خزمەتیدا هەبوو، خولیای شێعر و هۆنراوەی بووم. لە دوای کۆچی مامۆستا لە بالەک، بۆ بژێوی کچەکانی ـ کە برایان نەبوو ـ کتێبەکانی هەڕاج ئەکریٚ، مامۆستا عەزیزی «نەچیٚ» کە لە کانی سانان فەقیٚ بووین دوو کتێبی زۆر باشیان لیٚ ئەکڕیٚ. یەکەم دیوانە دەس نووسەکەی مامۆستا شەپۆل کە بە خەتێکی زۆرجوان و خۆش نووسرا بوو ئەویتریش باشترین دیوانی مامۆستا ناری بوو.

من زۆر خولیای شێعرەکانی مامۆستا شەپۆل بووم و ئەترسام شێعرەکانیم لیٚ دوور کەوێتەوە، چونکوو مامۆستا عەزیز نزیکی تەواو بوونی دەرسی فەقێیەتی بوو بە فرسەتم زانی، بۆی دانیشتم و لە سەرەتاوە تا دوا دێڕی شێعرەکانم نووسییەوە.

١. ئەم بەیتە لە نالی یە.

٢. وتوویٚژ لەگەڵ نووسەر.

مامۆستا عەزیز خوێندنی لەوێ تەواو بوو. کابرایەك بە نێوی سەید محەمەد ئەمین کە لە بەر فڕ و فێڵ و لاری لە ناو خەڵکدا بە «ابن الشیطان» ناوی لێ ئەبرا، بە بیانووی لە چاپدانی بە بێ هیچ بەرانبەر و بەڵگەیەك دیوانەکە ئەبات و زۆر چەواشەکاری و تەحریفی تێدا درووست ئەکات. بۆ وێنە لە دیوانەکەی مامۆستا ناریشدا چەندە «ناری» ڕق و کینەی لە شا و بنەماڵەی پەهلەوی بوو ئەیگۆڕێت و بە بنامەڵەی پەهلەویدا هەڵ ئەخوێنێت و زۆر نارێك لە چاپی ئەدات و دیوانەکەی شەپۆلیش ئەفەوتێنێ.

ئەو نوسخەی کە نووسیبوومەوە لای من مایەوە. وابزانم کاك عەلی ڕەحمانیش فتۆکۆپییەکی لە نوسخەکی من گرتبوو. بەو جۆرە لە فەوتان ڕزگارم کرد.

کاتێك لە کۆڕی ڕێزگرتنیدا مامۆستا «مەلا محەمەدی جەوانڕوودی» باسی چۆنییەتی فەوتانی دیوانەکەی مامۆستا شەپۆلی لە وتارێکدا کرد، دوای ئەو منیش باسی چۆنییەتی نەفەوتانیم بۆ دانیشتوان کرد. دیوانەکە بە هاوکاری کاك مەحموود مەحموودی ئامادەی چاپ کرا. نازانم بۆ لای ئەو ماوەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.»

٢ـ کۆکردنەوە و پێداچوونەوەی شێعرەکانی «محەمەد عەلی خەم فرۆش» کە چەند جار لەگەڵ خەم فرۆشیشدا پێیدا ئەچێتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە.

بەشداری کردن لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی گەورە و خوێندنەوەی وتار وەك : کۆنگرەی مامۆستا قانع لە مەریوان، کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا ناری لە مەریوان، کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا شەپۆل لە مەریوان و ...

«نیگاری نازەنین هات»

بە حەمدی لیلا نیگاری نازەنین هات
سروری قەلبی زار و ماتەمین هات
بە باڵای هەروەکوو سەروی خەرامان
کەهات لام وام بوو عەینەن یەومی دین هات
بە داوی زوڵفی شەوڕەنگی بەقینە
لە بۆ غارەتگەری ئەهلی زەمین هات

بە ڕەنگــــی تاووســــی و دەنگـــی قـــومری
بە شـــەوق و پـــڕتەوی نـــووری جەبـــین هـــات
بە شـــیری ئەبـــــروان و تیـــری برژانـــــگ
دەڵـــێن بـــۆ قەتـــڵ و ســـینە هەڵـــدڕین هـــات
بە کـــــولمی وەک گـــــوڵی نەرم و لەتیفـــــۆ
بە خـــاڵی ســـوور و زەرد و ســـەوز و شـــین هـــات
بە غـــــــونچەی دەم نەداوەی لێوەکـــــــانی
بە عەینـــی کـــانی شـــەکر و ئەنگبـــین هـــات
بە تیـــری چـــاوی لەت بـــوو جەرگ و ســـینەم
بە وەش ڕازی نەبـــوو بـــۆ ســـەلبی دیـــن هـــات
لە حەســـــرەت بـــــاخی ڕوخـــساری جـــوانی
خەزان کەوتە گـــــوڵان و هەڵـــــوەرین هـــــات
نەوەک شـــــاد بـــــبم تـــــۆزێ بە وەســـــڵی
ڕەقیبـــی ســـەگ ســـفەت بـــۆ هەڵـــوەڕین هـــات
کە زوڵـــــف و ڕوومەتـــــی دەرکەوت لە دووڕۆ
عەجەب مـــاوم کە شـــەو بـــۆ ڕۆژ قەریـــن هـــات
نە تەنیـــا شـــێت و شـــەیدای تـــۆ ئەمـــن بـــووم
بە شـــێتی ســـەد هەزاری وردە بـــین هـــــات
لە بـــــۆ کەوتـــــن لە ڕێبـــــازی ئەوینـــــا
وەکـــوو زوڵفـــت ســـەرم بـــۆ ســـەر زەمـــین هـــات
ئەمەش ئێعجـــــازی بـــــاڵای شـــــەنگی تـــــۆیە
کە عەقـــڵ و شـــێعر و هەســـتم زۆر بە تـــین هـــات
کە شـــــانەی دا لە زوڵفـــــی عەنبەرینـــــی
لە ســـەر عەرز بـــۆنی فیردەوســـی بەریـــن هـــات
ئەوەن بـــــاری خەمـــــی زۆرە لە سەرشـــــان
لە بـــۆ دڵ خەم لە بـــۆ پـــشتم چەمـــین هـــات

لە سەر کوێستانی خۆشیدا کەوی دڵ
کوت و پڕ تووشی شاباڵی شەهین هات
ڕوخی تۆ و زوان و چاوم زۆر عەجیبە
مەلیح هات و فەسیح هات و نمین هات
کە سۆفی دی لە تۆدا سڕی قودرەت
بەشۆر و شەوق و وەجد و هەڵپەڕین هات
لە حەسرەت لێو و کولمی تۆ و دڵی خۆم
لە چاوم خوێن بە هاژە و هەڵقوڵین هات
بەشەر بووم و بەسەرهاتم بە سیلمۆ
بەشەڕهاتی لە گەڵما کاتێ شین هات
لە دەوری شەمعی ڕوخساری ئەبینی
کە پەروانە بە فەوج و تیپ و چین هات
لەگوڵزاری عوزاری بۆ گوڵی زار
هەزارێ هەر هوزاری دڵ خەمین هات
لە دەریایی تەبیعەت دووڕ و گەوهەر
گەلێ بوو چووم نەهەنگی خەم بە قین هات
لە هەر لا «کۆچەر»ی بێچارە دەرکەوت
ئەڵێن مەجنوونەکەی سەحرای ئەوین هات

ئەحمەد ڕۆستەمی

مامۆستا مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلاحەسەن ساڵی ١٩٥١ی زایینی لەگوندی «دەرەکێ» لە دایک بووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا ناردوویانەتە حوجرەی فەقێیان و فێری قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە بووە. بۆ بەدەست هێنانی زانستی زۆرتر زێدی خۆی بە جێ هێشتووە و ڕووی لە گوندەکانی دەوربەری شاری مەریوان کردووە و ساڵی ١٩٧٦ لە خزمەتی عالمی زانا و گەورە، خوالێخۆشبوو «مامۆستا محەممەد ئەمینی عالی»، ئیجازەی مامۆستایی وەرگرتووە. بۆ

پەرە پێـدان بە زانـستی خـۆی سـەردەمانێکیش لە خزمەتـی «شـێخ عوسـمانی سێراجەددینی» (موریدی ڕێبازی نەقشبەندی) و مامۆستا «سەید عەتـای چۆڕی»دا چۆکی فەقێیەتـی داداوە. لەسـەر داوای مامۆسـتا و خەڵکـی گونـدی دەگاشـێخان و ئیجازەی مامۆستا محەممەد ئەمین عالی، ئەبێ بە پێش نوێژی مزگەوتی ئەوگوندە. دواتـر بە هاوکـاری خەڵـک قووتابخـانەیەکی ئـایینی دائەمەزرێـنن و بە هاوکـاری خوالێخۆشبوو مامۆستا «سەید عەتای چۆڕی» دەست بەوانە وتنەوە دەکات. ئیجـازەی مامۆسـتایی بە زۆر فەقـێ داوە. لە دوای بیـست سـاڵ نیشتەجێ بـوون لە دەگاشـێخان هاتووەتە شاری مەریوان.

بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە:

١ـ بورهانی لاوان. ٢ـ تەڵاقی سەلاسە. ٣ـ تەوحید. ٤ـ مەحەببەتی پێغەمبەر(د.خ). ٥ـ ڕیبا و سوو. ٦ـ ئادابی حەج. ٧ـ وەسییەتنامە بۆ فەقێکان. ٨ـ ڕیسالەی بینینی مانگ.

مامۆستا لەتیف ڕەحیمی

مامۆسـتا لەتیـف کـوڕی مەلا عەلـی کـوڕی عەبـدوڵڵای سەفاخانەی هەوشارە. ساڵی ١٩٥١ی زایینی لە گونـدی «بـارام ئاوا» لە بنەماڵەیەکی ئایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

دوای تێـپەڕ بـوونی بەهارێـک بە سـەر ژیانیـدا، وێـڕای بنەماڵەکەی ڕوو لە گوندی قەڵاگا ئەکەن. خوێندنی بە قورئان و کتێـبە وردەکـانی ئەو سـەردەمەوە لە لای بـاوکی دەسـت پێئەکات. دواتر لە خزمەتی ئەم مامۆستایانەدا درێژە بە خوێندن ئەدات: مامۆستا عەلـی سەعادەتی(هەوشاری)، مامۆستا مەحموودی مودەڕیس(کاڵی)، مامۆستا سـەید عەلـی خالیدی (نێ)، مامۆستا ڕەحیمی شەریف(شارانەیی)، مامۆسـتا ئەحـمەد(دەرەمەری) و ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی چۆڕ لە سەر دەستی مامۆسـتا سـەید عەتـای چۆڕی ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت. لەو سـەردەمانەوە ئەگەڕێتەوە «قەڵاگـا»و وەک وانەبێژ و پێش نوێژی مزگەوتی ئەو گوندە دائەنیشێت.

ئەم مامۆستایە وێڕای خزمەت لە بواری ئایین و زانستدا، خـاوەنی بەهـرەی خەت خۆشییە و لە بواری وێژە و ئەدەبیشدا، دەستێکی توانای هەیە. بە دوو زمانی کوردی و

فارسی و بە دوو شێوەی کلاسیک و نوێ شێعر ئەهۆنێتەوە و بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی دوو کۆمەڵە شێعرە کە لە بەر باری نالەباری ژیان و دەست کورتی بۆی نەلواوە چاپ و بڵاویان بکاتەوە.

«لە خەڵوەی ئەشق»

لە مێژە من لە تەکییەی ئەشقی تۆدا
لە سەر بەرماڵی شەو
بەرەو مێحرابی ئەبرۆی کەعبەی چاوت خەریک سوجدەم
ئەوا بەرماڵەکە کون بوو
واشوێنی سوجدەگا شڕ بوو
ئەزانی چی عەزیزی من؟!
لە یەلدای پرچی سەر شانت
بە درێژایی «گردەڵانی» ئاخی من
ببڕە
هەتا بیکەم بە تارو پۆی

ئەحمەد قازی زادە



١١ی ژوئیەی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گوندی ڕەزاو چاوی بە ژیان هەڵێناوە. قۆناغی سەرەتایی خوێندن لە زێدەکەی خۆی دەست پێئەکات و بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەڕواتە شاری سنە و قۆناغی دوا ناوەندی لە و شارە تەواو ئەکات. لەو سەردەمەدا گۆڤارێکی بیرکاری ـ زانستی بە نێوی «یکان» لە ئێراندا دەرئەچێت کە بە هێنانە گۆڕی پرسیاری بیرکاری، ئەو کەسانەی کە وڵامی دروستیان داوەتەوە نێویانی وەک قوتابی چالاک باس لێکردووە و چاپی کردون هەر ئەمە لە گەڵ بوونی باوکێکی ژیر و تێگەیشتوو مامۆستایەکی دڵسۆزی بیرکاریش بە نێوی ئاغای «موحسین حیسامە ددینی» بۆ خوێندن و بڕینی پلەکانی زانست هانی ئەدەن.

ساڵی ١٩٦٦ بۆ بەشی بیرکاری زانکۆی تاران بە پلەی چوارەمی ئێرانەوە قبوول ئەبێت. هاوکات لە گەڵ ئەمەش بۆ ئەندازیاری زانستاگای «ئاریامێهر»ی ئەو دەمە وەرئەگیرێت کە بە هۆی زۆر بوونی پووڵی خوێندن (دوو هەزار تمەن) ناتوانێ بچێت و وازی لێدێنێت. بۆ وەدەست هێنانی بژێوی خۆی لەو کاتەدا کە لە زانکۆی تاران دەرسی خوێندووە هاوکاتیش لە قوتابخانەکانی تاراندا وانەی وتووەتەوە. ساڵی ١٩٧٨ ژیانی هاوبەشی پێک دێنێت.

لە دوای وەرگرتنی بەکالۆریۆس، لە ساڵی ١٩٧٩دا بە پلەی دووهەم بۆ زانکۆی تاران بۆ ماستەر لە بەشی ژمێرکۆدا سەر ئەکەوێت و ئەبێ بە قوتابی مامۆستای گەورەی ژمێرکۆی ئێران بەڕێز دوکتور «غولام حسێنی مەساحەب» کە یەکێ بووە لە قوتابییەکانی «برتراند راسل»ی بە ناوبانگ.

تینوویەتی زانست و فێر بوون دیسان بەرەو کانیاوی زانستگاکان هانی ئەدات و ناسرەوێ تا ئەوەی کە لە ساڵی١٩٩١ بە پلەی سێهەمەوە بۆ قۆناغی PHD (دوکتۆرا)ی «زانکۆی برۆکسل» لە وڵاتی بلژیک وەرئەگیرێت. لە دوای وەرگرتنی دوکتورا بە بیرێکی زانستی قووڵەوە ئەگەڕێتەوە ئێران و وەک مامۆستای ژمێرکۆ لە زانستگاکاندا وانە ئەڵێتەوە.

جێگای ئامـاژەیە ئەم نووسەرە یەکەمین کەسە کە پلەی زانستی دانشیاری لە زانکۆی زانستە پزشکیەکانی کوردستان(دانشیار دانشگاه علوم پزشکی کردستان) بە دەست هێناوە و هەنووکەش دانیشتووی شاری سنەیە. ئەم مامۆستا لە گەڵ وانە وتنەوە و دەرس خوێندندا بە گەرمی خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە بووە کە کارنامەیەکی پڕ لە چالاکی زانستی هەیە.

ئەمانەش بەشێکن لە چالاکییە فەرهەنگی و زانستیەکانی:

١ـ جمعیت شناسی در پزشکی، یەکەمین کتێب لەم بابەتە کە لە ئێراندا چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٢ـ جمعیت شناسی تحلیلی وتنظیم خانوادە، چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٣ـ وەرگێڕانی چواردە کتێب و پەرتووک بۆ سەر زمانی فارسی لە ئینگلیزییەوە کە بەشێکیان چاپ کراون و بەشێکی تریان ئامادەی چاپن.

٤ـ نووسین و بڵاوکردنەوەی بیست وتاری زانستی لە گۆڤارە زانستی و

پزشکییەکانی ناو خۆی ئێراندا وەک: «بهداشت ایران»، «تنظیم خانواده»، «اندیشه رفتار»، «علمی ترویجی» و «یکان».

٥ــ نووسین و بڵاوکردنەوەی پێنج وتاری زانستی ـ تەندروستی لە گۆڤاری نێونەتەوەیی ڕێکخراوەی بێهداشتی جیهانی(سازمان بهداشت جهانی).

بەشداری لە سێ کۆنگرەی نێونەتەوەیی و چواردە کۆنگرەی ناوخۆدا.

شەمسەددین فەتاحی (دواکەوتوو)

ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە گوندی «شێخ شەربەتی» مەریوان لە بنەماڵەیەکی ئایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی حاجی عەلی محەممەد و دایکی فاتمە خاتوونە.

لەتەمەنی هەشت ساڵاندا ئەنرێتە بەرخوێندن و سەرەتای خوێندنی بە قورئانی پیرۆز و کتێبە ئایینییەکانەوە دەست پێ‌ئەکات. دوو ساڵ پاش دەست پێکردنی خوێندنی، دوو کارەساتی ناخۆش ڕەوتی خوێندنی ئەشێوێنن و بۆ ماوەیەک لە خوێندن دووری ئەخەنەوە، کۆچی دایکی و دوومانگ دواتر کۆچی مامۆستاکەی.

وەک نەریتی فەقێی کورد بۆ خوێندن و فێر بوون زۆر شوێن گەڕاوە: پیرخزران، قەتەون، وەنێنە، بەرقەڵا، بالک و کانی سانان و خوردە لۆکێ.

لە سەردەمی خوێندنیدا لە کانیاوی زانستی ئەم بەڕێزانە چێژی بردووە؛ مەلا مەحموودی پیرخزران، مەلا تۆفیق ساڵحی، مەلا محەممەد چاڵی سووری، مەلا محەممەد ئەمین دەروێشانی، مەلامحەممەد کۆماسی، مەلا ڕەحیم بەرقەڵا، مامۆستا باقری بالک و مامۆستا محەممەد ئەمین عالی. ساڵی ١٩٧٠ لە سەردەستی «مەلا عوبەیدوڵلای خوردەلۆکێ» ئیجازەی مامۆستایەتی پێئەدرێت. ساڵی ١٩٧٩ دیپلۆمی زانستە مرۆییەکان (علوم انسانی) لە قوتابخانەی فەرۆخی مەریوان ئەگرێت. چەند ساڵێک وەک مامۆستای قوتابخانەکانی دایەرەی پەروەردە و بارهێنانی مەریوان خزمەت بە منداڵانی گەلەکەی ئەکات. ساڵی ١٩٨٥ ئەم شوێنە بە جێ دێڵێت و لە دایەرەی پۆستی شاری مەریوان دائەمەزرێت. دوای یازدە ساڵ خزمەت لەو شوێنەش دەرئەکرێت. لە ڕێگای دووکانداریەوە بژێوی ژیانی دابین ئەکات و ساڵی ٢٠٠٢

دەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی واتە شێخ شەربەتی.
سەرەتای نووسینی شێعری ئەگەڕێتەوە بۆساڵەکانی ٥٠ و لە بواری ئایینی و کۆمەلایەتی و ڕامیاریدا حەوت هەزار بەیت شێعری هۆنیوەتەوە و نازناوی«دواکەوتوو»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. بە واتای خۆی: «لە سەردەمی ئەم نووسینانەمدا زۆر جار دڵسارد و نائومێدیان کردووم بەڵام کۆڵم نەداوە و کۆڵیش نادەم.»

بە ناوی خوای تەوانا و عادڵ
بێزار لە بیر و بۆچوونی باتڵ
لاڕەیب ئەحەد قەت نابێت بە دوو
موبەڕڕا لە عەیب هەمیشە زیندوو
ناوت سەر لەوحە و تەکیەگای کەلام
لە سەر موحەممەد سەلات و سەلام
هەروەها لە سەر گشت ئەو کەسانە
ڕێڕەوی ڕێگای شاهی مەردانە
یاران موژدە بێت جەژنی مەولوودە
جەژنی پیرۆزی سوپای مەحموودە
با نەڵێت پێمان سەحبانی عەرەب
لە کوردستانی پڕ عەقڵ و ئەدەب
بە کوردی نایکەن مەدحی موحەممەد
هەزاران سەڵوات بۆ ڕۆحی ئەحمەد
ڕەبیع دڵان ڕەبیعول ئەوەل
شەوی هاتنی موستەفای مورسەل
بەرزە لای یاران یادی ئەم لەیلە
دڵ بڕواداران لە شادی کەیلە

پیــرۆز بێــت مەولــوود لە ئیــسلام دۆســتان
لە ســـەرتا ســـەری گەلـــی کوردســـتان
ســـەڵواتێک ســـافتر لە تیـــشکی هەتـــاو
لە ســـەر مـــوحەممەد عەزیزتـــر لە چـــاو
شـــەوی بە نرخـــی دووازدە مەولـــوو
لە خێـــر و ڕەحـــمەت ســـەرزەوی پـــڕ بـــوو
ڕووا گـــوڵاڵەی ئـــازادی و ســـروور
ســـەلات و ســـەلام بـــێ حەد و ســـنوور
گەلـــی کـــورد هەمـــوو دروشـــت و وردی
پێـــشکەشت ئەکەن بە زمـــانی کـــوردی
هەزاران ســـــەلام هەزاران ســـــەڵوات
هەتـــا گەلـــی کـــورد ئەگـــات بە ئـــاوات

محەممەد فەهیم



کوڕی مامۆستا حەیدەری فەهیم، ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە ئاوایی «ئەوێهەنگ» سەر بە ناوچەی ژاوەرۆ لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا هاتووەتە دنیا. لە دوای قۆناغی سەرەتایی لە گوندی ئەوێهەنگ، لە خزمەتی باوکیدا دەرسی عەربی دەست پێئەکات و بۆ فێر بوونی زیاتر ئەیبنێرنە گوندی سەراو قامیشی سنە بۆ چێژ وەرگرتن لە وانەکانی مامۆستای زانا و پایەبەرز مەلا فەیزوڵڵای بێسارانی. دواتریش ئەچێتە مەدرەسەی زانستە ئایینییەکانی سنە و تا ساڵی ١٩٧١ لە وێ ئەمێنێتەوە.

لەو ساڵەدا لە ئێزگەی کوردی سنە وەک بێژەر و وەرگێڕی بەشی هەورامی کە نیوکاتژمێر بەرنامە بڵاو ئەکاتەوە دائەمەزرێ. دوای دامەزراندی ڕادیۆ مەریوان لە ساڵی ١٩٧٣دا کاک محەممەد بۆ مەریوان ڕائەگوێزرێت. لەو دەمەدا ڕادیۆ مەریوان ڕۆژانە دووکاتژمێر بەرنامەی بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٧١ لە گەڵ «مریەم خانمی» کچی نووسەر و زانای گەورە خوالێخۆشبوو

میرزا عەبدوڵڵای ئەقدەسی ژیانی هاوبەش پێک دێنێت و بەرهەمی ئەو ژیانەش دوو کوڕ و دوو کچە.

تا ساڵی ١٩٧٩وەک نووسەر و بێژەر و وەرگێڕ ئەمێنێتەوە. پاشان بۆ ماوەی ساڵێک ئەینێرن بۆ ئێزگەی کوردی ڕادیۆ تاران و لە گەڵ زانای گەورە و بلیمەتی کورد «مامۆستا هەژار» ئاشنا ئەبێت.

دیسانەوە ئەینێرنەوە مەریوان و ئەبێ بە سەرپەرەستی ڕادیۆ. دوای ساڵێک ئەچێتەوە دەنگ و ڕەنگی سنە کە زۆر ناخایەنێت دەرئەکرێت و ساڵێکش ئەبێ بە میوانی گرتووخانەی تەوڕێز! پاش ئازاد بوونی بۆ چەند ساڵێک ئەبێ بە تەلەفزیۆن ساز! دوای بە جێ هێشتنی ئەم پیشەیەش لە گەڵ کۆمپانیایەکی فەرهەنگیدا دەست بە کار ئەکات و بە خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی هەورامان بە شێوەی کاست و سی. دی. چالاکی فەرهەنگی خۆی درێژە پێ ئەدات. لە زۆربەی کۆنگرەکان کە بۆ شاعیران و مەشاهیری هەورامان ئەبەسرێت بە وتار و هۆنراوە بەشداری ئەکات. هەنووکەش لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هەورامیدا لە ڕووی بەڵگە دەسنووسەکان خەریکی ڕاست کردنەوەی شێعرەکانی مەولەوین. بە مەبەستی ئەوە کە بیخەنە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. تازەترین کاری ئەم بەڕێزە دوو سی. دی.یە کە کەوتووە بەردەستی هۆگرانی. ناو براو پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەزانە و دەفتەرێکی شێعری ئامادە چاپە. ئێستاکەش دانیشتووی سنەیە.

«پیاوی کزۆڵ»

هەزار ئـــاخ و داخ پەی پیـــای کزۆڵـــی
پەی وەرچەم نەبـــیەی لالـــۆی شـــڕۆڵی
واتەو قــــانعی مامۆســــای پیـــرم
شــــاعیری زانــــا؛ هەم ســـاحێب ویـــرم
«هەر جە ویـــــرمەن تــــا وەڕۆی مەردەن
پەی مەرگـی فەقیـر کـێ شیووەن کەردەن
یـــا کـــێ کـــۆر ناشـــەو عەیبـــو دارایە
یـــا گۆشـــش دارا پەی پـــا خەراویە»

هەرچەن مەزانـــــۆ واتەو هەژاریـــــن
ســۆمای بینـــایی گـــرد کـــوردەوارین
«کەســـیو فەقیـــری بە پیـــاو مەزانــــۆ
دایـــم جە یـــانەش پەپـــوو موانـــۆ
فەقیـــر لوقمـــان بـــۆ عـــالم و دانـــا
گێلـــو نەفـــامێ بە گەوجـــش زانـــا»
بەڵام خـــۆ پەی مـــن لالـــۆی دەس هـــاڵی
تـــۆ ڕەحمەتەنـــی و شـــنەو شـــەماڵی
کەم کەس مەزانـــۆ تـــۆ وەرو چێـــشی
بـــیەی گەمە جـــاڕ بێگـــانە و خوێـــشی
خۆتـــۆیچ تـــاوێنی هەر بە وەس وەســـە
بە ڕیـــا بـــازی و درۆ و دەلەســـــە
یـــا خەیـــر بە گیـــردای دەســـە و هەژاران
یـــا بە نـــۆکەری پەی تـــاوان بـــاران
بە قلـــیچکە لەقـــی و بە چڵکـــاو وەری
ســـەر و ســـامانی پەی وێـــت وەش کەری
تـــیکەی چەرب و نەرم بـــدەی کڵفەتـــت
هەتـــا پـــارێزیۆ ئـــاوڕوو حورمەتـــت
نەک وەرو نەبـیەی وێـنەی وەرگـی هـار
جە ڕۆزگـــارت بەر بـــارا دەمـــــار
عەینـو هەورێـشی هەر پەی وێـت ڕەمـای
تـــانجی ئاســـایی کەســـی وەر نەدای
تـــۆ نەکەوتـــی جەنـــگ چەنـــی ئانیـــشا
نە تۆشـــــــا دیە و نە مژناســیـــــــشا
نەبـــیەی ســـەرواز و ســـپای تـــاریکی
هەرچەن ژیوایچـــت کەوتەو بـــاریکی

تــۆ خــاس تــاوینی بە ســەهل و ئاســان
پــلە و پــایەت بــۆ جە لای ناکەســان
بەڵام کــێ دیەن جەکــام مــاواو کــۆ
پــاک و ناپــاکی ڕەفێقیــشا بــۆ
کــاکەی شــیرینم دڵــت تەنــگ نەبــۆ
هەرچەن زەمــانە گژیــان چەنــی تــۆ
ســفرەی شــەرەفت پەڕ جە گەوهەرەن
بــاوەکو ژیوایــت جەبەد بەد تەرەن

مامۆستا بورهان عالی

بورهان عالی کوڕی مامۆستای پایەبەرز «محەمەدئەمین عالی» و دایکی مەلێحا خاتوون کچی «باوەڕەحمانی چۆڕ»ە. بەهاری ساڵی ١٩٥٣ی زایینی لە گوندی کانی سانان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی بە قورئان و کتێبە سەرتاییەکانی ئەو سەردەمە لە لای باوکیدا دەست پێئەکات. تا وەرگرتنی ئێجازەی مامۆستایەتی لە ساڵی ١٩٧٢دا، هەر لە خزمەتی باوکیدا ئەمێنێتەوە و لە باخچەی زانستی چێژی پێویست وەرئەگرێت. دوای تەواو بوونی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق و ئاوەدان بوونەوەی شاری مەریوان، لە پەنای مامۆستایەتی و خزمەت لە بواری دایینداو لە دایەرەی پەروەردە و بارهێنان دائەمەزرێت. ساڵی ١٩٩٧ هەواری ژیانی بۆ سنە ڕائەگوێزێت و وەک پێش نوێژ و وانەبێژی مزگەوتی ئاغەزەمانی ئەگیرسێتەوە. ساڵی ١٩٩٧ لە تاقیکاری مامۆستایانی ئایینی لە زانکۆی تاران بەشداری ئەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ساڵی ٢٠٠١یش بڕوانامەی ماستەر وەرئەگرێت. ساڵی ١٩٩٨ لە سەر خواستی خەڵک ئەبێ بە مامۆستای مزگەوتی نووری گەڕەکی بەهاران و دواتر ئەچێتە مزگەوتی جامێعی ئەوگەڕەکە و تا دواساتەکانی ژیانی لەو مزگەوتە ئەمێنێتەوە. ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە ئەکەوێتە بەر دەستڕێژ و ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات. ئەم مامۆستایە لە بواری نووسین و شێعردا دەستێکی کارای بوو و خاوەن کارنامەیەکی فەرهەنگیی ڕەنگینە.

بڵاو کراوە:

١ـ لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی کتێبی «لب الاصول». ٢ـ لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی کتێبی «المنطق المهدوی »ی مامۆستا محەممەد باقر مودەڕیسی مەریوانی. ٣ـ تەڵقین و یاسین و ڕێوڕەسمی نوێژی مردوو. ٤ـ کۆمەڵە وتاری سەبارەت بە پێغەمبەری ئیسلام و سیستەمی حکوومەتی و ڕاڕەوە کردەوەییەکان.

ئامادەی بڵاو بوونەوە:

١ـ دیوانی شێعری «عالی».٢ـ مناسک حج و عمره.٣ـ احکام ذبح و شکار.٤ـ مناقب اهل بیت.٥ ـ شعر و موسیقی از دیدگاه اسلام.٦ ـ مولود نامه و میعراج نامه به کردی.٧ـ فن خطابه و سخنوری به عربی.٨ـ توسل و سفاعت و استمداد.٩ـ ارث در اسلام.١٠ـ فضایل جمعه و جماعت.

«هۆنراوەیەک لە بارەی دیمەنی جوانی مەریوانەوە»

مەریوانە مەکانی عیلمو دینە
مەریوانە ئەڵێی باخی بەرینە
لە ناو ئەم ناوچەیە گۆلی زرێبار
وەکوو پیرۆزە ڕەنگین و بەشینە
دوو چاوم شین ئەکاتن وەک هەوری «ئەسحاب»
لە بۆ «میراجی» دڵ مات و حەزینە
فیدای گوڵ باخی سوور و شەستپەرت بم
وەنەوشەت لارەمل هەر وەک خەمینە
گوڵاڵەی دەشتی «دۆڵاشت» چە جوانە
بە ڕاستی مەرهەمی زام و برینە
«پژاوت» وا پژاوە ئاوی پاکی
لە بۆ «سیروان» ئەچێ هۆی سوود و ژینە
«قەڵە بەرد» هەڵ ئەدا بێ شەک لیواکەی
لە فەسڵی گوڵ بە دیمەن سەوز و شینە
لە پای بەفراو ئەڵێن سووره هەڵاڵە
ئەخێزێت هەر وەکوو چاو پڕ گرینە

لــــه هـــاژەی قـــەڵبـــەزە و کانیـــاوی تـــازە
دڵـــی عالـــەم ئـــەبـــزوێ و دوور لـــە قینـــە
لـە بـەر سـەیـر و سـەفـای «گۆلبـەن» بـە جـارێ
هـــەمـــوو ئـــەنـــدامی لاشـــەم پـــڕ لـــە تینـــە
نـەسـیمی خۆشـی «سـەرمـاوە» لـە سـەرکـەل
هـــەناســـەی بـــەردی «قـــاراوا» ئـــەوینـــە
لـــە بـــەر لالـــە و چنـــوور و شـــنگ و ڕێحـــان
ئـــەبینـــم «بیـــسەران» خولـــدی بـــەرینـــە
حـــەرامـــی شـــێت و شـــەیدایـــە لـــە بـــۆ گـــوڵ
لـــە «گـــاڕان» یاســـەمـــەن لاولاو بـــە چینـــە
هـەوای سـووک و نـەسیمی سوبحی سوورێن
مـــەڕەسـوور دێـــت و لـــەنجـەی زۆر شـیرینە
قـەتـارەی قـاز و سـۆنەش وەک سـوپایەک
شـەمـاڵەی نـوور لـە سـەر ئـەم سـەر زەمینـە
تـــەواو نـــابێ «عـــالی» وەســـفی مـــەریـــوان
کـە مـەڵـبـەنـدی کـەمـاڵ، شـێعر و ئـەوینـە

سەید عەبدوڵڵا حسێنی

ئەم نووسـەرە مـانگی فەبـرییەی سـاڵی ١٩٥٣ی زایینـی لە شـارەدێی «هەورامـان» لە بنەمـاڵەیەکی ئـایینی کە بە ڕچەڵـک ئەچنەوە سەر ساداتی چۆڕ چاوی بەژیـان هەڵێنـاوە. سـەرەتای خوێندنی بە قورئانی پیرۆزەوە لای حاجی «سەید محەمـمەد»ی باوکی دەست پێئەکات. بۆ تێرکردنی بیر و هزری لە کانیاوی زانسـت زۆر شـوێن و مەڵبەنـد لە کوردسـتانی ئێـران و ئێـراق گەڕاوە. لای «مەلا محەممەدی بداقی» ئیجازەی مامۆستایی وەرئەگرێت. ئەگەڕێتەوە مەریـوان و ژیـانی هاو بەشی پێک دێنێت. بۆ بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی دوکانداری و مەلایەتی و وانەبێژی کردووە. وەک مامۆستایانی تری ئـایینی کـورد بـۆ خـزمەت بە ئـایین لەم

شوێنانەدا مامۆستای ئایینی بووە: گوندی «ڕۆوەرێ» لە هەورامان، گوندی بەرقەڵا و ... تا ئەوەی لە مزگەوتی سەلاحەددینی ئەییوبی مەریواندا گیرساوەتەوە و هەنووکەش دانیشتووی مەریوانە.

چالاکیی ئەم نووسەرە:

بڵاوکراوە:

١ـ ئارامی دڵان. ٢ـ دیوانی شێعر بە دوو زاراوەی سۆرانی و هەورامی بە نێوی دیوانی «مامۆستا سەید عەبدوڵڵا حسێنی». ٣ـ خدا را چگونە بشناسیم؟

ئامادەی بڵاوکردنەوە:

١ـ ژیاننامەی ئیمام شافێعی(رە) و ئیمامی نەوەوی لە کتێبی کۆن و نوێدا.

٢ـ سێ هێڵی چەپ بناسە.

عەبدوڵڵای نیکخا (سەفایی)

ساڵی ١٩٥٣ی زایینی لە گوندی «ساوجی»مەریوان لە بنەماڵەیەکی ئایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی مامۆستا ئەحمەدی ساوجی و دایکی خاتو عالیە کچی مەلا ئەحمەدی پیرسەفایە و نازناوی شێعری «سەفایی»یە.

سەرەتای خوێندنی بە قورئانی پیرۆز و وردە کتێبەکانی ئەو سەردەمەوە دەست پێئەکات و بۆ پەرەپێدان بە زانست و تێراوکردنی بیر و هزری لە کانیاوی زانین، زۆر گوند و شاری ئەم کوردستانە زاناخێزە گەڕاوە و لە خزمەتی زۆربەی زانایانی بە ناوبانگی کوردستانی ئەم دیوو ئەو دیو بە تایبەت لە ناوچەی مەریوان کەڵکی وەرگرتووە و وانەی ئایینی و خواناسی و نەتەوە دۆستی خوێندووە، وەک: مامۆستا ئەحمەدی ساوجی، مامۆستا مەحموودی سیاناو[١]، ئاغا عەتای چۆڕ، مامۆستا سەید عەلی خالیدی نێ، مامۆستا محەممەدی خورماڵ، مامۆستا زاهیدی پاوە

١. یەکێ لە مامۆستایانی ئایینی و خواناسانی گەورەی مە ریوان بووە، کە لە گوندی سیاناو دائەنیشت و ساڵی (١٩٨٩ز.) ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد.

و مامۆستا محەممەد ئەمینی کانی‌سانان. تا ئەوەی کە، ساڵی ١٩٧٥ لە خزمەتی مامۆستای کانی‌ساناندا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

ئەم شاعیرە وەک نەریتی مامۆستایانی ئایینی کورد کۆچاوکۆچ و مزگەوتا و مزگەوتی زۆری کردووە وخەڵکی لە زانستی بەهرەمەند بوون. هاوکاتیش مامۆستای قوتابخانەکانی مەریوان بووە. ساڵی١٩٩٨ لە تاقیکردنەوەی مامۆستایانی ئایینی‌یدا بەشداری ئەکات و «فەوق‌دیپلۆم» وەرئەگرێت.

«سەفایی» هەر لە سەرەتای خوێندن و فەقێیەتییەوە، تێکەڵاوی دنیای شێعر و ئەدەبیات و وەرگێڕان ئەبێت و لە بواری ئامۆژگاری، زانست، گازە و پاڕانەوە، سەنا و سکاڵا، ژیانی خەڵکی ناوچە و جوانی سروشت و نیشتمان، دیوانێک شێعری ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەیە. ئێستا ٥٨ ساڵ تەمەنیەتی و دانیشتووی مەریوانە.

«کتێب»

کتێب مامۆستای جوان و دڵسۆزم
مایەی سەربەرزی بۆ گەل و هۆزم
دۆسە چاکەکەی شیرین کەلامم
گوڵشەنی ڕەوزەی داروسەلامم
بینا و سەرچاوەی ئاوی ژیانم
گریکی دڵ و ئارامی گیانم
لابەری تەم و خەم و خەیاڵم
خۆشەویست‌ترین سەروەت و ماڵم
شەتاوی ئاوی جاری و زوڵاڵم
مایەی دەسکەوت و ڕۆزیی حەڵاڵم
دۆستی بە وەفا و بە سەفا و حەیام
ڕێزت واجبە هەمیشە لە لام
هاوەڵی ڕاستی و ڕۆژ و شەوانم
فەرەحی دڵ و ڕۆحی ڕەوانم
هۆی تەندروستی و سەرمایەی هەستیم
هۆی شەوق و نیشات شادی و سەربەستم

ڕانوماى دەشتى وەشتى مەينەتم
بەڵگەى ئازادى و موژدەى خۆشبەختم
ئەنيسى شەو و كاتى تەنياييم
گرێكى دڵ و نوورى بيناييم
شنەى شەماڵ و سرووەى بەربەيان
ئارامى بەخشى دڵ مەخفى و عەيان
«كاف»ت كارەبا و كانى كەرەمە
سەرى كەوسەر و كەعبەى حەرەمە
كار و كەسابەت، كەوكەبەى شاييم
كەشف و كەرامەت، كارێز و كانيم
«ت»ت هۆى تەرەقيى عامەى ئۆممەتە
تەفسير و تەعليم دوور لە تۆهمەتە
«ى»ت يار و ياوەر يومن و يەمينە
«ب»ت بارە و باوەڕ بير و بينينە
كارنامەى فەتح و پيرۆزى و خەبات
هەرتۆى بە بەشەر ئەدەى بەخەڵات
نيكتە و وەرگێڕان فەلسەفە و هونەر
لەتيفە و حيكمەت ئەدەى بە بەشەر
ڕەمز و فائيدە و زانست و مايە
بێ حەد و حيساب هەواڵت لايە
ئادەميزادى بێ ناو و نيشان
ئەكەى بە زانا و پادشاى جيهان
هەموو لاپەڕەت پەڕەى گوڵى سوور
جوان و بە سوود و بە عەتر و پڕنوور
بوڵبوڵم موژدەى بەهارى هانى
لە سەر لووتكەى كێو گوڵزارى و كانى
سەلامت لێ بێ عيلم و حەياتم
ئازيزگيان منيش بەرە و ڕووت هاتم

پێشوازیت ئەکەم دەست لە سەرکەمەر
دات ئەنێم لە سەر دڵ و چاو و سەر
هەتا هەم بەدڵ ڕێزت لە لامە
ناوت شیرین‌تر هەموو تەعامە
ناتکەم بە بۆق و سندووق و دەفتەر
یا کیف و دەوری و باوەشێن بۆ سەر
خوا لە بەر خاتر کتێب «سەفایی»
بەخشی تەواو ڕۆژی دوایی

فریشتە عەلەویی (دایکی سەلام)



لە ١ی ژوئەنی ساڵی١٩٥٣ی زایینی لە گوندی «بانیشار» لە کوردستانی ئێراق لە دایک بووە. باوکی «سەید محەممەد»ە کە لە ساداتی نوێن لە ناوچەی هەورامانە و دایکیشی سارا خاتوونە کە کچی «مەلا محەممەد شەریفی» شاعیر لە مەردۆخییەکانی دەگاشێخانی مەریوانە. یەکەم مامۆستای ئەم خاتوونە باوکی بووە کە مەلای مزگەوت بووە و بە خوێندنی قورئانی پیرۆز بەردی بناغەی یەکەمین وشەی زانستی لە مێشکیدا دائەمەزرێت و دواتریش ئێقباڵ نامەی مەلا خدری ڕووار درێژە پێ ئەدات.

دوای پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری لە گەڵ ئامۆزایەکی خۆی، ئەویش ئەبێ بە هاندەرێکی باش بۆی و لە هەموو کتێبێک بە تایبەت دیوانی «سەیدی هەورامی» و دیوانی شاعیرانی‌تر کەڵک وەر ئەگرێت.

فریشتە خاتوون توانای نووسینەوەی زۆر کەمە و لە پلەیەکی زۆر نزمدایە بەو بۆنەوە منداڵەکانی یارمەتی ئەدەن و ئەو شێعر دەهۆنێتەوە و منداڵەکانیش بۆی ئەنووسنەوە.

بە تێکڕا ئەتوانین بڵێین کە باوکێکی دڵسۆز، مێردێکی تێگەیشتوو و منداڵانێکی گوێگر و خزمێکی وەک مامۆستا «سەید ڕەئووفی حسێنی» شاعیر، دەس بە دەستی یەکەوە ئەدەن تا خاتوونێکی شاعیر درووست ئەبێت. خاتوونی شاعیر ئەڵێت:

«کاتێک لە ئێراق بووم بۆردومانی گوندەکان فارس گوتەنی « عدو شود سبب خیر گر خدا خواهد.» و ئاوارەیی و سەر لێشێواویی خەڵک و ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی گەلی کورد دژ بە ڕژێمی بەعسی لە ناو چوو، وەک پزیسک هەستی شێعریان بزواندم.

ناو براو دیوانێکی شێعری لە ژێر ناوی «هۆنراوەکانی دایکی سەلام» چاپ و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. ئەم شاعیرە ئێستا دانیشتووی مەریوانە.

ئەحمەد بەهرامی

بەهاری ساڵی ١٩٥٤ی زایینی لە گوندی «سەعدئاوا»ی ناوچەی خاو و میرئاوای مەریوان لە بنەماڵەیەکی ئایینی هاتۆتە دونیا. دوای ساڵێک دایکی کۆچی دوایی ئەکات و یەکەمین لەمپەری ژیانی شاعیری ڕێی پێنەگرێت. دایە گەورەی (دایکی باوکی) ئەرکی گەورەکردنی بە ئەستۆ دەگرێت. قۆناغی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆی تەواو ئەکات. لە بەر نەبوونی و تەنیا باڵیی باوکی بە شێوەی ئازاد(موتەفەریقە) درێژە بە خوێندنی ئەدات.

ساڵی ١٩٧٥ وەک مامۆستا لە دایەرەی پەروەردە و بارهێنان دائەمەزرێت و ئەرکی مامۆستایی دەست پێئەکات. لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران وئێراق، ئاوارەیی و سەرلێشێواوی پەڕەوازەی زۆر جێگای ئەکات. لە گوندی کانیدینار ئەگیرسێتەوە و ئێستاش دانیشتووی مەریوانە. هاوڕێی منداڵانی خوێن گەرم و ئێسک سووک لە قوتابخانەکاندا هانیدا لە بواری ئەدەبی منداڵاندا هەنگاو هەڵبگرێت. ئەم نووسەرە لەم بوارەدا زیاتر لە بیست بەرهەمی ئامادە کردووە بەڵام بواری بڵاوکردنەوەی هەموویانی بۆ نەڕەخساوە.

بەرهەمی چاپ کراو:

١ـ باخچەی منداڵان. ٢ـ قاڵاوی تینوو. ٣ـ هەروەکوو خۆم. ۴ـ گوڵزاری پەپوولە.

سەید باباشێخ حسێنی

ساڵی ١٩٥٤ ی زایینی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گوندی «سەوڵاوا» لە دایک بووە و کوڕی خواناس و عارفی گەورە خوالێخۆشبوو حاجی کاکە شێخی سەوڵاوایە.

قۆناغی سەرەتایی هەر لە زێدەکەی خۆی، قۆناغی ناوەندی لە مەریوان و قۆناغی دواناوەندیشی لە سنە تەواو کردووە. خولی فێرکاری مامۆستایی لە کرماشان تەواو ئەکات و جلوبەرگی مامۆستایی لە بەردەکات. لە دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران بە سەر ڕژیمی پاشایەتیدا ئەویش وەک زۆر کەسی تر ئەکەوێتە بەر شاڵاوی لە کار لابردن. سەید باباشێخ هەنووکە خەریکی باخەوانی و کشتوکاڵە و خۆشی لە باخەوانی مێژو و زمانناسی، زمانی زگماکی نەبواردووە و بە پێی توانا، خۆی بە خزمەتکار و ئەمەگناسی گەلەکەی ئەزانێت.

ئەم نووسەرە زۆر وتاری لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوکردۆتەوە کە دەتوانین ئاماژە بکەین بە: «پژوهشی پیرامون زبان اورامی وزبان های کهن باستانی»، «ژیاننامەی مەولانا موسەننیف چۆڕی» و «مستورەی اردلان و اردلانی ها».

چاپکراوەکانی نووسەر:

١ـ اسما در زبان کردی ٢ـ هامشی بر زبان شناسی

عیسا ئەحمەد زادە

ساڵی١٩٥٤ی زایینی لە گوندی «نگلّ» لە دایک بووە. دایکی کابان و باوکی مامۆستای ئایینی بووە. لە پێنج ساڵیدا دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز و وردە پەڕاوە کوردی و فارسییەکانی باوی ئەو سەردەمەی قوتابخانە ئایینیەکان کردووە.

ساڵی ١٩٦١ فێرگەی سەرەتایی لە زێدەکەی دائەمەزرێت، بەڵام بە هۆی تەنگ و چەڵمەی جۆراوجۆر، هەلومەرجی ژیانی ڕێی پێ نەدراوە بە شێوەی فەرمی لە فێرگەی نوێ و وانەکانی کەڵک وەربگرێت. بەو بۆنەوە ڕۆژان سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی ماڵ و بە شەوان لە پۆلی خوێندنی چراو و بڕاوی

شەوانەدا تا وەدەست هێنانی بڕوانامەی شەشەمی سەرەتایی ئەخوێنێت، پلەکانی تری خوێندن بە شێوەی ئازاد، تا وەگرتنی دیپلۆم لە ساڵی ١٩٧٣ لە سنە درێژە پێ ئەدات. ساڵی١٩٧٦ لە ئیمتیحانی زانکۆدا بەشداری ئەکات. سێ ساڵ دواتر زانکۆ تەواو ئەکات و وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە شاری مەریوان دائەمەزرێت. دوای سی ساڵ خزمەت بە منداڵان لە وەرزی پاییزی ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین ئەبێت.

بیر و هزری باوکی نیشتمان پەرەوری لە سەری کاریگەر بووە. لە گەڵ شێعرەکانی قانع ئاشنا دەبێت و خواست و سکاڵای دەروونی بە شێوەی دەق و چیرۆک و هەڵبەست بۆ هەڤاڵانی ئەنووسێت و ئەهۆنێتەوە. لە گەڵ گۆڤارە کوردی و فارسییەکاندا بە شێوەی نووسین و وتار هاوکاری کردووە.

جێگای ئاماژەیە کە عیسا ئەحمەدزادە کوڕی شاعیر «مامۆستا سادقی نگڵی»یە کە دیوانە شێعرێکی لێ بەجێماوە.

ئەمانە بەرهەمە چاپ کراوەکانن:

١ـ ژن و پیاوە هەڵکەوتووەکان (وەرگێڕاو لە ئیگلیزییەوە). ٢ـ مێژووی نگڵ.

٣ـ پێغەمبەران لە ئاوێنەی مێژوودا (وەرگێڕاو لە عەرەبییەوە).

ئامادەی چاپ:

١ــ کۆمەڵە شێعرێک. ٢ــ لذت مادی یا کرامت انسانی؟! (وەرگێڕاو لە ئینگلیزییەوە).٣ـ کۆمەڵە چیرۆکی جۆراوجۆر.٤ـ وەرگێڕانی کۆمەڵێ وتار و کورتە چیرۆک لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و فارسی.

ئیسماعیل مەحموودی

ئیسماعیل کوڕی سوبحان کوڕی محەممەد ئەمین(خیتلە) و نەهیە خاتوونە. ساڵی ١٩٥٥ی زایینی لە گوندی «دەمەیەو» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ئەم شاعیرە نەخوێندەوارە، بەڵام لە هەڵبەست و شێعردا دەستی هەیە. سەبارەت بەوەی کە چۆن هاتوەتە نێو شێعر و هەڵبەستەوە ئەڵێت: منداڵ بووم لە گەڵ باوکم بۆ مزگەوت ئەڕۆیشتم، مامۆستای گوندەکەمان(مامۆستا شێخ جەلیل فارۆقی) شێعری «ڕۆڵە بزانی مەلا خەدر ڕووار»ی

بۆ ئەخوێندینەوە و ئێمەش لەبەرمان ئەکرد. هەر ئەو شێعرانە بوون بە هەوێنی گیرساندنی هەستی شێعریم. بە پێی هەل و دەرفەتەکان شێعرم بۆ دێت.[1]

سەد مەخابن شێعرەکانی ئەم شاعیرە لە بەر خەم ساردی تا ئێستا تۆمارنەکراون و نەنووسراونەتەوە. هەر بۆیە زۆرێک لە شێعرەکانی لە بەر چوونە سەرەوەی تەمەن فەوتاون یان نیوەو ناتەواو لە بیری ماون.

«گفتوگۆ چەنی دڵی»[2]

ئـــی پــــارچە شـــێعرە جە بەحـــسوو دڵـــی
جە بەحـــسوو ڕاســی بەحــس و ســەر چڵـی
بــــاکێ مـــــن و دڵ کەرمــــێ گفتوگـــــۆ
تــۆ دڵ چەنــی مــن، مــن دڵ چەنــی تــۆ
دڵەی بــێ ئاگـــا و بـــێ فکــر و بــێ هــۆش
دڵە گوفتــــــــارم مەکە فەرامـــــــــۆش
گوفتــــــارم ئیـــــــنەن دڵە بە حــــــاڵی
عەقــڵ وەرگێــرە و ســاڵ چەنـــی ســاڵی
گوفتــــــارم ئیـــــنەن دڵ مەبە ســـــــەرچڵ
دائــیم ڕۆشــن بە وێـــنەی دەســەی گــوڵ
دڵ تــــــۆ مەکەرە زەنـــــــی نــــــاحەقی
مەنیـــشە چــــڵ و عەینــــوو لەق لەقـــی
وێـــــنەی بــــایەقووش مەوانە ســــەر کەڵـــک
تـــا خاســـیت واچـــا ئــاوەدانی و خەڵــک
دڵ غەرەز حەســـوود ســـەنگ ســیای ڕەقـــا
چڵاوچـــــڵ کەرۆ ئەجــــــۆ لەق لەقـــــا

---

١. وت وێژ لە گەڵ نووسەر.

٢. ئەم شێعرە کاک مادح ڕۆستەمی بۆی دابەزاندووم جێگای ڕێز و پێزانینە.

ڕەنــــگ زەرد و زەعیـــف جـــا بـــێ ئـــازیزا
دایـــــمە وەهـــــارش ئەجـــــۆ پـــــاییزا
ڕەنــــگ زەرد و زەعیـــف بـــێ مـــاڵ و مەنـــزڵ
دڵ وێـــنەی قازانـــگ جـــا مەوەرۆ قـــووڵ
وێـــنەی بۆشـــکەی قیـــر قـــوڵێ مەشـــانۆ
قـــــــوڵی غەرەزن ســــــیاو مرمـــــانۆ
ئەی دڵـــــی دڵـــدار تـــۆ بە مـــن ســـاچە
ئیتـــر نـــۆرەت بـــۆ گوفتوگـــۆت واچە
دڵ تـــۆ مەعـــدەنت غەزەب یـــا نـــوورا
چێش جە لات نزیـک چێش جە لات دوورا
پەیمـــا گێڵـــنەوە وێـــردەی ســـاڵت
بزانمـــێ چێـــشا حـــاڵ و ئەحواڵـــت
جـــا دڵـــیش واتـــش مـــن بە تـــۆ ســـاچوو
دەقیـــق مەزانـــو چێـــشت پەی واچـــوو
چێـــشت پەی گێلنـــووە وێـــردەی ســـاڵم
مـــن ئەشـــۆم چـــێش بـــۆ حـــاڵ و ئەحـــواڵم
داخـــێم فرێنـــێ چـــوون گەڵاو باخـــا
داخیـــۆ تـــۆیچ بـــیە سەرباشـــقە و داخـــا
دەقیـــق مەزانـــوو تـــۆ نامێـــت چێـــشا
پەی گوفتـــارو مـــن تـــۆ کـــارت چێـــشا
ئەی دڵـــــی پـــــڕ داخ دڵ عاســـــەبانی
ئەگەر گەرەکتـــا تـــۆ نـــامێم زانـــی
بابـــایە فەقیـــر خەڵکـــوو ئێرانـــی
ئیـــسماعیلەنا کـــوڕوو ســـوبحانی
بابـــام حەمەومـــین پـــڕ عەقـــڵ و فـــام بـــێ
ئـــایچ شـــاعیر بـــی و مەشـــهوور بە عـــام بـــێ

دڵە یـــا مەســـــنی یـــا شـــەوقت نیـــا
یـــا قەدری مێمـــان تـــۆ جە لات نیـــا
دڵ وات ئیـــــسماعیل کـــــوڕو ســـــوبحانی
ئیـــسە حەز کەرو گوفتـــاریم زانـــی
گوفتـــــارم ئیــــنەن ویەردەی ســـاڵم
ئیـــسە پەیـــت مـــاچوو حـــاڵ و ئەحـــواڵم
پارچەگۆشـــــتێنا ئیتـــــر مـــــن دڵنـــا
بەینـــیێ دڕەینـــا جـــا بەینـــیێ گوڵنـــا
بەینـــــیێ بــــایەقوش بەینـــــیێ بوڵبوڵنـــا
بەینـــی شـــیریننا جـــا بەینـــیێ تاڵنـــا
کەم کەســــــیێ زانـــــۆ بە خەیــــاڵاتم
بەینـــیێ بە شـــەوقم جـــا بەینـــیێ مـــاتم
هەر ڕوێـــچ وانـــوو چـــوون کەڵـــی ســـەرکەش
ســــەیادێ کوشـــام گۆشـــتم کەرا بەش
هەر ڕوێــــــچ کەروو غەرەز حەســـــــادەت
ئـــاڕۆوە نییـــام تـــا ســـەر ئیـــسراحەت
هامـــــساو بەرهامـــــسا چەنەم عەجـــــزا
وێرەگـــــا بەرق و مەنـــــزڵیم کـــــزا
ئیتساڵیـــــــشا بەرقـــــــی مەنـــــــزڵم
غەرەزی ســـۆچنان بـــاخەکەی گـــوڵم
وەســــــیەتم ئیـــــنەن پەی گـــــــردوو دڵا
غەرەز حەســــــادەت فـــــرە مـــــشکڵا
غەرەز حەســــــادەت، فیتـــــنەی بەخێڵـــــی
بـــــۆ بەســـــەرەتان پەی دڵێـــــو خێڵـــــی
غەرەز حەســــــادەت بـــــۆ بە ســــــەرەتان
هـــیچ دوکتورێـــوە مەکـــرۆش دەرمـــان

دڵ وات ئیـــــسماعیل ڕەفێـــــق گوفتـــــارم
چـێش مـــاری ســـەوقات مەی پەی هەوارم
ســـــــەوقاتم ئیـــــــــنەن دڵە بە حـــــــاڵی
دڵە بەش نەبـــــی ســـــەتڵە و ئەشـــــغاڵی
جـــــا دڵ ســـــــەتڵەنەو غەرەز ئەشـــــغاڵا
دڵـــــــی غەرەزن شـــــایش بەتـــــــاڵا
ســـــــــەوقاتم ئیـــــــــنەن دڵ مەبە نەوەش
جە ڕەحمـــی خـــوا تـــا نەبـــی بـــێ بەش
نـــــوورو قورئـــــانی بـــــا وەزۆ دڵـــــت
ئیـــشەڵا خـــاس بـــۆ مـــاڵ و مەنزڵـــت
ســــــەوقاتم ئیـــــنەن دڵ ئیـــــنە خاســـــا
وێــــت کەری ڕەفێـــق خـــوا ئەشناســـــا
خـــوا ئەشـــناس کـــێن ڕەســـووڵی ســـەروەر
پاســــە کەلـــیمەی تەوحیـــد کەوتەن وەر
خـــوا ئەشـــناس کـــێن چـــوار یـــاری نەبـــی
ئەبـــووبەکر و عـــومەر عوســـمان و عەلـــی
جـــــا ئیتـــــر بلمـــــێ هەوارو دڵـــــی
دڵـــی پـــاک وەنـــێ عەیـــن و بولبـــوڵی
هەوارو دڵـــــی هەر فـــــرە وەش بـــــێ
دڵـــــــی غەرەزن بەڵام نەوەش بـــــــێ
ئاســـمان ڕۆشـــن بـــێ زەمـــین وەش ڕەنـــگ بـــێ
دڵـــی غەرەزن هەر دائـــیم تەنـــگ بـــێ
تـــــۆ خـــــوا دڵە گیـــــان خاســـترین دڵ بە
بـــــایەقووش مەبە و عەینـــــی بولبـــــوڵ بە
تـــــۆ دڕەی مەبە هەر وێـــــنەی گـــــوڵ بە
بـــۆ یـــادی خـــودا دائـــیم بە قـــوڵ بە

عیبـــــادەت کەرە تـــــۆ هەتـــا تـــاوی
ڕیـــــشەت نەگەزۆ مـــــاری زەهـــــراوی
ڕیـــــشەی دڵ وێـــــنەی ڕیـــــشەی درەختـــا
درەختـــیش زەرد بـــۆ جـــا یـــاگێش سـەختا
دڵ مەکە غەرەز ، غەرەز بـــــۆ بە ســـــەخت
چوون درەخت زەرد بی ئەی دڵەی بەدبەخـت
دڵە حـــــــــــالّی بە دڵە حـــــــــــالّی بە
ئەر حـــــالّی مەبـــــی هەر ناحـــــالّی بە
حـــالّی و ناحـــالّی گـــــرد تـــێکەڵ بیـــیەن
ناحـــــالّی فـــرەن حـــالّی کەم بیـــیەن
ئەگەر حـــالّی بـــی پەی کەســـێ خاســـی
کۆمەکیـــــــت کەرۆ ئەگەر بـــــــشناسی
ئەر حـــالّی مەبـــیچ بـــا هەر وێـــڵ بیـــنە
هەر بـــا ســـەرگەردان هەردەگێـــڵ بیـــنە
دڵە یـــــــــــاد کەرە دڵە یـــــــــــاد کەرە
وەشـــــی قەدیمـــــی ئیـــــسە یـــــاد کەرە
نەک وەشـــــــی ئیـــــسە هەر زەهرەمـــــارا
ئاســـــمان گـــــرەوۆ زەمـــــین غەمبـــــارا
بـــــاکەرمێ بەحـــــسی ویەردەی ســـــالان
دەســـکاری قەدیـــم گـــرد شـــی بە تـــالان
چـــــونکێ کـــــز بـــــیەن دیـــــن و دیانـــــت
هۆرگیریـــان وەشـــی و شـــادی و ئیـــسراحەت
جیـــــــای ڕەحمەتـــــــــی غەزەب مەوارۆ
زەمـــــین و باخـــــات بەریـــــات نمـــــارۆ
هەر جە ڕۆی ئەزەڵ تـــــــــــــــا ڕۆی
هەر چـــی بەر مەیـــۆ جە ڕووی سەربیـــسات

شـــەو و ڕۆژ چەنـــــی دەقـــێقە و ســـاعات
هەر دەقـــــێقەیە و ســــــەد هەزار مەڕات
هەر مەڕاتێـــــــوە ســـــــەد هەزار زەڕات
بەڕووی نـــازەنین محەمـــــەد ســــەڵەوات
شـــاعیر ئیـــسماعیل بـــێ ســـــەواد، عەوام
عەزێــــــم نەمەنەن بـــــاقی و ســـــەلام
بەشـــکوو ئـــی شـــێعرا یـــاگە گیــــرێ بـــا
پەی دەرد و دڵــــی جــــوان و پیـــرێ بـــا

سەید ئیسماعیل حسێنی

سەید ئیسماعیلی حسێنی کوڕی سەید حەسەن لە سـەیدەکانی (حەوتـاش)ی لای (بـانە)یە. سـاڵی ١٩٥٦ی زایینـی لە سەرشـیوی مەریوان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە لای باوکی دوایـی هێنـاوە و پاشـان بـۆ درێـژەدان بە خوێنـدن ڕووی کـردووەتە خوێنـدگا ئایینییەکـانی مەریـوان. بە هەوڵ و تێکۆشـانێکی زۆر توانیوویەتی لە هەموو زانستەکاندا سەرکەوتنێکی باش وەدەست بهێنێت.

هاوکات لە گەڵ زانستی ئایینی، لە فێرگە و قوتابخـانە دەوڵەتییەکانیـشدا دەرسـی خوێنـدووە و تـا پـلەی بەکالۆریۆسـی گەیـشتووە. سـاڵی ١٩٧٨ لە بەشـی عەرەبـی و کوردی ڕادیۆ کرماشاندا دەسـتی بە کـار کـردووە و ئێـستا یەکـێکە لە نووسـەران و وێژەرانی کارامەی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە هەموو بەشە جۆر بە جۆرەکانیدا.

هەر بە منداڵی بە هەڵبەست و هۆنراوە لە زمانی فارسی و کوردیدا، چێژی هونەری خۆی پیشان داوە.

ئەمانەی خوارەوە بەشێک لە بەرهەمەکانی ئەون:

١ــ دوانزە سوارەی مەریوان. ٢ــ گرو گـاڵ (سـەرجەمی شـێعرەکانی بە فارسـی و کوردی). ٣ــ ژن لە فەرهەنـگ و ئەدەبیـاتی نەتەوەی کـورددا. ٤ ـ دایـک لە وێـژە و ئەدەبی کورددا. ٥ ـ لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەرهەم و ئەندێشەی ماە شـەرەف خـاتوون،

مەستوورەی کوردستانی.٦ـ ئەندێشەی ڕامیاری و ئایینی سەید قوتب (وەرگێڕان).

٧ـ پەندی پێشینیانی هاوبەش لە زمانی کوردی و فارسی و عەربی دا. ٨ ـ بەستێنی فەرهەنگی کوردستان لە پتەو کردنی یەکیەتی نەتەوەیی.٩ـ وەرگێڕانی کتێبی «یەزیدییەکان مێژوو و بیر وباوەڕیان» لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی فارسی.١٠ ـ ذبیح محراب. ١١ـ هابیل در میقات.١٢ـ سیمای پیامبر اعظم (ص) در آئینه شعر شاعران کورد. ١٣ـ طلاق ثلاثه روایتی که ناگفته ماند. ١٤ـ رمضان در فرهنگ و عقاید مردم کردستان.

جگە لەمانەش تا ئێستا سەدان لێکۆڵینەوە و وتاری زانستی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وڵات و هەروەها لە کۆڕ و کۆنگرەکان و بیرەوەرییەکاندا، بڵاو کردووەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی لە سەر بەرهەمی زۆرێک لە زانایان نووسیوە.

«بۆ دیمەنە جوانەکەی مەریوان»

«مەریوان»ی جوانی من! نموونەی شاری کوردانی
مەکانی عالمانی دین، قەڵای ئازادە مەردانی
ئەگەر تالیب بە جەنەت هەی، بچۆرە سەیری هەردانی
وەها خەمڵیوو و دڵگیرە کە دائیم شاد و خەندانی
سوپاهی خەم ئەتارێنێ هەوارگەی خۆش و دڵگیرت

دڵی کوردان ئەبێ حەیران لە سەیری دیمەنی خۆشت
ئەبن سەرمەست لە بەر بۆنی گوڵاڵەی دەشتی سەوز پۆشت
«زرێبار»ت وەکو ساوا بە گەرمی ناوەتە کۆشت
لە ئاوی سەر چیاکانی ئەگەر تۆزێ بکەی نۆشت
ئەوی وا مەرگ وتیاچوونە مەحاڵە نایەتە بیرت

ئەتۆ دووری لە ئینسانی دەنائەت پیشەو هەرزە
بوڵەندی کێوی «میراجی»ت نیشانەی سەد هەزار ڕەمزە
«ئیمام»یشت وەکو هیمەت گەلی کورد مەحکەم و بەرزە
کە وا بو مێهری تۆ بێ شک لە بۆ ئێمە هەموو فەرزە
بە گیان و دڵ هەتا مردن ئەکەین تەعریف و تەقدیرت

له نــاو جەرگەی بەهارانــا بچــۆ ســەیری دەرو دەشــتی
ئەگەر ئەهلــی ســەفا و زەوق و گەڕان و جەولە وگەشــتی
چ موحتاجی «ڕامسەر»! ئەی بێ خەبەر یا بەندەری «ڕەشــت»ی
کەنــاری ئــاوی «ڕوکنابــاد» مەچــۆ لادە لە گــوڵ گەشــتی
بەهەشــتی خــوا لە ئەو دونیــا لە وێــدا دێــتەوە بیــرت
لەنــاو جەرگەی بەهارانــا دەر و دەشـــت و «زرێبــار»ی
وەکــوو بــووکێکی ڕازاوە سەراســەر خۆشــی لــێ بــاری
لە جــێگەی جەنــنەتە بۆمــان تەماشــای بــاخ و گــوڵزاری
لە «بێلــوو»دا لە خەودایە کەســێکی هەروەکــو «نــاری»
یەقیــنە نــامرن هەرگیــز «شــەپۆل» و «قــانع»ی ژیــرت
بە ڕووخــاوی نمایــانە قەڵا و ئاســاری چەنــد میــران
لە باوەشــتایە چەنــد مەرقەد گــومەز و بارەگــای پیــران
«ســەفائەددین»ە، هەم «کابــل»، لە «یــونس» پیــری هەنجیــران
بەرەی ســاداتی پیرخــزری کە دۆعایــان هەمــوو گیــران
ئەتــۆ خــاکێکی پیــرۆزی بە بــۆنەی ســەیید و پیــرت
ئەوی دوژمــن بە زانــستە، ژیــاوە هەر بەســەر شــۆڕی
هەزاران ڕەحمەتــی یەزدان ببــارێتە ســەری گــۆڕی
«عەلامەی بالــک» و قەبــری «موســەننیف» ســەییدی چــۆڕی
بە شــۆڵەی عــیلم و خواناســین دڵانــی تاریــان گــۆڕی
ئەسەف دەرچوو لە دەس ئێمە کە زانای عیلم و تەفسیرت
مەریــوانم هەرێمــێکە لە ڕوخــساری چیــا و هەردی
ئەبــارێ ڕەمــزی سەربەرزی؛ســەرەفرازی و جەوانــمەردی
لە نــاو جەرگەی بەهارانــا بچــۆ ســەیری «قەڵەبەرد»ی
بڵــێ:ئـاوی چیـا و کوێــستان، شـیفای هەر عـیللەت و دەردی
کلەی چاوانی هەرکـوردە بە بــێ شـک خـاکی ئەکسیرت

هونەر وەختێ ئەبووژێتەوە کە خەڵکی لێی بکەن تەجلیل
ئەگەر ئەمڕۆکە بازاڕی هونەر بێ ڕەونەقە و تەعتیل
هەموو خەڵکی لە بۆ سامان گرفتارن، ئەسیر و دیل
بەڵام چون ئەرکی سەر شانە دەخیلە هەرگیز «ئیسماعیل»
نەگۆڕی شوێن و ڕێبازی بە نرخی باب و باپیرت

عوسمان ئەشکاوەند (جێماو)

لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٥٦ی زایینی لە ئاوایی «نێ» لە بنەماڵەیەکی جوتیاری چەوساوە، پێی ناوەتە گۆڕەپانی ژیانەوە. باوکی ناوی سۆفی عەلییە و دایکی ناوی مینایە.

ئەم شاعیرە لە تەمەنی حەوت ساڵاندا باوکی لە ژیان ماڵئاوایی ئەکات و بە هەتیوی ئەکەوێتە باوەشی دایکێکی فەقیر و دەسکورت و دڵسۆز، دایکی هەرچەند نەخوێندەوار بووە بەڵام بۆ پەروەردە و بارهێنان ڕەواناسێکی لێهاتوو بووە. کاک عوسمان تا تەمەنی چواردە ساڵان بە هۆی نەبوونی و ناتەواوی و لاواز بوونی بارودۆخی ئابووری لە خوێندن بێ بەش بووە و لەبەر ئەوەی جل وبەرگی زۆر شڕی لە بەرکردووە پێیان گوتووە «عوسێ شێت».

ساڵی ١٩٦٠چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی گەورەساڵانی شەوانە و خوێندنی تا پۆلی سێهەمی ناوەندی بە شێوەی ئازاد(موتەفەریقە) درێژەی هەبووە. «زۆر جار خەڵکی بە سەر سووڕمانەوە وتویانە عوسێ شێتی سۆفی عەلی خەریکە فێری خوێندن ئەبێ».

لە ساڵی١٩٧٧ پەنجەکانی، بەتاسەوە دەسیان کردووەتە مل پێنووس و بەرە و سارای سپی و ڕووناکی تێنووس، دوای کاروانی شاعیران و نووسەران کەوتووە و نازناوی «جێماو»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ساڵی ١٩٨٠ ژیانی هاوبەشی دەس پێئەکات و بە تەواوی لە کاری کشت و کاڵ و وەرزێری دەس هەڵئەگرێت و لە شاری مەریوان ئەبێ بە خەیات .

ئەم شاعیرە خاوەنی شەش دەفتەر شێعرە کە بەداخەوە لە بەر ژیانی لاوازی ئابووری توانای لە چاپ دانیانی نییە.

«شەپۆلی شەوق»

شەق بوو شیشەی شانازی شەو شڕ بوو شکڵی شادەواری
شەبەق شێوەی شۆمی شکاند شەتاو شۆردی شوێنەواری

شۆڵەی شەم و شێعر و شانۆ شەپۆلی شەوق، شنەی شەماڵ
شوانی شوجاع شێت و شیدای شاخ و شیو و شینی شمشاڵ

شان و شەوکەت و شالاوی شاباڵی شێرانی شەرزە
شێواندی شەقڵی شەرم و شۆی شاری شوغاڵی شپرزە

محەممەد ئەمین میرزایی

نازناوی ئەم شاعیرە «میرزای هەورامی»یە. ساڵی ١٩٥٦ی زایینی لە گوندی «کەماڵە»ی هەورامانی تەخت چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. هۆنینەوەی هەڵبەست و شێعر بە زمانی عیرفان و خواپەرستانەی ئەو سەردەمانەی هەورامان، میرزای هەورامیش بۆ ئەو کەش و هەوایە ڕادەکێشێ. بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٧٥ شێعرێک لە ڕادیۆ مەریوان بە مۆسیقای ئەهووراییی ئەخوێنێتەوە. سەردەمانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی پاشایەتی وەک کوردێکی تۆخ شێعری شۆڕشگێڕانە دائەنێ. یەکەمین بەرهەمی ناوبراو دیوانێکی شێعرە لە ژێر ناوی «سەوزەی کۆسالان» چاپ ئەبێت و ئەکەوێتە بەردەست ئەویندارانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. ناو براو بە نووسینی وتار و هەڵبەست لە گەڵ زۆربەی گۆڤارە کوردییەکاندا وەک ئامانج و سروە و... هاوکاری ئەکات و نووسەر و بێژەری بەشی هەورامی ڕادیۆ سنەشی لە ئەستۆیە.

کۆمەڵە شێعری «زەردی خەزان»یشی ئامادەی چاپ و بڵاو کردنەوەیە. ناوبراو ئێستاش مامۆستای ئایینی و دانیشتووی گوندی «سەراو قامیش»ی سنەیە.

سابیر سەعیدی

ساڵی ١٩٥٧ی زایینی لە گوندی «شەڕەکان»ی ناوچەی هەورامانی لهۆن سەر بە شاری پاوە لە دایک بووە. باوکی فەرەج و دایکی مەلیحە خاتوونە. بە بۆنەی بڕێک گرفتی ئەو

سەردەمانەوە واز لە خوێندنی مەکتەب دێنێت، بەڵام وەک دۆست و هەڤاڵ چاو لە کتێب دەکات و لە بوارگەلی ئایینی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبیدا موتاڵا ئەکات. سابیر لە تەمەنی ١٦-١٧ساڵیدا یەکەم شێعری خۆی ئەنووسێت. دواتریش بە دڵگەرمییەوە درێژە بە نوسین ئەدات و یەکەم بەرهەمی خۆی لە ساڵی٢٠٠٥ لە ژێر ناوی «هەنگی ڕۆح» بە دوو زاراوەی هەورامی و سۆرانی و بە دوو شێوەی شێعری کلاسیک و نوێ چاپ و بڵاو ئەکاتەوە.

دووهەم بەرهەمی بە ناوی «هاوار بێ دەنگیم» لە ساڵی ٢٠١٠ چاپ و بڵاو بۆتەوە. نابراو کاسبە و نیشتەجێی مەریوانە.

عادڵ محەممەدپوور

هەرکەس تەوەلود دووبارەش نییەن ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نییەن

(مەولەوی تاوەگۆزی)

عادڵ محەممەد پوور لە زمانی خۆیەوە بناسین:

لە وەرزی پاییزی ساڵی ١٩٥٧ی زایینی لە گوندی «دزڵی» سەر بە هەورامان لە دایک بووم. باوکم یووسف ودایکم فەهیمەیە. هەر لەو گوندە پۆلی شەشەمی سەرەتاییم تەواو کرد و بۆ درێژەدانی خوێندن، هاتمە شاری مەریوان. پاش تەواو کردنی قۆناغی دوا ناوەندی لە تاقیکردنەوەی زانستگادا، بەشداریم کرد. لە سەر حەز و خواستی خۆم ڕشتەی ئەدەبیاتم لە تەربیەت موعەلیمدا هەڵبژارد. دوو ساڵ لە شاری سنە دەرسم خوێند. لە سەرووبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بوو کە لەو شارە ئاشنای هەندێک چالاکی بواری ئەدەبیات و ... بووم. بازاڕی سیاسەت و خوێندنەوە پڕ ڕەونەق بوو، بەڵام بە شێوەی پراکتیکی بە قەرەی سیاسەتدا نەدەچووم. حەزم لە بازاڕی کتێب و خوێندنەوە بوو. لەم جموجۆڵەدا بوو، چێژی ئەدەبی من فراژۆی کرد. بە شێوەی فەرمی بووم بە مامۆستا، لە قوتابخانەی مەلا ئاوارەی ئەو دەم لە شاری مەریوان، دەستم بە وانە گوتنەوە کرد. لەو دەمانەدا بوو کە لە زەمینەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کەڵکەڵەی زۆرم هەبوو و حەزیشم ئەکرد لە زێدەکەم، گوندی «دزڵی»، خزمەت بکەم، هەر بۆیە زوو لە سەر داواکاریی خۆم ساڵی ١٩٧٩ نەقڵی ئەو

گوندە بووم.

بەڵای نەخوازراوی شەڕی ئێران و عێراق ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێکرد. بە هۆی بوردمانی گوندەکە، بە شێوەی کاتیی قوتابخانەکەمان گواستەوە بۆ شاری مەریوان، نەمانهێشت قوتابییەکان لە وانەکان دوا بکەون.

لە مەریوانیش دەرپەڕێنراین و ئاوارەکراین. ساڵی١٩٨٧سەرەڕای ئاوارەیی، خولیای زانین و فێر بوون دیسان بەرەو زانکۆ هانی دام. دوای چوار ساڵ بەکالۆریۆسم وەرگرت و لە زانکۆی ئازادی شاری سنە ماستەری ئەدەبی فارسیم تەواو کرد و نامەکەشم لە سەر «سبک شناسی شعرهای بیسارانی» لێ وەرگیرا. گەڕامەوە مەریوان و لەوێ دەستم کرد بە وانە وتنەوە لە زانکۆی «پەییام نوور» کە تازە ڕێکەوتبوو. لە مەریوان شوێنێک نەبوو کە شاعیران و نووسەران و هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەب کۆ بکاتەوە؛ بۆیە هەستمان بەم بۆشاییە دەکرد. بە هاوکاری دۆستان (جەلیل ئازادیخواه، ئەنوەر ڕەوشەن ، محەممەد بانی و شێخ ڕەشیدی حسێنی و...) ساڵی ١٩٩٠ ئەنجومەنی فەرهەنگی ــ ئەدەبیی مەریوانمان دامەزراند. هەر لەو سەردەمانەدا بە هاوبیریی ئەندامانی ئەنجوومەن بیرۆکەی بڵاڤۆکی زرێبارمان داڕشت و دوای پێنج ساڵ مۆڵەتی بڵاو کردنەوەی پێدرا و لە پاییزی ساڵی ١٩٩٧ یەکەم ژمارەمان دەرکرد و تا ئێستاش کە ئەم وتووێژە ئەنجام ئەدەم، حەفتا ژمارەی لێ دەرچووە. بە خەیاڵی خاو لە بزاڤی دووەمی خورداد[١] پێشوازیم کرد و بۆ وەڵامدانەوەی هەندێ پتانسیەل، لە هەوەڵین هەڵبژاردنی شۆرای شاردا بەشداریم کرد. بەڵام هەر زوو سەرم دای لە بەردی پەشیمانی و پاشەکشێم کرد.

لەم دواییەدا بە هۆگەلی زۆر، وەک کار و وانەگوتنەوە و کارو باری ڕۆژنامەوانی ماندوویەک لەمندا سەری هەڵدا، پاشان بوو بە نەخۆشینی ڕۆحی و جەستەیی، بە ناوەخت دەستم لە مامۆستایی و وانە گوتنەوە هەڵگرت و ئێستاش خانە نشینم.»[٢]

عادڵ محەممەدپوور لە ماوەی ئەو چەند ساڵ هەوڵ و تێکۆشانەیدا، توانیویە ئەم

١. مەبەست دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوییە کە لەم ڕۆژەدا محەممەدی خاتەمی بە دروشمی چاکسازییەوە بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران.

٢. وت و وێژ لەگەڵ نووسەر.

بابەت و نووسراوانە پێشکەش بە گەل و نیشتمان بکات:

١ـ سرود خزان (تحلیل سبک شناسانە بیسارانی شاعر غنایی پەرداز) ناشر: زرێبار.

٢ـ شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا... ناشر:چاپخانەی بابان.

٣ـ سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردی، ناشر: ئیحسان، لە ژێر چاپ.

٤ـ زمانەوانی کوردی، ناشر: مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، لە ژێر چاپ.

٥ـ ترجمە بە کوردی(دە ق و ڕاڤە) ناشر لە ژێر چاپ.

٦ـ کتێبی «ادوار شعر کوردی هورامی» ئامادەی چاپ.

زۆرتر لە چل وتار کە لەم گۆڤار و حەوتەنامانەدا بلاو بوونەتەوە: سروە، ئاوینە، ئاویەر، سیروان، ڕۆژهەڵات، ئاشتی، ئاسۆ، زرێبار، ڕامان، ئایندە، سەردەم.

ئەم نووسەرە لە زۆرێک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ناوخۆو دەرەوەدا (وەک: کۆنگرەی بێسارانی، ناری، قانع، شەپۆل، هورامانناسی، کۆنگرەی مەولەوی، کۆنگرەی مەستوورە، فستیواڵی گەلاوێژ و...)بەشداری کردووە.

باقی سەفاری

باقی سەفاری کوڕی وەستا عەباسی مسگەر، لە شاری پاوە، لە مانگی فەیبرییەی ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لە دایک بووە. تا پلەی شەشەمی دواناوەندی لەو شارە خوێندووە و پاشان لە پاییزی ساڵی ١٩٧٧ لە زانکۆی ڕازی شاری سنە لە بەشی کیمیا وەرگیراە. پاش کرانەوەی زانکۆکان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بۆ خوێندن ڕوو لە شاری کرماشان ئەکات هەر لەوێ زانکۆ تەواو ئەکات و لە پاییزی ١٩٨٦ وەک مامۆستای قوتابخانەکانی مەریوان ئەرکی مامۆستایەتی پێ ئەسپێدرێت.

ئەوینی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواری هانی داوە دەست بۆ پێنووس درێژ کات. نازناوی شێعری «مسگەر»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ئەو کارەیشی بە کۆکردنەوەی بە سەرهات و حیکایەت و هەر وەها ئەفسانەکانی ناوچەی هەورامانەوە دەست پێکردوە کە ساڵی ٢٠٠٢چاپ کراوە. دووهەم بەرهەمیشی ساڵی ٢٠١٠ بلاو بۆتەوە. نوسراوەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سیروان، زرێبار، ئاویەر و دەلاقەدا بلاو

بوونەتەوە.

باقی سەفاری بە دنیایەک ئاواتی وەدی نەهاتووەوە بەهاری ساڵی ۲۰۱۰ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لە ویژەی کوردی کرد.

حسێن فیداکار

لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ۱۹۵۸ی زایینی لە گوندی «نێ» لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە. باوکی مەلا محەممەد ئەمین و دایکی فاتمە خاتوونە.

خوێندنی سەرەتایی لە زێدەکەی دەست پێئەکات و لە بەر نەبوونی و هەژاری بنەماڵەکەی و بارودۆخی ژیانی گوندنشینی واز لە خوێندنی قووتابخانە دێنێت. لە دوای تەواو کردنی سەربازی و پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشی، بژیوی لە ڕێگای کشت و کاڵ و شۆفیرییەوە دابین دەکات.

بۆ یەکەم جار و بە ڕێکەوت دیوانی شاعیری گەورە و نیشتمان پەروەری مەریوانی مامۆستا قانعی دەست ئەکەوێت و هەر ئەوەش ئەبێ بە هەوێنی گیرساندنی حەز و خولیای شێعر لەم شاعیرەدا.

بێبەش بوون لە نێعمەتی دایک و ناسینی دوانزە باوەژن لە درێژەی تەمەنیدا، وای لێ ئەکات یەکەم بەرهەمی خۆی لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بە نێوی «باوەژن» بهۆنێتەوە.

یەکەم دەفتەری شێعری لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و بە هۆی ئاڵۆزی باردۆخی ئەو ڕۆژەی کوردستان ئەشارێتەوە و دواتر ڕێی نابات سەر و وەک نووسراوەکانی زۆربەی شاعیرانی کورد ئەبێت بە پێخۆری گلّ!

ئەم شاعیرە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و شێوە ژیانی شارێکی سەر سنوور و کوردنشینی وەک مەریوان، وەک شێعر و هەڵبەست و بە شێوەی تارۆز بە نێو گەلی: شلەخەجێی با هونەر، باوک و بۆڵدێزر، تویتای دوو هەزار و... هتد ئەهۆنێتەوە.

کاک حسێن خاوەن دوو دەفتەر شێعری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیی و ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراوەیە و جێگای ئاماژەیە کە پێش ئەوەی عەبدوڵڵا پەشێو بناسێ ماوەی سی و دوو ساڵە نازناوی «پەشێو»ی بۆ شێعرەکانی هەڵبژاردووە. ناوبراو ئێستا

دانیشتووی مەریوانە.

«یاران بەینێکە»

یـــاران بەینـــێکە فکـــرم مەشـــغووڵە
هەرچـــی ئەپێـــوم گەزەکەم کـــوڵە
سەر لـێ شـێواوم وەکـوو سـەرعی و شێت
ئەڕۆم بەڕێـــدا چـــپەی لێـــوم دێـــت
هەنگـاو هەڵـدەگرم بەرەو لـووتکەی یـاڵ
تـــا نـــاو قەد ئەڕۆم بە هەزار ئەحـــواڵ
پـــام هەڵ ئەکەوێ لە بەرد یـــا لە دار
دێمۆ بـۆ گـوێی چەم بـۆ جێـی یەکەم جـار
خـــودا بەخـــاتر ئەو پێغەمـــبەرە
نەجـــاتم بـــدەی لەو دەردی ســـەرە
هەر چەنـد کە «پەشـێو» خەجـاڵەت بـارە
چـــاوەڕێی لـــوتفی پەروەردگـــارە

غەفوور(فەرەیدوون) بەهرامی

غەفـوور بەهرامـی سـاڵی ١٩٥٨ی زایینـی لە گونـدی «هـانە گەرمەڵە» چـاوی بە ژیـان هەڵێنـاوە. بـاوکی «کـەیخوسـرەو» و دایکی «لەیلا» خاتوونە. سـەرەتایی خوێنـدنی تـا تەواو کردنـی قۆناغی ناوەندی لە زێدەکەی خۆی ئەمێنێتەوە. بۆ درێـژەدان بە خوێندن ئەچێتە شاری پاوە و لەوێ دیپلۆم وەرئەگرێـت. دوای سەرکەوتن لە تاقیکاری، لە ناوەندی بارهێنانی مامۆستایان لە شائاباد وەرئەگرێت و لە ساڵی ١٩٨٩ەوە خەریکی بە جێهێنانی ئەرکی مامۆستایەتییە.

سەرەتای چوونە ناو سارای شێعر و هەڵبەستی، ئەگەڕێتەوە بـۆ سـەردەمی منداڵی، کە خوێندنەوەی شێعری شیرین و فەرهـاد، لەیلـی و مەجنـوون، ڕۆسـتەم و زۆراب، وەفات نامە و مێعراجنامە و ... شەوچەرەی ماڵانی کوردەواری بووە. بە وتەی خۆی: «لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئەدەبی پـاوەدا بەشـداری چالاکـانەی هەبـووە و هێـدی

هێدی هەستی خۆی بە نووسینی شێعر دەربڕیوە». ساڵی ١٩٩٤هەواری ژیانی بۆ مەریوان ئەگوێزێتەوەو بارودۆخی فەرهەنگی مەریوان دەلاقەیەکی نوێ بەڕویدا ئەکاتەوە. ئەم شاعیرە یەکەم بەرهەمی شێعری خۆی بە نێوی «هەوای محەممەد» پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی ئەکات.

فاتح وەیسی



ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لە گوندی «سەڵەسی» مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی مەلا حەسەن و دایکی سۆیبە خاتوونە. تەمەنی یەک ساڵ ئەبێ کە کۆچ ئەکەنە گوندی شارانی. لە شەش ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن، لەخزمەت باوکیدا قورئان ئەخوێنێت و هاوکات کتێبێ پۆلی یەکیش تەواو ئەکات. تا پۆلی شەش درێژە بە خوێندنی قوتابخانە ئەدات و لە سەر خواستی باوکی قوتابخانە بە جێ دێڵێت و ئەڕواتە حوجرە و لە گوندەکانی کانی‌سانان، سەرنژمار، باشماخ و ئەڵمانە و دواتر سنە وانەی مەلایەتی ئەخوێنێت. هاوکات بە شێوەی شەوانە لە قوتابخانەش درێژە بە خوێندن ئەدات.

ساڵی ١٩٧٩ لە ئیدارەی بەربەرەکانی لە گەڵ بێسوادی (پیکار با بیسوادی) دائەمەزرێ. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە دەسەلاتی پاشایەتی، پەیکار هەڵ ئەوەشێتەوە و ئەدرێ بە دایەرەی پەروەردە و بارهێنان. دوای چەند ساڵ مامۆستایەتی لە گوندەکان و لە شاری مەریوان، ساڵی ١٩٨٤ لە سەرکار وەلائەنرێت.

ماوەیەک مەریوان بە جێ دێڵیت و دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٨٥دا ئەگەڕێتەوە مەریوان و ئەبێ بە دوکاندار، ئاخر مانگی زستانی ئەو ساڵە مەریوان بۆردوومان ئەکرێ و زامدار ئەبێ.

وێڕای هەبوونی ماڵ و خێزان خولیای فێر بوون هانی ئەدات کە لە کاتی ئاوارەییدا دیپلۆم وەربگرێت و لەتاقیکاری کونکوری ساڵی ١٩٩٤ لە زانستگای عەلامەی تاران لە ڕشتەی علوم ارتباطات وەرئەگیرێت و ئەو قۆناغەش سەرکەوتووانە ئەبڕێت.

ئەم نووسەرە وێڕای ئاوارەیی وکەم ئەندام بوون و چەرمەسەرێی زۆر، خەریکی کاری فەرهەنگی بووە و وازی لێ نەهێناوە و ئەمەش کارنامەی فەرهەنگییەتی:

١ـ کوردستان و ڕۆژنامەگەری، ئامادەی چاپ.

٢ـ مەریوان لە ڕوپەڕی مێژوودا، ئامادەی چاپ.

٣ـ نووسینی سێ شانۆنامە بە ناوەکانی: دز و بۆقلە، دز و نۆکەر و فریشتەکانی هیلال ئەحمەر.

٤ـ کۆکردنەوەی فەرهەنگێکی کوردی پێکهاتوو لە گشت زاراوە کوردییەکان (هێشتا تەواو نەبووە).

سەید ئەحمەد حسێنی (دڵپڕ)

ئەم شاعیرە کوڕی شێخ عەبدول کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عارفی دۆڵاشە و دایکی مینا خاتون کچی حەمە سەعی کوڕی سۆفی حسێنی دەرەتفێیە.

ساڵی ١٩٥٩ی زایینی لە گوندی «کانی‌سانان» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. دوا منداڵ لە هەشتەمین منداڵی بنەماڵەکەیەتی.

ساڵی ١٩٦٥ ناردویانەتە قوتابخانە و تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرسی لە قوتابخانە و قورئانی لە مزگەوت خوێندووە. لە بەر بارودۆخی لاوازی ئابووری بنەماڵەکەی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

لە دوایماڵئاوایی لە قوتابخانە شان بە شانی باوکی دەست بەکاری کشت و کاڵ و جووتیاری ئەکات و تا هەنووکەش کە پەنجا و یەک ساڵ تەمەنییەتی هەر خەریکی ئەو ئیشەیەیە. بە واتای خۆی نانی سەربەرزی و حەڵاڵی بە ماڵ و منداڵی داوە. ئەو شەش ساڵ خوێندنە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دائەنێ و بە واتای خۆی دنیایەك بایەخ و قیمەتی بۆی هەبووە. هەرچەند لەو سەردەمەدا کتێب و نووسراوە و مامۆستای ڕێزمانی کوردی زۆر کەم بووە و بەدەگمەن دەسکەوتوون، بەڵام ماڵی ئەمان خاوەنی کتێبخانەیەکی نایاب بووە و لە سەر حەز و خواست و لێبڕانی خۆی فێری کوردی خوێندن و نووسین ئەبێت. شێعرەکانی شاعیری گەورەی بنەماڵەکەی «مامۆستا قانع» ئەبێ بە هەوێنی گیرساندنی شێعر لە بیر و هزریدا. ساڵی ١٩٧٤ بۆ کاریگەری ئەچێتە باشووری ئێران و لە گەڵ چەند کوردی ئاوارەی هاوزمانی خۆی کە دوای پەیمانە نگریسەکەی ئەلجەزایر لە ئێراقەوە چوو بوونە ئەوێ، ئاشنا ئەبێت و بیری نەتەوەیی و

خۆشەویستی گەل و نیشتمانەکەی لە دەروونیدا ڕیشە دائەکوتێت.

هەست بە خەم و ناسۆرەکانی گەل وای لێ ئەکات لە گەڵ پێنووس ببێتە هەڤاڵ و زاخاوی دڵی لە سەر پانتای سپی و بێگەردی پەڕاو هەڵڕێژێت.

ئەم شاعیرە خاوەنی سێ دەفتەر شێعرە بە ناوەکانی «نەکەرۆز»، «گڕ و گڵپە»، «پیرەکچ» کە ئامادەی چاپن بەڵام تا ئێستا بۆی نەلواوە بڵاویان بکاتەوە. هەروەها کورتە باسێکی لە سەر ژیان و کەسایەتی مامۆستا قانع ئامادە کردووە.

ئەم بەڕێزە ئێستا دانیشتووی گوندی «کانی سانان»ە و سەرقاڵی کشت و کاڵە. بە وتەی خۆی ڕۆژانە هەوای هاوینە هەواری گوێزە بەیخانی دۆڵاش هەڵئەمژێت.

«ژینی مەردانە»

بە نانی وشکی و چۆڕێ ئاوی کاڵ
ژین بەریتە سەر بە درێژاییساڵ
لەوە باشترە نۆکەری میر بێ
بە سکی تێر و بە دەمی بەتاڵ
بژیت بە سەر بەرز با برسیشت بێ
نەک پەت لە مل بی وەک تانجی و گەماڵ
نان خەنە بەرت تێرت کەن بۆ ڕاو
ئەویش چ ڕاوێک ڕاو هاوسێ و هاومال
مردن باشترە لە ژینێ وایە
ئاغە تاوێ شەق تاوێک قسەی تاڵ
بڕۆ وەک هەڵۆ بژی بە بەرزی
نەک بە وێنەی قەل سەلوێنک و لاچاڵ
قارەمانانە عومرت تێ پەڕکە
پەلامار ببە وەک ڕۆستەمی زاڵ
ورگت شۆڕ مەکە بۆچڵکاو خواردن
قەناعەت بکە بە کولێرەی گاڵ

لە گەڵ ئەوەشـــدا بـــۆ مـــافی ڕەوات
هەڵمەت بەرێ بە، وەک هەڵۆی سەر یاڵ
تـۆ خـوا گەر ناشبی بە گـوڵ بـۆ کـۆمەڵ
مەشـــبە بە چقـــڵ و هەژگ و دڕک و داڵ

عەبدوڵڵا ڕەحیمی

لە ٢٣ی دیـــسەمبەری ســـاڵی ١٩٥٩ی زایینـــی لە گونـــدی «چەشمیەر» لە ناوچەی ژاوەرۆ چاوی بە ژیـان رووناک بـووە. ژیـانی منـداڵی لە سـەردەمانی دەسـەڵاتی ڕژیمـی پاشـایەتی‌دا تێپەڕاندووە.

قۆناغی سەرەتایی لە لای ئەو مامۆستایانە بڕیوە کە لە تەوڕێز و سنە و... ئەهاتن. ئەو سەردەمە خەڵکی ناوچەکە نەخوێندەوار بوون و لە شوێنگەلی ترەوە مامۆستایان بۆ هاتووە. بە بۆنەی باو بوونی دارکاری و فەلاقە لە قوتابخانەکانی ئەو سەردەمەدا، خوێندن بۆ قوتابی زۆر سـەخت و دژوار بـووە بە چەشنێک کە زۆر جـار منـداڵان لە ترسـی چـوون بـۆ قووتابخـانە لە نـاو کەنـووە قـوڕینەدا خۆیـان شاردووەتەوە.

یەکێ‌تر لەو شتانەی لەو سەردەمەدا کاریگەری نیگەتیڤی بووە مردنـی خەڵـک بە هۆی نەخۆشی سیل بووە. وەختێ پیت گەلی «د.د.ت»یان لە سەر دەرکی هەر ماڵێک ببینیـایەت وایـان ئەزانـی کە ئەو بنەمـاڵەیە بـۆ باشـووری ئێـران یـان بـۆ تەوەس ڕائەگوێزرێن!!!

کـــۆچی دوایـــی بـــاوکی لە مـــانگی ئۆکتـــۆبر(یەکەم ڕۆژی دەســـپێکردنی قوتابخانەکان)، هاوکات بـوو لە گەڵ خوێنـدنی عەبـدوڵڵا لە قۆنـاغی ناوەنـدیدا. هەر بۆیەش کۆسپێکی تری هاتە سەر ڕێگە. لە بەر نەبوونی و هەژاری بـۆ کرێکـاری ڕوو لە شـاری تـاران ئەکـات، هاوکـات لە گەڵ ئەوەش هەر لە تـاران بە شـێوەی ئـازاد (موتەفەریقە) قۆناغی دوا ناوەندی ئەخوێنێت ودیپلۆم وەرئەگرێت.

سـاڵی ١٩٨٧ وەک مامۆسـتا لە نێهزەتـی فێرکـاری (نهـضت سـواد آمـوزی) دائەمەزرێـت و درێـژەش بە خوێنـدن ئەدا و بەکالۆریۆسـی «پەروەردەی سـەرەتایی»

(آموزش ابتدایی) وەرئەگرێت.

عەبدوڵڵا یەکەم بەرهەمی خۆی لە ژێر ناوی «گاو گۆراڵ» چاپ و بڵاو ئەکاتەوە. هەروەها بە هاوکاری چەند کەسێکی تر دیوانی «مەلا عەبدوڵڵا وەهابی ئاریانی» بە ناوی دیوانی «بەدبەخت» کۆ کردووەتەوە کە ئەویش ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەیە. ئێستاش مامۆستای قووتابخانەکانی مەریوانە.

مەهین بەهرامی کەمانگەر

ڕۆژی بیست و یەکەی ئاوریلیساڵی ۱۹۵۹ی زایینی لە مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە بەر ئەوەی باوکی پیشەی نیزامی بووە هەر پۆلێکی لە شارێک و لە مەڵبەندێک خوێندووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرکەوتووانە لە سنە و مەریوان و هەمەدان و بیجاڕ بڕیوە.

ڕوو لە ناوەندی بارهێنانی مامۆستایان لە شاری سنە ئەکات. دوای دوو ساڵ ونیو لە ساڵی۱۹۷۸ دا بە بیرێکی گەشاوە و زانستییەوە بەرگی مامۆستایی لە بەردەکات و لە زێدەکەی خۆی وانە ئەڵێتەوە. لە گەڵ نەخۆشی شێرپەنجە دەست بە ئێخە بووە و ژیان بە خەبات دەزانێت.

خاتوو مەهینی کەمانگر شان بەشانی ئەرکی مامۆستایەتی توانیویەتی لە بواری نووسیندا خزمەتی بەر چاو بکات.

کارنامەی فەرهەنگیی ئەم ژنە نووسەرە:

بڵاوکراوە:

۱ـ تغذیە و تندرستی(لە ژێر چاوەدێری پرۆفیسۆر و پسپۆڕی خۆراک) دوو جار لە چاپ دراوە. ۲ـ آشپزی مریوان، دوو جار لە چاپ دراوە.

بڵاونەکراوە:

۱ـ تاریخ مریوان. ۲ـ شاعران و نویسندگان مریوانی. ۳ـ لێکۆڵینەوە لە سەر(کانسر) شێرپەنجەکان. ۴ـ بەسەرهاتی ژنێک کە هەرگیز نەحەساوەتەوە.

ئەمین عەزیزی



لە سەرەتای بێ بەرگی و ڕوسووری باخ و ڕەزەکانی کوردستان ساڵی ١٩٦١ی زایینی لە گەڕەکی هەژارەی مەریوان چاوی بە دنیا هەڵێناوە.

دەسپێکی بەهاری زانستی تا وەرگرتنی دیپلۆم هەر لە مەریوان بووە. لە سەردەمی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بە داخەوە درێژەی خوێندنی پەکی کەوتووە.

تێکۆشانی فەرهەنگی و هونەری خۆی لە ساڵی ١٩٧٨ لە ناوەندی «قوتابی - خوێندکاری» مەریوان، کە لە لایەن کۆمەڵێک خوێندکار و قووتابیانی ئەو سەردەمە پێکهاتبوو، دەست پێئەکات. لە کومیتەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و شانۆ و وەرگێڕانی «ناوەندا» بەشداری چالاکانەی هەبووە. لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار کتێبی «ماسیە ڕەشە بچکۆلەکە»ی سەمەدی بێهڕەنگی، بە زمانی کوردی چاپ و بلاو ئەکاتەوە. هەر وەها لە دامەزراندنی پۆلەکانی فێرکاری زمانی کوردیدا بەشداری کردووە. لە گرووپە شانۆییەکانی ئەو سەردەمەدا وەک؛ ئەکتەر، شانۆنووس و هاوکاری دەرهێنەر تێکۆشانی چالاکانەی هەبووە.

خولی دووهەمی تێکۆشانی فەرهەنگی خۆی و ژیاندنەوەی قەڵەمەکەی بە بەشداری و هاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان دەست پێئەکاتەوە. خولێکی دوو ساڵەش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجوومەن بووە. هاوکات خەریکی وەرگێڕان بووە و بەرهەمەکانی لە گۆڤاری ئاسۆ و ڕەوتدا بڵاو بوونەتەوە.

ئەم پێنووس بەدەستە ئێستاکە دانیشتووی مەریوانە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاڤۆکی «چیا»یە و پیشە و کاری ئازادی هەیە.

جەماڵ ئێرانی

ساڵی ١٩٦١ی زایینی لە گوندی «نیاوا» لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی و قۆناغی ناوەندی تا دوا ناوەندیش لە سەولاوا دەرسی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٤ لە سنە

دیپلۆمی وەرگرتووە و هەر لەو ساڵەشدا لە بەشی مامۆستای جۆغرافیا لە زانکوی تاران وەرئەگیرێت. هاوکات لە گەڵ درێژەی خوێندنەکەیدا وەک مامۆستا لە قوتابخانەکانی تاران وانە ئەڵێتەوە و وەک یاریدەری مامۆستای زانکۆش کار ئەکات. ساڵی ١٩٨٨ بەکالۆریۆس وەرئەگرێت.

هەر لەو ساڵەدا بۆ خوێندنی ماستەر لە بەشی «جۆغرافیای سروشتیدا» قبووڵ ئەبێت.

لە ساڵی ١٩٩١ دا بە دنیایەک زانست و دڵسۆزییەوە بۆ پارێزگای کوردستان ئەگەڕێتەوە و لە مەریوان ئەرکی مامۆستایەتی وەئەستۆ ئەگرێت. دواتر وەک مامۆستای زانکۆ و ناوەندی بارهێنانی مامۆستایانی شاری سنە درێژە بە ئەرکەکەی ئەدات و هاوکاتیش چالاکیە فەرهەنگی ـ زانستییەکانی خۆی دەست پێئەکات.

ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٦ بە بۆنەی چالاکییەکانییەوە وەک مامۆستای نموونەی وڵات هەڵ ئەبژێریەت. هەنووکەش دانیشتووی سنەیە.

ئەم مامۆستایە ئەرکێکی زۆری بۆ ناساندنی شوێنەوارە مێژووییەکانی پارێزگای کوردستان و شوێنە توورستییەکان و بە تایبەت گۆلی زرێبار کێشاوە. ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە چالاکیە زانستی و فەرهەنگییەکانی ئەم مامۆستایە :

١- جغرافیای استان کردستان، ناشر:شرکت چاپ و نشر کتاب‌های درسی ایران.

٢- آزمون‌های طبقه بندی شدەی هدفدار جغرافیا، انتشارات علوی، تهران.

٣- جغرافیای طبیعی کردستان.

٤- توریسم با تاکید بر جاذب‌ەهای گردشگری استان کردستان، ناشر، آمادە چاپ.

٥- جغرافیای استان کردستان، کتاب درسی نهضت سواد آموزی، همکاری مولف، ١٣٨٥.

٦- بەرپرسایەتی گۆڤاری ژینگە.(ئەم گۆڤارە شەش ساڵە لە لایەن مامۆستایانی جۆگرافیای کوردستانەوە دەرئەچێت)

جیا لە مانە بڵاوکردنەوەی چەندها وتار لە گۆڤار و حەوتەنامەکانی، رشد آموزش جغرافیا، ژینگە، علوم زمین، فرهنگ کردستان، ئاویەر، باران و ...

فاتح ڕەحیمی

مانگی ئـووتی سـاڵی ١٩٦١ ی زایینـی لە گونـدی «هانەگەرمەڵە» لە بنەماڵەیەکی هەژار و کرێکار چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ساڵی ١٩٦٨خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی دەست پێئەکات. هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا دەبێ کە باوکی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و سەرپەرشتی فاتح و پێنج خوشک و برابچکۆلەکەی ئەکەوێتە ئەستۆی دایکێکی دڵسۆز و زەحمتکێش و بە خوری ڕستن و جاجم کردن بژیوی ژیانیان بۆ دابین دەکات.

لە قۆناغی ناوەندی دەرس خوێندنی ئەم نووسەرەدا دایکیشی ماڵئاواییان لێ ئەکات. ئەرکی دابین کردنی ژیانی خوشک و براکانی ئەکەوێتە ئەستۆی مێر منداڵێکی قوتابی و نەدار. لەگەڵ بەخێو کردنی ئەواندا درێژە بە خوێندن ئەدات و ساڵی ١٩٧٧ لە تاقیکردنەوەی مامۆستایەتی گوندەکاندا بەشداری ئەکات و بە پلەی بەرزەوە وەرئەگیرێت. دوای دوو ساڵ دەرس خوێندن، لە گوندەکانی ناوچەی نەوسود وانە بە قوتابیانی ڕەش و ڕووت ئەڵێتەوە.

خولیای فێر بوون هانی دەدات کە لە ساڵی ١٩٨٨دا لە تاقیکردنەوەی گشتی زانکۆدا بەشداری بکات. لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی زانکۆی کوردستان لە (سنە) وەرئەگیرێت. دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ وەک مامۆستای قوناغی دواناوەندی لە نۆدشە و باینگان درێژە بە مامۆستایەتی ئەدات و ساڵی ١٩٩٥خۆی بۆ مەریوان ڕاگوێز ئەکات. لە دوای سی ساڵ مامۆستایەتی و خزمەت کردن بە منداڵانی گەلەکەمان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا خانەنشین ئەبێت.

کارنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە:

١ـ دستور زبان کردی(هەورامی). ٢ـ «فەرهەنگنامەی هەورامی ـ فارسی» ئامادەی چاپ. ٣ـ «بیان در شعر اورامی»، ئامادەی چاپ. ٤ـ «بدیع در شعر اورامی»، ئامادەی چاپ. ٥ـ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دیوانی مەولەوی و ئەحمەد بەگی کۆماسی، پرۆژەی بەردەست.

کوێستان یەزدان پەرست

لەیەکەم ڕۆژی وەرزی پاییزی ساڵی ١٩٦١ی زایینی لە شارۆچکەی «پێنجوێن» چاوی بەم دنیا هەڵێناوە و کچی مستەفا بەگی بانەیە.

لەدوای دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆی ئێراق بە هۆی کوودتای عەبدولکەریم قاسمەوە ئێراق بوو بە کۆمار و کوردیش کە ڕاپەڕی و داوای مافی خۆی کرد، زۆربەی بەرە و ئێران ڕاو نرا. بنەماڵەی کوێستان خان ئاوارە بوون و لە مەریوان گیرسانەوە.

لەتەمەنی هەشت ساڵاندا بۆی دەرکەوت کە ئەتوانێت هەستی خۆی بە هۆنراوە دەرببڕێت. بەم چەشنە شێعر لە دەروونیدا ڕیشە دائەکوتێت. بەڵام لە بەر دەمارگرژی کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا ناتوانێت هۆنراوەکانی دەربخات.

ساڵی ١٩٨٦ بڕیار ئەدا هۆنراوەکانی بۆ بنەماڵەکەی بخوێنێتەوە کە ئەوانیش ـ بەتایبەت باوک و براکەی ـ لەو پەڕی ڕێزدا پێی خۆشحاڵ ئەبن و لەو ڕۆژەوە هاندەر و پشتگیری ئەبن.

جێگای ئاماژەیە ئەم شاعیرە بە زگماکی کەمئەندام هاتۆتە دنیا. بەڵام بە وتەی خۆی: «هەستی شێعر ئەم کەمئەندامییەی لەبیر بردومەتەوە.» شێعرەکانی ئەم شاعیرە لە دوو توێی دەفتەرەکانیدا ماونەتەوە و نەیتوانیوە لە چاپیان بدات.

وەک پەروینی ئیعتسامی ژیانی هاوبەشی ئەمیش زۆری نەخایاندووە و لە بەر نەخۆشی و وشک بوونی لاقەکانی دوای بەجێ هێشتنی منداڵێک لە گەڵ دایکیدا ئەژی.

«مەریوان»

مـــن ڕۆڵەی کوردســـتانم
بە هەســت و سـۆز و گیـانم

خۆشـــمەوێ مەریـــوانم
مەڵبەنـــد و نیـــشتمانم

شـارم نەخـشین و جـوانە
هەوارگەی میوانـــــانە

گـــۆمێ شـین ئەشـنێتەوە
خەم لە بیـــر ئەبـــاتەوە

دڵ ڕفێــنە ئـــاهەنگی
هـاژە و شـەپۆل و دەنگـی

لە داوێـــن کێوەکـــانە
چیـــا و شـــاخ و هەردانە

زرێبـــار هەڵ قـــوڵاوە
وێـــنەی بەهەشـــت ڕازاوە

جێــی ســـەیرانگای یـــارانە ئاشـــــــق و دڵ دارانە
وەفـــادارم تـــا مـــاوم ئەی پـــارێزم وەک چـــاوم

جەلیل عەباسی (قەقنەس)

جەلیل عەباسی ناسراو بە «قەقنەس» حەوتی ژوئەنی ساڵی ۱۹۶۲ی زایینی لە گوندی «کێمنە»ی سەر بە هەورامانی لهۆن لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەوێ دەست پێکردووە و لە شارەکانی تاران و پاوە و مەریوان تا قۆناغی دواناوەندی بڕیوە. لە گەڵ تەوژمی ئاوارەیی بە هۆی شەڕی ئێراق و ئێرانەوە هاتووەتە شاری مەریوان و زۆرتر لەم شارە ژیاوە. ژیانی تەژی بووە لە ئاوارەیی و ڕاوەدوونان و... لە ساڵی ۱۹۸۵ ژیانی هاوبەشی پێکەوە ناوە و لەساڵی ۱۹۹۹وە لە هەولێر گیرساوەتەوە و لەوێ ئەژی.

بەرهەم و چالاکییەکانی:

۱ـ بەرپرسی نووسین و ئامادە و پێشکەشکاری بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە سنە و مەریوان.

۲ـ لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنی ئەدەبیی مەریوان.

۳ـ دامەزرێنەر و بەرپرسی کۆمیسیۆنی فەرهەنگی لە شۆرای شاری مەریوان.

۴ـ دامەزرێنەر و گوتەبێژی (کۆمەڵەی پارێزەرانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان).

۵ـ دامەزرێنەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەکانی (تیشک) و(میراجی) و (ئەندیشە) لە مەریوان.

۶ـ دامەزرێنەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زرێبار لە مەریوان.

۷ـ دامەزرێنەر و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی «کانوونی نووسەرانی کوردستان» بنکە لە نۆروێژ.

۸ـ ئەندامی ڕێکخراوی «pen»ی نۆروێژ.

۹ـ ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

۱۰ـ ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامە نووسانی نێودەوڵەتی.

١١ـ ئەندامی دەستەی نووسەران و بەرپرسی مەلەفی دەق لە گۆڤاری کاروان.
١٢ـ سەرنووسەری ڕۆژنامەی شارۆ.
١٣ـ نووسەری ستوونەکانی؛ فەرهەنگی یەسنا لە گۆڤاری گوڵان و فەلسەفەی ئەشا لە ڕۆژنامەی بەدرخان و ئاهوورامان لە ڕۆژنامەی نوێ و ....

پەرتووکە چاپ کراوەکان:

١ـ ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کورد، بەرگی یەکەم، گاتاکان/ پرۆژەیەکی شەش بەرگی.
٢ـ ئاهورامان، بەرگی یەکەمی ڕوانگە/ پرۆژەیەکی هەشت بەرگی.
٣ـ یەلدای شووم، کۆ شێعر.
٤ـ ژوانی یەسنا: بەشی یەکەم.
٥ـ نامەیەک بۆ باوکم، فرانتس کافکا.
٦ـ دوایین ژێر دەستە، کێشەی باکووری کوردستان لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ.
٧ـ ئێستا لە نێوان دوو هیچدا، هەڵبژاردەی شێعرەکانی نیچە.
٨ـ هەورامان و هونەر: بەرگی یەکەم/ پرۆژەیەکی چواربەرگی.

عەلی مەحموودی

لە٨ی ژانویەی ساڵی ١٩٦٢ی زایینی لە گوندی «گۆشخانی»، لە بناری کێوی کوڕەی میانە، لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بەم دنیایەدا هەڵێناوە. قۆناغەکانی خوێندنی تا دواناوەندی درێژە پێئەدات. لە سەردەمی شەڕی ناو خۆی کوردستاندا بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ لایەنێکی سیاسی کوردیدا بۆ ماوەی بیست مانگ زیندانی ئەکرێت و لە درێژەی خوێندن و پیشەی حکوومی بێ بەش ئەبێت.

عەلی لە بواری فەرهەنگیدا یەکێکە لە چالاکانی شاری مەریوان و تا هەنووکەش ئەم ئەرکە فەرهەنگیانەی وەئەستۆ گرتووە:

١ـ «هەڵپەڕکێ»، ئامادەی چاپ.
٢ـ «وتە بەنرخەکانی زانا گەورەکان»، ئامادەی چاپ.

٣ـ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی مەریوان.

فایەق باتەش

فایەق باتش کوڕی عەبدولڕەحمان و ڕەحمە خاتونە، یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٦٣ ی زایینی لە گوندی «وشکێن» لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵاندا نراوەتە بەرخوێندن و قۆناغی سەرەتایی هەر لە زێدی خۆی تەواو کردووە. بۆ درێژەدان بە خوێندن نراوەتە شاری مەریوان و قۆناغی ناوەندیش هەر لەم شارە تەواو ئەکات. بە داخەوە لە بەر هەژاری و دەست کورتی بنەماڵەکەی، ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات.

هەست بەمە ئەکات کە ئەتوانێت، قسەکانی خۆی بۆ منداڵان بهۆنێتەوە. دەست بۆ پێنووس ئەبات و یەکەم بەرهەمی بۆ کۆرپەلەکان بە ناوی «پەپوولەکانی بەیان» بڵاو ئەکاتەوە.

ئەنوەر ڕەوشەن

مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٤ی زایینی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە شاری مەریوان لە دایک بووە. باوکی کەریم و دایکی فەهیمە خاتوونە. بنەماڵەی باپیری یەکێک لەو بنەماڵە قەدیمییانە بوون کە بنەچەی شاری مەریوانیان دامەزراند. خوێندنی سەرەتایی تا دەبیرستانی هەر لە قوتابخانەکانی مەریوان تەواو کردووە. بەکالۆریۆسی ئەدەبیاتی فارسیشی لە سنە وەرگرتووە. ئێستا مامۆستای ئەدەبیاتی فارسی قۆناغی دواناوەندییە لە مەریوان.

هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەبیاتی نەتەوەکەی بووە. لە ساڵانی خوێندنی ناوەندییەوە جاروبار بە زمانی کوردی هەستی ساکاری دەورانی لاوییەتی بە شێوەی شێعر و پەخشان دەنووسی. لە گەڵ دامەزرانی گۆڤاری سروە بە نووسینی وتار هاوکاری ئەکات و پاش تەواو بوونی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق و گەڕانەوەی لە ئاوارەیی بۆ شاری مەریوان، لە گەڵ دەستەیەک لە هۆگرانی ئەدەبیاتی کوردی،

ئەکەوێتە بیری دامەزراندی ئەنجومەنی ئەدەبی. نیزیکەی دە ساڵ وەک بەرپرس یان جێگری بەرپرسی ئەنجومەن خەریکی چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بووە.

ئەنوەر ڕەوشەن سێ ژمارە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زرێبار بووە. چەند ژمارەیەکیش کارەکانی حەفتەنامەی تیشکی ڕێک خستووە.

ئێستاش ئەم نووسەرە وەرگێڕانی نۆوێلێک، دەفتەرە شێعرێک و کۆمەڵە چیرۆکێکی ئامادەی چاپە. هەروەها سێ فیلمی دۆکیۆمێنتاری سەبارەت بە زرێبار و قەڵای مێژوویی مەریوان و بەردە بووکەکان ئامادە کردووە.

«تاوانی بوون»

لەو ساتەوە زەوی خۆی ناسیوەتەوە
جەرگی هەستم هەڵ ئەقرچێ
شیری شۆڤار
پشتی یەکڕەنگیم هەڵ ئەدڕێ
لەو ساتەوە زەوی خۆی ناسیوەتەوە
چرۆی ئەشقی چڵی حەزم
بە کۆرپەیی شەهید ئەکرێ
زریان و ڕەشەبای دڕیان
بە گڕ گڕی مۆمی ئەندێشەما ئەچێ
ساڵهای ساڵە
خەمی نەزۆک بوونی چرۆ
چاوی سروە ئەکاتە خەو
پڵنگی یاخی دارستانم، ڕاو ئەکەن شەو
ساڵهای ساڵە
کراسی سووری مێژووی منیان

کردوە بە بەرگی ئەندێشەی
ئەم گۆی ئەرزە
ساڵهای ساڵە
بزەی لێوم تەنیا تۆزێ، باڵا ناکا و بە بێ خەندە
کە هەستیان کرد
هەستم قەت سوێی نابێتەوە
بزەی سەرلێو ناسڕێتەوە
چرۆی ئەشقم
دیسانەوە گۆپکە ئەکا
شۆڵەی بیرم هەڵدێتەوە
پەڵە شەرمێ
لە نێو چاوی مێژووی زەوی درایەوە
بۆ چاوترسان
هەتاوێکیان لە خوێن گەوزاند
هەناسەی شارێکمیان تاساند
هەزار هەزار گوڵیان ژاکاند
بەڵام دیسان
پەیکەرم بوو بە دارستان
پڵنگی یاخی، دڕ دڕ، دڵپڕ
کەوتنەوە خۆ حەشاردان

ساڵح حەبیبی

ساڵی ١٩٦٤ی زایینی لە گوندی «مازیبن» لە ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان لە بنەماڵەیەکی جووتیاردا لە دایک بووە. کوڕی عەلی محەممەد و شیرین خاتوونە. باوکی خۆی بە چاو نەدیوە. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لە باوەشی گەرمی دایکیش بێ بەش ئەبێت و بە خێو کردنی ئەکەوێتە ئەستۆی برا و براژن.

قۆناغی سەرەتایی لە زێدەکەی خۆی تەواو ئەکات و ساڵی ١٩٧٤ بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوو لە شاری مەریوان ئەکات. ساڵی ١٩٨٣ بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن بەرە و سنە، مەریوان بە جێ دێڵێت. ساڵی ١٩٨٤دیپلۆم و ساڵی ١٩٨٦یش فەوق دیپلۆم لە بەشی جۆغرافیدا وەرئەگرێت. ئەبێ بە مامۆستا و وانە گوتنەوە بە قوتابیانی ڕەش و ڕووت ئەبێ بە شەوچەرەی ژیانی.

ساڵی١٩٧٤ برایەکی لە شاری مەهاباد سەرباز ئەبێت. دیوانێکی مەولەوی تاوەگۆزی لە گەڵ خۆی بە دیاری دێنێتەوە. ئەو دیوانە ئەبێ بە هەوێنی حەز و خۆشەویستی بەرانبەر بە ئەدەبی گەلەکەی.

کارنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە:

١ـ وەرگێڕانی کتێبی «آهوی بخت من غزال» بۆ سەر زمانی کوردی.

٢ـ کۆمەڵە شێعر.

٣ـ وەرگێڕانی بڕێک لە شێعری شاعیران وەک: سوارە ئیلخانی زادە، حەسەن ڕەنجبەر، مەنیژە گوڵچین، جوبران خەلیل جوبران.

٤ـ هاوکاری کردن بە وتار لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: زرێبار، باران، تیشک، سیروان و ...

ئەرسەلان عەزیزی

سەرەتای مانگی ئووتی ساڵی ١٩٦٥ی زایینی لە گەڕەکی مزگەوتی هەزارەی شاری مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. دایکی ئامینە خاتوون و باوکی مام تۆفێقی ناوە و چوارمین منداڵی بنەماڵەکەیەتی.

قۆناغەکانی خوێندنی هەتا وەرگرتنی پلەی دیپلۆم لە شارەکانی مەریوان و بەندەر عەبباس درێژە پێداوە.

ئەم نووسەرە لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە چ شتێک یا چ کەسێک بۆتە هاندەری ئەوەی بێتە دنیای ئەدەب و نووسینەوە، ئەڵێ: «هەرکەسێک بۆ خۆی لە کاتی منداڵییەوە یان دواتر هۆگری بە شتێکەوە پەیدا دەکات، منیش هەر لە منداڵییەوە حەزم لە خوێندنەوە و نووسین بووە و دواتر دەستم داوەتە نووسین و بە بیرمدا نایەت کەس هانیدابم و سەبارەت بە کاری فەرهەنگی هەر لە ڕاستای دیفاع لە پیشەی نووسینی ئازاد و ئازادیی ڕادەربڕیندا بووە. ئێستا دانیشتووی شاری «کوڵن»ە لە ئاڵمانیا.

چالاکییە فەرهەنگییەکانی ئەم نووسەرە:

ئەندامی کانوونی موحەسلین، ئەندامی بەشی فەرهەنگی دەفتەری پیشگام لە مەریوان، بەرپرسی کتێبخانەی قوتابخانە لە سەرەتای شۆڕشدا، کارکردن لە تیپی شانۆ وەک دەرهێنەر و ئەکتەر لە شانۆگەلی «مامۆستای قوتابخانە، دوکتور و مەلا و چەند شانۆیەکی تر.» ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی ئەدەبی مەریوان کە دواتر بووە «ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی مەریوان» بۆ ماوەی سێ ساڵ (۱۹۹۹- ۲۰۰۱) ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕەوت و میراجی و...

ئەم نووسەرە لە گەڵ ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا بە شێعر وچیرۆک و وتار و نووسراوە هاوکاری کردووە: کەیهان، سەلام کوردستان، ئەخباری کوردستان، ئەبرار، سروە، ئاوێنە، ئاویەر، ڕەوت، زرێبار، تیشک، میراجی و ماڵپەڕە ئینتەرنتییەکان.

ڕەئووف مەحموودپوور

ساڵی ۱۹۶۵ی زایینی لە گوندی «دزڵی» چاوی بە دونیا هەڵێناوە. ژیانی منداڵی هەر وەک باقی منداڵانی گوند تێپەڕاندوە. لەبەر ئەوەی باوکی خوێندەوار و میرزای ئاوایی بووە، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بە داستان، ئەفسانە، حیکایەت، پەند و مەتەڵ مێشکی گۆش کراوە. لە گەڵ شێعری شاعیران، بە تایبەت مەولەوی تاوەگۆزی، قانع، سەیدی، بێسارانی، مەلاحەسەنی دزڵی، سەعدی، حافیز و... ئاشنا بووە. بە وەها توێشەیەکەوە چووەتە قوتابخانە.

ژیانی گوندی بە تایبەتمەندییەکانییەوە تاقی کردۆتەوە. بەتایبەت جۆری ژیان و کوێستان و هەوارگەکان کاریگەری زۆریان لەسەری داناوە.

هێشتا پۆلی یەکەمی دەبیرستانی تەواو نەکرد بوو کە ژیانی بنەماڵەکەی بوویە دەستەچیلەی ئاگری شەڕی ئێراق و ئێران. دایک و براکەی دەبنە قوربانی و باوک و خوشکێکی بریندار دەبن. ئەم کارەساتە کاریگەری نیگەتیڤ و وێرانکەر لە سەر ڕۆحی ڕەئووف دائەنێت. پاش ساڵێک باوکیشی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و سەرپەرشتی دوو خوشکەکەی ئەکەوێتە سەرشانی ئەو. لەگەڵ ئەوەدا کە ناچار ئەبێت بۆ دابین کردنی بژێوی بنەماڵە کار بکات، بە پێی وەسیەتی باوک و حەزی خۆی واز لە خوێندن ناهێنێت و لە ناوەندی خوارەزمی شاری سنە بە کالۆریۆسی «بەڕێوەبەرایەتی فێرکاری» وەرئەگرێت.

ڕەئووف مەحموودپوور لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان بووە و بۆ دەورەیەکیش وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەن کاری کردوە. لەو کەسانە بووە کە گۆڤاری زرێباریان خستووەتە ڕێ و لە دەورەی یەکەمدا وەک دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە کاری کردووە. یەکەم بەرهەمەکانی لە گۆڤاری سروەدا بڵاو بوونەتەوە. پاشان لە زۆر گۆڤار و چاپەمەنیدا بەرهەمی بڵاو کراوەتەوە. بەتایبەت: زرێبار، سروە، ئاویەر، سیروان، ڕامان، کاروان، ئاسۆی فولکلور، گولان، تیشک، میراجی، ئاسۆ، ئایەندە، هەنار، هەڵبجە، باران، هەژین و...

پەرتووکە چاپ کراوەکان:

١ـ کولتووری کوردی١ (کاڵەبەی). ٢ـ زەڕنە و ئاسۆی. ٣ـ هورپڕای گەچ و تەختەی. ٤ـ خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب. ٥ـ جێژنێک بۆ پیر، بنەمایەک بۆ ئوستوورەی کوردی.

ئامادەی چاپ:

١ـ کولتووری کوردی٢(خرۆشی نەغمە).٢ـ بنەماکانی هزری نەتەوەیی و ڕەهەندی ڕۆشنبیری. ٣ـ دەفتەری سێهەمی شێعرەکان.

عەبدولمەجید خۆرمێهر

کوڕی «دەروێش عەبدوڵڵا»یە و ساڵی ١٩٦٥ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژار لە گوندی «نژمار»ی مەریوان چاوی بە دنیا هەڵێناوە.

لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە قوتابخانەی ئاواییەکەیان دەستی بە خوێندن کردووە. دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، قوتابخانە بە جێ دێڵێت و لە حوجرەی نژمار دەست بەخوێندنی قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی حوجرە ئەکات.

ساڵی ١٩٨٦ زێدی خۆی بەجێ دێڵێت و بە دوای فێربووندا ئەچێت. لە خزمەتی خوالێخۆشبوو «مامۆستا سەید عەتا»ی چۆڕیدا ساڵی ١٩٩١ ئیجازەی مامۆستایەتی وەرئەگرێت و تا دوا ساتی ژیانی پێش نوێژ و وانەبێژی مزگەوتی سەڵەسی بووە. ناو براو لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا بە کارەساتی هاتوچۆ گیانی لە دەست دا.

ئەم بەڕێزە دیوانێکی شێعری لە ژێر ناوی «ئاواتی دڵ»چاپ و بڵاو کردۆتەوە و چەند پەرتووکێکی تری ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەن.

ئەحمەد کۆنە پۆشی

ساڵی ١٩٦٦ی زایینی لە گوندی «بایەوە»ی مەریوان لە دایک بووە، لە تەمەنی پێنج ساڵاندا ئەنرێتە بەر خوێندن و دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەچێتە مەریوان و لە ژیانێکی زۆر دژواردا بە وتەی خۆی: «برسییەتی و نەبوونی ئارامی لێ بڕیبووین و زۆر شەوان نانی وشکیش نەبوو بیخۆین.» دیپلۆمی زانستە تەجروبییەکان وەرئەگرێت. بۆ ماوەیەکی زۆر یەکێ لە یاری زانە زۆر باشەکانی والیبالی مەریوان بووە. لە ساڵی ١٩٨٤دا و لە کاتی بۆردوومانی شاری مەریوان، لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی بەعسەوە بە توندی بریندار ئەبێ و ئەمەش کۆسپێکی گەورەی لە ڕێگای خوێندن و وەرزشدا بۆ دروست ئەکات.

ساڵی ۱۹۸۵ ئەبێ بە مامۆستای قوتابخانەی گوندی دەرەوەران و هەنووکەش لە قووتابخانەکانی مەریوان ئەرکی مامۆستایەتی درێژە پێ ئەدات. یەکەم کتێبی خۆی لەژێر ناوی «تاثیر نماز در زندگی فرد و پایداری اجتماعی» (شوێنەواری نوێژ لە ژیانی مرۆڤ و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا) بڵاو دەکاتەوە.

محەمەد ناجی کانیسانانی

محەممەد ناجی کانیسانانی، کوڕی ئەحمەد خانی کوڕی مەحموودخانی کانیسانان و دایکی ئافاق خاتوون، کچی محەممەد سدیق خانی جافە[1]. ساڵی ۱۹۶۶ ی زایینی لە گوندی «کانیسانان» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی لە زێدەکەی تەواو ئەکات و تا وەرگرتنی دیپلۆم لە شارەکانی سنە و مەریوان درێژەی بە خوێندن ئەدات. ئەم نووسەرە هاوکات لە گەڵ پیشەی کشت و کاڵ و ژیانی گوندنشینی، وەک یەکێ لە دڵسۆزانی ژینگە لە ساڵی ۱۹۹۹وە لە ئەنجومەنی سەوزی چیا چالاکی ئەنوێنێت و ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاڤۆکی چیایە. کاک ناجی بە نووسینی شێعر و وتار لە گەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سۆران، میللەت ما، کەرەفتو، ڕوانگە، چیا و... هاوکاری ئەکات و دانیشتووی ئاوایی کانی سانانە.

تا ئێستا ساڵی(۲۰۱۱) دووهەزار و حەوت سەد پەندی پێشینیانی ڕاستەوخۆ لە زمانی خەڵکی ئاساییەوە قۆستۆتەوە و کۆی کردووەنەتەوە.

ناو براو هاوکات خەریکی کۆکردنەوەی ئەو وشە ڕەسەنانەیە کە تا ئێستا لە فەرهەنگە کوردییەکاندا لە قەڵەم کەوتوون.

«بەهار»

دیسان بەهارە وەرزی شیناوەرد — دیسان بنەبڕ زم[2] و سەرما و سەرد
دیسان بەرگەکەی ژینگە کەسک و سەوز — دیسان دار و گیا هەستان لە وەنەوز

1. محەمەد سدیق خانی جاف، فەرماندەی هێزی دەگاگای کۆماری کوردوستان لە ساڵی ۱۳۴۶-۱۳۴۵دا بووە.
2. زم: زستان.

هاژەی بەفراو و شاخەی قەڵبەزان نرکەی هەور زەوی هانییە لەرزان
ڕەنگی ڕۆباری ئەرخەوانی کرد ڕوومەتی شاخی سەوزەڵانی کرد
دەوەن و داران ژیانۆ یەکسەر چرۆ پشکووتاو ڕوانۆ یەکسەر
دیسان چڵاوچڵ بولبول و مەلان دیسان هومهومەی باڵندەی کەلان
قومری و مراوی شالوور چۆلەکە کەوو و کۆتر و شمقار و سوێسکە
قاسپە و چریکە و سەمای باڵندان شنەی نەسیم و خشپەی بای هەردان
هاو دەنگییەکی لێوانلێو لە بەزم بلوێرێکی کەیل لە هێمنی و نەزم
تیشکی خۆرەتاو تینی دا بە خاک بەڕۆژ و نزار بووژانۆ سەرپاک
هۆملکێی[1] داران بە شنە باوە کەروێشکەی گوڵان هەم بە سەماوە
نیشانەی ژیان دیسان لە نۆوە گیاندار و مەل و مۆران بە کۆوە
ئەمانە بنوێن وەرزی بەهارن نەخشی پێدەشت و کەل و کۆسارن

ئیبراهیم ئەحمەدی نیا

ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لە گوندی «نێزڵ» لە ناوچەی کەڵاتەرزان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی مام تۆفێق و دایکی سۆبیە خاتوونە. لە سەرەتای منداڵییەوە وێڕای بنەماڵەکەی چۆتە سنە و خوێندنی لە سەرەتاییەوە تا دواناوەندی لەوێ تەواو کردووە، پاشان تا پلەی ماستەر لە بواری کشت و کاڵدا درێژەی بە خوێندن داوە و ئێستاش کارمەندەی دائیرەی «جیهادی کەشاوەرزییە». لە سەرەتای لاویدا ماوەیەک بە زمانی فارسی شێعری نوسیووە. پاشان بە شانازییەوە خۆی بە ڕستەی پیرۆزی کوردی سپاردووە.

چالاکی فەرهەنگی:

١ـ ساڵی ١٩٨٨ لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی ئەدەبی «ئاویەر»ی سنە بووە.

٢ـ دەستەی دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەدەبیی «ئەندێشە» لە ساڵی ١٩٦٦ لە مەریوان.

٣ـ سەرپەرشتی و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری «کشت و کاڵ»، وەک یەکەم گۆڤاری

---

١. هۆملکێ: شەکانەوەی لق و پۆی دار بە هۆی با، جۆرێ جوڵەی شان و مل لە هەڵپەڕکێدا.

زانستی تایبەت بە بواری کشت و کاڵ بە زمانی کوردی (پاش چواردە ژمارە بۆ هەمیشە داخرا.)

٤ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زرێبار لە ژمارەی شەشەوە تا ژمارەی دە.

٥ـ بەشداری کردنی کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگی و ئەدەبییە سەربەخۆکان.

بەرهەمی چاپکراو:

١ـ مەداری زوقم، کومەڵە شێعر، ساڵی ٢٠٠٠.

٢ـ چاپی چەندین شێعر و چیرۆک و وتار لە چاپەمەنییەکاندا بە تایبەت لە گۆڤارەکانی سروە و زرێباردا.

٣ـ خیانەتەکانی ئاو، کۆمەڵە شێعری، ئامادەی چاپ.

جەلال سەعیدزادە

سپتەمبری ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی «بایەوە»ی سەر بە ناوچەی خاو و میرئاوای مەریوان لە دایک بووە. قۆناخی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کردوە. هێشتا پلەی یەکەمی دەورەی ناوەندی تەواو نەکردبوو کە جم و جوڵی شۆڕشی دژی دەسەڵاتی پاشایەتی بە ئاشکرا سەری هەڵدا. تەوژمی ئەو شۆڕشە هەر هەموو شار و گوندەکانی وڵاتی ئەگرێتە بەر. دیارە ئەویش وەک تازەلاوی ئەوسەردەمە، لە گەڵ ئەو شەپۆلە ڕێ ئەکەوێت. لەگەڵ شەڕی ماڵ وێرانکەری ناوخۆ و ئاوێتە بونی ئەو شەڕە لە گەڵ شەڕی ئێراق و ئێران و ئاوارەیی و پەنابردن بۆ گوند و شارەکانی دیکەی وڵات، لە قوتابخانەکانی مەریوان و سنە قۆناخی ناوەندی تەواو کردووە. پاش گەڕانەوەیان لە سنە (١٩٨٥)، ساڵەکانی دواناوەندی لە بەشی بیرکاری (ریاضی ـ فیزیک) هەر لە دەربەدەری و ئاوارەییدا درێژە پێ‌ئەدات. لە تاقیکاری سەرکەوتن بەرە و خوێندنی باڵادا دوو بەشی فڕۆکەوانی و ئەندازیاری ئەهێنێتەوە. بە هۆی هەندێ گرفتی تایبەتەوە لە پۆلی چوارەمی دواناوەندی بەولاوە ئیزنی درێژەدان بە خوێندنی پێ نادرێت. بەڵام هیچ هەلێک بۆ فێربوون بە فیڕۆ نادات.

لە دەرەوی زانکۆ خۆی بەخوێندنی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و هیندییەوە سەرقاڵ ئەکات و سەرکەوتنی تێدا بە دەست دێنێت.

هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبی مەریوانەوە (١٩٩٠) وەك ئەندامێکی هەڵسوورِ خۆی دەرئەخات و بەرپرسایەتی «کومیتەی وەرگێران» ئەگرێتە ئەستۆ.

جەلال سەعیدزادە وەك شارۆمەندێکی خاوەن هەڵوێست، ناتوانێت لە ئاست پەرەسەندنی «ئیعتیاد بە مادەسرِکەرەکان» بێدەنگی بنوێنێت. لە دەورەی یەکەمی شۆرای شاری مەریواندا ئەبێتە بەرپرسی کومێتەی بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ مادەسرِکەرەکان. هەروەها ناوبراو ئەندامێکی هەڵسوورِی «ئەنجومەنی سەوزی چیا»یە. چالاکییەکانی ئەم ئەنجومەنە لە بواری «پاراستنی ژینگە»دایە.

بەرهەمەکانی نووسەر:

١ـ کۆمەڵە شێعر.

٢ـ وەرگێرانی رۆمانی « ئۆلیڤەر توویست»ی چارلز دیکەنز بە زمانی کوردی.

٣ـ وەرگێرانی کتێبی « خەباتی کورد (١٩٢٠ـ١٩٩٤)» لە نووسینی ئێدگار ئۆبالانس.

ئەم نووسەرە چەندین وتاریشی لە گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە. بۆ وێنە: «سەرنجێك بۆ پێویستی وەرگێران لە زمانی کوردیدا»، «پاراستنی ئاسەوارە مێژینەکانی گەلی کورد و ئەرکی نەتەوایەتی»، «بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ مادە سرِکەرەکان و بەرخۆدانی[1] میللی» و «مین و ژینگە»و...

ئەم بەرِێزە ئێستا پیشەی دووکانداریيە و دانیشتووی مەریوانە.

«کازیوە»

گەردەلولی چاوەکانت
ئەوگزینگەن
زریان ماڵاوییان لیَ دەکات.
دەتۆش...!!
زویر مەبە

١. بەرخۆدان: خەبات، بەرگری و خۆراگری.

شەوە زەنگە قەتیس نابێ!
بۆیە، ئەگەرئێوارەش بێ ... سبەینێش ... کازیوە دێ

مامۆستا سدیق محەممەدی

مامۆستا سدیق ساڵی ۱۹۶۸ی زایینی لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە گوندی «هەجمنە» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «عەلی» و دایکی «لاولاو» خاتوونە. لە بەر نەبوونی و هەژاری تا پۆلی سێی سەرەتایی لە قوتابخانە خوێندوویەتی. دواتر ڕوو ئەکات خوێندنی ئایینی و بە هۆی کێشەی ئابووری بنەماڵەکەیەوە ئەویش ناو بە ناو بووە. تا ئەوەی ساڵی ۱۹۸۴ شێلگیرانە لە خزمەت مامۆستایان مەلا خالد ڕەحیمی(سنە)، مەلا کەریم(سوورە ئەزە)، مەلا حەیدەر مستەفەوی(سنە) و مامۆستا بەهادین(ئارەنان) درێژەی بە خوێندن داوە و ساڵی ۱۹۸۸ ئیجازەی مامۆستایەتی وەرگرتووە. ئەم مامۆستا نووسەرە هەستی خۆی وەک شێعر دەر بڕیوە و کتێبی «تەوحید و ئیمان»ی بە شێوەی هەڵبەست چاپ و بڵاو کردۆتەوە. زۆر زوو ئەجەل دەفتەری ژینی ئەدڕێ و ساڵی ۱۹۹۸ بە هۆی پێکدادانی ئوتومبێل ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات. ئەم نووسەرە دوو کتێبی تری بە ناوەکانی «مێژووی ئیسلام» و «انیس المومنین» (وەرگێڕان لە عەرەبیەوە) ئامادەی چاپ کردووە کە هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە[1].

عومەر ئەفسەری

ئەم شاعیرە کوڕی ڕەحمانە و یەکەم ڕۆژی وەرزی پاییزی ساڵی ۱۹۶۸ی زایینی لە گوندی «نێ» لە بنەماڵەیەکی دەسکورت و هەژار چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

خوێندنی سەرەتایی لە زێدەکەی خۆی دەست پێئەکات و قۆناغەکانی تری خوێندن لە گەڵ ئاوارەیی و ئاڵۆزی شەڕی

١. ئەم زانیارییە کاک «ئەسلەم محەممەدی» کوڕی ئەم مامۆستا دەستی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

نێوان ئێران و ئێراق و دەربەدەری خەڵکی ناوچەی مەریوان تا وەرگرتنی دیپلۆم درێژە پێ ئەدات. دوای وەرگرتنی دیپلۆم بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ناوەندی بارهێنانی مامۆستایانی شاری سنە وەرئەگیرێت و دوای دوو ساڵ دەرس خوێندن لە ساڵی ١٩٩٣دا بەرگی مامۆستایی لە بەرئەکات و لە قوتابخانەکانی شار و دێی ناوچەی مەریواندا سەرقاڵی مامۆستایەتییە.

ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوبەشی پێک دێنێت. دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان وەک تەنیا هەوارگەی زانست و ئەدەبی تازەپێگرتووی مەریوان، ڕووی تێئەکات و ئەبێ بە هاندەری سەرەکی بۆ ئەوەی لە گەڵ پێنووس دەس لەملان بێت. بە وتەی خۆی ئەم نووسینانەی تەنیا دەربڕی هەستی خۆیەتی کە لە خێزان و کۆمەڵەوە وەری گرتووە.

ئەم شاعیرە لە گەڵ زۆرێک لە گۆڤار و حەوتەنامە ئەدەبییە کوردییەکاندا وەک: سروە، تیشک، زرێبار و میراجی و ... بە نووسینی شێعر هاوکاری ئەکات.

کاک عومەر ئێستا خاوەنی سێ نامیلکە شێعرە بە ناوەکانی: کسپە، قاشنە[1] و قاسپە کە هێشتا هەلی بۆ نەڕەخساوە لە چاپیان بدات. ئەم شاعیرە هەنووکە دانیشتووی مەریوانە.

«باوە»

باوەگیان ژینم بە قوربانی تۆ — بوونم بە فیدای بوون و مانی تۆ
ئەی بۆنی بوونت، ئارامی گیانم — ئەی هێزی دڵ و وورەی ژیانم
ئارەقی گەرمی لەشی سواوت — ئاخی دەروونی بەدەرد پواوت[2]
زیپەی سەر پەنجەی زبر و ژاکاوت — هەنسکی توندی لە دڵ ناکاوت
باوەگیان عومری پڕ لە ناسۆرت — شەوی بێ شادی و ڕۆژی ناجۆرت
هەوڵی پیاوانە و ژیانی مەردیت — دەستی قڵیشاو ئاڵای سەربەرزیت
پەروەردەت کردم بگەم بە پایە — ببم بە درەخت بۆت بم بە سایە
مایەی سەربەرزی و سەر فیرازی من — پاڵەوانەکەی هۆی شانازی من

---

١. قاشنە: جۆرێ ماسییە کە پووڵەکەی زەردی ڕەقی هەیە.

٢. پواو: پرتووکاو.

موزەفەر یۆسفی

ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لە گوندی «باخان»ی مەریوان لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دایک بووە. گۆڕەپانی فێربوونی تا وەرگرتنی دیپلۆمی(علوم تجربی) لە قوتابخانەکانی شاری مەریواندا بووە. بە بۆنەی شەڕی ئێران و ئێراقەوە لە ماوەی دەرس خوێندنیدا زۆر ئاوارەیی و ئەم لاو ئەولای دیوە و ناچاریش بووە زۆر جار لە ژێر دەوار و بن دارەکاندا ڕاوی وشە و وانە بکات.

لە دوای وەرگرتنی بەکالۆریۆس لە بواری فیزیکدا داری بەر ئەگرێت وهەژدە ساڵی ڕەبەق مندالانی شار و گوند لە سێبەری زانستیدا وانەی ژیری و ئازایەتی فێر ئەبن.

هۆی نزیکی و ئاوێتە بوونی لە گەڵ زمانی زگماکیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەستی نەتەوەخوازی و سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر بە گەلەکەی. بە ئاشنا بوون لە گەڵ شاعیران و نووسەرانی گەورەی کورد و گۆرانی بێژە ڕەسەنەکان، هەستی هونەری ئەپشکوێت و خولیای کەلەپوور و ئەدەبی نەتەوەکەی ئەبێت. لە ساڵی ١٩٩٥ەوە دێتە ناو دنیای شێعر و ئەدەبەوە و بە نووسینی وتار و شێعری کوردی و وەرگێڕانی چەند دەقی نوسرەتی ڕەحمانی و شاملوو لە گەڵ گۆڤارەکانی سیروان، زرێبار، سروە، ئاسۆ، ڕۆژهەڵات، ڕۆژەڤ و دیدگاەدا هاوکاری کردووە.

هەر وەها ئەم نووسەرە لە بواری توێژینەوەی دەقەکلاسیک و نوێیەکانی ئەدەبی کوردیدا کاری کردووە. بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبی مەریوان بووە. کۆی بەرهەمەکانی ئەم شاعیر و نووسەرەمان لە سێ بەرگدا کۆکراوەتەوە. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا بواری بڵاو بوونەوەیان نەڕەخساوە. موزەفەر یۆسفی ڕێکەوتی ٢٤ی مارسی ٢٠٠٩ لە تەمەنی چل ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لە دنیای ئەدەب کرد.

ئەڕۆیم، هەناسەی کەسکی باران... هەتا سۆزی وەتەن
بێ سنوور ئەڕژێ فرمێسکی ساردی پاییز ـ لە کچێنیی باخێکا
بسک بە بسکە هەناسەی وەرزێ لەمندا ـ چ زەرد
هەرەسی هەسارە ... لە تۆدا ـ چ شین

ئەی پۆلە پەپوولەی پاییزی
وەرینتان بە دەشتی داخا، شاباشی کام ڕەنگە؟
لە هەورێکا ونمکە هەناسەی کەسکی باران بەرەو
خووسات[1] بمبات
هۆ هاودەمی هەمیشەیی!...
هەناسەی بارێزی کام وەرزی بێ‌ئەوینت پێ‌حەپسە؟
من چەشنی تۆ لە مێوەی پێشێلا.. هەناسەم هەپروونە[2]!
هەپروون ..
بێ تۆیی، ئەم وەرزە، ئێوارەی دەمکەلی تەنیایی لە
گەرووم ئەچێنێ
ئەچێنم ئەوینی سەماییێک
تا...دڵی ئەرخەوان لە خۆدا عاشقییم چێبکا
ئەڕوێ پەنجەی کەسکی هەناسەم... بەدووری وەشتی مەنفادا
من کەنارێ لە تاوەر دەهەژێم بە ڕووی ڕووباری زامێکا ــ تا
زەریا...
کە زامێ ــ شەماڵی شەنینی سەرداران
دەنووسێ بەیادی هەناسەی هەپروونی باخێکا
هۆ ئازیزا!... بەرەی هاودەمیت تا سەرشان کام میوەم لە باخا ئەڕوێنی؟
با هەناسەی کەسکت داگەڕێ بە دەشتی قاقرما...
با هەڵکات هەسێرەی نیگامان تا ئەو پەڕ
هەوری سەر بەشینی ئاڵای هاودڵی
تا... باران بە عەشقی شینەوە بنووسێت هەیمەنەی.

---

١. خووسان: تەڕ بوون لە ناو ئاودا.
٢. هەپروون: لەت لەت.

مەحموود مەحموودی

ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لە شاری مەریوان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی(باوکی کارمەندی بیمارستان و دایکی کابانی ماڵ) لە دایک بووە. یەکەمین کتێبێک کە خوێندوویەتەوە و بەرەو لای نووسین و خوێندنەوە هانی داوە «ماهی کوچولو»ی سەمەد بێهرەنگی بووە، هەر لە قۆناغی سەرەتایی و لە پۆلی چوارەمەوە کتێب گەلێکی بچووکی حیکایەت و بەسەرهات بە هان دانی مامۆستاکەی ئەنووسێت کە لە ناو هاوپۆلەکانیدا دەست بە دەست ئەگەڕێن.

لە بەر شەڕی ئێران و ئێراق قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندیش لە ژیانێکی زۆر دژوار و ناخۆشدا تێپەڕ ئەکات و ناتوانێ ئەو جۆرەی کە پێویست بووە لە توانایی خۆی کەڵک وەربگرێت. ساڵی١٩٨٢ خوێندنەوەی کتێب گەلی ئایینی بەرەو لای زمانی عەرەبی ڕاکێشی ئەکات و فێری ئەو زمانە ئەبێت.

ساڵی ١٩٨٧ دوای تەواو کردنی قۆناغی دواناوەندی لە تاقیکاری زانستگادا لە بەشی تەکنیسیەنی ژووری نەشتەرگەری، لە کۆلێژی زانستە پزشکییەکانی زانکۆی شیراز وەرئەگیرێت. دوای تەواو کردنی سەربازی لە وەزارتی بێهداشت و دەرماندا دائەمەزرێت و زۆربەی ساڵەکان وەک پەرستاری هەڵکەوتوو دەسنیشان ئەکرێت.

بەرهەمەکانی نووسەر:

١- چاپ و بڵاو کردنەوەی «دیوانی خەم فرۆش» لە هۆنراوەکانی محەممەد عەلی ڕەحیم پوور.

٢- بازگشت بە اسلام، لە عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی فارسی.

٣- نشانە های راە، لە عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی فارسی.

٤- راهی بە سوی دلها، لە عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی فارسی.

٥- شرح اربعین نووی، لە عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی فارسی.

٦- «دیوانی شەپۆل» هۆنراوەی شێخ ئەحمەدی مەردۆخی ئامادەی چاپ.

نووسین و بڵاو کردنەوی چەندین وتاری ئەدەبی و ئایینی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەک سروە و جەماوەر و ڕۆژهەڵاتدا.

سوبحان ئەمینی

سوبحان ئەمینی کوڕی جافر و ئامینەیە. ساڵی ١٩٦٩ی زایینی لە گوندی «هانەگەرمەڵە» سەر بە هەورامانی لهۆن چاوی بە دنیا هەڵێناوە. با ئەم نووسەرە لە زمان خۆیەوە باشتر بناسین: «زۆر خولیای ئەوە بووم کە ڕۆژی لە دایک بوونی خۆم بزانم، بەڵام هەر کات پرسیارم ئەکرد، دەیانگوت ساڵی سوورێژەکە شەش مانگانە بووی! یان ئەو شەوە لە دایک بووی کە مەلا حەبیب و براکەی لە بیارە بە دەستی عەبدلوەهاب ئۆترووشی تیرباران کران![1]. دوای سی و پێنج ساڵ لە زاری کوڕەکەی مەلا حەبیبەوە کە تا ئەو کاتە نەمبینی بوو، بۆم دەرکەوت کە شەوی لە دایک بوونم ٢٨ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٨ی کۆچی هەتاوی بووە!. یەکەم بیرەوەریشم ئەوە بوو کە دەنگی تەیارە و ناپاڵمی ڕژێمی بەعس گوندەکەمانی دەلەرزاند.

تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە زێدەکەم خوێندو و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەست پێکردنی شەڕی ئێران و ئێراق، جۆزردانی ساڵی ٦٠ ی کۆچی هەتاوی زێد و نیشتمانی جوانمان بە جێ هێشت و ئاوارەی شاری مەریوان بووین. پۆلی پێنجەمی سەرەتایی و یەکەمی ناوەندیم لە شاری مەریوان تەواو کرد. پاشان لە خەرمانانی ساڵی ٦٢ بە هۆی بۆمبارانی شاری مەریوانەوە دیسان ئاوارە بووین و هەر پۆلێکم لە شوێنێک خوێند تا ئەوەی لە بەهاری ١٣٦٨ خوێندنی دواناوەندیشم تەواو کرد و بۆ پەروەردەی مامۆستایان (تربیت معلم) لە سنە وەرگیرام و هاوینی ١٣٧٠ بووم بە مامۆستا. لە گوندەکان و لە شاری مەریوان خەریکی مامۆستایەتیم.

سەرەتای نووسینم لە ساڵی ١٣٨٠دا بە چەند وتار و بابەت کە هێندێکیان لە حەوتەنامەی «سیروان»ی ئەو کات بڵاو بوونەوە دەست پێکرد. ئەوە بوو بە هاندەرێک

١. عەبدولوەهاب یەکێک لەو بەعسیانە بووە کە بە ناو پێشمەرگەیەکی سەرکردە، لە ڕیزەکانی شۆڕشی بارزانیدا خۆی داڵدە ئەدات. لە ناوچەی هەورامان گەڵێک کەڵە پیاوی کورد ئەکوژێت. بۆ نموونە لە شارۆچکەی بیارە دوو برای بێ تاوانی بە ناوگەلی مەلا حەبیب و ئەحمەد کە دواتر بێ تاوانیان بۆ هەموولایەک ئاشکرا ئەبێ و هەروەها ئەحا ڕەش ناوێک و کەمالی کوڕی کە خۆی سەرکردەیەکی لێهاتوو ببوو تیرباران ئەکات. عەبدولوەهاب دوای ئەم خەیانەتانە پشت لە شۆڕش ئەکات و ئەچێتەوە نێو پیاوەکانی بەعسەوە.

که له سه‌ر نووسین به‌رده‌وام بم. ئه‌و ته‌وه‌ر و به‌رهه‌مانه که تا ئێستا ته‌واوم کردوون، به‌ڵام چاپ نه‌کروان، ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ن:

١ــ خه‌رمانی بێ بن: بریتیه له ٣٥٠٠ په‌ند و قسه‌ی نه‌سه‌قی هه‌ورامی که وه‌رگێڕانێکی سۆرانی و فارسی له سه‌ر کراوه و پاشان به هه‌ورامی شی کراونه‌ته‌وه.

٢ ـ قه‌ڵاو زڵم و زۆری ئاخرش ورۆ: (ڕۆمان).

٣ ـ زارا: وه‌رگێڕانی چیرۆکی «زارا عشق چوپان»، نووسینی محه‌ممه‌دی قازی.

٤ــ کێ په‌نێره‌کێش ولاو نانی: وه‌رگێڕانی چیرۆکی «چه کسی پنیر من را برداشت؟» نووسینی دوکتۆر ئێسپێنسر جانسۆنی ئه‌مریکییه.

٥ـ سیاوڵه ماساوی: وه‌رگێڕانی چێرۆکی «ماهی سیاه کوچولو» نووسینی سه‌مه‌د بێهره‌نگی.

٦ــ کۆ کردنه‌وه‌ی ٧٠٠ وشه‌ی دوانه‌ی هه‌ورامی و بووژانه‌وه‌یان له قه‌واره‌ی دیالۆگدا.

٧ـ هانه‌گه‌رمه‌ڵه باڵا جامێ په‌ی دیه‌ی هه‌ورامانی: باس له جۆغرافیا، مێژوو، داب و نه‌ریت، که‌لتوور، مرۆڤه گه‌وره‌کان، قسه‌ی پیاوه نه‌سته‌ق ویژه‌کان و ... هانه‌گه‌رمه‌ڵه ده‌کات.

٨ ـ به سه‌رهاتی خۆم وه‌کوو لاوێکی چه‌وساوه‌ی ئه‌م گه‌له.

٩ ـ هاوکاری له گه‌ڵ ئه‌نجومه‌نی بێسارانی و ڕۆجیار.

عابد عه‌لایی

له گیان که‌نشتی [1] گه‌رما و وشاکانی و چاوه‌ڕوانی سروشت بۆ ته‌پ و نمی باران و سپای خه‌زان و فێنکایی ساڵی ١٩٦٩ی زایینی له بنه‌ماڵه‌یه‌کی مام ناوه‌ندی ئایینی دا چاوی به ڕووی خێزانێکی چوار که‌سیدا هه‌ڵێناوه. بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌مه‌ك ناسی په‌روه‌ردگاری خۆی بێ ناویان نا عابد. به گوڕ و تینی خۆشه‌ویستی باوك و له باوه‌شی گه‌رم و پڕ ئه‌وینی دایکی که‌وته گه‌شه و داره داره.

١. گیان که‌نشت: سه‌ره‌مه‌رگ، کاتی گیان به ده‌سته‌وه‌دان.

بەڵام دەستی قەدەر زۆر زوو لە گوڕ و تینی چڕاند و ناسۆری بێ باوکی دەفتەری هیواکانی دڕاند. لە پاش وەرزێ، هەر دوو باڵی گەشە و نەشەی هەڵکێشران و بە بێ باڵ گەڕایەوە پەنای باوەگەورە و مامەکانی. ئەوانیش بە پێی توانا پێیان گەیاند و باریان هێنا. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تا دوا ناوەندی هەر لە مەریوان تێپەڕ کرد و بۆ خوێندنی وانەی مامۆستایەتی لە سنە گیرسایەوە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی بیرکاریدا[1] هەر لەوێ وەرگرت. ئێستاش ئەوەو نەوەکانی ئەم شارە و پێگەیاندنیان بۆ بیر کردنەوە لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی ژیان و شیتەڵ و تەتەڵە کردنی هاوکێشەکانی جیهان لە شارێی بیرکارییەوە.

لە ساڵی ١٩٩٠ هاوڕێ لە گەڵ کۆمەڵێک لە دۆستان بەردی بناغەی ئەنجوومەنی ئەدەبی مەریوانیان دانا و بۆ ماوەی چەند ساڵ لە خزمەت ئەرکەکانی ئەنجوومەندا بوو. لە شانزە تا حەڤدە ساڵیدا دەستی فێری پێنووس بوو. لە تەنگەژەی شەڕ و ئاوارەیی و پرسیارە بێ وڵامەکانی ژیان، شێعر بوو بە هاوڕێی و ئەیتوانی هزر و بیری گەنجی و لاوی خۆی پێ بحاوێنێتەوە.

تاریک و ڕوونی مامۆستا هێمن یەکەمین مامۆستا و ڕێ نیشاندەری شێعرەکانی بوو. شاعیرانیتری کوردیش هەر یەک بەش بە حاڵی خۆیان شێعرەکانی شاعیر لاویان خستە سەر پێ. زۆربەی نوسراوەکانی شێعرن. بەڵام بە داخەوە هیچ کتێبێکی شێعری چاپ نەکراوە. چەند چیرۆکە شێعری کورت و وتاری ئەدەبی لە هەگبەی نوسراوەکانیدا خۆیان لە پەنای شێعرەکانیدا حەشار داوە کە بڕێکیان لە گۆڤارە کوردییەکاندا وەک سیروان، سروە، زرێبار، تیشک، میراجی، باران و کارواندا چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

بەرهەمەکانی نووسەر:

١ـ فرهنگ اصطلاحات ریاضی فارسی ـ کردی.

٢ـ بازگە، کۆمەڵە شێعر.

٣ـ «ئەوین، ماسی و دەریا»، چیرۆکە شێعر.

٤ـ «گیان لە بەری ئێسک سووک، دۆستی منداڵی بچووک»، شێعر بۆ منداڵان.

---

[1] بیرکاری: ریاضی.

٥ـ خەڵاتی ڕێبەندان، چیرۆک.
٦ـ آخرین دادگاه کمونیست، شانۆ، ساڵی ١٩٨٩ پیشاندراوە.
٧ـ میرات، شانۆ.
جێگای ئاماژەیە کە ئەم بەڕێزە خەریکی وەرگێڕانی دیوانی مامۆستا قانع بۆ سەر زمانی فارسییە. ئێستا ناو براو لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان، ئەرکی مامۆستایەتی لە ئەستۆیە.

کولسووم عوسمانپوور

ساڵی ١٩٦٩ی زایینی لە زستانێکی پڕ بەفری بناری کوێستانی هەورامان لە گوندی «ڕەزاو» لە دایک بووە. باوکی خوسرەو و دایکی ئایشێ خاتوونە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە مەریوان تەواو کردووە. بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە سنە و تا پلەی ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی ڕۆیشتووە.

بۆ ماوەی دە ساڵ نووسەر و وێژەری بەرنامەکانی کوردی ڕادوێ سنە بووە. ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتەنامە کوردییەکانی سنە بووە. زۆرتر لە بیست وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چاپ کردووە.

دوو کۆمەڵە شێعری بە ناوەکانی : ١ـ گرێ. ٢ـ هەتۆڵ مەتۆڵ شەمامە. (تایبەت بۆ منداڵان) بڵاو کردۆتەوە.

کولسووم خانم لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێرسەر دێڕی جوانکارییەکانی دیوانی مەولەوی کورد (زیباشناسی دیوان مولوی کرد) ئەنجام داوە کە چاپ وبڵابوەتەوە.

موسلێح ئەحمەدی

لە زمانی خۆیەوە: «ناوی تەواوم موسلیح ئەحمەدی نەقشبەندی»یە، باوکم لە بنەماڵەی نەقشبەندی و دایکم لە شێخەکانی سەلامی یە. لە چلەکانی کۆچییەوە هەموو بنەماڵەکەمان لە مەریوان نیشتەجێین و ساڵی ١٩٦٩ی زایینی

هاتوومە دنیاوە و خوێندنی ئامادەیی و سەرەتایی تا دوا ناوەندیم هەر لە مەریوان تەواو کردووە. دوای وەرگیرانم لە زانکۆی پزیشکی کوردستان لە سنە، ئێستاکە شانزدە ساڵە فەرمانبەری ناوەندنی بێهداشتی مەریوانم.

شێعر بەشێک لە شووناسی قووڵی و دووری بنەماڵەی خۆم و هەموو کوردێکە. لە کەشکۆڵی ئەم خانەدانەدا جگە لە ڕەسەنایەتی و ڕێگای خزمەت بە خاکە پیرۆز و پڕتیشکەمان، هەندێ بەیت و دیوانی حەز و خۆشەویستی پێشکەش کراون. ئەو نوورە بەریە و لە قەڵەمی ئەزەلیشدا ئەمێنێتەوە. لە وانەیە زۆر بە زەحمەت بەڵام بە تەئکید کسپەی زۆری تریان بەڕێوەیە، بۆ هاتنە ناو ڕەدیفەکانی شاکاری ئەدەبی کوردی و بە ڕەونەقتر کردنی داکێومینتی ئازار و ئەنفال و جینۆساید. حاشا لە هەموو کۆتاییەکانی ئیمپراتۆرەکانی تۆفان، سەردارەکانی کوشتار و... لە چەسپاندنی ئازادیدا بەشدار ئەبن.

من نەکەوتوومەتە ناو زەحمەتی ئەدەبییەوە بەڵکوو وا بزانم هەر لە گەڵیدا و لەو کەش و ئەتموسفەرەدا ژیاوم. درکاندنم لە ڕۆژەکانی پیرۆزی یەکەم فێربوون بە پیت و بزوێنەکانی نووسینی کوردییەوە لە سەردەستی مامۆستایەکی بە توانای ناوماڵمانەوە دەستی پێکرد.

سەرەتا دەستم کرد بە کۆکردنەوەی هەندێ ئەفسانە و چیرۆکی گوێ زەلەکانی زرێبار. دواتر و دوای ئاشنا بوون بە ئەدەبی قاچاخ و شێعری هاوچەرخ، دوای چوونە ناو دنیای ڕەنگ و نیگارکێشان، هەر پالێت[1] بەدەست و ڕەنگاوی هاتمەوە بۆ لای شێعری دایک. یەکەم دەسپێکی هەشتاکانەوە و هەر لە مەریوان لە گەڵ چەن هەڤاڵێک کەوتینە هەوڵ بۆ ڕێکخستنی ماڵێکی ئەدەبی کە لە ئاکامدا و دوای ساڵێک هاتووچۆ، ناوەندنی ئەدەبی ـ فەرهەنگی مەریوانی لێکەوتەوە.

دوای ڕێکخستنی ئەو ناوەندە ماوەیەکی دوور ئەندام بووم و لە هەندێ بۆنە و ئاهەنگ و کۆڕ و کۆنگرەی گەورەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا بەشدار بووم. ماوەیەک نیشتەجێ بوونم لە سنە بوو بە هۆی بەشداریی کردنی جاربەجارم لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی ئەدەبی ئەم شارە و ئاشنا بوونم لە گەڵ چەند ئەدیبێکی بە توانای ئەوێ. لە بەڕێوەچوونی دووساڵانەی کۆنگرەی جیهانی «کوردستان ناسی» و هەروەها

١. پالێت: تەختەی وەک (S) کە وێنەکێشان بۆ دانانی ڕەنگی ڕۆن و تێکەڵ کردنی کەڵکی لێ وەرئەگرن.

کۆنگرەی جیهانی «فرزانگان کرد» وەکوو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بەشداریم کردووە. هەروەها لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی خوێندکاری لە زانکۆکانی ئێران ـ بە تایبەتی لە بۆنەکانی هەڵەبجەدا ـ شێعرم پێشکەش کردووە.

لەم ساڵانەی دواییدا لە بەر چەند هۆ، «ئەنفال»م وەک پرۆژەیەک بۆ هەوێنی کاری ئەدەبی هەڵبژاردووە و توانیومە زۆر بەڵگە و دیکۆمێنت سەبارەت بەم ژینۆسایدە کۆ بکەمەوە.»

بەرهەمەکانی نووسەر:

١ـ ڕێژان (ڕۆمانی درێژ). ٢ـ هەڵەبجەکان(دەفتەری سەرجەم ئەو دەق و شێعرانەی بەو بۆنەوە خوێندراونەتەوە.) ٣ـ سالۆمە (وەرگێڕانی شێعرێ لە ئسکاروایلد). ٤ـ کاروان (دەقی شێعری بۆ ڕاپەڕین و کۆڕەوی١٩٩١). ٥ـ خۆڵ، زام، ئاواز (دەقی شێعری). ٦ـ پاییز و غەزەڵ (نۆڤێلە شێعر). ٧ـ تالان ١ (ڕۆمانە شێعر)، پرۆژەی ئەنفال(٢٠٠٦ـ٢٠٠٧). ٨ـ تالان ٢ (ڕۆمانە شێعر)، پرۆژەی ئەنفال(٢٠٠٨ـ ٢٠٠٩).

سەید دارا حسێنی

ساڵی ١٩٧٠ ی زایینی لە گوندی «دەرەتفێ» لە بنەماڵەی شاعیری گەورە و نیشتمان پەروەر مامۆستا قانع چاوی بەژیان هەڵێناوە.

قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی دەرەتفێ تەواو ئەکات. بە بۆنەی هاوکات بوون لە گەڵ شەڕی ماڵ وێرانکەری ئێراق و ئێرانەوە ناچار بۆ قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی ڕودەکاتە شارەکانی مەریوان و سەوڵاوا و گوندەکانی دەوروبەری مەریوان. لە دوای وەرگرتنی دیپلۆم(١٩٩٠) لە قوتابخانەی ئیمام غەزالی(ر.ح.) مەریوان لە تاقیکردنەوەی سەراسەری زانکۆکاندا بەشداری ئەکات و لە کۆلێژی فێرکاریی سەرەتایی (آموزش ابتدایی) ناوەندی بارهێنانی مامۆستایانی سنە وەرئەگیرێت. ساڵی ١٩٩٢ ئەبێ بە مامۆستا و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە قوتابخانەی ئوردوگای پەنابەرانی کوردی ئێراق کە پاش ماوەی کیمیابارانی هەڵبجە بوون، لە دزڵی و بارام ئاوا وانە ئەڵێتەوە. خولیای فێر بوون و زانست هانی ئەدات، لە ساڵی ١٩٩٤ دا دیسان لە تاقیکردنەوەی سەراسەری زانکۆکاندا بەشداری بکات؛ پلەی

یەکەم وەدەست دێنێت و کۆلیژی وەرزش هەڵدەبژێرێت. زۆر سەرکەوتووانە لە سێ ساڵدا وەک قوتابی پلەی یەکەم ئەو قۆناغەش تەواو ئەکات و ئەبێ بە مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەکانی شاری مەریواندا.

تینویەتی کانیاوی فێر بوون و زانست وازی لێ نایەنێت و ساڵی ٢٠٠٠ بە پلەی سێهەمەوە لە زانکۆی بارهێنانی مامۆستایانی تاران لە بەشی فیزیولۆژی وەرزش وەرئەگیرێت و لەم قۆناغەش وەک خوێندکاری یەکەم دەرئەچێت.

لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوەی وەرزشیدا یەکێ لە چالاکانی مەریوانە. چەندین خولی فێرکاری بۆ مامۆستایان و قوتابیان و وەرزشوانانی شاری مەریوان لە قوتابخانە و زانکۆی پەیامی نووری مەریواندا بەڕێوە بردووە. خاوەنی بڕوانامەی مامۆستایەتی «پزیشکی وەرزشی» لە فیدراسیۆنی پزشکیی ئێرانە. ئێستا دانیشتووی مەریوان و مامۆستای قوتابخانەکانی ئەم شارەیە.

کارنامەی فەرهەنگی ـ وەرزشی ئەم نووسەرە بریتییە لە:

١ــ بڵاو کردنەوەی وتار لە گۆڤارەکانی ناو خۆ و دەرەوەی وڵاتدا وەک: وەرزنامەی اولمپیک و ژورناڵی نێونەتەوەی World Journal of Sport Sciences

٢ــ نووسینی نامیلکەیەکی دەرسی لە ژێر ناوی «بێهداشت و وەرزش» کە لە زانکۆکاندا کەڵکی لێ وەرئەگیرێت.

٣ـ نووسینی نامیلکەیەکی دەرسی لە ژێر ناوی (اطلس کامل اسکلت بدن انسان تمام رنگی) کە لە زانکۆکاندا کەڵکی لێ وەرئەگیرێت.

٤ـ ئامادە کردنیCD کەرەستەی کاری مامۆستای وەرزش و پەسەند کردنی لە لایەن بەشی لێکۆڵینەوەی سازمانی پەروەردە و بارهێنانەوە.

٥ـ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی «زانستی وەرزشی».

ڕەئووف ڕەهنموون

ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لە گوندی «ساداوا»ی سەر بە ناوچەی مەریوان لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زانست پەروەر چاوی بەم دنیا بەرینەدا هەڵێناوە.

تەمەنی لە ساڵێک کەمتر بووە کە باوکی لە دەست ڕژێمی

پاشایەتی هەڵاتووە و بۆ مەلایەتی ڕووی لە ناوچەی شارەزوور کردووە و پاش چەند ساڵ لە شاری پێنجوێن گیرساوەتەوە. قۆناغی سەرەتایی تا پۆلی چوارەم لە پێنجوێن ئەخوێنێت، پاشان بە بۆنەی شەڕی ئێراق و ئێرانەوە ڕوو لە شاری سەیدسادق ئەکەن و خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو ئەکات و پاشتریش لە شاری سلێمانی ساڵی تر ئەخوێنێت.

ساڵی ١٩٨٦ لە دەست ڕژێمی سەدام هەڵدێن. ڕوو لە کوردستانی ئەم دیو ئەکەنەوە و لە شاری سنە ئەگیرسێنەوە. پۆلی دووی دەبیرستان لە سنە ئەخوێنێت و پاش کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵە، لە مەریوان نیشتەجێ ئەبن و خوێندنی دواناوەندی لە مەریوان تەواو ئەکات.

هەر لە قۆناخی ناوەندییەوە خوێندنی زانستە ئایینیەکان و زمان و وێژەی عەرەبی و فارسی لە خزمەتی باوکیدا دەست پێ کردووە. هەر بۆیە پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆمیش لە خزمەتی چەند زانای ئایینیدا درێژەی بەو خوێندنە داوە.

لە ساڵی ١٩٩٤ لە ئەزموونی دیاریکردنی ئاستی زانستی زانایانی ئەهلی سوننەتدا، کە لە لایەن کۆلێژی زانستە ئایینیەکانی زانکۆی تاران (دانشکده الهیات و معارف اسلامی دانشگاه تهران)ەوە بەڕێوە چووە، بەشداری ئەکات و لە «ئاستی دووەم»دا ــ کە هاوتای بڕوانامەی بەکالۆریۆسە ـ دەرچووە. پاش دوو ساڵ سەربازی، ساڵی ١٩٩٧ لە سنە بووەتە مامۆستای قوتابخانە و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڕوانامەی «ئاستی سێ» (هاوتای بڕوانامەی ماستەرە) لە هەمان کۆلێژ وەرئەگرێت. ساڵی ٢٠٠٥ لە بەشی «فیقهی شافیعی» هەمان کۆلێژدا بۆ خوێندنی دوکتۆرا وەرگیراوە کە هێشتا خوێندنەکەی درێژەی هەیە.

هەر لە منداڵییەوە لە ناو کەشکۆڵ و دەسنووس و دیوانی شێعر و گۆڤارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا ژیاوە. پێش تەواو کردنی قۆناخی ناوەندی، دیوانی زۆربەی شاعیرانی وڵاتەکەی خوێندۆتەوە. شاعیر بوونی باوکی و نەتەوەخوازی مامۆستایانی قوتابخانە و خۆپیشاندانە بەناوبانگەکانی جەماوەری شاری پێنجوێن و سەیدسادق و سلێمانی لە لایەک و ستەمی بێسنووری ڕژێمی سەدام، بەس بوون بۆ ئەوەی خۆشەویستی زمان و خاک، ئاگر بەربداتە هەناوی. جێگای ئاماژەیە کە ئەم بەڕێزە کوڕی مامۆستا محەممەد یۆسفی ڕەهنموونە.

پاش گەڕانەوەشیان بۆ ئەمدیو، هەمیشە خوێنەرێکی بەئەمەك و دەمارگیری گۆڤارە کوردییەکان بووە.

کارنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە:

١ـ دەیان نوسراو ـ کە بەشی هەرە زۆریان وەرگێڕان بوون ـ لە گۆڤار و حەوتەنامەگەلی ڕوانگە، ڕۆژهەڵات، ئاسۆ، ماف و...دا بڵاو بوونەتەوە.

٢ـ سەرنووسەری بەشی کوردی گۆڤاری ماف بووە، کە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو.

٣ـ پیاچوونەوە و ئامادەکردنی کتێبی «زندگی‌نامەی شیخ معروف نودهی برزنجی»، نووسینی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ و وەرگێڕانی خوالێخۆشبوو ئوستاد ئەحمەدی حەواری‌نەسەب.

٤ـ پیداچوونەوەی «وەرگێڕاوی قورئانی پیرۆز» کە نووسراوی مامۆستای ئیبراهیمی مەردۆخییە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

٥ـ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی «فەرهەنگی مەردۆخ»، نووسینی زانای بلیمەت ئایەتوڵڵا شێخ محەممەد مەردۆخی کوردستانی.

هەروەها چەند کتێب و نامیلکەشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە هێشتا هەلی بڵاوکردنەوەیانی بۆ نەڕەخساوە. کاك ڕەئووف هەنووکە دانیشتووی - سنەیە.

وەفا قادری

وەفا قادری، کوڕی حاجی عوسمان و حەمیدە خاتوونە. ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی جوان و دڵڕفێنی «میانە» چاوی بە ژیان هەڵێناوە و لە تەمەنی شەش ساڵیدا بنەماڵەکەیان واز لە ژیانی گوندنشینی دێنن و ڕوو لە شاری مەریوان ئەکەن. سەرەتای ئاشنا بوونی پەنجەکانی لە گەڵ پیتەکان و پێنووس ئەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی «پەهلەوی» ئەو سەردەمەی شاری مەریوان. تا قۆناغی ناوەندی درێژە بە خوێندن ئەدات. پاش تەواو کردنی سەربازی، ژیانی ئاسایی خۆی لە شاری مەریوان دەست پێئەکات و ساڵی١٩٩٣ ژیانی هاوبەشی پێك دێنێت. لە سەر حەز و خواستی خۆی ڕوو لە دنیای کامێرا و کاری فەرهەنگی ئەکات و دوای بەشداری لە خولی فێربوونی فیلم سازی و وەرگرتنی بڕوانامە لەو بوارەدا، چالاکی

فەرهەنگی ئەنوێنێت.

کارنامەی فەرهەنگی وەفا قادری:

١ـ فیلمی دیکۆمێنتاری «قەڵای مەریوان» بە هاوکاری ئەنوەر ڕەوشەن.

٢ـ فیلمی دیکۆمێنتاری «کوڕەی میانە هەواری هەڵۆ بەرزەفڕەکان» بە هاوکاری ئەنوەر ڕەوشەن وچەند کەسێکی تر.

٣ـ فیلمی دیکۆمێنتاری «زرێبار شوناسی دێرینی ئەم هەرێمە» بە هاوکاری ئەنوەر ڕەوشەن.

٤ـ فیلمی دیکۆمێنتاری «ژیانەوە» بە هاوکاری ئەنوەر ڕەوشەن و خاوەنی ئەم پێنووسە.

٥ـ فیلمی «هاوارە بەرە» لە سەر ژیانی قالەمەڕە و شمشاڵ بە هاوکاری ئەنوەر ڕەوشەن و خاوەنی ئەم پێنووسە.

٦ـ تۆمار کردنی زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگیەکانی مەریوان بە کامێرای فیلم هەڵگر.

بێهزاد کوردستانی[1]

لە ڕاستیدا ئەم شاعیرە بیری نایەت کەی هاتووەتە دنیاوە، بەڵام ئەو شتەی کە گەورەترانی پێیان وتووە « ڕۆژی ٧ ی نووتی ١٩٧٠ لە شاری مەریوان لە دایک بووە.» باوەڕی کردووە و هەرخۆشیان ناویان ناوە، پێیان وتووە ئەمە سەرەتای ژیانتە. لە واقێعدا خۆی وا ناڕوانێتە ژیان. ڕاستە کە یەکەم جار نووسی « ژیان » کە تەنیا چوار پیتی پەتی بەکار هێنا. بەڵام کە دێتە ناوەرۆکی مانا کردنەوەیەکی ژیانەوە، تێدەگات ژیان بەژانی دیترەوە واتە بەژانی دایکەوە دەست پێ دەکات و بەژانێکی بەردەوامەوە درێژە ئەدرێت. هەر لە سەرەتای ئەم نەخۆشینە کوشەندەوە بوو کە زانی ناوی باوکی یونسە و یەک خوشک و سێ برای پێش خۆی هاتوونەتە ناو نەخۆشینەکە هەر بۆیە زۆر بەخۆی پێکەنی و کەمێکیش بەزەیی بەوانا هاتووە.

لەساڵانی ١و٢و٣و٤و٥و٦ی تەمەنی هیچیان بۆ نەگێڕاوەتەوە، خۆشی هیچی لە بیر نایەت! کەتەمەنی دەگاتە حەوت ساڵان بە پەلەپەلێکی باوڕ نەکراو و خۆش

١. ئەم شێوە نووسینە بە پێنووسی خودی شاعیر و لە سەر خواستی خۆی نووسراوە.

بینانەیەکی خۆش باوەڕانە بردوویانە بۆ مەکتەبی سەرەتایی لەشاری مەریوان، ناو نووسییان کردووە تا ئەم کوڕە نەزۆر خۆشەویستەیان نەبێت بە شاعیر و سەرکەوتوو بێت! ئاخر گەورەتران دوکتورییان پێ خۆشتر بووە، بگرە زۆر خۆشتریش بووبێ. پێنج ساڵی تەمەنی لە مەکتەب بۆ ماڵەوە و لە ماڵەوە بۆ مەکتەب بە بیانووی دەرس خوێندنەوە تێپەڕ ئەکات و ئەم جارە گەورەترانیش لەبیریان نایەت کە زۆرتر لە سنە ژیاوە یان لە مەریوان. لە سنە خوێندنی دواناوەندی تەواو ئەکات.

لە ساڵانی ٨٨ و٨٩ و ٩٠باوەڕی کرد کە ئەتوانێ شێعر بنووسێ. ساڵانی ٩٢ و ٩٣ ڕۆیشتووەتە سەربازی و لە ئاواییەکانی «دەژن» سەر بە شاری کامیاران و «بەڵکەڕ» سەر بە مەریوان لە باتی سەربازی مامۆستایی کردووە. پاش سەربازی لە زانکۆی پزیشکی سنە «پاك و خاوێنی ژینگە»(بهداشت محیط) ئەخوێنێت کە تا ئێستاش بەو دوو ساڵ و چەند مانگەی ژیانی پێدەکەنێ.

لە ساڵی ٢٠٠١ دیوانی شێعری «غارەتی شەمامە»ی لەچاپ داوە، بەدرێژایی ئەم چەن ساڵانەی نووسینی بەردەوام شێعرەکانی لەگۆڤارە کوردییەکاندا لەوانە: سروە، ئاوێنە، سیروان، ئاویەر، ئاشتی، رامان، چاودێر و ...بڵاو کردووەتەوە.

دوو کۆمەڵە شێعر بەناوەکانی«هەڤدەونیو» و «پێچەوانە ڕەنگێکە لە گشتان دێ» ئامادەی چاپە. لە کونجی شێعرەکانیدا بە تەنیایی ئەژی و ژیانی هاوبەشی پێك نەهێناوە.

محەممەد مستەفازادە

محەممەد مستەفازادە، کوڕی «محەممەد ڕەشید» و «کووفییە» خاتوونە. ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لە شارۆچکەی «نۆدشە» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. قۆناغی سەرەتایی لە نۆدشە خوێندووە. دواتر هەواری ژیان ئەگوێزنەوە مەریوان و قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لەم شارە تەواو ئەکات. ساڵی ١٩٩١ لە زانکۆی «بەهەشتی تاران» لە ڕشتەی پەرستاری وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٩٥ەوە لە نەخۆشخانەکانی مەریوان خزمەت ئەکات. هاوکات وەك نووسەرێك خەریکی نووسین بووە و توانیوییەتی پەرتووکێك لە ژێر ناوی «زوانی هۆرامی و دنیای مۆدێرن» پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکات و پەرتووکێجتری لە ژێر ناوی «نامە

نویستەی بە زوانی هەورامی» لە ژێر چاپدایە.

ئەم نووسەرە ئەڵێت: «لە ڕۆژێکەوە هەستم بە ناسینی خۆم کردووە، خولیای کتێب و تینووی تێگەیشتن بووم و هەر لەو ڕۆژەوە ئەم پرسیارانەی خوارەوە وەک سەرەکی ترین پرسیار لە ناخ و مێشکمدا خۆیان نواندووە؛ ئامانج لە ژیان چییە؟ ئەرک چییە؟خزمەت چییە؟ ڕۆڵی زمان چییە؟ تا ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ ناخ وهەستم دا مامەڵەی ڕووڕاستم نەکرد، ئەو پرسیارانەم بۆ ڕوون نەبوویەوە. بەردەوام پەردەکان و چاویلکەکانم لائەبرد، کاتێک گەیشتمە دوا پەردە و دەستم برد بۆ پێنووس، خودی ڕاستەقینەم پێی ووتم: «بنویسە بە زوانی هۆرامی، بوانەوە بە زوانی هۆرامی، کە ئاڵا و قەڵەمی نەبڕیەینە باڵاو هیچ میللەتێویەرە.»[١]

ئازاد ڕۆستەمی

لە دایک بووی ٢٣ی سپتەمبەری ١٩٧١ی زایینی مەریوانە. باوکی سەعید و دایکی نەهیە خاتوونە. لە سەرەتای خوێندنەوە تا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی هەر لە مەریوان بووە. بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە شاری سنە و لە زانکۆی کوردستان کۆلێژی «پاک و خاوێنی ژینگە»(بهداشت محیط)ی تەواو کردووە.

کاری نووسینی لە کۆتایی حەفتاکانەوە سەرەتا بە شیعر و پاشان شانۆنامە و کورتە چیرۆک و نۆڤلێت دەست پێکردووە. هاوکاری حەوتەنامەی ئاویەر و ئەندامی شۆرای نووسەرانی گۆڤاری زریبار بووە.

لە چالاکانی دوو ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبی مەریوان و مەولەوی سنە بووە و ئەنجومەنەکانی ئەندێشە و «شانۆی ڕۆژ»ی مەریوان بە هەوڵی ئەو دامەزراون. ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری ناسراوی کوردستان پرۆژەی ئەدەبی هونەری «داکار»یان ڕاگەیاندووە. ساڵی ٢٠٠٣ بە هاوکاری نووسەرانی ڕۆژهەڵات «کانوونی

١. واتە: بنووسە بە زمانی هەورامی، بخوێنەوە بە زمانی هەورامی، ئاڵا و پێنووس بە باڵای هیچ نەتەوەیەکدا نەبڕاوە.

نووسەرانی کوردستانی ئێران» یان پێکهێناوە. کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و هونەری لە گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بڵاو کردۆتەوە. گۆڕینی کۆمەڵێک لە شێعرەکانی شاملوو بە کوردی و «وەرزی سەهۆڵبەندان»ی ڕەفیق سابیر بە فارسی، لە چالاکییەکانی ناوبراو لە بواری وەرگێڕاندان. لە بەرهەمە شانۆییەکانی ئازاد ڕۆستەمی ئەتوانین ئاماژە بکەین بە: دوانزە سوارە، ئێستاش مرۆڤ، دڵەڕاوکێکانی نووح، شەوەکانی ماڵی ڕێواس و دوورگەی شەو. هەر وەها نووسینی نزیک بە دە کۆمەڵە شێعر و چیرۆک بەرهەمی قەڵەمی ئەم نووسەرەن کە تا ئێستا بواری چاپی هەموویان نەڕەخساوە. ئازاد ڕۆستەمی لە ساڵی ۲۰۰۴ەوە دانیشتووی وڵاتی نۆرویژە و خوێندکاری ماستەری «کولتوور و کۆمەڵگا»ی زانکۆی ئۆسلۆیە.

بەرهەمە چاپکراوەکان:

۱ـ کالیسکەیەک لە باران، ساڵی ۱۹۹۳ چاپ کراوە (کۆمەڵە شێعر).

۲ـ لە خەونێکی ئەبەدیدا(کۆمەڵە چیرۆک).

عەزیز ناسری

لە ساڵی ۱۹۷۹ەوە وەک مامۆستای دواناوەندی لە قوتابخانەکانی مەریوان، وانەی زمان و ئەدەبی فارسی ئەڵێتەوە. ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان و کانوونی ڤەژینە. لە گەڵ حەوتەنامە و گۆڤارەکاندا بە نووسینی وتار هاوکاری هەیە و لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەکانی پێوەندیدار بە فەرهەنگ و ئەدەبەوە بەشداری کردووە. ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گوڤاری زرێبار بووە و قۆناغەکانی خوێندنی تا پلەی ماستەر (لە زمان و ئەدەبی فارسیدا) بڕیوە.

لە زمانی خۆیەوە باشتری بناسین: ئەمن لە شاری بۆکان لە دایک بووم. سەر لە نیوەڕۆی نۆزدەی سێپتەمبەر ساڵی ۱۹۷۰زایینی. بەڵام هێشتا بە تەواوی ناوکیان هەڵنەبڕیبووم، بەرەو حەمامیان لە بۆکانیان هەڵبڕیم. ئەویش پاش مانگێک کە نە لاقم عەرزی بۆکانی گرت و نە لە ئاوی «حەوزە گەورە»شم خواردەوە! دووساڵ دواتر بۆ هەمیشە ماڵ و کۆچمان لە مەهاباد خست.

که چاوێکم به دەوری خۆمدا گێڕا، دیوانه شێعری زۆربەی شاعیرانی کورد سەرنجی ڕاکێشام. «مەلا حەسەن»ی بابم کوڕە مەلایەکی دەست و پێ سپیلکە بوو، به پێچەوانەی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی و سەرەتای لاوێتی، که هەم به نازداری گەورە ببوو، هەمیش نەبوونی نەدیتبوو، پاش ماڵئاوایی بابەگەورەم لە دنیا، لە بەر دەست بڵاوی هەر ئەوەندە بوو دەست کورت نەبوو. بەڵام دەست و باڵی وێک هاتبوونەوە و تەنیا سەری ماڵ و منداڵی ڕاگرتبوو. لە لای باوکی قورئان و سەرف و نەحو و گوڵستان و بووستانی خوێندبوو. شێعریشی دەنووسی. غەزەلێکی بۆ «هاجەر»ە خاتوونی دایکم نووسیبوو، ئەگەر تووڕە نەبوایە ـ وەک واجبی شەرعی شە و ڕۆژ پێنج فەڕزە تووڕەیی لە سەر بوو ـ جارجار لە بەر خۆیەوە دەیخوێندەوە: «ناپرسی لە ئەحواڵی بریندارى خەدەنگت/ شێواو و پەرێشان و سەراسیمەم و شەیدات». لە گەڵ ئەوەشدا کتێبخانەیەکی بوو. وەک بڵێی چۆن ناوکی بە ئایەت و حەدیس بڕا بوو، لە پەنا قورئان و تەفسیر و مێژووی ئیسلام و شێعری کەڵە شاعیرانی فارس ـ جگە لە فیردەوسی ئەویش لە بەر ئەوەی دەیگوت: «شانامە هەمووی درۆیە»(!) ـ لە نالی و مەحوی و مەولەویـیەوە بگرە تا قانع و هێمن و هەژار، دیوانه شێعری شاعیرانی کوردیشی بوون. هەوڵی بابم لە ناساندنی ناودارانی کورد بە من، لەو سەردەمەڕا شوێنەوار و کاریگەری خۆی بە چەشنێک لە سەر ژیانی من دانا، کە هەر لە سەرەتاوە زۆر ئاسۆی بە سەردا کردمەوە. لە خەیاڵی بچووکی منداڵی خۆمدا بۆم دەرکەوت کە ڕاستەقینە زۆر دوورە لەوەی نەیاران هەوڵ ئەدەن بۆمانی بنووسن و بەختەوەرانە کوردیش بنیادەمە! لە یادمە لە ڕۆژێکی جومعەی بەهاری ساڵی ١٩٧٩دا، واتە کاتێکی کە من تەنیا نۆ ساڵم تەمەن بوو، لە سەر تەگبیری بابم و لە مزگەوتی سووری مەهاباد، پاش نوێژی جومعە(!) لە سەر بلندگۆی مزگەوت شێعرەکەی «هەرکوردم»ی مامۆستا هێمنم خوێندەوە...

جا باشە من بۆ هەر دەبێ شێعری شاعیرانی تر بخوێنمەوە؟! ئەی خۆم چی؟ چەند ساڵ دواتر خۆشم دەستم پێکرد! نەمدەوێرا شێعرەکانم پیشان باوکم بدەم. لە سەفەرێکی بۆکاندا دەفتەرە سوورم نایەژێر باخەڵ ـ دەفتەرە بەرگ سوورەکەی هێمنی موکریانیم وەبیر دێنێتەوە، بەڵام ئەوکات نەم دەزانی شێعرەکانیشی هەر بە دەردی ئەودەچن! ـ شێعرەکانم بۆ مامم خوێندەوە. خۆم لام وابوو خەریکم شاکاری

ئەدەبی پێشکەش دەکەم، بۆیە مامم ئاوەها بە چێژ و حەوسەڵەوە گوێی بۆ ڕاداشتووم. تمەز لە دڵدا خەریکە گریانی دێت بۆ وێژەی کوردی کە من خۆم بە خاوەن و حەقداری دەزانم. دەفتەرەکەم بۆ خەتم کرد، لێی وەرگرتم. هەروا کە خەریک بوو لاپەڕەی هەڵئەداوە، گوتی: «عەزیز گیان! خۆ شێعر ئەوە نییە تۆ لاپەڕە ڕەش بکەیەوە و هێندەی قامکێک بەین بخەیە ناوەڕاستی دێڕەکانی ...

جا بە پێی ئەم ڕێنوێنییە ئەمن ئێستا تەنیا لای ڕاستی لاپەڕەکان دەنووسم و لای چەپ بە تەواوی سپی دێڵمەوە! کەچی مامم ئەمەشی هەرپێ شێعر نییە. دەڵێم مامەگیان چۆنە هەمووی هەر بە سپێتی بێڵمەوە!...

هەوەڵین بەرهەمم ساڵی ١٩٩٢ لە گۆڤاری سروەدا بڵاو بۆوە. ئەوکات من خوێندکاری ساڵی دووهەمی کۆلێژی زمان و ئەدەبی فارسی بووم...

بەرهەمە چاپ کراوەکان:

١ـ مویەی جدایی(وەرگێڕانی گوڵبژێرێک لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن).

٢ـ دربند پروانە(وەرگێڕانی «دەربەندی پەپوولە»ی شێرکۆ بێکەس).

٣ـ آینەهای کوچک(وەرگێڕانی«ئاوێنە بچکۆلەکان»ی شێرکۆ بێکەس).

٤ـ دربار (وەرگێڕانی ڕۆمانی «دەربار»ی خوسرەو جاف).

بەرهەمی ئامادەی چاپ:

١ـ باڵای داگیرساوی دەنگ(کۆمەڵە شێعر).

٢ـ پووکانەوەی تاوێرەکان(کۆمەڵە شێعر).

٣ـ لاوک حلبچە(وەرگێڕانی «لاوکی هەڵەبجە»ی ڕەفیق سابیر).

شەهین محەممەدی

٢٢ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧١ ی زایینی لە مەریوان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بەژیان هەڵێناوە.

سەرەتای خوێندنی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە ساڵی ١٩٩٠ دا، هاوکات بووە لە گەڵ کۆچاوکۆچ و ئاوارەیی بە هۆی شەڕی نێوان ئێراق وئێران. بە وتەی خۆی: « لەمە دڵتەزێن‌تر خوێندن لە

ناو [بازنەی] بیر و باوەڕی پیاو سالارانەو دواکەوتوودا بوو کە لەودا کچ ئیزنی خوێندنی پێنەئەدرا.»

بۆدرێژەدان بەخوێندن ساڵی ۱۹۹۰ لە ناوەندی بارهێنانی مامۆستایانی سنە(مرکز تربیت معلم)وەرئەگیرێت و دوای دوو ساڵ خوێندن وەک مامۆستای زمان و ئەدەبی فارسی لە قوتابخانەکانی مەریواندا وانە ئەڵێتەوە.

خولیای فێر بوون هانی‌ئەدات کە دیسان شارێی خوێندن بگرێتە بەرو لە کانیاوی زانست زۆرتر بەهرەمەند ببێت. هەر بۆیە ساڵی ۱۹۹۸ لە زانکۆی کرماشان، بەکالۆریۆسی ئەدەبی فارسی و ساڵی ۲۰۰۹ یش لە «زانکۆی ئازادی» مەریوان «فوق دیپلۆم»ی زمان ئینگلیزی تەواو ئەکات. ساڵی ۱۹۹۵ ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە.

ئەم نووسەرە لە دامەزرێنەرانی «ئەنجوومەنی ژنان»ی مەریوانە. کتێبێکی لە ژێر ناوی «دریچەای به دیار فریاد» (دەلاقەیەک بەرە و وڵاتی هاوار) ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەیە.

سەمیرە نەقشبەندی

ساڵی ۱۹۷۱ی زایینی لە شاری هەڵەبجە لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی کە لە سیانزە ماڵەی هەڵەبجەن[1]، چاوی بەم دنیا هەڵێناوە. باوکی حەمە تۆفێق و دایکی شەرافەت حەمەئەمینە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەڵەبجە تەواو کردووە.

ساڵی ۱۹۸۸ لە کاتی بۆردوومانی شاری هەڵەبجەدا بۆ ڕزگار بوون لە دەست دێوەزمەی دیکتاتۆری بەرە و ئێران هەڵدێن. دوای ساڵێک مانەوە لە ئێران بەرەو ئێراق ئەگەڕێنەوە.

ساڵی ۱۹۹۱ لە بەشی بوونەوەرناسی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر وەرئەگیرێت. لە کاتی ڕاپەڕینە گشتییەکەی کوردستان، دووبارە ئاوارەی کوردستانی ئەم دیو ئەبێت و

---

۱. مەبەست لە سیانزە ماڵەی هەڵەبجە، ئەو سیانزە ماڵە جولەکەن کە بنەڕەتی شاری هەڵەبجەیان داناوە.(ن)

ژیانی هاوبەشی لە مەریوان پێکەوە دەنێت و بۆ هەمیشە لەم شارە ئەگیرسێتەوە.

دوای ماوەیەک دوور بوون لە نووسین و خوێندنەوەی کوردی بە هاندانی مێردەکەی، یەکەم کاری فەرهەنگی خۆی کتێبی «بیرەوەرییەکانی شازادە خاتوونێک» لە فارسییەوە وەرئەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی ئەکات.

مستەفا عەبدی

مستەفا عەبدی کوڕی محەممەد عەلی لە ٢٣ی فەبریبەی ساڵی ١٩٧١ی زایینی لە گوندی بێساران و لە بنەماڵەیەکی هەژار و نەخوێندەوار چاوی بە ژیان هەڵێناوە. بەڵام دەستی قەدەر زۆر زوو لە گوڕ و تینی چڕاند. ناسۆری بێ باوکی دەفتەری هیواکانی دڕاند و لە بەر هەتیوی و هەژاری نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات. هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا ماڵئاوایی لە قوتابخانە و هاوپۆلەکانی ئەکات. ئەم نووسەرە خاوەنی زۆر بەهرەی جوانە لە بواری بیرکاری و هونەریدا. ئەو توانایەی کە زۆر سەرنج ڕاکێش و جێگای تێڕامانە، ئەوەیە کە زۆر بە ئاسانی توانای دۆزینەوەی سەرەتا و ئاخری مانگەکانی لە ڕابردوو و داهاتوودا هەیە. ڕۆژمێرێکی دەمیلیارد ساڵەشی خستووەتە بەردەستی خوێنەران! بەڵام سەد مەخابن وەک زۆربەی زانایان و پیاوانی گەورەی کورد بێ‌ماڵ و منداڵ و ئاوارە هەر شەو و ڕۆژێک میوانی خێرخوازێکە. زۆر هەوڵم دا لە زمانی خۆیەوە ژیانامەکەی بخەمە بەردەستی خوێنەران بەڵام بە هۆی نەخۆشی دەروونی هاوڕێیی نەکردین.

د. ئومید وەرزەندە

ساڵی ١٩٧١ی زایینی لە مەریوان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی خۆی لە مەریوان تەواو دەکات و پاشان نیشتەجێی سنە دەبێت. ساڵی ١٩٩٤ لە زانکۆی هەمەدان بەکالۆریۆسی وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی وەردەگرێت. هەر لە هەمان ساڵەوە دەست دەکات بە بەشداری کردن لە کۆڕ و

کۆمەڵە ئەدەبییەکاندا. بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتەنامەی ئاویەر لە سنە. هاوکات لەگەڵ ئەوە بۆ پێنج خول لە فستیڤاڵی شانۆی کوردی مەریوان دەبێتە سەر نووسەری بۆڵتەنی ڕۆژانەی ئەو فستیڤاڵە. ساڵی ١٩٩٩ هاوکاری خۆی لەگەڵ ئەنستیتۆی کورد لە تاران دەست پێدەکات و دەبێتە ئەندامی کۆڕی زانستی زمانی کوردی. هەر لەم ساڵەدا یەکەمین کتێبی خۆی «شاید جیبهایم پر شود از برف» لە چاپ ئەدات کە وەرگێڕانی هەڵبژاردەی شێعری شاعیری تاراوگە نشینی کورد «بە ڕۆژ ئاکرەیی»یە بۆ سەر زمانی فارسی.

ساڵی ٢٠٠١ بە هاوکاریی بەختیار سەجادی پرۆژەی شێعری ئینگلیزی لە دوو بەرگدا لە چاپ دەدات کە وەرگێڕانی شێعری سەدەی بیستەمی بەریتانیا و ئەمریکایە بە زمانی کوردی.

تاکوو ئێستا لە زۆربەی ڕۆژنامە و هەفتەنامە کوردییەکاندا وەکوو: زرێبار، سیروان، ڕۆژ هەڵات، ڕامان، گەلاوێژ، سەردەم، کوردستانی نوێ، برایەتی، زمانەوان، کاروان و... بەرهەمەکانی بڵاو بوونەتەوە. ساڵی ٢٠٠٣ دەڕوات بۆ وڵاتی هیندوستان و خوێندنی خۆی لە «زانکۆی پوونا» تا پلەی دوکتۆرا لە بەشی ئەدەبیاتی ئینگلیزی تەواو دەکات. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە چەندین کۆنفرانسی نێونەتەوەییدا بە وتار بەشداری دەکات و لە چەند ڕۆژنامەی ئینگلیزی زمان وەکوو: «Times of India و Maharashtra Herald» بەرهەمەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ٢٠٠٥ لە دوو ئەنتۆلۆجیای شێعردا بە زمانی ئینگلیزی شێعری شاعیرانی کورد بڵاو دەکاتەوە. دوکتور ئومێد وەرزەندە ئێستاکە مامۆستای زانکۆی ئازادی سنەیە.

سدیق مەحموودی

کوڕی محەممەد و ئامین، یەکەم مانگی وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٧٢ ی زایینی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە شارەدێی «سەولاوا» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. سێهەمین منداڵی بنەماڵەکەیەتی. قۆناغی سەرتایی و ناوەندی هەر لە زێدەکەی خۆی و دواناوەندیشی لە مەریوان خوێندووە. هەر لەو ساڵەدا بە سەرکەوتن لە تاقیکاری لە ناوەندی بارهێنانی مامۆستایان وەرئەگیرێت، بەڵام بە

هۆیەکی نادیارەوە پێشی لێ ئەگرن. لە دوای دوو ساڵ سەربازی لە سوومار خولیای دەرس و زانست هانی ئەدات. دیسان لە ساڵی ١٩٩٦ لە تاقیکاریدا بەشداری ئەکاتەوە و لە بەشی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی تاران وەرئەگیرێت. بەپلەی بەکالۆریۆسەوە لە دوای بەشداری کردن لە ئیمتیحانی هەڵبژاردنی مامۆستایان، کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوە ئەچێت، ئەبێتە مامۆستای دواناوەندی.

دوای هەوڵێک بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی کارناسی باڵا (ماستەر) بڕێک باس کە پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوە بووە سەرنجی ڕائەکێشن. هەر ئەوە ئەبێ بە هەوێنێک بۆ ئەوەی بنووسێ.

دوای دوو ساڵ یەکەم بەرهەمی خۆی وەک پەرتووک لە ژێر ناوی «جامعە، قوانین بشری یا قوانین الهی» پێشکەش بە هۆگرانی ئەکات. ئەم نووسەرە کتێبێکی تری لە ژێر ناوی «چگونگی پیدایش جهان و پایان آن از دیدگاە علم و قرآن» ئامادەی چاپە. ناو براو ئێستا دانیشتووی مەریوانە.

سەعید ئەکبەری

ئەم نووسەرە کوڕی سۆفی مستەفایە و ساڵی ١٩٧٢ی زایینی لە گوندی «کەماڵا» لە دایک بووە. سەرەتای خوێندنی لە تەمەنی پێنج شەش ساڵیدا بە قورئانی پیرۆزەوە دەست پێئەکات و بە کتێبە ئایینییەکانەوە لە خزمەتی حاجی محەمەدی باپیری و مامۆستا مەلا سەعیدی کەرەمی درێژەی پێئەدات.

تا پۆلی چوارەم لە قوتابخانە ئەخوێنێت و ساڵی ١٩٨٥ بۆ خوێندن لە بواری ئایینیدا، واز لە قوتابخانە دێنێت. ساڵی ١٩٩٢ لە سەر ئیزنی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدوڵڵا مەردۆخی و مامۆستا حەسەن ئۆخرەتی و مامۆستا سەید عەلی حسێنی، ئیجازەنامەی مامۆستایەتی پێ ئەبخشرێت. ساڵی دواتر ئەبێ بە مامۆستای مزگەوتی دەرەوشکە لە ناوچەی کەلاتەرزان و هەر لەوێ ژیانی هاوبەشی پێک دێنێت.

ئەم نووسەرە بۆ مامۆستایەتی، گوندەکانی پلوورە و پەیچوون و ناوچەی لەیلاخ و

سەوڵاوا گەڕاوە. بۆ بژێوی ژیانی، کارگەلی وەک نووسینی تابلۆ و ڕەنگکاری ماڵان و خەت نووسین و ... کردووە.

بەرهەمەکانی نووسەر:

١ـ حاشیە ملا عەبدوڵلا مەشهور بە (عەبدوڵلا یەزدی)، لە زانستی مەنتیق دا.

٢ـ هدایە، لە زانستی «نەحو»دا.

جەمال ئیمانی

لە ٢٣ی ئووتی ساڵی ١٩٧٢ ی زایینی لە گوندی «بەرقڕو» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. قۆناغی سەرەتایی لە شاری مەریوان تەواو کردووە. بە بۆنەی شەڕی ئێراق و ئێران و ئاوارە بوونی خەڵکی شاری مەریوان، قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی لە مەریوان و سەوڵاوا تێپەڕکردووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای چیرۆک و شانۆ ئەبێت و بە وتەی خۆی: «لەو تەمەنەدا لە بەر نەبوونی و هەژاری دوو جار و هەر جارە شانۆنامەیەکی دزیوە».

مامۆستایەکی ئەمەکناس بە نێوی «کاک ئەحمەد ڕەوشەن» ئەو توانا و بەهرەیەی تێدا ئەبینێت و ئەبێ بە هاندەری سەرەکی و دەستی دەگرێت. لە ساڵی ١٩٨٣ەوە پێی ناوەتە دنیای شانۆوە. ساڵی ١٩٨٨ یەکەم شانۆی خۆی بە نێوی «قویترین‌ها»(بەهێزترینەکان) نووسیوە و وەک دەرهێنەر و ئەکتریش ڕۆڵی تێدا بینیوە.

بە نووسینی وتار و شێعر و چیرۆک لە گەڵ حەوتوونامەکانی ئاویەر، سیروان، تیشک و نقاردا هاوکاری کردووە. لە زیاتر لە دە شانۆدا دەوری گێڕاوە و هەر بەم ڕادەیەش دەرهێنەر بووە.

کاری هونەری و بەرهەمی نووسەر:

١ـ چوارچێوەی بێ تۆیی(کۆمەڵە چیرۆک، ئامادەی چاپ). ٢ـ پەپوولە(شێعر بۆ منداڵان). ٣ـ بە هێزترینەکان(شانۆنامە، فارسی).٤ـ سێ کەسی (شانۆنامە، فارسی).

٥ـ کوودەتای بێ ئاکام(شانۆنامە، فارسی). ٦ـ وەرە باران(شانۆنامە بۆ منداڵان، فارسی). ٧ـ بەشداری لە فستیڤاڵی سەرانسەری لاوانی وڵات وەک چیرۆک نووس.

۶ـ دەستەی هەڵسەنگێنەری ئەنجوومەنی شانۆ لە چەند خولدا.۹ـ ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان.۱۰ـ میوانی(وەرگێڕان بۆ کوردی، شانۆنامەیەک لە نووسینی بارام بەیزایی).

فاتح بادپەروا

ساڵی ۱۹۷۲ ی زایینی لە مەریوان و لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە. سەردەمی خوێندنی هاوکات ئەبێ لە گەڵ شەڕی ناوخۆ و شەڕی ئێران و ئێراق و ئاوارەیی و نەهامەتی و کۆچاوکۆچیی شارە و شار و گوند بە گوند. بەڵام لە گەڵ ئەم دەربەدەرییەدا کاری ڕۆشنبیری و چالاکیی هونەری و فەرهەنگی درێژە پێ داوە.

پۆلی چواری سەرەتایی لە گەڵ شانۆ ئاشنا بووە. ساڵی ۱۹۸۲ بۆ یەکەم جار وەک ئەکتەر لە شانۆی «داهۆڵ»دا بەشداری ئەکات.

لە ناوەڕاستی دەیەی نەوەدا وەک کارمەند (بە پێی گرێبەست) ئەچێتە دائیرەی «فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی». لە دامەزراندی ئەنجومەنی شانۆی مەریواندا دەورێکی بەرچاوی ئەبێت و هاوکات لە گەڵ چەند شانۆکاری تری مەریوانیدا «گروپی شانۆی باران» وەڕێ ئەخەن. پاش دە ساڵ دەست لە کارمەندییەکەی ئەکێشێتەوە و لە دەرەوەی ئەم دائیرەیە درێژە بە کاری هونەری ئەدات.

یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی شانۆکارانی مەریوان و کوردستانی ئێران «فستیڤاڵی ساڵانەی شانۆی سەرشەقامی مەریوان»ە کە ئێستا خەریکە بەرە و ئاستی نێونەتەوەیی ئەڕوات. بەشی زۆری ئەم دەسکەوتە مەعنەوییە بەرهەمی هەوڵ و ماندوویی فاتح بادپەروایە. بەرپرسی ئەنجوومەنی شانۆی مەریوان بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ، دوو ساڵ جێگری بەرپرسی ئەنجوومەنی شانۆی کوردستان، داوەری چەندین فستیڤاڵی شانۆیی و وەرگرتنی چەندەها خەڵات بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی لە کاری شانۆدا و لە نێوانیاندا دوو خەڵاتی تایبەتیی «مێهرەجانی نێو دەوڵەتی فەجر» لە تاران، هەموو دەرخەری پێگەی ئەم هونەرمەندە شانۆکارەن.

فاتح بادپەروا لە ماوەی ژیانی هونەری خۆیدا، نزیکەی سی شانۆی وەک

دەرهێنەر پێشکەش کردووە، لە زیاتر لە پانزە شانۆدا وەک ئەکتەر دەوری گێڕاوە. ئەم هونەرمەندە شانۆکارە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەدەبی مەریوانە و لە ڕیزەی چالاکییەکانی ناو براو لەم ئەنجوومەنەدا دەتوانین ئاماژە بەم چەند درگەیە بکەین: سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرەی مامۆستا ناری، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرەی مامۆستا بێسارانی و سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرەی مامۆستا قانع.

بەرهەمەکانی هونەرمەند لە بواری نووسیندا :

١ـ خوا ڕۆزی ئەدات نەک خەلیفە،(شانۆنامە بە فارسی، ١٩٨٦). ٢ـ یەخسیری چارە نووس، (شانۆنامە بە فارسی،١٩٨٧). ٣ـ فڕین، (شانۆنامە بە فارسی، ١٩٨٨). ٤ـ خولە پیزە،(شانۆنامە بە کوردی، ١٩٩٩). ٥ـ چەند کورتە چیرۆکێک(ئامادەی چاپ).

فاتح ئێستا دانیشتووی شاری مەریوانە و هۆی سەرکەوتنیشی بە پشتگیری و دڵگەرمی بنەماڵەکەی و سەمیرا خاتوونی خێزانی دەزانێ.

قادر ئەحمەدی

ڕۆژی بیست و یەکی ئاوریلی ساڵی ١٩٧٢ی زایینی لە گوندی «چاوگ» لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە. وەک هەموو منداڵێکی‌تر پاش تێپەڕ بوونی شەش ساڵ لە تەمەنی، وەبەر خوێندن نراوە. تا پۆلی دووهەمی دوا ناوەندی توانیویە دەرس بخوێنێ. لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە لە گەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئاشنا بووە، ئەویش بە هۆی خوێندنەوەی گۆڤاری سروە کە لەو کاتەدا تەنیا بڵاڤۆکی کوردی بووە. بەردەوام هەوڵی خۆپێگەیاندن لە بواری شێعردا ئەدات کە دوای ماوەیەک وازی لێ دێنێت و ڕوو لە مێژوو ئەکات.

پاییزی ساڵی ١٩٩٩ ژیانی هاوبەشی دەست پێئەکات. یەکەم نووسراوەی قادرئەحمەدی وتارێک بووە لە سەر مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی کە لە حەوتەنامەی ئاویەردا بڵاو ئەبێتەوە.

وەک کتێب، یەکەم بڵاو کراوەی کتێبی «کورد و مێژوو» بووە و ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بڵاو بۆتەوە. هەر وەها کتێبێکی‌تری لە ژێر ناوی «ژن لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا»

ئامادەی چاپە.

وتارەکانی لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا بڵاو کراونەتەوە: ئاویەر، سیروان، ئاوێنە، کشت و کاڵ و...

کامیل سەفەریان

لە بیستویەکی ئاوریلی ساڵی ١٩٧٢ی زایینی لە گوندی «نژمار» سەر بە شاری مەریوان لە بنەماڵەیەکی دەست کورت و هەژار و نەخوێندەوار چاوی بەژیان هەڵێناوە. باوکی محەممەد دایکی شەمسە خاتوونە. قۆناغی سەرەتایی لە نژمار و ناوەندیشی لە گوندەکانی کانی‌دینار و نەنە تەواو کردووە.

قۆناغی دواناوەندیی خوێندنی پڕ بووە لە چەرمەسەریێ و هەژاری و ئاوارەیی، نەبوونی و دەست کورتی بنەماڵە. نەبوونی شوێنێک بۆ حەسانەوەی شەوانە لە ناو شاردا، تۆپ بارانی مەریوان و بۆردمانی شیمیایی نژمار و....

سەرەڕای ئەم دنیایە، هەمووساڵێک وەک یەکێ لە قووتابییە زۆر چالاکەکانی قووتابخانەکەی ئەناسرێت و بەم چەشنە پلەکانی سەرکەوتن ئەبڕێ. پاش تەواو کردنی قۆناغی دواناوەندی لە زانکۆ کوردستان لە سنە وەردەگیرێ و بۆ یەکەم جار لە مەریوان پێ ئەنێتە دەر.

هێدی هێدی لە گەڵ ئەدەبیاتی جیهان ئاشنا ئەبێت، جان‌ئەشتاین بەک، بوریس پاسترناک و هەروەها همینگوی، سێ گەورە نووسەر بوون کە هەست و علاقەی ئەویان بۆ ئەدەبیات بزواندووە. نووسراوەکانی پاسترناک لە دوکتور ژیواگۆدا لە گەڵ جوان کارییەکانی ئەشتاین بەک پێخۆرێک بوون بۆ ڕۆحی ئەو.

ساڵی ١٩٩٣ کە چووەتە زانکۆ، لەوێ دەرفەتێکی چاکی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژو و ئەدەبیات بۆ ڕەخساوە. نووسراوەکانی ساڵی ١٩٩٦ لە دوای تەواو بوونی زانکۆ لە دایک بوون. خۆی ئەڵێ:[1] «وا هەست ئەکەم پێنووسەکەم دێر خستەگەڕ، بەڵام پێشتر جار جارێک چیرۆکێکی کورتم بۆ خۆم ئەنووسی.»

---

١. وت و وێژ لە گەڵ نووسەر.

ساڵی ١٩٩٨ بە تەواوی ماڵئاوایی لە نژمار ئەکات و لە مەریوان نیشتەجێ ئەبێت. بەرگی ماموستایی لە بەر ئەکات و هاوکات لەگەڵ وانە وتنەوە، چالاکی فەرهەنگی ئەم نووسەرە گەشە ئەکات. مەولانا وتەنی شار هەلی بۆ نووسینی ڕەخساند، یەکەمین بەرهەمی لە گۆڤاری زرێبار بڵاو کرایەوە. هەنووکەش بەردەوامە لە سەر نووسین سەبارەت بە مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیك و نوێی کوردی.

ناوبراو ئەڵێ: «پێم وایە ئەدەبیاتی کوردی سفرەیەکی پان و بەر بڵاوە کە ئەتوانێ میوانداری گشت هۆگرانی بیت. بە داخەوە من دێر هاتمە سەر ئەم سفرەیە و چێژم لێ وەرگرت.»

ئەم بەرهەمانەی بە زمانی فارسی کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران: «یادداشت هایی پیرامون مهر پرستی در کردستان»، « سەیدی» و «دێوەزناو».هاوکاری لەگەڵ ئەم گۆڤارنەی خوارەوە بووە:

کەرەفتوو، ئاسۆ، ڕاسان، پیام کوردستان، ئاشتی، زرێبار، سیروان، تیشك، سروە و دیار کهن.

کتێبی ئامادەی چاپ: شاکارەکانی شێعری هەورامی، لێکۆڵینەوە لە سەر شێعرەکانی ناری.

کەماڵ عەبدوڵڵایی (مەریوانی)

ئەم نووسەرە ساڵی ١٩٧٢ی زایینی لە شاری مەریوان لە دایك بووە. باوکی ناوی محەممەد و دایکیشی حەفسە خاتوونە. خوێندنی هەر لە شاری مەریوان دەست پێکردووە بەڵام بەر لەوەی قۆناغی دواناوەندی تەواو بکات دەستی لێ کێشاوەتەوە. کەماڵ مەریوانی لە ساڵی ١٩٧٦ەوە بە شێعر و وتار لە گەڵ حەوتەنامە و گۆڤارە کوردییەکان هاوکاری کردووە. ئەم نووسەرە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی ئەندێشەی مەریوان بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە لە وڵاتی سویس ئەژیت و لەو نووسەرانەیە کە لە تاراوگە، لە سەر کاری ئەدەبی و نووسین تا بە ئەمڕۆ چالاك و شێلگیرە.

بەرهەمە چاپکراوەکان:

١ـ تووکایەک لە قەفەزدا، (بەرهەمی نیما یوشیج، وەرگێڕانی بە زمانی کوردی)١٩٩٨. ٢ـ چرۆی باران (کۆمەڵە شێعر)٢٠٠٠.

کەماڵ مەریوانی ئێستا دوو بەرهەم (کۆمەڵە شێعرێک و سێ چاو پێکەوتن لە گەڵ وەرگێڕە ناسراوەکان)ی ئامادەی چاپە.

مەحموود مۆبارەک شایی

ساڵی ١٩٧٢ی زایینی لە شارۆچکەی «نۆدشە» لە بنەماڵەیەکی ئایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «مامۆستا محەمەد» و دایکی «مەنیژە» خاتوونە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە شارۆچکەی نۆدشەی سەر بە هەورامانی لهۆن تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی ئیسفەهان وەرگیراوەوە و ساڵی ١٩٩٦ بەکالۆریۆسی لە ڕشتەی جۆگرافیادا وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە وەک مامۆستای جۆگرافیای قوتابخانە دواناوەندییەکانی مەریوان خەریکی وانەوتنەوەیە.

ساڵی ٢٠٠٦ لە تاقیکاری زانکۆی بارهێنانی مامۆستایان لە ڕشتەی «جۆگرافیای ڕامیاری»دا سەرئەکەوێت، بەڵام بە هۆی کێشەیەکەوە پێشی لێئەگرێت. دوو ساڵ دواتر درێژە بە خوێندن ئەدات و ساڵی ٢٠١٠ خوێندنی لە ئاستی ماستەر تەواو کردووە و بڕوانامەکەی لە ژێر ناوی «بەربەستەکانی گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان» داناوە.

ئەم مامۆستا نووسەرە یەکێ لە چالاکانی فەرهەنگی شاری مەریوانە کە بە پێشکەش کردنی وتار لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری هەبووە و لە گەڵ بڵاوکەکانی سیروان، ئاشتی، ئاسۆ، زرێبار، تاڤگە و چیا دا وەک نووسەر هاوکاری کردووە.

ئەم نووسەرە ئەڵێت: « گیروگرفتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتەکەم، هاندەری سەرکی بوون بۆ هاتنم بۆ دنیای نووسین و لێکۆڵینەوە».

ئەم نووسەر و لێکۆڵەرە کتێبێکی لە ژێر ناوی «جۆگرافیای ڕامیاری کوردستانی باشوور» ئامادەی چاپە.

پژمان حەبیبی

پژمان حەبیبی ساڵی ١٩٧٣ی زایینی لە گوندی «نسلّ» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «غەفوور» و دایکی «ڕاحلە» خاتوونە.

قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی و دوا ناوەندیش لە سەوڵاوا تەواو ئەکات. ساڵی ١٩٩٤ لە ناوەندی بارهێنانی مامۆستایان لە کرماشان وەرئەگیرێت. دوای شەش ساڵ مامۆستایەتی دیسان لە تاقیکاریدا سەرئەکەوێت و ساڵی ٢٠٠٢ لە زانکۆی بابولسەر بەکالۆریۆسی کیمیا وەرئەگرێت. ئەم مامۆستا نووسەرە بە نووسین و وتار لەگەڵ بڵاوکەکانی ڕاسان و چیادا هاوکاری کردووە و چەندین پەرتووکی چاپ و بڵاو بۆتەوە و چەند کتێبێکی تری ئامادەی چاپ و بڵابوونەوەیە. ئەم مامۆستایە ئەڵێت: «هەژاری و نەداری قوتابیان وهەست کردن بەوەی کە پێویستیان بە هەوڵی زۆرتر هەیە هانیان دام کە ڕوو لە دنیای نووسین و لێکۆڵینەوە بکەم».

بڵاوکراوەکان:

١ـ شیمی دووی حەبیبی.

٢ـ ژیاننامەی پاڵەوان و هونەرمەند حسێن کۆکەن.

ئامادەی بڵابوونەوە:

١ـ کوێستان(کچێک فیدای خۆسوتان)

٢ـ کۆمەڵێک چیرۆک و پەندی پێشینانی سەر زاری خەڵکی کوردستان.

ڕەئووف جەهانی(سەیوان.ج)

لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی لە گوندی «خانمەشێخان» لە بنەماڵەیەکی دەسکورتدا لە دایکبووە. باوکی «ناوی ئیبراهیم» و دایکی ناوی فاتمەیە. لە سەردەمی ئاوارەیی و شەڕی ئێران و ئێراقدا لە گوندەکانی دەوروبەر و لە شاری مەریواندا تا پۆلی دووەمی دواناوەندیی خوێندووە.

ئەم نووسەرە لە بواری چیرۆکی منداڵاندا خەریکی

چالاکییه و ئەڵێت[١]: «له پۆلی دوو و سێی قۆناغی سەرەتاییەوە گوێم له بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا گرتووە و هەر لەو ڕۆژانەدا باوکم گوێی لە کاسێتێک ئەگرت کە شێعرەکانی مامۆستا قانعی تێدا بوو و من هەندێ شێعری مامۆستا قانعم بیست و لەبەرمکردن. پاش چەند ساڵێک دیوانەکەیم بینی و چونکو هەندێ شێعریم - بە هۆی کاسێتەکەوە ـــ لەبەر بوو، شیعرەکانی تریشم بە زۆر و نقەنق ئەخوێندەوە و ئەمنووسینەوە و پاشان بۆ هاوڕێکانم ئەخوێندەوە. بەهۆی بەشی کوردیی ڕادیۆ بەغداوە هەندێ شیعر و گۆرانی و بابەتی فۆلکلۆر و هتد ...م بیستبوو و شێعرەکانی مامۆستا قانع و بە تایبەت ئەو کاسێتە کە پێشتر باسمکرد زۆریان هاندام بۆ کوردی نووسی».

بابەتەکانی نووسەر- کە زۆربەیان خۆی گوتەنی «چیرۆکلە» ن - لەم بلاڤۆک و گۆڤارانەدا بڵاو بوونەتەوە: ئاویەر، سیروان، سروە، ڕەوت، ئاوێنە، تیشک، میراجی، کرمانج(بڵاوکراوەی قوتابیانی زانکۆی مەشهەد)، دیدگاه، چیا، کوردستانی نوێ و ئایەندە کە ئەم دوانەی ئاخری لە باشووری کوردستان دەردەچێ.

ئەم نووسەرە لەم چالاکیانەشدا بەشداییکردووە:

١- لە چەند خولدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنجومەنی فەرهانگی - ئەدەبیی مەریوان بووە و ئێستاش ئەندامی ئەو دەستەیەیە.

٢- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕەوت (گۆڤاری ئەنجومەنی فەرهەنگی - ئەدەبیی مەریوان).

٣- لە فستیڤاڵی چیرۆکی بانەدا بەشداریکردووە.

تا ئێستا (٢٠١١) چوار خولی فێرکاریی چیرۆکی لە ئەنجومەنی فەرهەنگی - ئەدەبیی مەریواندا بەڕێوە بردووە.

---

١. وتوویژ لە گەڵ نووسەر.

فاتح ئەرژەنگی (تینوو)

ئەم شاعیرە ناوی فاتح ئەرژەنگیە و نازناوی «تینوو»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ناوی باوکی شەریفە و لە گوندی «نێ»ی مەریوان لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی نێ تەواو کردووە و ساڵی ١٩٩١ دیپلۆمی بیرکاری(ریاضی) وەرگرتووە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٩ بە دواوە دەستی داوەتە نووسین. لە بواری ئەدەبیدا زۆرتر خەریکی شێعر(کلاسیک و نوێ) و بابەتی فەرهەنگییە. شێعرەکانی لە گۆڤارەکاندا بڵاو ئەکاتەوە. پێنج دەفتەری شێعری ئامادەی چاپە کە بریتین لە: ١ـ شنەی ئەوین.٢ـ شەپۆلەکانی زرێبار.٣ـ نێ نامە. ٤ـ شەمامە(بۆمنداڵان). ٥. شەوچەرە(تارۆز).

کاک فاتح بەهرەی خەت خۆشی و نیگارکێشی هەیە. ناوبراو سەر قاڵی وەرزێرییە و دانیشتووی گوندی «نێ»یە.

«بەرەو مەیخانە»

نامەکەت هات و بە جارێ، ڕوی نامەوە لە مەیخانە
ڕەسمی عابد هەروەهایە، کە عاشقی وەرچەرخانە
ماوەیەکی فەراوانە، چاوەڕوانی لوتفی تۆمە
شوکر ئەمجارە لوتفی تۆ، وێنەی مێهری کەریمانە
ئاخر تاوانی من چی بوو، دار و بەردیش کڕنۆش دەبەن
بۆ منی شێت و دێوانە، تەماشای گوڵ بۆ تاوانە؟
پۆلێ عاشق زۆر دەبینم، دێن و دەچن سەر مەست و گێژ
خۆزگەم بەوەی لە جامی تۆ، پڕی کردووە ئەو لێوانە
خوا نەخواسە بڵێی من بم؟ یاکو خەوە کە دەی بینم!
ساقی هاتووە و دەفەرمێ، زرە بێنە لەو پیاڵانە
لە سەر لوتکەی بەختەوەری، جامی ئەلەست لە بەر دەستم
ئەوەیە فەخر و شانازی، کە دەی بینم لەم ژیانە

که لێـوی دا له پیـاڵەی ئـاڵ، چـاوی لێکنـاو به ئەسـپایی
فەرمـوی، ئـازادی، بنۆشـه «تینـوو» کـاتی دەم دەمـانه

نگار محەممەدی

٢٢ ی دیسەمبری ساڵی١٩٧٣ی زایینی له مەریوان چاوی به ژیان هەڵێناوه. پێش دەست پێکردنی قۆناغی سەرەتایی فێری خوێنـدن و نووسین به زمانی زگمـاکی خۆی ئەبێ. قۆنـاغی سەرەتایی و ناوەندی و بەشێ له دوا ناوەندی له گوندەکان و شـاری مەریـوان و ئەوی تریـشی له سـنه تەواو کـردووه. له درێژەی خوێندنیدا له بەشی مامایی زانکۆی سنه وەرئەگیرێت و دوای ترمێک له سەر خواستی خۆی وازی لێ دێنێت.

نووسراوەکانی محەممەدی قازی کاریگەری تەواوی له سەر دائەنێ. ساڵی ١٩٩٤ بۆ درێژەدان به خوێندن له بەشی وەرگێڕانی زمانی فەڕانسەیی زانکۆدا بەشداری دەکات و له کۆلیجی زمانی زانکۆی فیردەوسی مەشهەد وەردەگرێت.

تام و چێژی پەرتووکی منداڵان بۆ لای خۆیانی ڕاکێشن و تێزی تەواو بوونی خوێنـدنەکەی وەک یەکەم کـاری له سـەر «دائـرەالمعـارف مـصور» بـۆ منـداڵان و مێرمنداڵان هەڵ ئەبژێرێـت. دووهەم کـاری وەرگێڕانـی له سـەر «مێـشەنگوێن» تەواو دەکـات که له چاپخـانەدا وون ئەبێـت. سێهەم و چـوارم کـاری دوو پەرتـووکن بـۆ منداڵان له ژێـر نـاوی «بولـو خـرس کوچولـو» (به زمـانی فارسـی) و «خرتـۆڵ ورچه بچکـۆل». به وتەی خـۆی : «هەرجـار که خرتـۆڵ له دەسـتی منداڵانـدا ئەبیـنم نەهامەتییەکانم له بیر ئەچێتەوه.»

موختار هووشمەند

ڕۆژی ٢٥ی ئووتی ساڵی ١٩٧٣ ی زایینی له مەریوان له دایک بووه و تـا ئێستاش که ٣٨ سـاڵ تەمەنەیەتـی هەر لەم شارەیه.

له بەر چەند هۆیەک نەیتوانیوه خوێنـدنی ئاکادیمیـک

تەجروبە بکات، بەڵام هەتا ئێستاش هەر بە تەمای چوون بۆ زانکۆیە و بیری لێ ئەکاتەوە.

باوکی پاڵەرێکی سەردەمی منالی بووە بۆ گەیشتن بەو دنیایەی کە هەزاران ڕەنگی پێ ناساندووە. پاش تووش بوونی بە هێندێک کێشەی ناوادە و تێپەڕاندنی دەورانێکی پڕ کەند و کۆسپ، سەرەنجام ڕۆژێکی پاییزی ساڵی ١٩٩٤، بە ئەمری مامۆستایەکی هونەر یەکەم هێڵی بە سەر یەکەم کاغەز هێناوە و چەند مانگ پاشتر، کاتێک یەکێک لە هاوپۆلەکانی بە هۆی بە گوناه زانینی کێشانەوەی ڕوخساری مرۆڤ، ماڵئاوایی لێکردووە. زانیویەتی کە باوکی بە باشی پەروەردەی کردووە.

ساڵی١٩٩٧ لە یەکەم خولی فێرکاریی هونەری فۆتۆگرافدا کە نوێنەرایەتی سینەمای جەوانی مەریوان بەڕێوەی بردووە، وەک هونەرمەندی هەڵبژێردراوە و بڕوانامەی دەرچوونی پێ بەخشراوە.

یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی «ئەنجومەنی هونەرە هزرییەکان»ی مەریوان. لە پاییزی ١٩٩٨ەوە تا ئێستا وەک بەرپرسی ئەو ئەنجومەنە و مامۆستای بەشی هێڵکاری، چالاکیی هەیە. جگە لەوەش بونیادنەر و سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی «ڤستیڤاڵی ناوچەیی هونەرە هزرییەکانی لاوانی ڕۆژئاوای ئێران» بووە کە تا ئێستا شەش جار بەڕێوە چووە.

بەشداری کردن لە چەندین فستیڤاڵ و پیشانگای هاوبەش، دانانی چەندین پێشانگاش بەتەنیا خۆی و ... و نووسینی بابەتگەلی هونەری، بەشێکی ترە لە هەوڵە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندە. موختار هوشمەند بە ڕازاندنەوەی دیکۆر و کێشانەوەی پۆستەر نەخشی برۆشۆر بەردەوام هاوکاری گرووپە شانۆکارەکان بووە.

شانازییەکانی ئەم هونەرمەندە لە بواری هونەریدا:

١ـ هەڵبژێردراوی کێبەرکێی وێنەکێشان بە پلەی سێهەم لە پارێزگای کوردستان ـ زستانی١٩٩٩.

٢ـ هەڵبژێردرانی وەک کەسی یەکەمی داڕشتنی شانۆی فستیڤاڵی ناوچەیی ئەندیشەـ سنە ١٩٩٩ (نمایش کنار شیر آتش نشانی).

٣ـ وەرگرتنی دیپلۆمی فەخری و بە دەستهێنانی پلەی یەکەمی داڕشتنی شانۆ و نەخشی برۆشۆر لە سێزدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی پارێزگای کوردستان، ساڵی ٢٠٠١ (نمایش آوار).

٤ـ وەرگرتنی دیپلۆمی فەخری و بە دەستهێنانی پلەی یەکەمی دارشتنی شانۆ و پلەی دووهەمی نەخشی برۆشۆر لە سێهەمین فستیڤاڵی شانۆی کوردی، سەقز ـ ساڵی ٢٠٠٢ (شانۆی ژانی ژن).

٥ـ پلەی دووهەمی ڕازاندنەوەی دیکۆر و نەخشی برۆشۆری شانزدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی پارێزگای کوردستان، ساڵی ٢٠٠٤ (نمایش نقش زن).

٦ـ هەڵبژێردراوی یەکەمی ڕازاندنەوەی دیکۆر و نەخشی برۆشۆر لە هەشتەمین فستیڤاڵی شانۆی سلێمانیدا، بەهاری ٢٠٠١.

ـ هەوڵەکانی ئەم هونەرمەندە لە بواری نووسیندا :

١ـ نووسینی وتاری هونەری و کۆمەڵایەتی لە حەوتەنامە و گۆڤارەکانی سیروان، ئاسۆ و چیا (گۆڤاری کوردی خوێندکارانی زانکۆی ئیسفەهان)دا.

ئەمجەد مەلایی

ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە گوندی جانەوەرە چاوی بە ژیانێکی پڕ مەینەت هەڵێناوە. باوکی وەستا شەریف و دایکی خاتوو جەهان بووە. بنەماڵەی لە «توار مەلا»وە هاتوونەتە جانەوەرە و باوکی بە بەناییەوە سەرقاڵ بووە. ئەمجەد هێشتا کۆرپەڵەیەکی شیرەخۆرە ئەبێ کە مۆمی ژیانی دایکی ئەکوژێتەوە و لە تەمەنی دوو ساڵیشیدا بە هۆی داڕووخانی دیوارەوە باوکی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات. ئەرکی بەخێو کردنی ئەم منداڵە دوو ساڵە ئەکەوێتە ئەستۆی خاتوو پیرۆزی دایەگەورە و حاجی حەبیبی باوەگەورەیەوە. دوای چوار ساڵ خوێندنی سەرەتایی باڵی ڕەشی هەژاری و کەمتەرخەمی خۆی بە سەریدا ئەکێشێت و لە بەر بێ پشتیوانی قوتابخانە بە جێدێڵێت. دواتر بەهرەکانی وەدەر ئەکەوێت. پەیکەر تاشی، نیگارکێشی، خەت خۆشی، شانۆگەری، تەڕدەستی و لە گەڵ ئەمانەشدا لە نووسینی شێعر و چیرۆکدا دەستی هەبووە. بۆ بژێوی ژیانی ڕوو لە شارەکانی تری ئێران دەکات و بە کرێکاری و سەرتاشی و ڕادیۆ سازی ژیان ئەباتە سەر. ئازار و ناسۆرەکانی ژیانی خۆی و کۆمەڵگای کوردی بە شێعر هۆنیوەتەوە و نازناوی شێعری «کۆڵنەدەر»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

کۆڵنەدەر ساڵی ١٩٩٥ هەواری ژیانی بۆ کوردستانی باشوور ئەگوێزێتەوە و ساڵی ١٩٩٨ لە کارەساتێکی دڵتەزێندا ماڵ ئاوایی لە شێعر و نووسین و هونەر دەکات.

«کۆڵنەدەر و گۆڕستانی شاری مەریوان»[1]

ئەمن کۆڵنەدەر ئەڵێم کۆڵ نادەم
لە بۆ مەرگی کوڕێکی نەوجوان
دەمنواڕی بۆ سەر هەر کێل و گۆڕێ
یەکێ نووسرابوو نەوجوانی وڵات!
یەکێ نووسرابوو کیژۆڵەی نازدار
یەکێ نووسرابوو سەلاحی هەتیو
دوو چاوی ڕەشی من هاتە گرین
چوومە سەر گۆڕی نەنکی هەژارم
بۆچی تەرکت کرد خوێش و دیارم
خەڵکی نەنکی من لەوێ نێژراوە
گەلێ عاجز بووم لە دەس گۆڕستان
لە گوێمدا دەنگێ ئەزرنگایەوە
کوتی کۆڵنەدەر کوڕی هەژارم
دایک و باوکی خۆت تۆ بە چاو نەدی
ڕۆڵەگیان دنیا یەکجار فانی یە
کۆڵنەدەر هەتا ساحێب ژیانی
لە نێو خەڵکیدا کوڕێکی چاک بە
ئەگەر وا نەبێ یاخوا کۆڵنەدەر
وتم خوا حافیز نەنکی هەژارم
تۆ بە هیوابە بەڵام نەنکەگیان
ئەی گۆڕستانی جوان و خۆش نما

بەرانبەر بە گۆڕ ئەژنۆ دائەدەم
ڕۆشتمە گۆڕسان شاری مەریوان
مردووە و نووسراوە جوانێ بە جۆرێ
بۆ چی دڵی تۆ نەگەشت بە ئاوات؟
لە بۆردمانـدا کرای لەت و پار
هەتیوی خۆشی لە دنیا نەدیو
لەو گۆڕستانە کردمە گریە و شین
وتم هاودەمم، تەنیا هاویارم
ئەی خۆشی نەدیو، نەنکی هەژارم
جەفای زەمانەی بە منۆ کێشاوە
وتم ئەی برسی بۆ لاشەی ئینسان
نەنکم وەلامی ئەمنی دایەوە
ئەی ژیان تاڵی ڕووی ڕۆژگارم
من هەرچی ئەڵێم ئەبێ گوێ بگری
ئەم گۆڕستانە ئاوەدانی یە
چاکەکە کوڕم هەتا ئەتوانی
ڕۆڵە بۆ ژێر پێی هەموو کەس خاک بە
حەرام بێ لە تۆ شیرم سەرانسەر
لە سەر ڕاوێژت هەر بەرقەرارم
ئەمرم و پێکۆ ئەبین بە هاوژیان
ئاخرین خانووی ژیانی دنیا

1. شریتی ئەم شێعرەی شاعیر، قوتابی خۆشەویست «بەرزان داردان» دەسی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

لە خۆ دەرنەچی کۆنەی کۆنە ساڵ — هیچ شاعیرێ تۆی نایەتە خەیاڵ
ئەگەر کۆڵنەدەر بردی ناوی تۆ — یادی لاوانی وەتەن ئەکاتۆ
خوا حافیز بێ لە تۆ گۆڕستان — دڵی من ئەتۆ هێناتە گریان

ئەنوەر هوژەبری

ئەنوەر هوژەبری، مانگی ٣ ی ساڵی ١٩٧٤ ی زایینی لە گوندی «کانی میران» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «عەلی» و دایکی «مەحبووبە» خاتوونە. قۆناغەکانی خوێندنی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە مەریوان درێژە پێداوە. ساڵی ١٩٩٠ پێوەندی بە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوانەوە گرتووە و بۆتە ئەندامی ئاسایی. تا ساڵی ١٩٩٦ ئەندامی ئاسایی ئەنجومەن بووە و لە کۆڕ و کۆنفرانس و کۆنگرە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکانی ئەنجومەندا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٩٧ بۆتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی مەریوان و ١٩٩٨ بۆ ماوەی دووساڵ بەرپرسی ئەو ئەنجومەنە بووە. لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی لە سەر چیرۆک و شێعر کاری کردووە. لە هەفتەنامەکانی سیروان، تیشک، شێعرستان (سلێمانی)، ڕاڤە و نڤیسادا وتاری ئەدەبی و فیکری بڵاو کردۆتەوە. یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندیی فیکریی ڕۆنان بووە لە مەریوان. ساڵی ٢٠٠١ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ئێستاش سەرقاڵە بەکاری ڕۆژنامەوانی و مێدیای کوردییەوە.

نامناسمەوە
چاو لە بێ ڕێیی دورگە و
لە بازنەی سەبرترین نامۆیی
ئای لە خنکاوترین سەبری دەریا
بێی پڕ بە ژانێک ژیابین ئاوانە و
بهێڤین سەبرانە، نەخنکاو و ڕەوەکی؟
یان نا،
مەرجە سەرمان مشتێ وەهمە

سەرمان پزیسکێک بپچڕێن بلەز
بلەزتر گوێلێک ژیان وەهمیوە توند
ئاخ مانیا!
ڕەهێڵ بوونمانە ئەگەر،
ڕەوا تاکێ؟
ڕەوینەوەمان ڕایەڵبوونە بەرەوچی؟

ئیبراهیم مینوویی

ئیبراهیم مینوویی، کوڕی ساڵح، ساڵی ١٩٧٤ ی زایینی لە مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. تا وەرگرتنی دیپلۆم لە شاری مەریوان خوێندوویەتی. لە بواری عومران و ئاوەدانیدا لە زانکۆی «ئازادی سنە» بڕوانامەی ئەندازیایی وەگرتووە.

ناسنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە:

١ـ ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی مەریوان (٢ساڵ وەک دەستەی بەڕێوەبەر).

٢ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «دەق».

٣ـ نووسین و خوێندنەوەی چەندین وتار و ڕەخنەی ئەدەبی لە کۆڕ و کۆبونەوەکان وەک: کۆنگرەی نالی لە سەقز و یکەمین کۆنگرەی شێعری کوردی لە زانکۆی مەشەد.

٤ـ لە گەڵ حەوتەنامەکانی سیروان، ڕۆژهەڵات و گۆڤارەکانی باشووری کوردستان بە نووسین هاوکاری کردووە.

ڕەحمان هوشیاری

ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە شاری مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «تایەر» و دایکی «پیرۆزە»یە. خوێندنی سەرەتایی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە مەریوان تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٤ لە زانکۆی ڕەشت وەرئەگیرێت و بەکالۆریۆسی لە بەشی پیشەسازی

تەواو کردووە . ئەم نووسەرە یەکێکە لە شانۆکارانی چالاکی مەریوان و لە کارنامە هونەرییەکەیدا ئەتوانین ئاماژە بەم مژارانەی خوارەوە بکەین:

۱ـ ئەندامی بەڕێوبەری ئەنجومەنی شانۆی شارەکانی مەریوان و کرماشان.

۲ـ لە دامەزێنەرانی فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوانە و لە سێ فستیڤاڵی ئەم شانۆیەدا بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی کۆتایی بووە.

۳ـ بەرپرسی دەبیرخانەی شەشەمین فستیڤاڵی شانۆی زانکۆکانی پەیام نووری سەرانسەری ئێران (کرماشان ۲۰۱۰).

۴ـ تا ئێستا وەکوو دەرهێنەر شانزە شانۆی پێشکەش کردووە و لە زیاتر لە دە شانۆدا وەکوو ئەکتەر دەوری گێڕاوە.

ئەم شانۆنامانەی خوارەوە بەرهەمەکانی هونەرمەندن لە بواری نووسیندا:

۱ـ دەنگەکانی شەو،۱۹۹۹. ۲ـ تیرۆریست بازی، ۲۰۰۰. ۳ـ دەنگی سەگ لە دوورەوە، ۲۰۰۱ . ۴ـ مانگ لە تەنیاییدا ئەمرێت، ۲۰۰۲. ۵ـ سەگ و تفەنگ،۲۰۰۳.

۶ـ سێ بیرکردنەوە لەسەر مەرگ،۲۰۰۴. ۷ـ چوارچێوەی خوێندنەوەی ئەسپێک، ۲۰۰۴. ۸ـ دوانانەوە، ۲۰۰۴. ۹ـ گۆرانی با، ۲۰۰۴. ۱۰ـ خەونە ناخۆشەکانی ئاسنگەرێک، ۲۰۰۵. ۱۱ـ ژیان و چەند کێشەی بە ڕەواڵەت بچووک، ۲۰۰۵. ۱۲ـ کێ بیری لێ نەکردەوە، ۲۰۰۶. ۱۳ـ دەرباز بوون، ۲۰۰۸. ۱۴ـ تاریکییەکان بکوژێننەوە، ۲۰۰۸. ۱۵ـ بێستوون بانگم بکە، ۲۰۰۸. ۱۶ـ ژنێکی تازە، ۲۰۰۸. ۱۷ـ لەم هەموو هاوارە، ۲۰۱۰. ۱۸ـ پرسەی ئاشقانی پیر، ۲۰۱۰.

فەرید نیکخا

ناوی باوکی محەممەد و دایکی بەیخان خاتوونە. ساڵی ۱۹۷۴ی زایینی لە مەریوان لە دایک بووە. لە سەرەتاوە تا کۆتایی دواناوەندی لە شاری مەریوان خوێندوویەتی.

جموجۆڵی هونەری وەک نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر لە ساڵی ۱۹۸۴ لە کاتی شەڕی نێوان ئێراق و ئێراندا بە بینینی شانۆیەک کە ئەبێت بە هاندەری، دەست پێئەکات. بە نووسینی سناریۆی چەندین

فیلمی کورتی دکۆمێنتاری وەک: مهر، قاپ بسته ی من، بی ده نگی،سنوور، مشقهایم رانوشته ام، چراغ قرمز، میم مثل معلم، مرگ در گدانها ریشه کرده، پیمانه ی اشک، ایست بانک، پیراهن سفید، آنجـا کـه مـاهی هـا، بم۱۲ثانیـه، خـواب بادهـای زرد، پیکرتراش، دێوەزناو، وه زان، روزهای بی تقویم، دریاچه ی خاموش، نشانه، پرواز را به خاطر بسپار، گەزۆ، پنجه های ارغوانی، زندگی بایـد کـرد، ژنـانی هـه ورامـان، سەفەری کۆتاییەکـان، آوازهای فولکلور، صنایع دستی اورامان، شاید دیـر برگـردم، مسافر، رویاهای کودکی، روزهای بی تقویم، صبر ایـوب، آهـسته قـدم بـردار، فـیلم سینمایی مریوان ترمینال هوایی و ...

بەڕێوەبردنی چەندین پێشانگای وێنە، کۆکردنەوەی وێنەکانی بۆردمانی مەریوان کە ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەیە لە چالاکییەکانی ئەم هونەرمەندەن.

کافیه جەوانڕوودی

لە بەر هەندێ هۆ چەند دێڕێک لە سەر ئیجازەی خۆی لائەبەم و پێناسـەی ئەم نووسـەرە لە زاری پێنووسـەکەی خۆیەوە ئەکەم :

لە وەرزی زسـتانی سـاڵی ۱۹۷۴ ی زایینـی لە مەریـوان لە دایک بووم. لە بیرم نییە هەر بە منداڵی چۆن نیشانم داوە کە تامەزرۆی خوێندنەوەم! کە بووم بە پێنج سال باوکم دەستی گرتم و بە پارتی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی ناوی نووسیم. ساڵی ۱۹۷۹ کۆچ ئەکەیـن بـۆ عیـراق و لە هـاوینی ۱۹۸۱ دا ئەگەڕێینەوە بۆ مەریوان. سـاڵەکانی سـەرەتایی و ناوەنـدی لە کـاتی شـەڕی ئێران و ئێراق لە مەریوان و سنە و دەرەتفێ و سـەوڵاوا درێـژەم بە خوێنـدن داوە. هەر لەو ساڵانەدا بە زۆری ڕووم کردۆتە خویندنەوەی کتێب، بەتایبەت شێعر و چیرۆک.

لەو ساڵە پڕ لە چەرمەسەری و ئاوارەیی و نەداریانەدا ماڵی ئێمە پڕ بـوو لە کتێـب و شێعر و سیاسەت و وتووێژ. باوکم فێری دیموکراسی و پلۆڕالیزمی کـردین. دوانـزدە کەس بووین بە دوانزدە جۆری بیر کـردنەوە. کـچ و کـوڕ، ژن و پیـاو فەرقـی نەبـوو هەرکەس لێزانتر بوایە زۆرتر شانازی پێوە ئەکرد.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و گەڕانەوەمان بۆ مەریوان لە ساڵی ١٩٨٨ دەستم کرد بە نووسینی چیرۆک. بووم بە ئەندامی «کانوونی نووسەرانی» ئیدارەی پەروەردە و لە ساڵی ١٩٩٠ بە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان دەستم کرد بە نووسینی کوردی. چەن چیرۆکم لە سروە و زرێبار چاپ بوون.

ساڵی ١٩٩٢ کۆبوونەوەی ئەندامانی لێکۆڵەری بەرهەمەکانی «سمیناری ئەدەبی ڕێبەندان»ی مەریوان بە بۆنەی نەخۆشینی باوکمەوە ــ چەن ڕۆژ بوو بە هۆی شێرپەنجەوە عەمەلی کردبوو ـ شەو لە ماڵی ئێمەدا بەڕێوە چوو. منیش چیرۆکێکم خوێندەوە! چیرۆکی کەسێ بوو، لە پشت دەلاقەی کۆڵیتەکەی چاوی بڕیبوە مانگ‌گیران و گوێی لە زرمەی پێی ئەسپ سوارانی ئاسایش بوو کە بۆ دەسگیر کردنی ئەو تا دەهات نزیکتر ئەبوونەوە ...

لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەم دەنگم کز و نزم بوو، باوکم وتی: «کچی من نیت ئەگەر ئەوەی ئەتەوێ بیڵێیت بە دەنگی بەرز هاواری نەکەیت.»

شەوی دواتر کە باوکم هێشتا دەستی بە سرۆمێکەوە بوو هەشت نۆ نەفەر لە ... خۆیان کرد بە ماڵا و ژێر باڵیان گرت و بردیان و لە ٢٢ی ئاوریلی١٩٩٣ تەرمەکەیان بۆ ناردینەوە. وەسیەتەکەی دوو بەیت شێعر بوو کە دوور لە چاوی ئەوان لە سەر چەسپێکی کاغەزی نووسیبوی و چەسپاندبووی بەژێر باڵیا. هەر ئەو ساڵە لە «ناوەندی پەروەردە و بارهێنانی مامۆستایان» لە سنە زمانی ئینگلیزی قەبووڵ بووم. بەڵام دوای کۆتایی هێنانی دەورەی دوو ساڵەی ئەو ناوەندە لە ساڵی ١٩٩٥ لەوێ دەرکرام!

دیسانەوە کنکور، ساڵی ١٩٩٦ بۆخوێندنی زمان و ئەدەبیاتی فەڕەنسی بۆماوەی چوار ساڵ چووم بۆ زانستگای تاران. ساڵی ٢٠٠٠ «سەحرا» (تاران نەشری ئیحسان ٢٠٠١)، ڕۆمانی نووسەری فەڕەنسی «لۆکلزیو» و ساڵی دواتر « مۆندۆوچیرۆکەکانی تری» هەمان نووسەرم وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی (سلێمانی، سەردەم: ٢٠٠٣) لۆکلزیو ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی ئەدەبی نۆبلی وەرگرت.

دواتریش دوو کتێبی‌تر، کە هێشتا چاپ نەبوون. بەتەمام کتێبێکی‌ترم دەس کەوێ وەری گێڕمەوە و... حەزم لە مۆسیقا و کتێب و فیلم و سەفەرە و لەوانەیە لە داهاتوودا دیسانەوە بنووسم...

کاوه موعین فەر

کاوه ساڵی ١٩٧٤ی زایینی له مەریوان له دایک بووه و ئێستاکەش دانیشتووی مەریوانه. ناوبراو یەکێ له چالاکانی فەرهەنگی و هونەرییه و به وتەی خۆی له بواری هونەریدا کەس هاندەری نەبووه و تەنیا حەز و خواستی خۆی پاڵنەری بووه[1].

چالاکییه فەرهەنگی و هونەرییەکان:

١ـ دامەزراندنی گروپی هەڵپەڕکێی کوردی، مه ریوان ١٩٩٨.

٢ـ یاریدەدەری دەرهێنەر، سەمیرا مەخمەڵباف له فیلمی سینەمایی «تەختەڕەش»دا، ١٩٩٩.

٣ـ یاریدەدەری دەرهێنەر، بەهمەن قوبادی له فیلمی سینەمایی «کاتێ بۆ مەستی ئەسپەکان»دا، ١٩٩٩.

٤ـ یاریدەدەری دەرهێنەر، فەرهاد مێهران فەڕ له فیلمی سینەمایی «چریکەی هەورام»دا، ١٩٩٩.

٥ـ دەرهێنەری فیلمی « نیوەی بەرزی گریان و پێکەنین»، ٢٠٠٠.

٦ـ یاریدەدەری دەرهێنەر، موحسن مەخمەڵباف له فیلمی سینەمایی « سەفەری قەندەهار»، ٢٠٠٠.

٧ـ یاریدەدەری دەرهێنەر، سەمیرا مەخمەڵباف له فیلمی سینەمایی «پێنجی عەسر»دا، ٢٠٠٢.

٨ـ یاریدەری دەرهێنەر، سەدیق بەرمەک له فیلمی سینەمایی «ئوسامە»دا، ٢٠٠٢.

٩ـ یاریدەری دەرهێنەر، مەرزیه مشکینی له فیلمی سینەمایی «سەگه خوێڕییەکان»دا، ٢٠٠٣.

١٠ـ یاریدەری دەرهێنەر، موحسن مەخمەڵباف له فیلمی سینەمایی «سیکس و فەلسەفە»دا، ٢٠٠٤.

١١ ـ لێکۆڵینەوەیەک له سەر هەڵپەڕکێی کوردەکانی ئێران، ٢٠٠٥.

١٢ـ نووسەر، ئامادەکار و دەرهێنەری فیلمی کۆمەڵی شایی (له سەر هەڵپەڕکێی

---

١. کورت نووسینی ژیانی ئەم بەڕێزه له سەر خواستی خۆی بووه.

کوردەکانی ئێران)، بۆ تەلەفزیۆنی کوردسات٢٠٠٦ ـ ٢٠٠٨.

مامۆستا مادح مرادی

کوڕی ئەحمەد کوڕی سۆفی محەممەد و دایکی ڕابێعە خاتوونە. ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە گوندی «بڵبەر» لە ناوچەی هەورامان لە بنەماڵەیەکی ئایینی و دەست کورت چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

لە خزمەت خاڵۆ فەتاح و مامۆستا سەید تەهای کوڕی سەید عەبدوڵڵای بڵبەریدا قورئانی خوێندووە. بۆ درێژدان بە خوێندن ئاواییەکانی «کەلجی» سەر بەناوچەی هەورامانی تەخت، «داریان» سەربەناوچەی پاوە و «کەڵەکان» سەر بە شاری سنە، «تخان» سەر بە ناوچەی سەوڵاوا و دووڕۆ و دەرەکێ گەڕاوە. لە خزمەت مامۆستایان مەلا محەممەد ئادوایی، مەلا سەید ئەحمەدی پێش نوێژی خانقای دووڕۆدا دەرسی خوێندوە و لە سەر دەستی مەلا عەبدولخالقی دزاوەریدا ئیجازەی مامۆستایەتی وەرگرتووە.

دوای ئیجازە وەرگرتن ماوەیەك لە زێدەکەی خۆی، بڵبەر، ئەمێنێتەوە و دواتر هەواری ژیان بۆ گوندی «سەڵوات ئاوا»ی سنە ئەگوێزێتەوە و ئەبێ بە مامۆستا و پێش نوێژی مزگەوتی جامێعای ئەو گوندە.

ئەم مامۆستایە، وێڕای خزمەت ئایینی لە بواری شێعریشدا چالاکە و کۆمەڵە شێعرێکی لە ژێر ناوی «گەوهەری سیروان» لە ژێر چاپدایە و نازناوی شێعر «مادح»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ئەم شاعیرە سەبارەت بە هاتنی بۆ دنیای شێعر و هەڵبەستەوە ئەڵێت: «عەلاقە و خۆشەویستییەك کە بە دیوانی شاعیرانی کورد وەکوو مەولەوی و وەفائی و بێسارانی بووم، بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕوو لە دنیای شێعر و شاعیری بکەم و خۆم لەو گۆڕەپانە بەر بڵاوەدا تاقی بکەمەوە».[1]

---

١. وتو ویژ لەگەڵ نووسەر.

«کەبکی کام کۆسار»؟

کەبکـــی کـــام کۆســـار؟ غەزاڵــی کـــام بەڕ؟
گـــوڵی کـــام گـــوڵزار؟ کـــام نەمـــامی تەڕ؟
وەنەوشـــەی کـــام جـــۆ؟ ڕێحـــانی کـــام بـــاخ؟
ســـەرمایەی کـــام شـــا؟ چراخـــی کـــام کـــاخ؟
قـــومری کـــام چەمەن؟ ســـەیرەی کـــام نـــسار؟
بە نـــاز پەروەردەی کـــام دێهـــات و شـــار؟
شـــەوبۆی کـــام بنـــار؟ چنـــووری کـــام شـــاخ؟
چەن کەست چون من کوشت بە ئاخ و داخ؟
نەرگـــسی کـــام جـــاڕ؟ گـــۆڕاڵەی کـــام کـــۆ؟
جە کـــام وەڵاتەن بەژن و بـــاڵای تـــۆ؟
تـــۆ جە کـــۆ ئامـــای؟ عەیـــاری ڕازەن!
ئەر خانـــای بەی تەور دڵ نە ســـەرای تەن
شـــازادەی کـــام شـــار جە کـــام ئیقلیمـــی؟
کـــام قەســـر و ئەیـــوان بە نـــاز مـــوقیمی؟
باڵاخـــانەی تـــۆ جە کـــام وەڵاتەن؟
چەن کەس قەڵغـــانی قەزاو بەڵاتەن؟
چـــن جـــوان هەر ڕۆ ســـاداری نـــازت؟
شـــکاری خەنـــجەر دوو دیـــدەی بـــازت؟
چـــن «مـــادح» خەریـــك مەدحـــی بـــاڵاتەن؟
تەوســـیفی شـــان و شـــەدە و کـــاڵاتەن؟
تـــۆ جە کـــۆ ئامـــای ڕازەنـــی خـــۆتەن؟
ئەر خانـــای بەی تەور دڵ نەســـەراتەن

موختار محەممەدی

موختار محەممەدی کوڕی ئەحمەد و دایکی «ئافتاو خاتوون»ە. ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەس کورت لە گوندی «بالک» چاوی بە دنیا هەڵێناه. خوێندنی سەرەتایی هەر لە قوتابخانە تەختەڕەش لەکۆڵگرتووەکەی، لەم دارستان و ئەو گۆڕستاندا، لە ژێر گوللەباران و شریخەی تەیارەدا بردۆتە سەر. دواتر دێتە شاری مەریوان و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە. لە هەشتاکانی زایینیدا ڕووی هێناوەتە نووسین و ئەدەب و هونەر و لە بەشی شانۆدا وەک نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر، خەریکی خزمەت بە هونەر و ئەدەبی گەلەکەیەتی. پتر لە ٥٠ خەڵاتی بەرزی شانۆیی وەدەست هێناوە و خاوەنی پتر لە ٢٥ شانۆنامەی سەحنەیی و ٥٠ شانۆنامەی سەرشەقامە. لە ٢٠٠٢ بەم لاوە، لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فەجردا لە تاران، وەکوو ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەر بەشدار بووە.

ژانی ژن، شەولەبان، پەیکەری بێسەری باوکم، ئەنفال، تاراوگەی دەستەکان، سەفەری من و سەمای درگاکان، دارجامانە و ....لە شانۆنامەکانی موختار محەممەدین.

نووری بەراری

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە مەریوان لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی چاوی بە دنیا هەڵێناوە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە ئاوارەیی و دەربەدەری لە نێو جەرگەی شەڕی ئێران وئێراق لە نێو دەوار و ماڵە قوڕینەکانی گوندەکانی سەرنژمار، زەکریان، نەنە و سەوڵاوا و دوا ناوەندیش لە مەریوان تەواو ئەکات.

حەز و ئەوینی خزمەت بە منداڵانی هۆزەکەی وەک باوک و سێ برای تری هانی ئەدات کە لە ناوەندی بارهێنانی مامۆستایانی شاری سنە تا وەرگرتنی بڕوانامەی مامۆستایەتی (فەوق دیپلۆم) لە بەشی زانستە ئەزمونییەکاندا درێژە بە خوێندن بدات. ساڵی ١٩٩٢ ئەبێ بە مامۆستای گوندەکانی دەور و بەری مەریوان. هاوکات لە گەڵ

ئەرکی مامۆستایەتی درێژە بە خوێندن ئەدات و ساڵی ١٩٩٩ لە ناوەندی خوارەزمی سنە بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەرئەگرێت.

دڵەڕاوکێ و پەرۆشی بۆ قووتابییەکانی وای لێ ئەکات کە شێوازی وانە وتنەوە بۆ باشتر فێر بوون بە شێوازی هاوچەرخ بگۆڕێ. هەر بەم بۆنەوە لە دوای تاقیکرنەوەیەکی زۆر ئەتوانێ شێوازی دڵخواز و کارامەی پەیدا بکات.

ئاکامی ڕەنج و تێکۆشانی چەند ساڵەی لەم بووارەدا پەرتووکێکە لە ژێر ناوی «٥٠ آزمایش سادەی علوم راهنمایی» (٥٠ تاقیکرنەوەی ساکاری زانستیی قۆناغی ناوەندیی) کە پێشکەشی منداڵانی

حامد بەهرامی

حامید بەهرامی، کوڕی ئەحمەد بەهرامی شاعیر، لە دایک بووی ساڵی ١٩٧٥ ی زایینی لە گوندی ساداوای مەریوانە. لە ساڵانی شەڕ و ئاوارەیی و دێهاتەودێهاتدا قۆناغی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی تەواو ئەکات. ساڵی ١٩٩٤ لە زانکۆی کوردستاندا بۆ بەشی ئەدەبیاتی فارسی وەرگیرا و لە ١٩٩٧دا بوو بە مامۆستای قوتابخانەکانی دواناوەندی مەریوان. ئێستاش خەریکی خوێندنی ماستەری زمانناسییە. لە بۆن و بەرامەی وشە و شێعر و ئەدەبی کوردیدا کە بە سەر کەش و هەوای ماڵەکەیاندا زاڵ بوو، کەوتە گڕوگاڵ و چاوی بە سەر وشەی کوردیدا کرایەوە.

بە هۆی کارەکانی باوکیەوە، ڕووی کردووەتە ئەدەبیاتی کوردی و هەر لە سەرەتاییەوە بە سەر نووسین و خوێندنەوەی کوردیدا زاڵ بوو. لە ١٩٩٢دا، واتە ساڵی یەکەمی دواناوەندی، یەکەمین بەرهەمی شێعری خۆی لە کۆڕێکی مەریواندا خوێندەوەو هەر لەو کاتەوە دڵی بە دونیای خەیاڵاوی ئەدەبیاتەوە بەست.

ساڵی٢٠٠٢ پاش ئامادە کردنی شێعرەکانی خاتوو مەستورەی خوسرەوانی بە ناو «فرمێسکی کانیاو»، یەکەمین بەرهەمی وەرگێڕاوی خۆی بە ناوی

«ساختارسیاسیاسلام وتعدد احزاب[1]» بڵاو کردەوە. دواتریش «سرافرازی در ازدواج» و «زن در ئاینەی حقیقت»ی بڵاو کردەوە و پاشان کتێبی «سلامی با کردستان»ی نووسی.

لە بەشی ئەدەبیاتی منداڵاندایشدا چەندین بەرهەمی وەک «چیرۆکی قومری و دارفرۆشی هەژار»، « چیرۆکی هەتاو و ڕەشەبا »، « دەرسێ بۆ چۆلەکە »، «تەفرەقە»، «بەبری جەوان ومرۆڤی پیر»، «ئەستێرەکانی سڵاو» و «بیخوێنە و بیچەرخێنە، ببینە»ی بڵاوکردۆتەوە.

مێهدی خووندڵ

مێهدی خووندڵ لە ۶ ی ئاوریلی ساڵی ۱۹۷۵ ی زایینی لە گوندی «ڕووار» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی توفێق و دایکی خۆرشید خاتوونە.

یەکەم ڕۆژەکانی دارە دارەی خوێندنی لە قوتابخانەی زێدەکەی خۆی دەست پێئەکات و تا تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی هەر لەوێ بووە. بە هۆی بارودۆخی تایبەتی ئەو سەردەمەی کوردستان، ئەو گوندە بە جێ دێڵن و لە مەریوان ئەگرسێنەوە. قۆناغەکانی خۆێندنی ناوەندنی و دواناوەندی لەم شارە تەواو ئەکات.

بۆ یەکەم جار لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا دوای ئاشنا بوون لە گەڵ دیوانی شاعیرانی کورد، وەک: مەولەوی و سەیدی و بێکەس و قانع، خامەی پێنووسی وەک هەست دەڕژێتە سەر پانتای پەڕاو. هاتن بۆ مەریوان و ئاشنا بوون لە گەڵ ئەنجوومەنی ئەدەبیدا ئەبێ بە هاندەرێکی زۆر چاک و ئەمیش بە شاعیرێکی سوار چاک. هاتوچۆ و هاوکاری لە گەڵ ئەنجومەن درێژەی ئەبێ و بۆ سێ خول وەک دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەن هەڵی ئەبژێرن. لەو ماوەیەدا چەندین کۆڕ و کۆنگرەی جۆراوجۆر وەک کۆنگرەی بێسارانی و قانع و ناری و... بە ڕێوە ئەبرێت و دوو ژمارە لە گۆڤاری «ڕەوت» دەرئەچێ.

---

۱. پێکهاتەی رامیاری ئیسلام و فرەحیزبی.

ئەم نووسەرە لە دوای کز بوونی چالاکی ئەنجومەنەکان لەو سەردەمەدا هاوکاری خۆی لە گەڵ گۆڤار و حەوتەنامە کوردییەکاندا وەک: سروە، زرێبار، سیروان، میراجی، ئاینده درێژە پێ ئەدات. نووسینەکانی لە شێعرەوە بۆ وەرگێڕان ئەگوێزێتەوە و لە بواری وەرگێڕان دەست بە کار ئەبێت.

کارنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە لە بواری وەرگێڕاندا:

چاپکراو:

١ـ مێژووی ئەندێشەی سیاسی، نووسینی دوکتور کەماڵ پوولادی، لە سێ بەرگدا، دەزگای وەرگێڕان هەولێر٢٠٠٨.

٢ـ شەپۆلی چوارەم، کۆمەڵە وتاری ڕامین جیهانبەگلوو، دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی، هەولێر ٢٠١٠.

٣ـ ماکیاڤیلی و ئەندێشەی ڕێنسانس، ڕامین جیهانبەگلوو، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سلێمانی٢٠٠٨.

ئامادەی چاپ:

١ـ شۆڕشی شکۆمەند، نووسینی کلاریس سۆیشێر. ٢ـ ڕێنسانسی ئیتالیا، نووسینی کارێن ئۆسمەن. ٣ـ دەرکەوتنی مەسیحیەت، نووسینی دان ناردۆ. ٤ـ ژاپونی ئەمڕۆ، نووسینی دان ناردۆ. ٥ـ شارستانیەتی مایا، نووسینی پاتریشیاد د.نێترلی. ٦ـ مێژووی شارستانیەت، نووسینی هێزی لۆکاس، لە دوو بەرگدا. ٧ـ هەزار و پێنج سەد پەندی پێشینیانی هەورامان (کۆکردنەوە، لێکدانەوە و بەراورد لە گەڵ شێوەی سۆرانیدا).

عەلی دلاوێز

لە وەرزی پاییزی ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لە مەریوان هاتوەتە دونیاوە. سەرەتا بنەماڵەیەکی مامناوەندیان هەبووە، بە هۆی کۆچی دوایی باوکی لە تەمەنی شەش ساڵی ئەودا و دەسپێکردنی شەڕی ئێراق و ئێران و ئاوارەبونیان بۆ دێهات و شارەکانی دیکە، بارودۆخی بنەماڵە و دۆخی نیشتەجێ بوونیان بەرە و خراپی ڕۆیشتوە. تا سەرەتای پۆلی دووی ناوەندی لە دەرەوەی مەریوان، لە

سنە و دێهاتەکانی دەوروبەری مەریوان چووەتە قوتابخانە. پاشان بە گەڕانەوەی خەڵک بۆ شاری مەریوان ـ دوای کۆتایی شەڕ ـ ساڵی ١٩٩٤ لە ڕشتەی بیرکاری (ریاضی ـ فیزیک) دیپلۆم وەرئەگرێت. بە درێژایی دەرس خوێندنی هەموو هاوینێک بێکار نەبووە و بۆ پەیداکردنی خەرجی قوتابخانە لە مەریوان و لە تاران کاری کردووە. هەر لەو ساڵەدا بۆ درێژەدانی خوێندن دەچێتە «ناوەندی بارهێنانی مامۆستایان» لە سنە و لە بەشی بیرکاری، بڕوانامەی «فوق دیپلم» وەرئەگرێت. لە ساڵی ١٩٩٦ بۆ ماوەی ساڵێک لە ئاوایی «نژمار»ی مەریوان بووەتە مامۆستا. ساڵی دواتر لە تاقیکاری سەرتاسەری زانکۆکانی ئێراندا، بۆ وەرگرتنی خوێندکار، سەرئەکەوێت و لە کۆلیژی «زانستە کۆمەڵایەتییەکانی» زانکۆی تاران درێژە بە خوێندن ئەدات.

سەرەتای چالاکی فەرهەنگی و زانستی عەلی دلاویز لە زانکۆوە دەستی پێکردووە.

ئەم نووسەرە لە گەڵ هەندێک لە قوتابیانی‌تر ساڵی ١٩٩٨ ناوەندێکی فەرهەنگیی کوردی بە ناوی «کازیوە» لە بەشی «زانستە کۆمەڵایەتییەکانی» زانکۆی تاران دائەمەزرێنن. ڕادەی باڵای بەشداری خوێندکارانی کورد لە تاران، تەنانەت نووسەران و چالاکانی کوردی دانیشتووی تاران، هەلێکی چاکی بۆ کار و چالاکی فەرهەنگی و ئاشنایی لە گەڵ هەندێک کەسایەتی فەرهەنگی و سیاسی کورد بۆ ئەڕەخسێنێت. سەرەڕای ئەوەش لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرهەنگی و زانستی لە تاران بەشداری ئەکات. لە ماوەی خوێندن لە زانکۆی تاران بۆ یەکەم جار چەند وتار و وەرگێڕان لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاو ئەکاتەوە.

پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ٢٠٠٠ دا و گەڕانەوە بۆ مەریوان، لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان بووەتە مامۆستای وانەی «کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئابووری». لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٠ لە گەڵ چەند کەس لەو کەسانەی کە لە کاتی خوێندن و چالاکیدا لە گەڵیان ئاشنا ببوو، بۆ ڕێکخستنی چالاکی زانستی و فەرهەنگی لە مەریوان ناوەندێک بە ناوی «ناوەندی زانستی ـ فەرهەنگی ڕۆنان» دائەمەزرێنن[1]. لەو کاتەوە، زۆربەی چالاکیی فەرهەنگی و

[1]. دەستەی دامەزرێنەری ڕۆنان بریتی بوون لە :مەسعوود بینەندە، بورهان ڕۆستەمی، ئەنوەر هۆژەبری، کەریم پەرویزی، حسێن محەممەدزادە، حەمزە محەممەدی، عیرفان ڕەهنموون، ئازاد ڕەحیمی و عەلی دلاویز.

کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوەندی ڕۆنان و بە ناوی ڕۆنانەوە بەڕێوە بردووە.[1]

لە چالاکییەکانی ئەم نووسەرە ئەتوانین ئاماژە بکەین بە:

١ـ نووسینی چەندین وتاری زانستی و بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارەکانی ڕۆنان، ئەندێشەی جامیعە، زرێبار و ...

٢ـ بەشداری کردن لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی و فەرهەنگیدا، وەک: کۆڕی زمانی کوردی (مەریوان، ساڵی ٢٠٠٥)، کۆڕی ئەرک و مافی شارۆمەندی (مەریوان، ساڵی ٢٠٠٧) و کۆڕی نێونەتەوەیی ئەنفال(سنە، زانکۆی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٢) و ...

٣ـ دانان و بەڕێوەبردنی وانەگەلی وەک: کۆمەڵناسی ـ دەروونناسی، تیۆری کۆمەڵناسی، ڕۆژنامەگەری و ...

٤ـ بڵاوکردنەوەی گوڤاری «ڕۆنان» بە هاوکاری ناوەندی فەرهەنگی هەژان لە زانکۆی کوردستان.

٥ـ ئەنجامدانی سێ توێژینەوەی زانستی بۆ ئیدارە و ناوەندەکانی مەریوان.

ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرکەوتن لە تاقیکاری زانکۆی تەورێز درێژە بە خوێندن ئەدات و دوو ساڵ دواتر لە بواری کۆمەڵناسیدا بڕوانامەی ماستەری زانکۆی نابراو وەرئەگرێت. لە پاییزی ٢٠٠٤ەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «زرێبار»ە. پاش تەواو کردنی دەورەی ماستەر هاوکات لە گەڵ مامۆستایەتی لە قوتابخانەکانی مەریواندا، لە زانکۆی «پەیامی نووری مەریوان»یش وانەی کۆمەڵایەتی و جۆگرافیای شاری ئەڵێتەوە.

جەمیل فارۆقی

لە سەرەتای مانگی ئووتی ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لە ناو چیا سەربەرزەکانی هەورامان لە گوندی «دەمەیۆ» چاوی بە دنیا هەڵێناوە. دوو ساڵی خوێندنی لە گوندی دەمەیۆ ئەبێ و ئەم جار وەک میراتە مێژینەکەی کورد ـ ئاوارەیی ـ ناوەتە تۆشەیی و بە

١. کە تا ئێستایش درێژەی هەیە.

هۆی شەڕی ئێران وئێراق ئاوارە ئەبن. لە دوای قۆناغی سەرەتایی ئەنێردرێتە بەر خوێندنی ئایینی و لە دێهاتەکانی بالک، دەرەتفێ و نژمار و شاری سنە لە خزمەتی گەورە پیاوانێکی وەک مامۆستا سەید نەجمەددینی تەها چۆکی فەقێیەتی دا ئەدات و بە وتەی خۆی بە تەواوەتی چێژی زانیاری و کوردایەتی ڕاستەقینەی لێ وەرئەگرێت. هەر لەوێ ئیجازەی زانیارییە شەرعییەکانی پێئەدرێت. وانەکانی کەلام و فەلسەفەش لای مامۆستا شێخولئیسلام ئەخوێنێت. جێگای باسە کە شان بە شانی فەقێیەتی خوێندی قوتابخانەیشی درێژە پێئەدات و دوای تاقیکردنەوەی لە گەڵ مامۆستایانی ئایینی بەکالۆریۆس وەرئەگرێت.

چەند ساڵێک بۆ خوێندنی (اصول، فقه، حدیث) ئەچێتە باشووری ئێران، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە تاقیکاری سەراسەری ماستەر لە زانکۆی تاران بە پلەی پێنجەمەوە وەرئەگیرێت. ئێستا مامۆستای زانکۆی پەییام نووری مەریوانە. جێگای ئاماژەیە کە کاک جەمیل خاوەن بەهرەی خەت خۆشییە. بڕێک لە بەرهەمەکانی بڵاو بوونەتەوە و بڕێکیشیان ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەن، وەک:

١ـ زەنجیرە باسی ناسینی زانایانی کورد، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل لە ژیان، ئاسەوار، دەسنووس و بنەماڵەی مەلا خزری ڕوواری لە شەش بەرگدا، چاپ وبڵاو بووەتەوە.

٢ـ وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز، بۆ یەکەم جار بە زاراوەی هەورامی کە لە بەردەم چاپدایە.

٣ـ زەنجیرە ناسینی زانایانی کورد، بریتییە لە شرۆڤەی کتێبێکی نایاب و بەپێزی زانای نەناسراوی کورد سەید عەبدوڵڵای بڵبەری بە ناوی گوڵزار کە هێشتا تەواو نەبووە.

٤ـ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی دیوانی میرزا سەعدوڵڵای خەدیری هەجیجی شاعیری نەناسراوی هەورامان، بەم زوانە دێتە بازاڕەوە.

٥ـ وەرگێڕانی کتێبێکی زانای بەرزی ئێراقی د.محەممەد ئەحمەدەلڕاشد بە ناوی «صنعت زندگی» بە فارسی کە ئەویش لە ژێر چاپدایە.

کاک جەمیل ئەڵێ: « زۆر جار بۆ پرۆژەی لێکۆڵینەوە داوایان لێکردووم کە بۆ شوێن گەلیتر بچم، بەڵام لە بەر ئەوەی کە کەمتر خزمەتی گەلەکەی خۆمی تێدا

بوو، ئەم کارانەم هەڵبژاردووە و خوا یار بێ هەتا ئەتوانم دەستی لێ بەرنادەم و بەهۆی ئەوەوە من هەر لە منداڵییەوە هەتا ئێستە سەرنجم داوە ئەم وڵاتەی ئێمە ئەو هەموو زانا گەورە و نووسەرە چاکەی بووە بەڵام نووسراوەکانیان یا هەموو یان زۆربەیان دیار نین و کەس نازانێ لە کوێ سەریان دەرهێناوە؟! یان کێ بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردوونەتەوە ؟! یان چەندێکیان فەوتاون؟!

بە بیر کردنەوە لەو تاڵانەی لەم بارەیەوە لێمان کراوە بە ڕاستی چاو ئەپەڕێتە تەوقی سەر. کاتێ ئەبینم زۆرینەی کتێبخانە هەرە گەورەکانی بەغا هی زانایانی کوردن و هەروەها کتێبخانە تایبەتییەکانی کەسانی بێگانە و شوێنانی تر کە پڕن لە کتێب و پەرتووکی دەسنووسی کوردی زۆرێکیان لە کوردستانەوە بۆ ئەوێ براون. با ئەوەش بوەستێ کە چەندێکی تر بووە بە خۆراکی مشک و دراوە بە ئاودا. ئەمانە و چەندین خەمی تر هانی دام بۆ ئەوەی تا ئەتوانم هەوڵ بدەم و میراتی گەلەکەم لە فەوتان ڕزگار بکەم[1]».

کەخاوەن شێعر بمرێ نرخی قسەی	لە زێڕ و دووڕ و گەوهەریش زیاترە
دەسا کێ لە دنیا بە شاعیر دەگا	کە مەرگی لە ژینی گەلێ چاترە

«وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار»

حەمزە محەممەدی

ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لە بنەماڵەیەکی کرێکار لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. باوکی «ئەکبەر» و دایکی «ئایشێ خاتوون»ە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دوا ناوەندیی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی ئەندێشەیی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی تێپەڕاندووە. بە پێچەوانەی داخوازی بنەماڵەکەی و بۆچوونی کۆمەڵناسی سەبارەت بە ڕشتەگەلی ئەو سەردەمە، ڕشتەی زانستە مرۆڤایەتییەکان هەڵئەبژێرێت. ساڵی ١٩٩٣ لە ڕشتەی «فەرهەنگ و ئەدەب»دا دیپلۆم وەرئەگرێت. ڕشتەی کۆمەڵناسی یەکەم هەڵبژاردەی لە کێبەرکێی زانکۆدا ئەبێت. ساڵی ١٩٩٧ لە کۆلێژی زانستەکۆمەڵایەتییەکانی زانکوی تاران بەکالۆریۆسی

---

[1]. وت و وێژ لەگەڵ نووسەر.

کۆمەڵناسی و ساڵی ١٩٩٩ هەر لەو زانکۆیەدا ماستەری مرۆڤ ناسی وەرگرتووە.

دوای تەواو کردنی زانکۆ خەریکی مامۆستایەتی لە قوتابخانەکانی دواناوەندی و هاوکات مامۆستای زانکۆی پەیام نووری مەریوانە.

کارنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە بریتییە:

١ـ ئەندامی دامەزرێنەری کانوونی زانستی ـ فەرهەنگی ڕۆنان، ئەندامی نەگۆڕی بەڕێوبەرایەتی کانوون و لە ماوەی پێنج ساڵدا دەبیری کانوونە.

٢ـ ئەندامی ئەنجوومەنی پیشەیی مامۆستایانی مەریوان.

٣ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی وەرزنامەی زرێبار.

٤ـ نووسین و وەرگێڕانی پێوەندیدار بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

٥ـ بەڕێوەبەر و هاوکاری چەندین پرۆژەی لێکۆڵینەوە.

٦ـ پێشکەش کردنی وتار لە چەندین کۆبوونەوەی نەتەوەییدا.

ڕزگار عەلایی

کوڕی سەید مەحموود کوڕی شێخ سەیفەددین (حەوتاشی) لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لە مەریوان، کە بە بڕوای خۆی پارچە زێڕێکی دیاریی پەروەردگارە بۆ گەلی کورد، چاوی بە دنیای پڕ لە گێژاو و سەخڵەت هەڵێنا و سەرەتای چیرۆکێکی پڕ سەرکەوتنی تۆمار کرد و بەڵام...

هێشتا منداڵێکی چاوگەش بوو کە ئاگری شەڕی ئێران و ئێراق هەڵگیرسا. بنەماڵەی ڕزگار وەکوو زۆربەی خەڵکی شار لەو شارە و دەورووبەری مانەوە و ڕزگار ئەزموونی خوێندن و فێربوونی لە ناو ئاگر و خوێندا بەئاکام گەیاند.

پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە زانستگای پیشەیی ئاو و کارەبای تاران. پاش تەواو کردنی خوێندن لە بەشی ئەندازیاری ئاو و ئاوەڕۆدا، وەکوو سەرباز لە کۆمپانیای «ئابفا»ی پارێزگای کوردستاندا دەستی بە کار کرد. ماوەی کورتی سەربازی مەودایەکی زێڕین بۆ ناوبراو بوو تا زانستەکانی بکاتە کردەوە و لە خزمەتی شار و هاووڵاتیانیدا بێت. کە لەو ماوە کورتەدا توانی ببێتە ئەندامێکی کارا و جێی متمانەی زانستیی ئەو بەشەی

کاری لێدەکرد. بەڵام بە داخەوە مەرگ مەودای نەداو لەکاتی سەفەرێکی زانستی بۆ شاری ئیسفەهان لە ڕێکەوتی ٢٧ ژوییەی ٢٠٠٢ دا بە هۆی کارەساتی هاتووچۆوەماڵئاوایی لە ژیان و لە گەلەکەی کرد.

خوالێخۆشبوو لە ماوەی دوو ساڵ پاش تەواو بوونی زانستگا بێجگە لە کۆمەڵێ نووسراوە و بیرەوەریی ئەدەبی، توانی فەرهەنگنامەیەکی فارسی ـ ئینگلیزی وەک یەکەمین «فەرهەنگنامەی تایبەت بە ئاو و ئاوەڕۆ »پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکات.

موسلێح کۆنە پۆشی

ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لە گوندی «سەڵەسی» مەریوان، لە بنەماڵەی شێخانی کۆنەپۆشی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی شێخ سەدرەدین و دایکی مەحبووبە خاتوونە.

ساڵی ١٩٨١ جانتای خوێندن لە کۆڵ ئەکات و ڕێگای مەزرای خوێندن لە قوتابخانەکانی شاری مەریواندا ئەگرێتە بەر. هەر لەم شارەدا قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی دەبڕێ. لە گەرما و گەرمی شەڕی ئێران و ئێراق و ئاوارەیی خەڵکی مەریواندا، بنەماڵەکەیان ڕوو لە شاری سنە ئەکات و ساڵی ١٩٩٣ قۆناغی دوا ناوەندی لە سنە تەواو ئەکات. هەر لەو ساڵەدا ئەبێ بە مامۆستا و بۆ ڕەواندنەوەی شەوەزەنگی نەزانی شارێی خزمەت بە منداڵانی گەل و هۆزی لە دێهاتەکانی مەریوان دەگرێتە بەر.

خولیای زانست و فێر بوون هانی ئەدات کە بەرە و کانیاوی فێر بوون لە زانستگاکان بڕوات و ساڵی ١٩٩٦ لە زانکۆی بەهەشتی تاران لە بەشی کۆمەڵناسیدا وەرئەگیرێت. لە ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٤ یشدا ماستەری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی تاران تەواو ئەکات. لە پەنای وانە وتنەوە لە قۆناغی دواناوەندیشدا وەک مامۆستا لە گەڵ زانکۆی پەییام نووری مەریوان هاوکاری ئەکات.

موسلێح لە پاڵ وانە وتنەوەدا، چالاکێکی فەرهەنگی و مەدەنییە و لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئەنجومەن و کۆمەڵە مەدەنییەکاندا ڕۆڵێکی کارای بووە؛ لە وانە بەشداری لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی پیشەیی مامۆستایانی مەریوان، چالاکی لە ئەنجومەنی زانستی فەرهەنگی ـ هونەری ڤەژین و... هتد، هەروەها لە گەڵ

کۆمەیسیۆنی فەرهەنگی شۆرای شاری مەریواندا هاوکارییەکی چڕ و پڕی هەیە.

ئەمەش کارنامەی ئەم نووسەرەیە:

١ـ پێشکەش کردنی زۆرتر لە بیست وتار لە کۆڕ و کۆبوونەوەی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیەکاندا.

٢ـ سێ گەلاڵەی لێکۆڵینەوە.

٣ـ مامۆستای بەردەوامی ڕێنوێنی لێکۆڵینەوە و تێزی قوتابیانی زانکۆ و مامۆستایانی قوتابخانەکان.

عەبدولڕەحمان ڕەحیمی نیا

ساڵی ١٩٧٦ی زایینی لە گوندی «بێلوو» لەبنەماڵەیەکی هەژار و نەدار، دوای سێ کچ، ئاواتی بنەماڵەکەی کە بوونی کوڕێک هەبووە وەدی دێنێت.

پێنج ساڵی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانە تەپ و تۆزاویی گوندەکەی کۆتایی پێ دێنێت. قوناغی ناوەندی هاوکات لە گەڵ شەڕی ئێران و ئێراقدا لە گوندەکانی دەوروبەر و لە مەریواندا تێپەڕاندووە.

پاییزی ساڵی ١٩٩٠بۆ خوێندنی قۆناغی دواناوەندی لە «ناوەندی بارهێنانی مامۆستایان» وەرئەگیرێت.

پاییزی ١٩٩٤ داری زانستی بەرئەگرێت و لە گوندی «پیربابەعەلی» سەر بەشاری «قوروە» ئەبێ بە مامۆستا. دوای ساڵێک بۆ مەریوان ئەگەڕێتەوە.

ساڵی ٢٠٠٦ کۆلێژی زمان و ئەدەبی فارسی تەواو ئەکات و بە بڕوانامەی بەکالۆریۆسەوە ئەبێ بە مامۆستای وانەی زمانی فارسی لە قوتابخانەکانی مەریوان.

لە سەردەمی خوێندنیدا هەست بەوە ئەکات کە ئەتوانێ شێعر یان چیرۆک بخوڵقێنێ و دواتر خۆی دەرئەخات و نازناوی «ئاوان بێلوویی» بۆ خۆی هەڵئەبژێرێت.

لە یەکەم ساڵەکانی مامۆستاییەوە بە چڕ و پڕی دەست لە مل پێنووس بووە و بڕێک لە چیرۆکەکانی سادق هیدایەت، جەماڵ میرسادقی و مەنسوور یاقووتی و

شێعری فرووغ فەڕووغزاد و پابلۆنیرۆدا و چەندین چیرۆکی منداڵان وەرئەگێڕێتە سەر زمانی زگماکی خۆی. هەر وەها لە زمانی کوردیشەوە چەند چیرۆکێکی شێرزاد حەسەن و ڕەئووف بێگرد و ... وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

ئێستاکەش بەرهەمەکانی هەموو لە نێو دەفتەرەکانیدا و لە تاقی کتێبخانەکەیدا ماونەتەوە و هەلیان بۆ نەڕەخساوە هەوای جیاوازی کتێبخانەکان هەڵمژن.

بەرهەمەکانی «ئاوان بێلوویی» لە گۆڤارەکانی سروە، زرێبار و ڕەوت و هەر وەها لە کتێبی «گوڵچینی شێعری شاعیرانی کورد(١)[١]» ... بڵاو بوونەتەوە.

کۆچەرتێل

ئەریٚ تۆ لە ئاوازی کام تێلی

دارتێلەکانی تەلەفوونی ڕۆژئاواوە هاتووی..!؟

کە لە ئاوازی «سورێن بەفری»

کەنار «باران دەشتی زرێبار»ی من ناگەی!؟

بۆ لە من ناگەی!؟

بۆ دەگەم لێت!؟

نێوان من و تۆ

نە حەوت کێوە

نەحەوت دەریا...!

نێوان من و تۆ تەنیا هەناسەیەکە...!

دە دەستەکانت بێنە!

با لە گوڵستانی دڵما بیانچێنم...!

بەختیار کەریمی

لە وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٧٦ی زایینی لە مەریوان لە دایک بووە. قوناغی دواناوەندی لە مەریوان تێپەڕ ئەکات و ساڵی ١٩٩٥ لە زانکۆی تاران وەرئەگیرێت و ساڵی ٢٠٠٠

١. لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی نەدەبی سەلاحەدین ئەیوبییەوە دەرچووە.

بەکالۆریۆسی زانستی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لقی ڕۆژنامەوانی تەواو ئەکات. دوای تەواو کردنی زانکۆ، لە بەشی هەواڵی تەلەفزیۆنی شاری سنە وەک وەرگێڕ و بێژەر چالاکی هەبووە. هاوکات لە گەڵ کاری تەلەفزیۆندا لە حەوتەنامەی ئاسۆ ئەندامی شۆرای نووسەران و بەرپرسی بەشی هەواڵی کوردی بووە و دوای سێ ساڵ کارکردن لە تەلەفزیۆندا دەرئەکرێت. بۆ تێراو کردنی بیر و هزری لە کانیاوی زانست، دیسانەوە ڕوو لە زانکۆ ئەکات و ساڵی ٢٠١٠ ماستەری ڕۆژنامەوانی وەرئەگرێت.

یەکەم بەرهەمی وەک کتێب لە ژێر ناوی «بەرەو ڕۆژنامەوانی مۆدێرن» چاپ ئەکات و وتارەکانیشی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی: ئاسۆ، هەواڵ، ئاشتی، زرێبار، نەدای دانشجوو، ڕۆژهەڵات، سیروان و ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو دەکاتەوە. کتێبێکی تری لە ژێر ناوی «سەردەمی گەشەی دەسەڵاتی نەرمی هەواڵەکان» ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەیە.

د. ڕەحمەت سادقی

لە وەرزی پاییزی ساڵی ١٩٧٦ی زایینی لە گوندی «یەنگیجە» لە بنەماڵەیەکی دەس کورت و ئایینی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ساڵی ١٩٨٢ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە مەریوان دەست پێئەکات. بە هۆی شەڕی ئێراق و ئێران ئاوارە و ڕوو لە زێدەکەی باوکی (زەکریان) ئەکەن. زۆر چالاکانە دوو پۆلی بە یەکساڵ خوێندووە. لە دوای کۆچاوکۆچێکی زۆر و ئەم لاو ئەو لا کردن ساڵی ١٩٩٣ دیپلۆمی تەجروبی وەرئەگرێت. هەر لەو ساڵەدا بۆ بەشی مامۆستایەتی کیمیا لە زانکۆی کوردستان وەرئەگیرێت. بە وتەی خۆی «کەسایەتی زانستی ئەو لەم قۆناغەدا پێک دێت.» بە پلەی یەکەمەوە ساڵی ١٩٩٧ بەکالۆریۆس تەواو ئەکات. دوای ماوەیەک مامۆستایەتی لە قوتابخانەکانی مەریوان دیسانەوە لە قۆناغی ماستەر لە زانکۆی تەورێز درێژە بە خوێندن ئەدات و بە هۆی لێکۆڵینەوەی زانستی و هاوکاری کردن لە گەڵ گۆڤارە بە ناو بانگە نێو نەتەوییەکاندا، وەک قوتابییەکی نموونە و لێهاتوو ئەناسرێت. دوای تەواو کردنی ئەم قۆناغەش لە ساڵی ١٩٩٩دا، بە یەکەم کەس

لە ئێراندا بۆ پلەی سەرتر واتە دوکتورا (PHD) هەر لە زانکۆی تەورێز وەرئەگیرێت و لە وەزارتــی پەروەردە و بارهێنــان واز دێنێــت و لە وەزارەتــی علــووم (زانکــۆی کوردستان) وەک مامۆستا و ئەندامی زانستی لێژنەی کیمیا دەست بە کار ئەبێت.

ئەمەش بەشێکە لە چالاکییە زانستیەکانی:

١ــ نووســین و چــاپی ٥٥ وتــار لە گۆڤــارە بە ناوبانگەکــان (ISL)ی ئەوروپــی و ئەمریکاییدا، وەک :

J. Chem. Thermodynamics ،Fluid Phase equilibria ،J. Chem. Eng. Data

Chem.Eng. Science ،iophysicalChemistry، Polymer و ...

٢ـ پێشکەش کردنی زۆرتــر لە ســی وتــاری زانــستی لە کــۆنگرە نەتەوەیــی و نێــو نەتەوەییەکاندا.

٣ـ بەڕێوەبردنی دوانزە گەڵاڵەی لێکۆڵینەوە.

جەمال محەممەدی

جەمال محەممەدی ساڵی ١٩٧٧ی زایینی لە مەریوان چــاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی محەممەد ساڵح و دایکــی مەحبــووبە خاتوونە. قۆناغەکانی خوێندنی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە مەریــوان درێژە پێداوە. ساڵی ١٩٩٩ لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیــزی لە زانکــۆی بارهێنــــانی مامۆســـتایانی تــاران بەکالۆریۆســـی وەرگرتووە. دوو ساڵ دواتــر ماستەر و پاشانیش دوکتــورای زانــستی کۆمەڵناســی لە زانکــۆی تــاران تەواو کــردووە. ئێــستاش وەک ئەنــدامی لێــژنەی زانــستیی زانکــۆی کوردستان لە سنە خزمەت دەکات.

چاپ کراوەکانی نووسەر:

١ــ بیروڕاکــانی ئەم دوایــیەی کۆمەڵناســی، بە هاوکــاری حەمیــد ڕەزا جەلایــی پوور،ساڵی ٢٠٠٨.

٢ـ خوێندنەوەی فەرهەنگی، هژموونی و فەرهەنگی گشتی،٢٠٠٠.

بەرهەمی وەرگێڕاو:

١ـ وەرچەرخانی پێکهاتەی بواری گشتی، یورگن هابرماس،٢٠٠٥.

٢ــ پێـشەکییەک لە سـەر ڕای فەرهەنگـی هـاوچەرخ، ئانـدورا میلنـر و جـف براویت،٢٠٠٦.

٣ـ یورگن هابرماس، ئل.ئی.هاو،٢٠٠٨.

٤ـ فەرهەنگی مێژووی ئەدێشەکان، فیلیپ پی. واینر، لە سێ بەرگدا، ٢٠٠٦.

٥ـ کۆمەڵناسی (معرفت و زانست)، دیوید گلوور و شیلاف ئسترابریج، ٢٠٠٤.

٦ـ بۆچوونەکانی خراپ کەڵک وەرگرتن لە مادە هۆشبەرەکان، دن.جی لتیری، ٢٠٠٥.

٧ـ خوێندنەوەی فەرهەنگی، ڕوانگەکان و کێشەکان، ٢٠٠٨ .

٨ـ مۆسیقا وەک کرۆکی کۆمەڵگا، ٢٠١٠.

٩ـ سەبارەت بە خوێندنەوەی فەرهەنگە،کۆ وتار،٢٠٠٩.

ئەم نووسەرە، چەندین وتاری زانستی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لە گەڵ زۆرێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەک: راهبرد، هـم میهن، آینـدەی نو، جـام جـم، اعتماد و زرێبار هاوکاری کردووە.

کاوە دەستوورە

سـاڵی ١٩٧٧ی زایینـی لە گونـدی «باشـماخ» چـاوی بە ژیـان هەڵێناوە. ناوی دایکی ڕابێعە و باوکیشی محەمـمەدە. سـاڵی ١٩٨٠ هەواری ژیان بۆ شاری مەریـوان ئەگـوێزنەوە و بە هـۆی شـەڕی ئێران و ئێـراقەوە ڕوو لە سـنە ئەکەن و مـاوەی سـێ سـاڵ لە سنە ئەمێننەوە. قۆناغەکـانی خوێنـدنی تـا وەرگرتنـی دیپلۆم لە سـاڵی ١٩٩٦ لە قوتابخانەی ئیمام غەزاڵی مەریوان درێژە پێداوە. ساڵی ٢٠٠٠ لە بەشی زانستی کۆمەڵناسی لە زانکۆی تاران بەکالۆریۆسـی وەرگرتـووە. دوو سـاڵ دواتـر ماسـتەری یەکەم ـ نامەکەشی لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و بنەماکـانی ـ تەواو ئەکـات. سـاڵی ٢٠٠٥ بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەڕواتە فەرانسە و ساڵی ٢٠٠٦ ماسـتەری دووهەمـی لە زانکۆی سۆربۆن لە سەر کۆمەڵناسی وڵاتانی ئەورووپی ـ نامەکەی لە سـەر مەسـەلەی ڕەگەز لای میـشل فوکۆــ وەرئەگرێــت. لە سـاڵی ٢٠٠٧وە خەریکـی خوێنـدنی دوکتۆرای کۆمەڵناسییە. لە چەندها کۆڕ و کۆبونەوەی کولتوریدا بەشداری کردووە.

چالاکییەکانی نووسەر:

- ساڵی ١٩٩٨تا ٢٠٠٢ بەرپرسی ناوەندی کولتوری کازیوە لە زانکۆی تاران.
- خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری گۆڤاری ڕاڤە ـ تاران.
- سەرنوسەری گۆڤاری نویسا ـ تاران.
- ٢٠٠٩ دەستەی نوسەرانی گۆڤاری لۆمۆندی دیپلۆماتیکی کوردی ـ پاریس.

کوورش ئەمینی

ساڵی ١٩٧٧ی زایینی لە شارەدێی « نۆدشە» لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بووە. دایکی خاتوو ئایشێ و باوکی محەممەد ڕەشیدی ناوە.

قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوندیش هەتا وەرگرتنی دیپلۆم هەر لە نۆدشە بووە و لە زانستگای زانسیتیە پزشکیەکانی شاری کرماشان و هەمەدان کارناسی بێهداشتی حێرفەای وەرگرتووە و لە زستانی ساڵی ١٩٩٧وە دانیشتووی مەریوانە و لە نەخۆشخانەکانی شاری مەریواندا خزمەت دەکات.

یەکەم نووسراوەی بە نێوی «نقطە صفر» لە قۆناغی دواناوەندیدا و لە ساڵی ١٩٩٥ لە گۆڤاری «ایران فردا»دا بڵاو ئەبێتەوە.

وەک کارنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە، ئەتوانین ئاماژە بکەین بە وەرگێڕانی کتێبی «شازدە بچکۆلە»ی ئانتوان سەنتەگزۆپێری بە زاراوەی هەورامی. ناوبراو وتارەکانی لە گۆڤار و حەوتەنامەکانی سیروان، ئاسۆ، پیام مردم و مەهاباد دا بڵاو ئەکاتەوە.

پەرویز ڕۆستەمی

پەرویز ڕۆستەمی، کوڕی علی و نەجیبە خاتوونە. وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٧٧ی زایینی لە ناو شاخە سەربەرز و دڵڕفێنەکانی «هەورامانی تەخت» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. قۆناغی سەرەتایی لە هەورامان و قۆناغی ناوەندی لە قەڵاجێ ئەخوێنێت.

لە مەریوان دیپلۆم وەرئەگرێت. نیگارکێشی وەک بەهرەیەکی سروشتی لە گەڵ حەز و خواست و لێبڕانی خۆیدا پەرە پێئەدات و سەرنجی مامۆستاکانی لە قوتابخانەکاندا ڕائەکێشێ و ئەوانیش ئەبن بە هاندەری. بەڵام ئەوەندە خەریکی نیگارکێشی و ڕەنگ ئەبێت کە زۆرجار لە لایەن خزم و نزیکانییەوە بەرنگاری ئەبنەوە. ئەم هونەرمەندە لە وەرزی هاویندا بۆ بژێوی ژیان وکڕینی پێداویستییەکانی نیگارکێشان لە تاران کرێکاری کردووە. بۆ پەرەپێدانی ئەو بەهرەیە بە شێوەی زانستی، لە وانەکانی مامۆستایانی گەورەی نیگارکێشی وەک: هادی زیائەدینی، ئەکبەر مەنسووری و فەردین سادق وەزیری چێژی زانستی وەرگرتووە. لە دوای وەرگرتنی دیپڵۆم لەو بوارەدا، وەک نیگارکێشێکی کارامە و لێهاتوو بە شێوەی تاک و کۆ پێشانگای کردووەتەوە. لە پەنای ئەم هونەرەدا بەشێوەیەکی زانستی فێری دەف لێدان ئەبێت و وەک مامۆستای دەف چەند خولی فێرکاری لە مەریوان ئەکاتەوە. حەز و خولیای هونەر هانیداوە کە دەلاقەیەکی تری هونەر بە ڕووی خۆیدا بکاتەوە و ڕوو لە دنیای وێنەگرتن و فیلمسازی ئەکات و کارنامەیەکی ڕەنگینی لەم بوارەدا بۆ خۆی تۆمار کردووە. بە هاوکاری شەهێن خاتوونی خێزانی زۆرێک لە داب و نەریتی تایبەتی ناوچەی هەورامانی وەک فیلمی دیکۆمێنتاری هەڵگرتووە.

کارنامەی فەرهنگی پەرویز ڕۆستەمی:

١ ـ فیلمی کورتی «کەوش». ٢ـ فیلمی «گۆرانیەک بۆ ڕووبار». ٣ـ فیلمی «هیواکان لە نێو بەفردا ئەمرن». ٤ـ فیلمی «سفرەیەک بۆ شادی ڕۆحەکان». ٥ـ فیلمی«پاجاڵ».

٦ـ فیلمی «بەرد». ٧ـ فیلمی «ژین و ئەوین». ٨ـ فیلمی «میوانی گازە». ٩ـ فیلمی «میراتی مەندۆخ». ١٠ـ فیلمی «توولە ڕێ». ١١ـ فیلمی «جێگەپێیەک لە باراندا». ١٢ـ فیلمی «زستانی هەورامان». ١٣ـ هاوکاری لە گەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان.

ڕەئووف سەعیدیان (ئاریا هەورامی)

لە سپتەمبەری ساڵی ١٩٧٧ی زایینی لە گوندی «نوێن»ی هەورامان، زێدی کەڵەپیاوی مەیدانی ڕامیاری و خۆڕاگری، «مامۆستا ئەمین حەیدەری»[1] لە دایک بووە. سەردەمی منالی لە ناو کەژ و کێوەکانی هەورامان تێپەر بووە و ئەو شاخانەی بە قەڵا و پاڵ پشتی هۆزەکەی ناسیوە. هەر لە گوندی نوێن ناردوویانەتە قوتابخانە و هاوکات لە گەڵ قوتابخانەکەیدا، دەرسی قورئان و کتێبە سەرەکییەکانی مەکتەبخانەی ئایینی خوێندووە.

ڕەئووف دەڵێ: «هەر لە سەردەمی فەقیەتیدا بوو هەستم بەوە کرد کە دەبێ بۆ فەرهەنگ و کەلتووری وڵاتەکەم هەوڵ بدەم.» ڕۆژ لە دوای روژ ئەم هەستە، کە لە سەرەتادا ڕەنگ و چێژی ئایینی هەبوو، قووڵتر و گەورەتر دەبوو. بۆیە بۆ هۆشیار کردنەوەی لاوان و منالانی زێدەکەی، کتێبخانەیەکی بە ناوی «حەرا» واتە مەڵبەند و کۆگای بیر و هزر و هەڵسانەوە، لە گەڵ هاوڕێ بچکوکەکانی کتێبخانەکەیان سەرپەرەستی دەکرد. بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان، «حەرا» پەرە ئەسەێنێت و بۆ ماوەی چوار پێنج ساڵ هەوڵەکانی بەردەوام دەبن. هەر ئەمەش ئەبێتە بنەما بۆ هەوڵ و تێکۆشانی زۆرتر. لە پاڵ کتێبخانەکەشدا، بۆ ماوەی دوو ساڵ، چەندین پۆلی زانیاری وئایینی و ڕوشنبیری بۆ لاوان و ئەندامانی حەرا دانا. ئەم هەوڵانە درێژەیان هەبوو، هەتاکوو لە ساڵی ١٩٩٦ دا زانستی ئایینی لە قوتابخانەکانی پاوە، ڕەوانسەر، سنە، کرماشان، مەریوان و هەورامان تەواو کرد. ساڵی ١٩٩٨ لە تاقیکاری زانکۆدا سەرئەکەوێت و ئەچێتە زانکۆی زانستی ئیسلامی ڕەزەوی (دانشگاه علوم اسلامی) لە شاری مەشهەد و بۆ ماوەی چوار ساڵ، لەو زانکۆیە ئەمێنێتەوە و بەکالۆریۆس تەواو ئەکات. هاوکاتیش لە حەوزەی خۆراساندا، ماستەری زانستی ئایینی وەرئەگرێت. دوای تەواو بوونی خوێندنەکەی گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە بەر چەند هۆیەك لە

---

١. یەکێ لە ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی گوندی «نوێن» بووە کە ساڵی ١٩٦٨ لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە دەسبەسەر و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە زیندانی «قەجەر» لە شاری تاران بەند ئەکرێت. دوای ئازاد بوونی لە زیندان، لە لایەن «ساواک»ەوە دەرمان خوارد ئەکرێت و ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات.

کاری دەوڵەتی بێبەش کرا.

لە زانکۆدا بوو کە بیری گۆڕا. بەرە و بیری کوردایەتی گەڕایەوە. بە هۆی نزیک بوونەوەی لە کتێبخانە گەورەکان، لە گەڵ زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی شارەزا بوو. دوا بە دوای ئەوە، لە زانکۆدا هەوڵی دا بۆ هۆشیار کرنەوەی دۆستانی کوردی کرماشانی و خۆراسانی. بەم بۆنەوە ڕێنووسێکی کوردی بۆ نووسین و چەند دانیشتنێکی بۆ فێر کردنی ڕینووسی کوردی لە گەڵیان پێک هێنا. شارەزا بوونی بە مێژووی وەڵاتەکەی، لەساڵی ئەوەلی زانکۆوە، زیاتر بیرە نەتەوایەتیەکەی بزواند.

لە سەر هەوڵەکانی کتێبخانەی «حەرا»، کە ئەمجارە تام وچێژی کوردایەتییان گرتبوو، لە هەواری کراویەدوڵ و دەرەویان، لە سەر بەرزاییەکانی، «مرۆڵە و بەرزڵە» گروپێکی هونەری ئەدبی پێک هێنا بە ناوی «یارسان»، هۆی ناونانی گروپەکە بە یارسان ئەوە بوو کە یارسان و یارسانییەکان بە درێژایی شەش سەد ساڵ بنیات نەر و پەرەدەری فەرهەنگی هەورامان بوون.

ئەم گرووپە دواتر بە ناوی ئەنجومەنی فەرهەنگی - ئەدەبی بێسارانی هەورامان، لە مەریوان لە ژێر ناوی ئەنجۆمەن، دەوری تازەی خۆی بینی. ئێستاکە ئەنجومەن خاوەنی گۆڤاری ناوخۆیی بە زاراوەی هەورامی بە ناوی «دەلاقە»یە و بۆ زیندوو کردنەوەی ئەدەبی هەزار ساڵەی هەورامی تێدە کۆشێت.

ڕەئووف سەعیدیان وەک نووسەرێکی بە توانا بە زاراوەی هەورامی و سۆرانی و بە زمانی فارسی خەریکی چالاکی فەرهەنگی ـ ئەدەبییە و بابەتانەکانی خۆی لە گۆڤارەکانی سیروان و ئاوێنە و فەرهەنگی کوردستان و تیبیاندا بڵاو کردۆتەوە.

بەرهەمە چاپ کراوەکانی نووسەر:

۱ـ افسانه های هورامان، چهل دختر، چهل دیو، چهل پسر و دختر شاه پریان؛ پرتو بیان،۲۰۰۴.

۲ـ سه گوهر شب چراغ (از افسانه های هورامان) سفیر علم، ۲۰۰۷.

۳ـ صد سیاچەمانه از هورامان، با همکاری فریاد شیری، مشکی،۲۰۱۰.

۴ـ ئامادە کردنی دیوانی شێعری «هۆنراوەکانی دایکی سەلام» (فریشتە عەلەوی).

۵ـ ئامادە کردنی دیوانی شێعری «بەهەشتی هەورامان»ی سەید ڕەئووف حسێنی.

ئامادەی چاپ:

١ـ ئەفسانەکانی هۆرامان، بە هاوکاری ڕەئووف مەحموود پوور.

٢ـ وەرگێڕانی کتێبی «فروید لە ترازووی ژێریدا» لە نووسینی مامۆستای شارەزووری، بۆ سەر زمانی فارسی.

مەسعوود بینەندە

ساڵی ١٩٧٧ی زایینی لە مەریوان لە دایک بووە و قۆناغی سەرەتایی، ناوەندیی و دواناوەندی خوێندنی لە شارەکانی مەریوان و سنە تەواو کردووە. دواتر لە بواری زانستی فیزیا لە زانکۆی زەنجان پلەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە و هەروەها پلەی ماستەری لە بواری زانستی کۆمەڵناسەیدا لە زانکۆی تاران بە پێشکەش کردنی نامەی «شیکاریی ڕەخنەگرانەی گوتاریی گۆڤارە خوێندکارییەکان سەبارەت بە کێشەی نەتەوەکان لە ئێراندا» وەدەست هێناوە و لە ساڵی ٢٠٠٨ وەک خوێندکارێکی چالاک و لێهاتوو بۆ قۆناغی دوکتورا وەرگیراوە.

ئەم نووسەرە زۆرتر لە بواری فەلسفە و کۆمەڵناسەیدا دەنووسێت و هەنووکەش وەکوو سەر نووسەری گۆڤاری زرێبار و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی فەرهەنگی ـ زانستی ڕۆنان درێژە بە چالاکی ئەدات.

کورتەیەک لە چالاکییە فەرهەنگی و زانستیەکان:

١ـ دامەزرێنەر و بەرپرسی ناوەندی فەرهەنگی ـ ئەدەبی خوێندکارانی کوردی زانکۆی زەنجان «ڤەژین».

٢ـ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ناوەندی ـ زانستی ڕۆنان لە مەریوان.

٣ـ سەرنووسەری بڵاوکراوەی خوێندکاریی «آفاق نو»، زانکۆی زەنجان.

٤ـ سەرنووسەر و بەرپرسی بڵاوکراوەی خوێندکاریی «فراسو»، زانکۆی زەنجان.

٥ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی خوێندکاریی «ڕۆنان»، زانکۆی کوردستان.

٦ـ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نێونەتەوەیی ئەنفال، زانکۆی کوردستان.

٧ـ بەرپرسی یەکەمین فستیڤاڵی ڕۆشنبیری کوردی ڕۆنان، شاری مەریوان.

٨ـ سەرنووسەری وەرزنامەی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی زرێبار.

لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا وتار و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بڵاو بوونەتەوە:

ڕەهەند، گەلاوێژ، ئایەندە، ڕامان، هاووڵاتی، چاودێر، زرێبار، ڕۆژهەڵات، سیروان، ڕاسان، دەنگ، ئاسۆ، دیدگاه، اعتماد ملی و ...

مێهدی چۆڕی

مێهدی چۆڕی کوڕی سەید محەممەد، کوڕی سەید زەینەلعابدین، کوڕی ئاغا حسێن، کوڕی حاجی سەید حەسەنی چۆڕی، ناسراو بە «عەللامەی چۆڕ»ە.

لە وەرزی پاییزی ساڵی ١٩٧٧ی زایینی لە بناری قەڵەبەرد لە مەکۆی زانست و عیرفان و لە گوندی «چۆڕ» و لە زێدەکەی بلیمەت و نووسەری بەناوبانگی کورد «موسەننیفی چۆڕی» لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە چۆڕ دەست پێئەکات. دوو ساڵ لە خوێندنی تێپەڕ نابێ کە باوکی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و ئەرکی بەخێو کردنی ئەکەوێتە ئەستۆی دایکیەوە.

ساڵی ١٩٨٨ لە دوای کۆچی دوایی زانای گەورە و پایەبەرزی مەریوان، «مامۆستا سەید عەتای چۆڕی[1]»، بۆ درێژە بەو ڕێبازە لە پۆلی یەکەمی دواناوەندیدا قوتابخانە جێ دێڵێت. ڕوو لە قوتابخانە ئایینییەکەی گوندی «دەگاشێخان» ئەکات. لە خزمەت «مامۆستا ئەحمەد ڕۆستەمی» و خوالێخۆشبوو «مامۆستا ئەسعەدی شوکری[2]»دا چۆکی شاگردی دائەدات.

دوای دوو ساڵ خوێندن لەو گوندە جانتای سەفەر لە شان ئەکات؛ بۆ فێر بوون ڕوو ئەنێتە سیاناو و دواتریش بەرەو قوتابخانە گەورەکەی بیارە ئەڕوات. پاشان لە

---

١. یەکێ لە مامۆستایانی ئایینی پایەبەرزی ناوچەی مەریوان بوو، ساڵی ١٩٩٣ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

٢. مامۆستای ئایینی گوندی «بەردەڕەشە»ی مەریوان بوو، ساڵی ٢٠٠٧ لە تەمەنی ٣٩ ساڵی لە گەڵ مامۆستا مەجیدی نژمارێدا، بە ڕووداوی هاتوچۆ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

شارەکانی ڕەوانسەر و سنە (گوندەی ئارەنان) درێژە بە خوێندن ئەدات. دیسانەوە بۆ بیارە ئەگەڕێتەوە و دوای تەواو کردنی چەند پەرتووکێکی تر لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ لە ژێر دەستی مامۆستا محەممەد ئەمینی عالیدا، ئیجازەی مامۆستایی و پێش نوێژی پێئەدرێت. ئەم بەڕێزە ئێستا مامۆستای ئایینی و پێش نوێژ و وانەبێژی مزگەوتی گوندی «نەنە»یە.

کتێبەکانی موسەننیفی چۆڕی و حاجی سەید حەسەنی چۆڕی بۆ نووسین هانی ئەدەن و لە قۆناغی فەقێیەتیدا دەست بۆ پێنووس ئەبات.

بەرهەمەکانی نووسەر:

١ـ حاشیەی چۆڕی لە سەر کتێبی «الفرائد الجدیدة»ی سیوتی.

٢ـ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی کتێبی « تصریف زنجانی».

٣ـ «راز ماندگاری مذاهب».

۴ـ ئامادە کردنی پەراوێزی چۆڕی لە سەر «فناری» لە زانستی «منطق»دا.

۵ـ وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەی دەقی «فتح القریب» لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسی لە زانستی «فقه»دا.

۶ـ وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەی «منهاج الطالبین» لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسی لە زانستی «فقه»دا.

٧ـ وەرگێڕانی بەشی «حوزووری قلب لە نوێژدا» لە کتێبی «احیاء علوم الدین» بۆ سەر زمانی فارسی.

٨ـ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی نامیلکەی «ایسا غوجی» لە زانستی «منطق»دا.

٩ـ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی «تصریف زنجانی» لە زانستی «صرف»دا.

هیوا نادری

ساڵی١٩٧٧ ی زایینی لە مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ١٧ی شەهریوەر، لە ژێر بۆردوومانی ڕژێمی بەعسی ئێراقدا تەواو ئەکات. هەر لەو ساڵانەدا، کاتێک لە پۆلی چوارەمدا بووە، بە هۆی بۆردوومانی شاری مەریوانەوە باوکی کۆچی دوایی ئەکات. وەک منداڵی

گەورەی بنەماڵەکەی، لە گەڵ گیر و گرفتەکانی ژیان و ئاوارەیی و دەربەدەریی بەرەوڕوو ئەبێت. خوێندنی ناوەندیشی هەر لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان تەواو ئەکات.

بە پێی حەز و هۆگرییەکی کە بە شێعر و ئەدەبیات بوویەتی، لە سەرەتای خوێندنی دواناوەندییەوە، لە سەر ڕێنوێنی مامۆستاکانی لە بواری ئەدەبیاتدا دەست لە مل پێنووس ئەکات و بۆ درێژە پێدانی ئەو ڕێگایە ڕۆچنەیەك بەرەو ڕووی خۆی ئەکاتەوە. ئەو حەز و خواستە بوو بە هۆی ئەوەی بۆ خوێندنەوەیەکی بەرفراوانتر لە بواری ئەدەبیاتدا، ڕێگای زانکۆی تاران بگرێتەبەر.

ساڵی ٢٠٠٠ بەکالۆریۆسی ئەدەبیاتی فارسی وەرئەگرێت و پاشان ئەبێ بە مامۆستا و لە قوتابخانەکانی مەریواندا وانە ئەڵێتەوە. هاوکات لە زانکۆی ئازادی سنە قۆناغی ماستەر ئەخوێنێت.

چالاکییەکانی نووسەر:

١ـ ٢٠٠١ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبی مەریوان، ئەنجومەنی سینفی مامۆستایانی مەریوان، ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ هونەری ڤەژین.

٢ـ ٢٠٠٧ نوێنەری هەڵبژێردراوی NGOکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان.

٣ـ٢٠٠٨ ئەندامی چالاکی کۆمیسیۆنی فەرهەنگی شۆرای شاری مەریوان.

٤ـ بەڕێوە بردن و بەشداری کردن لە شەوە شێعر و هەمایشەکان (ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری و...)

٥ـ بەشداری لە دانانی فێرگەی زمانی کوردی بۆ یەکەم جار لە زانکۆی میللی تاران و هەروەها لە ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان.

٦ـ چالاك لە بواری زانستی، فەرهەنگی، هونەری و کۆمەڵایەتی کە بە بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکان و نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەی ڕوونکەرەوە لە گۆڤارە جۆراوجۆرەکان (تیشك، ڕۆژهەلات، زرێبار، سیروان، ئاسۆ، دیدگاە و ...) ئاوڕی لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان داوەتەوە.

چرپەیەك،
وەنەوزی شکاوی شەقام،

ژانە ڕاچڵەکاوەکانی خۆر؛
دیسان پەنجەم دەقریشکێنێت ؛
چڕنووکی «با»
ڕوومەتی شار دەڕووشێنێت...
دیسان چرپەیەک..
چاویلکەی مێژوویەکی شکاو،
دڵی ژانێک دەخورپێنێت.
بەڵام
دیسان.. هەتا دیسان... هەتا دیسان ...
مێلۆی ڕقی هەزار ساڵەم ڕاناژنرێت...

زاهید بارخدا

ساڵی ١٩٧٨ی زایینی لە گوندی هەنجیران هاتۆتە دنیاوە. لە بنەماڵەی سەیدەکانی هەنجیرانە و ناوی باوکی شێخ قادر و دایکی قەمەرناز خاتوونە.

خوێندنی لە زێدەکەی خۆی دەست پێ ئەکات و تا پلەی سێی ناوەندی لە شاری مەریوان درێژە پێئەدات. لە بەر نەبوونی و هەژاری واز لە خوێندن دێنێت. لە بەر ئەوەی باوکی تامەزرۆی شێعر بووە و شێعری زۆرێک لە کتێبەکانی ڕۆستەم و زۆراب، لەیلێ و مەجنوون و شیرین و فەرهادی لە بەر بووە و هەر لە منداڵییەوە بۆی خوێندۆتەوە، هەوێنی ئەو حەزەش لە بیر و مێشکی زاهیدا ئەگیرسێت. دواتر باوکی بە بۆنەی کارەساتێکەوە بۆ یەکێ لە کوڕەکانی پێش دێت وەک یەعقووبی پێغەمبەر (د.خ) بینایی چاوەکانی لە دەست ئەدات. ئەمەش کاریگەری لە سەر زاهید دائەنێت. بە هاندانی مەلا ئەحمەدی بالیکەدەر[1] کە پیاوێکی زانا و ڕۆشنبیر بووە بواری شێعرەکانی ئەگۆڕدرێت و بە

١. بالیکەدەر: گوندێکە لە سەر سنووری کوردستانی باشوور.

هەوڵی کاک عوسمانی جێماو و تێکۆشانی خۆی گوڵی هەست و شێعری بە جوانی ئەپشتووکێت و نازناوی شێعری «زاهید» بۆ خۆی هەڵئەبژێرێت. ئەم شاعیرە خاوەن دەفتەرە شێعرێکە بە شێوەی کلاسیک کە هێشتا نەکەوتۆتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.

«شادی سەر قەباخی خەم»

خۆشـــە دەمەو بەهـــاران لە نـــاو مێـــرگ و چیمەنـــێ
لە فیردەوســـی کوردســـتان لە گەڵ دڵـــبەر بە تەنـــێ
تێـــر لە ئـــامێزی بگـــری تـــاکوو خەو دەیبـــاتەوە
جـــار جـــارۆ مـــاچی بـــکەی لە خەوی ڕانەچەنـــێ
ئەویـــارە شـــیرینەی وا ئێـــستاش هەروەکـــوو جـــاران
هەمـــوو دنیـــا دەهێنـــێ ئەو کـــاتەی پێـــدەکەنێ
ئەوەنـــدە خـــۆش بـــوو جێـــژوان دەپـــاڕامەوە لە خـــوا
کە پەنجـــا هەزار ســـاڵم بـــداتێ بە تەمەنـــێ
بە خـــوێنی دڵ و عـــومری لاوێتـــی نـــازم کێـــشا
کە چـــی دەبیـــنم ڕەقیـــب دەم لە نـــاو دەمـــی دەنـــێ
زۆر هەوڵـــم داوە شـــادی کەم بە ســـەر قەبـــاخی خەم
بەڵام هەرچـــی سـەیرم کـــرد هەر خەم دەروون دەتەنـێ
«زاهیـد» کە دڵـی پـڕە لە عەشـقی گەل و یـاری
بۆ گەیشتن بە ئامانج خۆی لە دەریای خەم ئەنـێ

مامۆستا ساحێب غەریبی

ساحێب غەریبی کـوڕی مەلا مەحـموود هەورامـی کـوڕی سـۆفی حـسێنی خەلـیفە، سـاڵی ۱۹۷۸ی زایینـی لە گونـدی «مەحـمـوود ئـاوا»ی دووڕووە سـەر بە نـاوچەی سـەولاوا لە بنەماڵەیەکی ئایینی چاوی بە ژیـان هەڵێنـاوە. دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بە سەر ژیانیدا بە هۆی ڕاپەڕینی گەلانـی ئێران و بـارودۆخی ئـاڵۆزی وڵات بـۆ زێـدەکەی بـاوکی(هەورامـان) ئەگەڕێتەوە. مامۆستا

مەحموودی باوکی وەک یەکێ لە شوێن کەوتووانی ڕێبازی نەقشبەندی، بە بۆنەی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکە لە گەڵ کۆچی شێخ عوسمانی سێراجەددینی هەواری ژیانی بۆ کوردستانی ئێراق ئەگوێزێتەوە.

لە پێنج ساڵیدا لای باوکی خوێندنی بە قورئانی پیرۆز و کتێبە سەرەتاییەکانەوە دەست پێئەکات. بە وتەی خۆی دوو هۆکار سەرەکی زۆرتر بۆ خوێندن هانیان داوە، کە بریتین لە: یەکەم؛ لە گەڵ باوکی بۆ بەغدا ئەڕوات و لە کۆڕێکی زانستی ـ عیرفانی لە ماڵی شێخ عوسمانی سێراجەددینی لە بەغدا بەشداری ئەکەن. دوای ئەوەی کە شێخ عوسمان دوو سورەتی قورئانی پێ ئەخوێنێتەوە ڕوو ئەکاتە باوکی و ئەڵێ «مەلا مەحموود حەتمەن مەشیۆ پی کوڕی وانی». دووهەم: هەر لەو سەفەرەدا لە بارەگای گەیلانی بە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئەگەیەن و دوای پێشکەش کردنی کتێبی «سەنا و سکاڵا» لە سەر کتێبەکە ئەنووسێ «بۆساحیب گیان، خوا بیکا بە ساحیبی عەقڵ و عیلم و عەمەڵ لە ڕێگای ئیسلامدا».

ئەم مامۆستایە لە خزمەتی ئەم کەسایەتییانەدا چۆکی فەقێیەتی داداوە و چێژی زانستی وەرگرتووە وەک: سەید حامد کەرەمی لە دووڕووە، سەید حامدی کوڕی ماموستا ئەحمەد هەر لە دووڕوە، مەلا سەلاح قادری لە نێ، مەلا عەزیزی بندۆڵی لە دەرەتفێ، مەلا خالید دەرەکێیی لە کانی دینار، مەلا سەید عەبدوڵڵای هەورامی لە مەریوان، مەلا محەمەدی مل چەور لە مەریوان، مەلا یۆنس دزاوەری لە چۆڕ، مەلا عەلی هەورامی لە گۆشخانی، مەلا جەمال و مەلا باسیت لە سیاناو، مامۆستا ئیبراهیم لە زالواوی کرماشان، مامۆستا فەرهادی شکاک لە میاوقی ورمێ، مامۆستا محەممەدی بەداقی (وەک گوێگر) لە پیرانشار و لە ئاکامدا ساڵی ٢٠٠٢ لای مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا ئەحمەد گردک سپی لە پیرانشار بڕوانامەی زانستی وەرئەگرێت. لە گوندەکانی دووپلوورە و سێفی خوار مامۆستایەتی کردووە و ئێستاش لە گوندی نێ گیرساوەتەوە.

شێعری شاعیرانی کورد و فارس وەک: فەنایی، نالی، سەعدی و حافیز و ڕۆمانی جەک لەندەن و خوێندنەوەی بیروڕاجیاوازەکان کاریگەریان لە سەرداناوە و بیر و هەستیان بزواندووە. ئەم مامۆستایە وێڕای خزمەت لە بواری ئایینیدا، لە هەڵبەست و

شێعردا دەستێکی توانای هەیە.

هەموو کاتێ سەوزە کەپرم
بۆ ئامانجێکی پیرۆزە
بۆ ئاواتێکی ڕووناکە
بۆ بڕینی ئەم ڕێگایە، کێ نەترسە؟! کێ دڵ پاکە؟!
بۆ سەرکەوتن لەم هەورازە، کێ هاوڕازە؟!
من بە تەنیاش بێ ملی ئەشکەنجەی لارە ڕێ دەبڕم
نایەڵم لە وڵاتێکدا کە شەم ڕازی نەدرکێنێ
بیر مانگەشەو نەخنکێنێ
ڕاستی کەوێتە بستێنێ
ئاواتەکانم لە گەڵ خۆم بەمە ناو تاریکی قەبرم
چۆن ویژدانی من هەڵ گرێ
چاویلکەی بایەقوش بسڕم
نانا بە پێ هەڵدێم بە باڵ ئەفڕم
هەموو کاتێ سەوزە کەپرم تا لە وڵاتێکدا دەمرم
فریشتەی خۆشەویستی دێت
مۆمی ئیمان و نیشتمان داگرسێنێ لە سەر قەبرم

عەبدوڵڵا ئازەری دوخت

بیستی مارسی ساڵی ١٩٧٨ ی زایینی لە گوندی «ژان»، سەر بە ناوچەی ژاوەرۆ ئەبێ بە سێهەم منداڵی مام ڕەمەزان و فاتمە خاتوونی خێزانی.

بە هۆی کۆچ و ئاوارەیی باوکییەوە، بەهاری زانستی لە کوردستانی باشوور چرۆ ئەکات و تا وەرگرتنی دیپلۆم هەر لەوێ ئەمێنێتەوە.

یەکەم بەرهەمـی شـێعری خـۆی وەک پەرتـووک لە ژێـر نـاوی «شـیوەنەکانی کۆچێکی ئێوارەوەخت» پێشکەش بە کتێبخانەی شێعر و ئەدەبی کوردی ئەکات.

لە زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەدا بەرهەمەکانی کـردووەتە دیـاری بـۆ هـۆگرانی ئەدەب. زۆر بـابەت و نووسـراوەی تـری ئامـادەی چـاپ و بـڵاو کـردنەوەن کە هێـشتا بـۆی نەڕەخساوە بیان کات بە دیاری. وەک:

١ـ تەور و پەنجە، کۆمەڵە شێعر.

٢ـ ئەو ئافرەتانەی بەم شارەدا تێدەپەڕن ڕووتی ڕووتن، کۆمەڵە شێعر.

٣ـ پەراوێزەکانی پیاوێک، سەرنجی جۆراوجۆر.

٤ـ ڕۆژنامە دیواریی قووتابخانەکەی ئێمە، چیرۆکی بیانی.

و...

ئەم شاعیرە هەنووکە دانیشتووی مەریوانە و لە ڕێگای بیناسازییەوە بژێوی دابین ئەکات.

فەرید پەڕوازە

لە دایـک بـووی ١٩٧٨ی زایینـی گونـدی «نـێ»ی سـەر بە شـاری مەریـوانە، سـاڵی ١٩٨٤ وەک منـداڵانی تـری ئـاوایی دەنـرێتە خوێنـدنگە، سـەرەڕای خوێنـدن، لە کـاتی پـشوودانی هاوینانـدا لە کاروباری وەرزێڕی و باخەوانیـدا دەسـتی بەدەسـت باوکیەوە بووە ژیانی بە هەژاری بردۆتە سەر. لە خوێنـدنگەدا بە فەرمی هەتا ساڵی یەکەمی دوانـاوەنـدی دەخـوێنێ و پاشـان بە هـۆی گیـر و گرفتـی ژیانەوە دەست لە خوێندن هەڵئەگرێت.

ساڵەکانی ١٩٨٩و ١٩٩٠وە بە هۆی خوێنـدنەوەی شـێعرەکـانی شیرین و فەرهـاد، خورشید و خاوەر، لەیلی و مەجنوون، قەڵای خەیبەر، ڕۆسـتەم و زۆراب و هتـد ... لە نێو بنەماڵەکەیدا (وەکوو باوی سـەردەم) بە شـێوەی سـەرەتـایی فێـری خوێنـدنەوەی زمانی دایکی خۆی (واتە زمانی کوردی) دەبێت.

لە دوای خوێنـدنەوەی ئەو شـێعرانە پـێ دەنێـتە قۆنـاغێکی دیـکە، واتە دیـوانە شێعرییەکانی مامۆستا قانع، وەلی دێوانە، ئیل بەگی جاف، پیرەمێـرد و هتـد ... موتـاڵا دەکات. لە دوای ئەو قۆناغەش بۆخۆی هەستی شاعیرانەی تافی لاوییەتی ئەجۆشێ و

بە شێعری نوێوە دەست ئەکات بە نووسین. بەڵام هەر وەک خۆی دەڵێ بە شێعر نووسین قەناعەت ناکات و دەست ئەداتە وتار نووسین. هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا تەنیا بە خوێندنەوەی شێعر تاسەی ناشکێ و بە ئەندام بوون لە کتێبخانەی مەریوان، کتێبخانەی خوێندنگاکان و قەرزکردنی کتێب لە دۆستان و هەڤاڵان و خوێندنەوەی بەردەوامی گۆڤارەکانی سروە، ئاوێنە، دوحەوتونامەی ئاویەر و هتد... بواری خوێندنەوەی ئەگۆڕێ. لە ساڵی ١٩٩٩ یەکەم وتاری بەناوی « ژن، ژین، ژیان» لە بڵاڤۆکی "ئەندێشە"ی ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان بڵاو دەبێتەوە.

بە هاوکاری چەند دۆستێکی ساڵی ١٩٩٠ « ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئەدەبی نێ» دائەمەزرێنن.

لە چوار چێوەی ئەنجومەندا سەرەڕای کاروباری ئەنجوومەن دەست ئەداتە وەرگێڕانی وشە، زاراوە، ناوی ڕێکخراوە سیاسیەکان و کۆکردنەوەی ئەو وشە و زاراوە کوردیانە کە لە فەرهەنگەکاندا دەگمەنن و دەست ناکەون. ناوبراو پەرتۆکێک لەو بوارەدا ئامادەی چاپ دەکات کە بە هۆی گرفتێکەوە کە بۆی پێش دێ، ئەو پەرتۆکە ئەفەوتێ. بێجگە لەو چالاکییە هەوڵی داوە لە گۆڤار و حەوتوونامەکاندا وتار بڵاو بکاتەوە. لە ماوەی شەش ساڵ چالاکی ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئەدەبی «نێ»دا ئەندامێکی کارامە بووە و چەند خولی فێرکاری سەرەتایی زمانی کوردی بەڕێوە بردووە.

وتارەکانی لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا بڵاو بوونەتەوە: ئەندێشە، زرێبار، سیروان، سروە، ڕۆژهەڵات، ئاسۆ و هەروەها چەندین وتار و وەرگێڕاو لە گۆڤارەکانی کوردستانی ئێراقدا.

تۆفیق مورادی (ڕێبوار هەجمنەیی)

ئەم شاعیرە ناوی تۆفیقە و کوڕی ئەحمەدە ناسراو بە «ڕێبوار هەجمنەیی»، ساڵی ١٩٧٨ی زایینی لە گوندی «هەجمنە»ی مریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە هەجمنە تەواو ئەکات و لە دووهەمین بەهاری خوێندنیدا دەستی قەدەر، زۆر زوو لە گوڕ و تینی ئەچڕێنێت و ناسۆری بێ باوکی دەفتەری هیواکانی ئەدڕێنێت. بەڵام

دایکێکی ژیر ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ دەکاتەوە؛ ورەی پێ ئەبەخشێت و بەرە و زانست هانی ئەدات و بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی ئەکاتە سەولاوا و مەریوان و سنە. هاوکات لە گەڵ خوێندن بەوتەی خۆی بۆ بژێوی ژیان و یارمەتیدانی باری ئابووری بنەماڵەش، ئەم ئیش و کارانەی کردووە: وەرزێڕی، کرێکاری، شوانی، کووتاڵ فرۆشی و ئێستاکەش کاربەدەستی دایەرەی بازرگانی شاری مەریوانە. هاوکاتیش لە زانکۆ خەریکی خوێندنی زمان و وێژەی فارسییە.

«ڕێبوار هەجمەیی» هەر لە سەرەتای خوێندنەوە وەک قوتابییەکی قسەزان لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی هونەری و ئایینی و ... بە وتار و هەڵبەست یان وێژەری بەشداری کردووە و توانای خۆی نواندووە.

وەک هاو پۆلەکانی بێ بەش بووە لە زمانی زگماکی خۆی، بەڵام کورد وتەنی: ئەوین و هونەر سنووریان بۆنییە. هەر لە سەرەتای لاوییەوە بە ئەوین و سۆزی پڕماناوە چووەتە پێشوازی هونەر و بە گوێدان بە دەنگی مامۆستا حەسەن زیرەکی نەمر و خوێندنەوەی پەرتووک و دیوانی نووسەران و هۆنەرانی کوردی وەک قانع و هێمن و هەژار و هەردی و مەلەوی ... لە ساڵی ١٩٩٣دا یەکەم هەڵبەستی دائەنێ و ماوەی حەڤدە ساڵە لەم ڕێگایەدا بێ وچان خەریکی نووسینە.

کارنامەی فەرهەنگی ئەم شاعیرە بریتییە لە:

١- وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بە شێعر و هەڵبەست بۆ سەر زمانی کوردی لە دە هەزار دێڕە شێعردا کە لە ژێر چاپدایە.

٢- زیرەک نامە، ژیاننامەی حەسەن زیرەک بە شێعر ئامادەی چاپ.

٣- کوردستاننامە، ناوەرۆکی شێعرەکانی بریتین لە عیرفان و ئەوین و دووری و سروشت.

٤- گوڵزاری هەجمنە، مێژو و جۆغرافیای هەجمنە بە شێعر و هەڵبەست.

لە ئاسمانی کوردستان ئەی مەریوان! تۆ هەتاوی
بۆیە سەربەرزی لە دونیا، لە بۆ وێژە بەرزە ناوی
گوڵی ئەشق و خۆشەویستی، شاری زانست و هونەر
مەڵبەندی شێرانی ژین و بۆ ئەدیبان، تیشکی چاوی

حامد کۆنە پۆشی

حامید کۆنە پۆشی، بەهاری ساڵی ١٩٧٨ی زایینی لە مەریوان، لە بنەماڵەی شێخانی کۆنەپۆشی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی شێخ سەدرەدین و دایکی مەحبووبە خاتوونە.

ئەوەی کە لە منداڵی خۆی لە بیری مابێت بۆمبا، گولە، ئاوارەیی و شەڕە. لە سنە خوێندنی سەرەتایی دەست پێدەکات، بەڵام شەڕ مەودای مانەوە لەوێیش ناداتە بنەماڵەکەیان و بۆیە خوێندنی سەرەتایی لە ئاوارەیی ئەم دێ و ئەو دێدا درێژە پێ ئەدات.

ساڵی ١٩٩٥ لە مەریوان دیپلۆمی بیرکاری وەرئەگرێت و لە تاقیکاری وەرگرتنی خوێندکار بۆ زانکۆکاندا پلەی بیست وسێی بیرکاری و یەکەمی زمانی ئینگلیزی وەدەست دێنێت. هەر ئەو ساڵە ئەبێتە خوێندکاری «ئەندازیاریی کۆمپیوتەر» لە زانکۆی «عیلم و سەنعەت»ی تاران. پاش تەواو کردنی خوێندنی ئەندازیاری دێتەوە مەریوان و لە بواری کۆمپیوتێردا کار دەست پێدەکات.

لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ خوێندنی ماستەری « لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی» دەچێتە زانکۆی تەورێز و ئێستاش(٢٠١١) خەریکی خوێندنی دکتۆرای کۆمەڵناسی، لقی «پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی» زانکۆی تەورێزە.

چالاکییە مەدەنی و فەرهەنگییەکانی نووسەر:

بەڕێوەبردنی چەندین خولی فێرکردنی نووسین و ڕێزمانی کوردی، هاوکاری لەگەڵ بڵاڤۆک و گۆڤارە فەرهەنگی و خوێندکارییەکاندا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی زانستی ـ فەرهەنگیی ڕۆنان، دەبیری ناوەندی فەرهەنگی ـ هونەریی ڤەژین، ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان.

شەریف موڕادی

شەریف مورادی، کوڕی «محەممەد ئەمین» و «ئامینە خاتوون»، ساڵی ١٩٧٨لە شاری «مەریوان» چاوی بە ژیان هەڵێناوە و لە بۆن و برامەی باوک بێ بەش بووە. ئەرکی بەخێو کردنی وەئەستۆی مامیەوە بووە. خوێندنی سەرەتایی تا وەرگرتنی فەوق دیپلۆم لە

مەریوان خوێندوویەتی. ساڵی ٢٠٠٦ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. شەریف لە بواری شێعردا چالاکی ئەنوێنێت.

ناسنامەی فەرهەنگی ئەم نووسەرە:

١ـ لە ساڵی ١٩٩٧وە ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوانە.

٢ـ چوار خول ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەن.(دوو خول وەک بەرپرسی ئەنجومەن).

٣ـ دەستەی دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەدەبی هۆزانی زانکۆی پەیام نووری مەریوان.

٤ـ بەڕیوەبردنی چەند خولی فێرکاری زمانی کوردی.

٥ـ بەشداری لە چەندین فستیڤاڵی ئەدەبی لە ناو خۆ و دەرەوە.

٦ـ وەدەست هێنانی پلەی سێهەمی شێعری نوێی کوردی لە فستیڤاڵی شێعری نوێی کوردی ساڵی ٢٠٠٣ لە سنە.

٧ـ وەدەست هێنانی پلەی یەکەمی شێعری قوتابیانی پارێزگای کوردستان ساڵی ١٩٩٩.

٨ـ کۆمەڵە شێعرێکی ئامادەی چاپ.

تا تەڕ بوون ماتڵی ئێوارەم
هاوڕێ!
بڕی ئەم بارانە
هەنسکت ناکات
تۆ بۆ دەزگیرانی خۆرەتاو باشی
ئەو لە من کاڵتر
نیگات مارە دەکات.
لە ساردی خیابانێک
پەنجەکانم بەشی گووشینی گەرمیت ناکەن
لێی گەڕێ هاوڕێ، لێم گەڕێ
بۆنی با ساردیم
خشە تەنیا لە شێعرم هەڵواسێ.

قیژەی تەلەفوون بە تووڕە بوون دانامرکێ و
ئامێزی لە ئێوارەوە هەنسک ئەنێ
تەنیاییم لێزمەی لە هەرچی چەترە هەراسان دەمگووشێ
لە بەر ئەم چەخماخە
لە شێعرم دوای باران ئەنووسێ
تاتەڕبوون ماتڵی ئێوارەم
نەک لە گەڵ هەتاودا کاڵ بڕواتەوە
تۆ لە تەنیاییەوە دەست پێدەکەم و
هەنگاوێک لە ئێوارەوە دەجۆڕێنم
ئێوارەش خۆی ئەکات بە شێعرداو
زووتر لە نیگات دەمخواتەوە.
من بە ئێوارەوە گۆچ کراوم!
هەرچی کاڵە، لە ئێوارەدا دەتوێتەوە
کەس بڕی ئەم خەونە ناکات
هاوڕێ!
ڕوو لە ئێوارە باڵا نەکەی
نەک چاوەڕوانیم بتناسێتەوە و
باڵای لە بەرزی کا
هاوڕێ!
بڕی ئەم بارانە هەنسکت ناکات
بڕی هیچ بارانێک هەنسکت
هیچ بارانێک...

ئەسکەندەر موورادی

سپتەمبەری ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گوندی «گورگەیی» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «محەممەد» و دایکی «عەتییە» خاتوونە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە زێدەکەی خۆی و قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی لە سەولاوا ئەبڕێت و ساڵی ١٩٩٦ لە بەشی زانستی جۆگرافیادا لە زانکۆی تاران وەرئەگیرێت. بە وتەی خۆی: «هاوکات لە گەڵ خوێندنی ڕەسمی لەم بوارەدا هەستم بە بۆشاییەک لە خۆمدا دەکرد، هەر بۆیە بە تەنیا و بێ هیچ مامۆستایەک زمان و جۆگرافیا و مێژووی کوردم بە تێر و تەسەلی موتالا کرد». ساڵی ٢٠٠١ لە تاقیکاری زانکودا بەشداری ئەکات و بە پلەی سێهەمەوە سەرئەکەوێت و بە پلەی یەکەمەوە ماستەری لە بەشی «زانستی ڕامیاری و ژئۆپولەتیک» تەواو ئەکات. بڕوانامەکەشی لە سەر بابەتی «ژئۆپولەتیکی کوردستان: ڕۆڵی هێزە ناوچەیی و پەڕا ناوچەییەکان» ئەنووسێت.

یەکەمین ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لە حەوتەنامەی سیرواندا دەست پێئەکات و دواتر لە گەڵ حەوتەنامەی ڕۆژهەلاتدا بە نووسینی وتار هاوکاری کردووە.

بۆ تێراو بوون لە کانیاوی زانست، ساڵی ٢٠٠٥ لە تاقیکاری بۆ قۆناغیPHD بەشداری ئەکات و بە پلەی یەکەمەوە لە زانکۆی تاران لە بەشی ژیئوپولەتیک وەرئەگرێت. ساڵی ٢٠٠٨ دەرفەتی خوێندن لە «زانکۆی لاتروبی ئوسترالیا» لە ژێر چاوەدێری «پرۆفیسۆر جوزف کامیرلی» پێئەدرێت. دوو وتار لە ژێر ناوی «ژیئوپولەتیک دژی ژیئو پولەتیک و پۆست مودێرنیزم» و «کودی ژیئوپولەتیکی ئێران» پێشکەش ئەکات و تێزی لە سەر «ژیئۆپولەتیک و گوتار» پێشکەش بە زانکۆی تاران ئەکات.

ئەم نووسەرە، بە نووسینی وتاری زانستی ـ لێکۆڵینەوە چالاکی ئەنوێنێت و بەرهەمی لەم بوارەدا دوو کتێبە کە لە ژێر چاپدایە.

ئەییوب حەق بین

ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە گوندی «گاگل» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «مام عەبدوڵڵا» و دایکی «ئامینە خاتوون»ە.

لە تەمەنی سێ ساڵی ئەییوبدا بنەماڵەکەی بۆ کوردستانی باشوور کۆچ ئەکەن و لە شاری سلێمانی قۆناغی سەرەتایی دەست پێئەکات و ئەو قۆناغە لە سلێمانی ئەبڕێت. بە هۆی باری ئاڵۆزی ئێراقەوە ساڵی ١٩٩٢ ئەگەڕێنەوە مەریوان. دوای ئەو گەڕانەوە هەلی بۆ نەڕەخساوە درێژە بە خوێندن بدات. لە ساڵی ١٩٩٤وە بە خوێندنەوەی شێعری شاعیرانی گەورە وەک: قانع، نالی، موفتی پنجوێنی، فایەق بێکەس و پیرەمێردی نەمر خولیای هەڵبەست و هۆنینەوە ئەبێت. دواتر بە بەشداری کردن لە «کۆڕی غەریبان[1]» ئەو هەستەی گەشە ئەکات و خونچەی هەست و شێعری ئەپشکوێت و نازناوی شێعری «قەرزار»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

بە هەست کردن بە ئازارەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤ دۆستی شێعرەکانی بە دوو شێوەی کلاسیک و نوێ هەڵبەستی هەیە. دەفتەرە شێعرێکی ئامادەی چاپە.

قەرزار خۆی لە گەڵ دنیای هونەر و مۆسیقادا تێکەڵ کردووە و بە دەنگی دیوان خەم ڕەوێن و شادی هێنەری بەزم و کۆڕی دۆستانییەتی.

نموونەیەک لە شێعرەکانی قەرزار:

«دووری تۆ»

لەکام وشە پاڕێمەوە کە زۆر جوان و ڕازاوە بێ
لە بۆ مناڵە شێعرێکی شەوی دووریت کەژاوە بێ
پەنا بۆ کام ڕستە بەرم وەکوو خوێنی دڵم سوور بێ
کە بۆ تاریکی بێ تۆیی هیوایەکی پڕ لە نوور بێ
لە کام شەرابی چەند ساڵە قوم لە دوای قوم بخۆمەوە
کە ئیتر باسی تۆ نەکەم شەو و ڕۆژ لە بەرخۆمەوە

---

١. کۆڕی غەریبان، کۆمەڵێک لە شاعیران و هەڵبەست وانانی مەریوانن کە شەوانی هەینی هەر حەوتەیەک بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی شێعر و هۆنراوەکانیان لە ماڵی یەکێکیان دائەنیشن.

گوڵدانی بەر پەنجەرەکەم یەک جار باسی تۆم لەلا کرد
خۆی دا لە شیشەکەی پاڵی و گیانی خۆی هەلا هەلا کرد
سازەکەم هێند گەڕا بە ناو ئاوازی ئاڵۆز و چڕا
هەتا دوا تاڵی پرچی خۆی ڕنیو یەک لە دوای یەک چڕا
زامەکانم کرد بە مەقام لە گەڵ ئاوازێکی نەرما
بەستەڵەک بوو دام بە بولبول ئارەقی تکان لە شەرما
ئیتر هانا بۆ کێ بەرم کە باسی دووری تۆی لا کەم
کێ ماوە کە بەم دەردەوە ئەویش وەک خۆم کەلەلا کەم
ئەمڕۆ کە بۆ عالەم جەژنە و وامنیش بە خەمی تۆوە
لە دووری بەرامەی زوڵفت ئەژنۆی خەم ئەکەم بە بۆوە
«قەرزار» بەو هیوایە بژی ئەو گوێ گری ناڵەی تۆ بێ
کە ساتێ بێتە ساقیت و چاوەکانی پیاڵەی تۆ بێ

ڕەحمان ڕەحیمی

ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە گوندی «زەکریان» لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ـ ١٩٩١ لە زێدەکەی خۆی خوێندنی سەرەتایی تەواو ئەکات.

ساڵی ١٩٩٠ باوکی ماڵئاوایی لە ژیان ئەکات و ئەرکی بەخێو کردن و پەروەردەکردنی ئەکەوێتە ئەستۆی دایکێکی لێهاتوو کە لە گەڵ دوو برا و خوشکەکەیدا وەبەر خوێندنیان ئەنێرێت. لە بەر نەبوونی قووتابخانە لە گوندەکەی خۆی قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی لە دێهاتەکانی دەوروبەر مەریوان و شاری مەریوان ئەخوێنێت و لە ساڵی ١٩٩٨ دیپلۆمی بیرکاری(ریاضی ـ فیزیک) وەرئەگرێت.

ساڵی ١٩٩٩ لە تاقیکردنەوەی کنکووردا لە بەشی کان (معدن) بۆ زانکۆی کوردستان وەرئەگیریت کە دواتر لە سەر ویستی خۆی بۆ بەشی وەرزشی ئەیگۆڕێت و ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی وەرئەگرێت.

حەز و خولیای فێر بوونی زۆرتر هانی ئەدات کە لە کانیاوی زانستی زانکۆدا تینوویەتی خۆی بشکێنێ. لە هەمان ساڵدا وەک قووتابیەکی سەرکەوتوو بۆ خوێندنی ماستەری زانکۆی ڕازی کرماشان وەرئەگیرێت. ساڵی ٢٠٠٥یش ئەو قۆناغە سەرکەوتوانە ئەبڕێت. هەر لە قۆناغی ماستەردا دەست لە مل پێنووس دەکات و گۆڤارە زانستییەکانی وڵات و دەروەی وڵات ئەبڕێ و وتارەکانی لە بلاڤۆکە نێونەتەوەیەکاندا وەک: ISI و SIRCCanada «ایندکس بەوون» چاپ و بڵاو ئەکاتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ساڵی ٢٠٠٦ بە شێوەی کاتی لە بەشی وەرزشی زانکۆی کوردستاندا وانە ئەڵێتەوە. ئەم نووسەرە ئێستا ئەندامی زانستیی زانکۆی ئازادی مەهابادە و هاوکاتیش قووتابی دوکتورای بەشی فیزیۆلۆژی وەرزشی (PhD) زانکۆی گیلانە.

ڕەحمان ڕەحیمی تا ئێستا زیاتر لە پانزە وتاری لە گۆڤارە زانستییەکانی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا بە چاپ گەیاندووە و لە کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکانیشدا وتاری پێشکەش کردووە.

سەلام قادری

ساڵی ١٩٧٩ ی زایینی لە مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ساڵی ١٩٨٥ بە بۆنەی شەڕی ئێران و ئێراق و هەروەها شەڕی ناوخۆوە شار بە جێدێڵن و ئاوارە ئەبن. چوار ساڵی سەرەتایی لە دەربەدەری دا ئەخوێنێت. لە دوای تەواو بوونی شەڕ بنەماڵەکەیان بۆ شاری مەریوان ئەگەڕێتەوە و تا وەرگرتنی دیپلۆم درێژە بە خوێندن ئەدات.

بارودۆخی شەڕ و دەربەدەری و ئاوارەیی لە گەڵ لە ناو چوونی مامەیکیدا، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر دائەنێن و لە قۆناغی دواناوەندیدا پەنا بۆ نووسین ئەبات و هەر لەو سەردەمەدا یەکەم بەرهەمی خۆی شانۆنامەیەک لە ژێر کاریگەری شێعرێکی مێهدی ئەخەوانی سالس بە نێوی «مەشخەڵی کوژاوەم» ئەنووسێت.

ساڵی ٢٠٠٢ یەکەم پەرتووکی خۆی وەک کۆمەڵە شێعر لە ژێر ناوی «من برادەر خانە گومانم» چاپ و بڵاو ئەکاتەوە. ساڵی دواتر، دووهەمین بەرهەمی خۆی کۆمەڵە

شێعرێک لە ژێر ناوی «دەسە و پارە» پێشکەش بە دنیای منداڵان ئەکات. ساڵی ۲۰۱۱سێهەم بەرهەمی بە نێوی «ئینسان ناوی نەخۆشینێکی تازەیە» چاپ و بڵاو ئەکاتەوە. بە نووسینی شێعر لە گەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان وەک زرێبار، سەردەم و سیروان هاوکاری ئەکات.

لە ساڵی ۲۰۰۵ وە تا ئێستا (۲۰۱۱) چەندین شانۆنامە ئەنووسێت وەک: ئوکسیژنێک بۆ مەرگ، هیتر، لارشا، ماسی گرتن لە وشکێنیدا، ڕۆنیا و ڕەوشەنەک، مەزنوون، کە لە وانە «ئوکسیژنێک بۆ مەرگ» لە شارەکانی مەریوان و سنە و سقز و ... پیشان ئەدرێت.

وەرگێڕانی شانۆنامەگەلی «ڕۆژی نوێ، مەینەتی نوێ» و « دیسان بەزمەکەی جاران» لە نووسینی نووسەری گەورە «داریوو فۆم» بۆ سەر زمانی کوردی لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەن. ناو براو ئێستا دانیشتووی شاری مەریوانە و پیشە و کاری ئازادی هەیە.

مەستوورە خوسرەوانی

مەستوورە پاییزی وەک دەروازەی هاتنە ژوورەوەی هەواری ژیان هەڵبژارد. لە وەرزی پاییزی ساڵی۱۹۷۹ی زایینیدا ئاوایی «باشماخ»ی وەک هەوەڵین دیمەنی ژین چاو پێکەوت.

بە هۆی شەڕی ئێران وعێراقەوە هەر ساڵەی لە گوندێک خوێندوویەتی. لە ئاکامی ئاوارەیی و دەربەدەری لە گەڵ بنەماڵکەیاندا نیشتەجێی شاری مەریوان بوون. پێش دەست پێکردنی قوتابخانە لە لایەن باوکیەوە فێری نووسین و خوێندنەوە ئەبێ. بە وتەی خۆی یەکەم جار کە دەستی برد بۆ پێنووس و کتێب، ئەو کاتە بوو کە بە هۆی کارەساتێکەوە لە بنەماڵەکەیان ون ئەبێت و ئەو ماڵەی کە ئەیدۆزنەوە، یەکەم کەس بوون کە پێنووس و قامکەکانی دەستی بە یەک ئەناسێنن.

نووسین و خوێندنەوەی کوردی لە پۆلی چوارەمی دواناوەندییەوە بە نووسینی شێعرەوە دەست پێئەکات و یەکەم بەرهەمی شێعر لە ژێرناوی « فرمێسکی کانیاو» بڵاو کردووەتەوە.

مەستوورە ئێستا خوێندکاری بەشی کارگێڕی بازەرگانی زانکۆی ئازادی سنەیە و لە شاری مەریوانیش نیشتەجێیە.

عەدنان داستوار

عەدنان داستوار ساڵی ١٩٨٠ی زایینی لە گوندی «کاڵی ژوورو»ی مەریوان لە دایک بووە. باوکی عەبدوڵڵا و فەرمانبەری «دایەرەی حەج و ئەوقاف» و دایکی شنۆ خاتوونی ناوە. دوو ساڵی خوێندنی سەرەتایی بە بۆنەی ئاوارەیی و شەڕی ئێران و عێراق لە گوندی «کەڵکەجان» و درێژەی خوێندنی تا ساڵی ٢٠٠٠ لە مەریوان بووە. هەر لەو ساڵەدا لە زانکۆی پەروەردەی مامۆستایانی «تەورێز» درێژە بە خوێندن ئەدات و دوو ساڵ دواتر لە سنە بەکالۆریۆسی جۆگرافیا وەرئەگرێت و وەک مامۆستا لە ئاواییەکانی ناوچەی سەولاوادا خزمەت بە منداڵان ئەکات.

جوانی و ڕازاوەیی دەشت و کوێستانی وڵات ڕایکێشاوە بۆ پاراستنی ژینگە و لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە ئەنجومەنی سەوزی چیا خەریکی چالاکییە. ئێستەش یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری «چیا»یە. هاوکات یەکێ لە دەستەی نووسەرانی بڵاڤۆکی چیایە[1].

ئەحمەد محەممەدی

کوڕی مەجید و دایکی شەمسە خاتوونە. ساڵی ١٩٨٠ی زایینی لە ئاوایی قوڵقوڵەی مەریوان لە دایک بووە. خوێندنی لە شاری مەریوان دەست پێکردووە و هاوکات لە گەڵ خوێندنی قوتابخانە، ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی ئایینیشی لە لایەن ناوەندی گەورەی ئیسلامی (مرکز بزرگ اسلامی) سنەوە پێدراوە. لە هەمان ساڵدا بڕوانامەی مەلایەتیشی لە خزمەت مەلا محەممەدی

---

١. بڵاڤۆکی ئەنجومەنی سەوزی چیایە، کە لە لایەن ئەو ئەنجومەنەوە بە شێوی کاتی دەرئەچێ.

شێخەلئیسلامی بانەای وەرگرتووە. سەرەتا بەکالۆریۆسی ئیلاهیاتی لە کۆلێژی ئیلاهیاتی زانکۆی تاران تەواو کردووە و دواتریش هەر لەوێ پلەی ماستەری زمان و ئەدەبی عەربی بڕیوە. ماوەی پێنج ساڵ مامۆستای زمانی فارسی لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان بووە.

بە وتەی خۆی هیچ هاندەرێکی نەبووە بەڵکو هەست وحەزیکی بەرفراوانی دەروونی بە نیسبەت نووسینەوە هەبووە و ئەڵێ: «لە بواری نوسینی شێعرەکانمدا هەستێکی دەروونی هەڵقوڵانی شێعرەکانم هان ئەدات هەر بۆیە زۆرینەی شێعرکانیشم باس لە خۆشەویستی بێ بناخەم دەکەن. شایانی باسە ئەوینی ئاسمانی من و نیشتمان لە شێعرەکان و لە ژیانمدا لە کەس شاراوە نیە. نووسینەکانم بوارێکی تایبەتیان لە خۆ نەگرتووە. بەتایبەت وەرگێڕاوەکانم هەرکات کتێبێک یان نوسراوەیەکی باشم دیبێت وەرم گێڕاوەتەوە.» ئەحمەد محەممەدی هاوکاری ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبی مەریوان و ماوەیەکیش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کانونی ڤەژینی مەریوان بووە. لە گەڵ حەوتە نامەکانی سیروان، ئاویەر، سۆران و نیشتمان بە وتار هاوکاری کردووە. ئەم نووسەرە زیاتر لە دە بەرهەمی لە بواری نوسین و وەرگێڕاندا ئامادەی چاپە.

وێنەیەک لە شێعری منداڵان:

بەیانیان کاتی سەحەر
پێش ئەوەی خۆر بێتەدەر
بۆخۆم هەڵ ئەستم لە خەو
شەقێک هەڵ ئەدەم لە شەو
پشتی ڕەشی ئەشکێنم
تا ڕووناکی بنوێنم
دەس و چاوم ئەشۆرم
بەرگەکانم ئەگۆڕم
مسواک ئەدەم دەم و دیان
دڵشاد ئەکەم ڕۆح و گیان
تیروپڕ ناشتا دەخۆم
ئەوسا بۆ مەکتەب ئەڕۆم
بیرو هۆشم لە سەرە
دەرسەکانم لە بەرە
لاوێ ژیر و نەجیبم
خوا بیکات بە نەسیبم
لای مامۆستا بتوانم
پرسیارەکان بزانم

پەروەردەی قوتابخـــــانەم دوا ڕۆژی ئەم جیهـــــانەم
گرتـــومەتە نێـــو دەســـتان ئاســوی ڕوونـــی کوردســـتان

محەممەد کەریمی

حەمەی کەریمی سـاڵی ١٩٨٠ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت لـە گونـدی هەنجمـنە چاوی بە ژیـان هەڵێناوە. باوکی ئەحمەد و دایکی فەریدە خـاتوونە. قۆنـاغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی و ناوەنـدی و دوا ناوەنـدیش لە شـاری مەریـوان تەواو کـردووە. ساڵی ٢٠٠١ لە زانکـۆی تـاران بەکالۆریـۆســی ئیلاهیـات و زانـستە ئیـسلامیەکانی وەرگرتووە. ئەم نووسەرە سەبارەت بە هاندەری لە خوێندندا ئەڵێت: «لە ڕاستیدا هـیچ کەسێك هاندەری من نەبووە، بە داخەوە بە هۆی ئەو بارودۆخە ئەبستراك و جمودە فکرییە کە بە سەر گوندەکەماندا سەپابوو ـ بە داخەوە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ ـ بە هۆی باری ئـابووریی کە منـداڵان و گەنجـانی تازەپێگەیـشتووی بەرەو ئۆردوگـای کـاری زۆرەکی بۆ شارەکان ڕادەکێشن بگرە بنەماڵەکەی منیش وەکوو دیکەی خەڵکەکەیتر موخالفی خوێندن من بوون».

ئەم شاعیرە سـاڵی ٢٠١٠ یەکەم کـۆمەڵە شـێعری بە نێـوی «ئـاوابوونی ژیـان» بـڵاو کردۆتەوە.

محەممەد یەکێ لە ئەندامانی چالاکی ئەنجوومەنی پێشانگای مـاف، ئەنجـومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوان و «ئەنجومەنی زانستی ـ فەرهەنگی ڕۆنـان»ە کە چەنـدین خولی فێرکاری بۆ ئاگاکردنەوەی خەڵکی گوندەکانی سەرسنوور لە مەترسییەکانی مین لە ژێر ناوی «من و مین» و خولی فێرکاری زمانی کوردی لە مەریوان و سـەوڵاوا و گوندەکانی دەوروبەر بەڕێوە بردووە. ماوەی سێ ساڵ بەرپرسی قوتابخانەی ئـاوایی هەجمنە بووە. ئەم ڕەخنەگرە بە نوسینی وتـار و شـێعر لـە گـەڵ بڵاڤۆکەکـانی سروە، زرێبـار، ڕوانـگە، مەهابـاد، تـریفە، چیـا، ئاسـۆ، ڕۆژهەڵات، نیـشتمان و دیـارکەن دا هاوکاری کردووە.

عەدنان حەسەن پوور[۱]

ڕێکەوتی ۲۵ی مانگی یەکەمی ساڵی ۱۹۸۱ی زایینی لە مەریوان لە دایک بووە. ناوی باوکی مەحموود و ناوی دایکی ئایشێ خاتوونە. لە سەرەتاییەوە تا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی لە مەریوان خوێندوویەتی. ئەم نووسەرە هەر لە سەرەتای تەمەنی لاویەتییەوە لە گەڵ وێژەی کوردی هۆگری پەیدا ئەکات. ساڵی ۲۰۰۱ وەک یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبی مەریوان هەڵئەبژێردرێت. ئەبێتە بەرپرسی گۆڤاری «ڕەوت» کە بڵاوکراوەی ئەم ئەنجومەنە بووە. هاوکات لە بەڕێوەبەرانی وەرزنامەی ڕاڤە بووە ـ وەرزنامەی خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاران ـ ئەم نووسەرە لە چەندین کۆبوونەوە و کۆنگرەی فەرهەنگی و ئەدەبیدا، وەک کۆنگرەی بێسارانی(۱۹۹۶)، کۆنگرەی ناری(۱۹۹۸)، کۆنگرەی قانع(۲۰۰۰) و ... بەشداری چالاکانەی بووە. ساڵی ۲۰۰۴ ئەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتەنامەی ئاسۆ. عەدنان حەسەن پوور زۆر وتار و بابەتی لە گۆڤار و حەوتەنامە کوردییەکانی ئێران و کوردستانی باشووردا بڵاوکردۆتەوە. وەک کتێب پێویستە ئاماژە بکەین بە وەرگێڕانی «داهاتووی ئازادی» لە نووسینی فەرید زەکەریا، بۆ سەر زمانی کوردی کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

عیرفان حسێنی

عیرفان حسێنی، ساڵی ۱۹۸۱ی زایینی لە گەڕەکی لەیلاخی مەریوان، چاوی بەژیان هەڵێناوە. باوکی «سەید مەحێدین» و دایکی «نەهیە خاتوون»ە. بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە، خوێندنی لە قوتابخانەی ئاوایی «نێ» دەست پێکردووە و تا وەرگرتنی دیپلۆم لە مەریوان بووە. ساڵی ۲۰۰۰ لە کۆلێژی زمان و ئەدەبی عەرەبی « زانکۆی ئەراک» وەرگیراوە. بە هاوکاری چەند خوێندکارێکی تری کوردی ئەو زانکۆیە، گۆڤاری کوردی ـ فارسی «تریفە»بڵاو

۱. ئەم زانیارییە «کاک عیرفان حەسەن پوور» دەسی خستم کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

دەکەنەوە. پاش دوو ساڵ کانوونی فەرهەنگی ـ هونەری «پێنگاف»ی زانکۆی ئەراک دائەمەزرێنن. هەر وەها لە دەورانی خوێندکاریدا جگە لەو چالاکیانە، لەگەڵ گۆڤارەکانی «دریچەی حضور، نسل سوم و اهالی امروز» هاوکاری کردووە.

پاش تەواو کردنی زانکۆ گەڕاوەتەوە بۆ شاری مەریوان و دەستی لە چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی بەرنەداوە و یەکێ لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی کولتوری هونەری «ڤەژین» بووە. هەر لەو ساڵانەدا لە گەڵ کۆمەڵێک لە لاوانی ئاوایيەکانی دەوروبەری زرێبار و شاری مەریوان «ئەنجومەنی سەوزی چیا» دائەمەزرێنن. لە سەرەتای دەرچوونی بڵاڤۆکی «چیا»وە وەک دەستەی نووسەران هاوکاری کردووە.

فەریدە محەممەدی (نارین)

نازناوی ئەم شاعیرە «نارین»ە. ساڵی ١٩٨٣ی زایینی لە مەریوان لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی هەر لەو شارەدا تەواو دەکات. ساڵی ٢٠٠٤ لە بەشی هونەرەجوانەکانی زانکۆی شاری سنە دوایین خشتی خانووی خوێندنی دادەنێت.

لە دوو خولی فستیڤاڵی گەنجانی ڕۆژ ئاوای ئێران لە بەشی شێوەکاری و تەڕاحی پلەی سێهەم وەدەست دێنێت. ساڵی ٢٠٠٥ یەکەم بەرهەمی خۆی وەک کۆمەڵە شێعرێک بە زمانی فارسی، لە ژێر ناوی «سکوت خاکستری»(خامۆشیی خۆڵەمێشی) دەکاتە پێناسەی ژیانی ئەدەبی خۆی و پێدەنێتە بازنەی نووسەرانی ئەدەبیی کوردییەوە.

نارین بۆ ماوەیەک ئەندامی ڕێکخراوی ژنانی مەریوان بووە و لە بواری نووسین و وێنەگرتن چالاکی هەبووە. بۆ ماوەیەکیش مامۆستای «ناوەندی پەروەردی فکری منداڵان و مێرمنداڵان» لە سنە بووە.

ئێستاکە وەک چالاکی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ کاری نووسین و لێکۆڵینەوە دەکات و خەریکی نووسینی کۆمەڵە چیرۆکێکە لە ژێر ناوی «ژانی بوون» و هەروەها کاری وێنەکێشانیشی لە سەر تەوەری تۆلرانس لە کۆمەڵگای کوردیدا بەدەستەوەیە.

سۆران حەیدەری

لە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٨٣ی زایینی لە مەریوان لە دایک بووە. لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا تەواو کردنی دواناوەندی هەر لە مەریوان خوێندوویەتی.

لە پەنای دەرس خوێندنیدا گرینگییەکی تایبەتی بە وەرزش داوە و توانیویەتی چەندین پلەی باش لە کێبەرکێکانی وڵاتدا لە کارنامەی خۆیدا تۆمار بکات. ساڵی ٢٠٠١ بە هۆی پێشهاتێکی بنەماڵەکەیەوە دەست لە خوێندن بەرئەدات. بەڵام چەند مامۆستا و چەند هەڤاڵێکی دڵسۆزی ورەی پێئەبەخشن و لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژ دەرس خوێندن، لە تاقی کردنەوەی زانکۆی ئەو ساڵەدا لە بەشی وەرزش (تربیت بدنی) سەر ئەکەوێت. بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەچێتە زانکۆی تەورێز.

ساڵی ٢٠٠٥ بۆ خوێندنی ماستەر لە بەشی خەسارناسی و جووڵەکانی چاکسازی (آسیب شناسی و حرکات اصلاحی) بە پلەی یەکەم لە زانکۆی ڕازی کرماشان وەرئەگیرێت.

ئەم لاوە بە توانا ولێهاتووە ئەڵێ: «ئەم دوو ساڵەی دوایی خوێندنم، بە گوڕو تینێکی وەها لێبڕانەوە بوو، کە لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا چالاکی باشم نواند؛ بۆ پێشکەش کردنی وتار لە بیست و چوارەمین کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی وەرزشی بۆ بانکۆکی پایتەختی وڵاتی تایلەند بانگهێشت کرام.

ئەم نووسەرە ئێستا لە شارەکانی سنە، مەریوان، مامۆستای زانکۆ و قوتابخانەکانە. بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی ئەم نووسەرە بە هاوکاری چەند کەسێکی تر، کتێبێکە لە ژێر ناوی «دایره المعارف، اختلالات و آسیب های ورزشی» کە چاپ و بڵاو بووەتەوە.

ناسرخاوەری

کوڕی «موستەفا» و «عەینا» خاتوونە. لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی «بایەوە»ی مەریوانە بەڵام لە کاتی ئاوارەیی شەڕی نێوان ئێراق و ئێراندا، ساڵی ١٩٨٣ی زایینی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە شاری سنە چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

قۆناغەکانی خوێندنی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە بواری زانستە مرۆییەکاندا لە مەریوان خوێندوویەتی. ئەم نووسەرە یەکێ لە چالاکانی بواری فەرهەنگی مەریـوانە و وەک نووسین ئەم کتێبانەی بە زمانی فارسی لە ژێر چاپدایە:

- سیاه دانه، دانەی شفا بخش.
- سیواک از منظر اسلام و طب.
- جلوەهایی از فن بدیع در آیات قرآن.
- معجزات علمی در قرآن و سنت.
- اعجاز علمی در چند آیە ی قرآن.
- نمونە هایی از اعجاز علمی در سنت پیامبر.

هادی ڕەحمان زادە

هادی ڕەحمانزادە، ساڵی ١٩٨٣ی زایینی لە مەریوان چاوی بە ژیـــان هەڵێنـــاوە. بـــاوکی محەمـــەد ســـادق و دایکـــی «کولسوم»خاتوونە. تا وەرگرتنی دیپلۆم لە مەریوان خوێندویەتی. بەکالۆریۆسـی کتێبـداری و ڕاگـەیانـدنی لە زانکـۆی تـەورێـز وەرگرتووە و ماستەری لە بواری «پێوەندییەکان» (ارتباطـات) لـە زانکـۆی عـەللامـەی تـاران تەواو کـردووە. ئێستا، دانیـشتووی سـنە و کارمـەنـدی کتێبخانەی گشتی ناوەندی ئەو شارەیە.

چالاکییەکان:

١ـ ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان.

٢ـ ئەندامی ناوەندی زانستی ـ فەرهەنگیی ڕۆنان.

٣ـ دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان.

۴ـ بەرپرسی کومیتەی شێعری ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان.

۵ـ بەڕێوەبردنی خولی فێرکاریی زمانی کوردی لە مەریوان و زانستگاکانی ئێـران وەک مامۆستا.

۶ـ بەڕێوەبردنی خولی فێرکاریی ڕۆژنامەوانی لە ناوەندی زانستی ـ فەرهەنگی ڕۆنان.

٧ـ بەڕێوەبردنی کارگەی شێعر لە ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان.

٩ـ سەرنووسەری دووحەوتەنامەی خوێندکاریی ڕۆژەڤ، (زانکۆی تەورێز).

١٠ـ بڵاوکردنەوەی بابەتگەلی شێعر، چیرۆک، وتووێژ و لێکۆڵینەوە لە حەوتەنامەکانی سیروان، ئاسۆ، گۆڤاری سروە و زرێبار.

١١ـ بەشداری لە خولی هەشتەمی فستیڤاڵی گەلاوێژ (٢٠٠٤) لە سلێمانی و هەڵبژاردنی شێعری «نەهیچ زمانێک لەئەشقتان فێر» بۆ بەشی کێبەرکێی فستیڤاڵ و...

ئیرەج قادری

ئیرەج قادری، پانزەی سپتەمبەری ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە گەڕەکی لەیلاخی مەریوان لە دایک بووە. باوکی «حەسەن جۆشکار» و دایکی «عەینا خاتوون»ە. ساڵەکانی پێش خوێندن و قوتابخانەی بە بۆنەی شەڕی ئێراق و ئێرانەوە تەژی بووە لە گەڵ ئاوارەیی و دەربەدەری. سەرەتای ئاشنا بوونی پەنجەکانی لە گەڵ پێنووس و پیت تا وەرگرتنی دیپلۆم لە ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری مەریوان خوێندوویەتی. ساڵی ٢٠٠٢ دا لە کۆلیژی وەرزشی زانکۆی تەورێز وەرئەگیرێت. ساڵی ٢٠٠٨ لە زانکۆی ئیسفەهان ماستەری هەمان بوار تەواو ئەکات.

وەک کاری فەرهەنگی، لە گەڵ گۆڤارگەلی «بڕیار» لە تەورێز، «چیا» لە ئیسفەهان و «تریفە» لە ئەراک وتاری پێشکەش کردووە. لە کانوونی «زاگرۆس»ی تەورێز وەکوو دەستەی دامەزرێنەر چالاکی نواندووە. خۆشەویستی زێدەکەی و هەست بە پێویستی پاراستنی ژینگە، هانیداوە، بە هاوکاری ئازیزانێکی‌تر ئەو بیرۆکەیەی کە پێشتر داڕێژا بوو، بۆ دامەزراندنی بە شێوەی فەرمی هەوڵی بۆ بدەن. هەر بۆیە وەکوو ئاخرین دەستەی دامەزرێنەری فەرمی چیا هاتووەتە نێو مەیدانی چالاکی ژینگەپارێزییەوە. ئێستەش وەک دەستەی بەڕێوەبەری خولی دووەمی «ئەنجومەنی سەوزی چیا» کار ئەکات و لە دەسپێکی بڵاڤۆکی «چیا» وەک دەستەی نووسەران خەریکی چالاکیە.

شلێر زەمانی

لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە گوندی «قەڵاجێ» لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەگوندەکەی خۆی و دواناوەندیشی لە شاری مەریوان تەواو کردووە. ناوبراو توانایی خۆی بە نووسینەکانی سەردەمی خوێندنی دەرئەخات و مامۆستایانی دڵسۆزیش هانی دەدەن و ورەی پێ ئەبەخشن. لە کێبەرکێی نووسین لە ناو هاوپۆلانیدا وەک یەکەم قوتابی قوتابخانەکەی ئەناسرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە ئەکات. لە پۆلی دووهەمی دواناوەندیدا یەکەم بەرهەمی خۆی وەک کتێب لە ژێر ناوی « جوانان، چگونە و چرا؟» (لاوەکان چۆن و بۆ چی؟) بڵاو دەکاتەوە. ئێستاش کتێبێکی لە ژێر ناوی «زمانی چشمان آسمان نیز برای مان خون گریە کرد» (زەمەنێک چاوەکانی ئاسمانیش فرمێسکی خوێنینی بۆمان هەڵڕشت) ئامادەی چاپە.

کاروان شێخولئیسلامی (کارۆ)

سەرەتای هاوینی ١٩٨٤ی زایینی لە «مەریوان» لە دایک بووە. لە قۆناخی دواناوەندیدا لە خوێندن دابڕاوە و دوای ماوەیەک دابڕان چووەتە سلێمانی و لەوێ بە خوێندنی شەشەمی دوا ناوەندی، ئەم قۆناغەی تەواو کردووە. ماوەی ساڵ و نیوێک لە زانکۆی سلێمانی درێژەی بە خوێندن داوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ئێران.

ساڵی دووهەمی دواناوەندی پلەی پێنجەمی چیرۆک نووسی لە ناو بەشداربووانی هاوتەمەن لە سەرانسەری ئێران وەدەست هێناوە. ساڵی سێهەمی ناوەندی پلەی یەکەمی لە شێعردا لە نێو قوتابخانەکانی کوردستان وەرگرتووە. بە کورتە چیرۆکی «جگەرەیەک تا مەرگ» لە فستیڤاڵی نۆیەمی گەلاوێژی سلێمانی بەشداری کرد. هەر لە سلێمانی گۆڤارێکی بەناوی «تروسکەی ڕاز» دامەزراند و تا ژمارەی سێی لێ بڵاو بووەوە کە دواتر بەهۆی گەڕانەوەی بۆ ئێران درێژەی پێ نەدرا.

لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئاسۆ، هاووڵاتی، چاوەدێر و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی

دیکە هاوکاری کردووە و بابەتی بۆ نووسیون.

بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە:

١ـ «پاڕانەوەی هاوار»، کۆمەڵە شێعر.

٢ـ «دوایین ڕازەکانی ژیان»، وەرگێڕان، لە نووسینی « ئەندریۆ متیۆس» بابەتێکی دەروونناسی و کۆمەڵناسییە.

٣ـ «جگەرەیەک تا مەرگ» کۆمەڵە چیرۆک، ٢٠٠٧.

٤ـ «نامۆ و تەنیا» وەرگێڕانی ڕۆمان لە نووسینی « ژاکلین سۆزان» لە ژێر چاپ دایە.

٥ـ «شاراوەکانی شار»، « تۆ شێتی» دوو بەرهەمی کۆمەڵناسی و دەروونناسی کە بە زمانی چیرۆک و وتار لە دەستی نووسین دایە.

کەیوان جامخانە

ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە گوندی «سەڵەسی» مەریوان لە دایک بووە. باوکی «حسێن» خەڵکی ئاوایی «شاسوار» سەر بە ناوچەی سەرشیوی مەریوان و دایکی «لەیلێ» خەڵکی ئاوایی سەڵەسی یە. تا تەمەنی پێنج ساڵی، بە هۆی ئاوارە بوونەوە، لە ئاوایی‌یەکانی شاسوار و سەڵەسی ژیاوە و پاشان لە شاری مە- ریوان نیشتەجێ بووە. تا تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی لە مەریوان دەرسی خوێندووە. ساڵی ٢٠٠٤ خوێندنی زانکۆی لە سنە دەست پێ‌ئەکات و ساڵی ٢٠٠٨ لە بەشی زانستی پەروەردەدا بەکالۆریۆسی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٩ لە کێبەرکێی زانکۆدا بەشداری کردۆتەوە و هەنووکەش لە هەمان زانکۆ خەریکی خوێندنی ماستەرە لە بەشی گەڵاڵەداڕژانی پەروەردەدا. کەیوان هەست و سۆزی خۆی بە شێعر ئەهۆنێتەوە و نازناوی شێعری «زرێبار»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ئەم شاعیرە ئەڵێت: «ئەوەی کە منی بۆ لای شێعر و ئەدەبی کوردی هاندا، ملوانکەی شینی مامۆستا شەریف بوو کە بە منداڵی ئاواتم ئەخواست ڕۆژێک بە تەنیایی بیخوێنمەوە. بە ڕێکەوت ساڵی ٢٠٠٤ لە زانکۆی کوردستان چاوم بە مامۆستا شەریف کەوت. هەر ئەو ڕۆژە چوومە ماڵیان و بۆ هەمیشە لە ماڵی شێعردا بووم بە میوان. تەنیا دونیایەکی کە من ئەتوانم بە ئازادی تێیدا بژیم و خاوەنی هە-

مووشتێك بم، دنیای شێعره. دونیایه‌ك كه به زمانی دایكیم تێیدا قسه بكه‌م و هه‌موو ده‌رده‌كانمی پێ تەرخان كه‌م».

«حه‌سره‌ت»

وام له حه‌سره‌ت شه‌وگارێكا
پێكه‌نینت
وه‌ك ئاهه‌نگی بێتهۆوێنی ئه‌ڵمانیایی
ده‌ریای دڵم
خه‌و لێ بخات
په‌نجه‌كانم تا به‌یانی له ناو قژتا
سێ تارێ بێ و
تار لێ بدات
چه‌ن حه‌ز ده‌كه‌م
تابلۆیه‌كی پڕ له ڕازی ئه‌وین ده‌بووی
وه‌ك «پیكاسۆ»
هه‌ر به‌و چه‌شنه‌ی خۆم حه‌ز ده‌كه‌م
بتنه‌خشێنم
شیعرێكی تازه بوویتایه
پڕ له ماچی دڵداره‌كان
بمبه «دانته»
بمبه «گۆته»
یان به «شێركۆ»
بتخولقێنم
به‌و ئاواته‌م له خۆشترین هۆنراوه‌كانی جیهاندا
تۆ په‌یداكه‌م
به ده‌نگی«ماملێ» و «زیره‌ك»
شه‌وی ته‌نیایی بتخوێنم...

هەورامان بەهرامی

هەورامان بەهرامی لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٤ی زایینی هەورامانی تەختە. باوکی حامد خەڵکی هەورامان و دایکی خاتوو پەخشان خەڵکی هانەگەرمەڵەیە.

خوێندنی سەرەتایی لە قەڵاجێ دەست پێکردووە و دواتر لە سەوڵاوا دیپلۆمی وەرگرتووە. هەورامان ئەڵێت[١]: «هەر لە سەوڵاوا دەرگای ئەدەبی کوردیم دۆزییەوە و بۆیە هەتا هەتایە دەستی مەنسوور ڕەحمانی ماچ ئەکەم کە فێری زمانەکەمی کردم».

ساڵی ٢٠٠٣ لە بەشی کارناسی زانستی پەروەردە لە زانکۆی کوردستان وەرئەگیرێت. ئەم شاعیرە یەکێ لە دامەزرێنەرانی «بنکەی ئەهورا»ی زانکۆی کوردستان بوو و یەکەم ژمارەی گۆڤاری «ئەهوورا»ی لەو زانکۆیەدا بڵاو کردۆتەوە.

لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ دا، دەبیری «بنکەی شێعرو ئەدەب»ی زانکۆی کوردستان و سەرنووسەر گۆڤاری «ساماڵ» بووە. ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی چەندین کۆنفراس و کۆبوونەوە ی بووە، بۆ وێنە: کۆنگرەی سیاوچەمانە، کۆنگرەی هەڵەبجە و کۆڕی ڕێزلێنان لە شاعیران و هونەرمەندانی وەک گۆران، شەریف حسێن پەنایی، جەلال مەلەکشا، عەباس کەمەندی، مەزهەرخالقی، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا.

هەورامان چەندین شیعری لە گۆڤارە کوردیەکاندا بڵاوکراوەتەوە. کۆمەڵە وتارەکانی یەکەمین کۆنگرەی وێژەی کوردی زانکۆی کوردستان، لەو ناو براوەوە بڵاوبۆتەوە و ئێستاش وەرگێڕانی کتێبی «ڕێزمانی کوردی هەورامی» لەبەر دەستدایە.

تۆ نازانی..!
سێبەرت دیوە
هەر چی جەستەیە حاشای لێبکات؟!
سێبەرێ ،
هیچی لە خۆت نەچێت و

---

١. وتوویژ لە گەڵ نووسەر.

تەمەنێک بە جەستەتەوە شۆڕ بێت؟!
سێبەرێ،
هیچ هەتاوێ نەیشواتەوە؟!
سێبەرێکی یاخی،
یاخی لە خۆت.!
کە دا ئەنیشم، ئەفڕێت!
کە ئەفڕم، ئەنوێت!
کە ئەگریم،
قاقای پێکەنینی وەڕزم کات!
من تەنیام و لە سووچی ژوورەکەم
مەرگ بەدوای دەرفەتێ ئەگەڕێ، پەلامارم بدا؛
کەچی سێبەری یاخیم لە گەڵ پۆلێ کچا
وانەی دڵداری لە بەر ئەکەن!
جەستەی بریناوی من،کفر دەرئەدا و
ئەو نوێژی شوکر سەر ئەدا!
زۆر جار لێم ئەشێوێت
من، ئەوم؛ یا
ئەو، منە؟!
تۆ نازانی!
گرفتاری ئایەندەیەکم کە پڕە لە
تابلۆی تاپۆی زامی ڕابردوو و
برینێک کە گرفتارە لە لەشما و
جەستەیێ لە گۆڕستانی باران□!

خەدیجە جەهانی

بەهاری ساڵی ١٩٨٥ی زایینی لە گوندی بەرقەڵا لە دایک بووە. کچی کاک فەرەج و خاتوو فاتمەیە.

خوێندنی سەرەتایی هەر لە ئاواییەکەی خۆیان دەست پێکردوو و قۆناغی دواناوەندیشی لە مەریوان تێپەڕاند. بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕۆیشتە سنە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی فارسی لە زانکۆی کوردستان وەرگرت. لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە دەستی داوەتە پێنووس و بە نووسینی شێعر لە گەڵ حەوتەنامەی سیروان و گۆڤارە کوردییەکانی زانکۆی کوردستان، وەک: ئەهوورا، ساماڵ و هەژان هاوکاری کردووە. ئەم نووسەرە لە ئەندامانی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبی مەریوانە و کۆمەڵە شێعرێکی ئامادەی چاپە.

بەشێک لە شێعری «ڕۆژ نییە زەوی لە دەورم نەگەڕێ»

گەنمە تاوانم!
جانتای بەفرین شۆڕە بۆ شار
خۆر پرووکا
لە دەوری باوکم گەڕێم
بە باڵی کۆتر ڕیازیترا!
تەرازم کە لە بیابان
چاو شانامە!
بەرد لە سەردەنگم بەن ـ نابێ
داسەنیگا کوڵەو ناتگا:
«بۆچی هێشتت خۆشم بوێ
کە ئەتزانی ڕۆژێک بە جێم دێڵی و
[دەڕۆی...!»
بڕیار تیراژی نەماوە
لە چاپت ـ ئەدەم
مافە چاپی لە زیندانە

ئیتر نەفەر نیم
نفرینم...!

شنۆ جەوانڕوودی

ئەم نووسەرە لە مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. وەک خۆی ئەڵێت کچی یاقووت خاتوونە و ناوی باوکی محەممەدە.

شنۆی جەوانڕوودی لە زمانی خۆیەوە بناسین: «بە پێی ناسنامەکەم، ئەڵێن، بیستی فیبرییەی ساڵی ١٩٨٥ لە دایک بووم. بەڵام تا ئێستەش بڕوام نەکردووە لە دایک بووبم. لە مەریوان ژیاوم و حەوت ساڵان بووم کە سەربەستی دەورانی منداڵیم گۆڕییەوە بە قوتابخانەی سەرەتایی «ئازادی». ئێستە کە لە زانکۆی «پەیام نوور»ی مەریوان ماف ئەخوێنم، هەر نازانم بۆ بە منالی ئەوەندەم حەز لە خوێندن و ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە بوو؟!

نۆ ساڵم بوو لە حەوشەکەمان لە تەنیشت دار گێلاسێکدا، بە تەواوەتی لەش و گیانم، هەستم کرد ئەشێ بە باڵای بەهاردا بخوێنم. بەڵام تەنانەت یەک وشەم بۆ نەوترا ... ساڵێکیان دوو لاپەڕەم لە سەر ناوی «کەس لە گوڵ نەبێزراوە» ڕەش کردەوە ئەمجا تەلیسمی نووسینم شکاند. پێش ئەوەی ئەنجومەنی ئەدەبی بناسم و لە وێ ببمە ئەندام، لای مامۆستای بەڕێزم «کاک لوقمان پیرخزرانیان» فێری چێژی وێنەکێشان بووم. پاشان بە پێشوازی دڵسۆزانەی هاوڕێیانی ئەنجومەنی ئەدەبییەوە دەستم بە هەوڵدان کرد بۆ نووسین. لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە لە ئێوارە شێعرەکانی ئەنجومەندا بەشداریم کردووە. هەروەها بە هاوکاری چەند هاوڕێی شاعیر و هەستیار، یەک لەوان کاک ڕەئووف مەحموودپوور، چەند ژمارەیەکی بڵاڤۆکی «باران»مان لە ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشیی مەریوان (بۆ یەکەم جار بە کوردی و فارسی) باراند. لە گەڵ گۆڤاری سروەدا هاوکاریم کردووە و کۆمەڵە شێعرێکم ئامادەی بڵاو کردنەوەیە».

کێ سەیرمەکا؟
دەستم زۆر ئەکات و نایەت
تازە شۆردوومە پارەکە

گوێم ئەڵێم دوکتورا!
بینووسە!
نەهاتم بۆ بنووسە یان
بیخۆمەوە؟
سەرجەم دەسمان زۆرشت ئەکات
بەدەم پێوە
جا بمپێوە
ئەو ڕێگایە لە بەرم کردووە ڕەوان
کێ سەیرمەکا؟
هەرا دەی، ڕووت نیم
دوکتور گیان
تۆ گوێ مەدە!
بەم دەنگیشە
بە دەم ـ با ـ وە بەدەس بیگرە
بەدەس بینێرە
بینێژە
گوێ مەدە دوکتور
بە منیش
تەنیا وریای کەم خەوی بە
کە ئەشۆریەت
قەیناکا تازە شۆردووتە
پارەکە بۆم
بینووسە بۆم
کێ سەیرمەکا؟
ون بوونی نییە ئەم ڕێگا
حەب و حوبی دەستەکانم بۆ بنوێنە
ڕەوانم کاوەی پێویستە

جەستەم
زەحاکە دوکتور گیان!
سەیرێکی نەکراوەیە
کچ

شنۆ ڕەحیمی

ساڵی ١٩٨٥زایینی لە گوندی «چەشمیەر» لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی چاوی بە ژیان هەڵێناوە، باوکی مامۆستا عەبدوڵلا و دایکی ئامینە خاتوونە. سەرەتای ئاشنا بوونی قامکەکانی لە گەڵ پێنووس ئەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی زێدەکەی و تا تەواو کردنە قۆناغی ناوەندی هەر لەوێ ئەمێنێتەوە. درێژەی خوێندنی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە «سەولاوا» ئە بێت. ساڵی ٢٠٠٨ بەکالۆریۆسی ئەدەبی فارسی لە زانکۆی پەیام نووری مەریوان وەرگرتووە. شنۆ خاتوون یەکێ لە چالاکی بواری ئەدەبیـە و بە کوردی(شێوەزاری هەورامی) شێعر ئەهۆنێتەوە. لە گەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەگەلی سیروان، دیدگاه، مەهاباد، نەوشەفەق، ڕاسان و ئەهوورا بە شێعر هاوکاری کردووە.

«گێڵەوە»

وێرەگایە سەرد
گێڵەوە
شێعرەم مەیۆ پیرایتوە
بۆ بە واران پەی پیاسەو وێرەگاکات
بۆ بە نەرگس
گێڵەوە
شێعرەم کەروو بە هەوارت
کێنی
تۆ کێنی

بیەیت
«تابلۆ پەنجەو مانگێن
ویالۆنوو وارانێوە نەشمیلانەین
لەنجەو لاروو سەرزەمینین»
نەویەیت
سەرئێشەو شۆنی گرەوای
بێ وەرمی نیمە شەوین
گێڵەوە
دڵم بە تۆ دان
سەرەم پەی کۆمنایرە
پەی وەشیت دوعام کەردە
گێڵەوە
با واچوو
وەشەویسیچ بێخەش هەنە!!

محەممەد ناسری

ساڵی ١٩٨٥ی زایینیی لە گوندی «بناوەچڵە» مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی تۆفێق و دایکی کولسووم خاتوونە. بەڵگەنامەی کاردانی زانستە تاقیکاریەکانی لە زانستگای سنەدا وەرگرتوە.

هەر لە سەردەمی خوێندنی ناوەندییەوە حەزی لە فێربوون و خوێندن بە زمانی کوردی بووە. خوێندنەوەی کتێبی «چێشتی مجێور»ی مامۆستا هەژار لە کاتێکدا کە هێشتا کوردی نەزانیوە هاندەری سەرەکی ئەو، بۆ فێربوونی کوردی بووە.

ماوەی دوو ساڵ لە ناوەندی فەرهەنگی ئەدەبی ڕێباز لە زانستگای سنەدا چالاکی نواندوە. ئێستاش خەریکی خوێندنی بەکالۆریۆسی ئەندازیارییە.

وەرگێڕان:

١- کاریگەریی، تێکەڵی و خۆیی بوون لە دە خولەکدا.
٢- بیرەوەریەکانی بێنەزیر بووتۆ
٣- لە دە حەفتەدا جوان ببنەوە
٤- وەرگێڕانی چەندین بەرهەم لە بواری ئەدەبی منداڵاندا لە فارسیەوە بۆ کوردی و...

سورەیا ئەمینی

سورەیا ئەمینی کچی محەممەد، لە دایک بووی ساڵی ١٩٨٦زایینییە. بەڵام بە ڕای خۆی ئەوکاتە لە دایک بووە کە پێنووسەکەی لە سەر شەقامی پەمەیی کاغەزەکان پیاسەیان کرد. لە منداڵییەوە حەزی لە شێعر و شێعرنووسین کردووە.

هەوەڵین کتێبی شێعری بە ناوی «ڤیان» لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاو بووەوە کە دەسکەوتی شێعرەکانی تەمەنی پانزە تا حەڤدە ساڵی بووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ هەوەڵین شێعری بە ناوی دڵنیا کە پێشکەشی کردبوو بە پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی «پیام مردم» بڵاو بووەوە. سورەیا ئەمینی لە گەڵ چاپەمەنی گەلێکی وەک سیروان، ئاسۆشدا بە شێعر و وتار هاوکاری کردووە. ئەم نووسەرە ئێستا دانیشتووی مەریوانە.

عەدنان بادزۆهرە

ساڵی ١٩٨٧ی زایینی لە سەردەمی شەڕی ماڵ وێران کەری ئێران وئێراق لە بنەماڵەیەکی دەست کورت و قەرەباڵغ لە گوندی «باخان» لە دایک بووە. تا وەرگرتنی دیپلۆم لە قووتابخانەکانی شاری مەریوان درێژە بە خوێندن ئەدات.

بە وتەی خۆی: «کتێبی نووسەرە گەورەکان و ڕۆمان لە گێژاوی خۆیاندا نووقمیان کردم.»

لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە دەس بە نووسین ئەکات و چیرۆکێکی درێژ بە ناوی بە زندگی برگردیم (بگەڕێینەوە بۆ ژیان) چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

ناوبراو دووهەم بەرهەمی خۆی لە ژێر ناوی «چاوانی سپی ژنە پیانیست» ئامادە

دەکات کە ئیجازەی بڵاو بوونەوەی پێنادرێت. ئەمە کاردانەوەی نگەتیڤی لە سەر دائەنێ و بۆ ماوەیەک پێنووس دائەنێت و دەست لە سەردەست چەند جارێک تا سنووری خۆکوشتن پێش ئەچێ. دواتر ڕانەچڵەکێت و کتێبێکی تر لە ژێرناوی «وقتی فرشته ها گریه می کنند» ئەنووسێ کە ئێستا ئەویش لە بەردەست خوێنەراندایە. بادزۆهرە پیشەی شیرینی فرۆشی هەیە و ئێستا لە شاری مەریوان دائەنیشێ.

هانا سەیفی

لە وەرزی زستانی ساڵی ۱۹۸۸ی زایینی لە مەریوان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. قۆناغی سەرەتایی تا دیپلۆم لە مەریوان تەواو ئەکات و فەوق دیپلۆم لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆی هەمەدان وەر ئەگرێت.

سەرەتای نووسینی ئەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندی. ساڵی ۲۰۰۲ یەکەمین کۆمەڵە شێعری کە تێکەڵاو بووە لە گەڵ بیرێکی قووڵی ئەویندارانە، لە ژێر ناوی «ارزانی چشمان تو» بە دوو زمانی کوردی و فارسی چاپ و بڵاو ئەکاتەوە.

ساڵی ۲۰۰۳ بیر و بۆچوونەکانی ژیانی ئەگۆڕێت و زمانی نوێ بۆ شێعرەکانی هەڵ ئەبژێرێت و لە چەندین مێهرەجانی شێعری قوتابیاندا لە شارەکانی سنە و هەمەدان بەشداری ئەکات و خەڵاتی پێ ئەبەخشرێ.

هانا ئێستا خەریکی وەرگێڕانی کۆمەڵە شێعری «قەڵا»ی جوانەمەرگ «ژیلای حسێنی» بۆ سەر زمانی فارسییە.

غەزاڵ کەریمی

غەزاڵ ساڵی ۱۹۹۰ی زایینی لە گوندی« قەڵاگا» لە بنماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. کچی« علی» و «مریەم» خاتوونە.

لە دوای شەش ساڵ تێپەڕ بوون بە سەر ژیانیدا، باوکی ماڵ

ئاوایی لە ژیان ئەکات و ئەرکی بە خێو کردنی ئەکەوێتە ئەستۆی دایکێکی لێهاتوو و برایەکی ئەمەک ناس.

تا کۆتایی دواناوەندی قۆناغەکانی خوێندنی لە زێدەکەی خۆی و شاری سەولاوا بڕیوە. شێعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو، شاملو، هێمن و هەژار ئەبن بە هاندەری بۆ دنیای شێعر و نووسین. ساڵی ٢٠٠٥ دەست لە مل پێنووس ئەکات و شێعرەکانی ئەکات بە دەستپێکی کرانەوەی قوتابخانە و زاخاودانی مێشکی هاوپۆلەکانی. بەری ڕەنجی ئەم کچە شاعیرە، کۆمەڵە شێعرێکە کە هێشتا چاپ و بڵاو نەبۆتەوە.

خوشکی ڕوخاو
تەرمی سووتاو
قەد نەبینراو
وای لە نێو تاوانی بێبەشیدا
لێت دەڕژێت مەینەتی لە دایک بوونت
گوناهت بوونی قژی درێژ و جلی نەبینراوتە
کەی دڵت شەقی برد توانی تاوان باران لە بن بێنیت
ئاگادار بە و خۆت مەخە نێو ئەو خەڵووزەی بۆت گەش کراوە
با ڕووناکی نەدات لە سەر جلی زەرقاویاندا
سارێژ بووە زامەکانیان کاتێ تۆیان ئاوا بینی
هەستانەوە بۆ بیسمیللا و بۆ هەڵپەڕکێ
پێشکەشکە پێیان حەیا و ئابڕو و نامووس
پێت ناکرێ پێکەنینی هیچ سووتاوێک

هەیاس غەریبی

لە وەرزی زستانی ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە هەورامانی تەخت مەکۆی ئەدیبان و خواناسان، لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ئەدەب دۆست و دەست کورت چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «جەمال» و دایکی «نەزیرە»خاتوونە. لە سەرەتای منداڵییەوە شێعری شاعیرانی پایەبەرزی هەورامان لە لایەن باوکیەوە بۆی ئەخوێنرێتەوە و ئەبێ بە هەوێنی شێعر و هۆنینەوە لە بیر و هزریدا. بە دەسپێکردنی خوێندنی سەرەتایی و ئاشنا بوون لە گەڵ پیتەکاندا، یەکەم هۆنراوەی بەبۆنەی «حەوتووی مامۆستا»وە، ئەهۆنێتەوە و مامۆستایانی دڵسۆزی قوتابخانەکەی ئەو بەهرەیەی تێدا ئەبینن و زۆرتر هانی ئەدەن. ئاشنا بوون لە گەڵ هۆنەران و هەڵبەستوانانی تر لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کاریگەری ئەرێنی لە سەردائینێت و زۆرتر ڕوو لە دنیای شێعر دەکات. لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئایینیەکاندا دەر ئەکەوێت و سەرنجی جەماوەر بۆ هۆنراوەکانی ڕائەکێشێ و پێگەی خۆی لە نێو هەڵبەستوانانی هاوچەرخدا ئەدۆزێتەوە و نازناوی «غەریبی» بۆ هۆنراوەکانی هەڵئەبژێرێت.

لە دوای تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی بە شێوەی ڕەسمی واز لە خوێندنی قوتابخانە دێنێت و ڕو لە حوجرە و مزگەوت دەکات. بە وتەی خۆی: هۆکاری سەرکی لە ڕۆیشتن بۆ حوجرە ئەوە بوو کە، هەستی ناسک و هۆنراوەی هەست بزوێنی شاعیرانی پێشترم بە ئاشنا بوون لە گەڵ بنەما ئایینیەکان و زمانی عەرەبی ئەزانی، هەر بۆیە بە شێوەی ئازادیش درێژەم بە خوێندنی قوتابخانە داوە.

ئەم شاعیرە لاوە لە گەڵ هۆنینەوەی شێعر و هەڵبەستدا، خەریکی کۆکردنەوەی پەندی پێشینیانی دەڤەری هەورامان و چیرۆکی ئەفسانەیی و وشە ڕەسەنەکانی هەورامییە.

لە پێناسەی نەتەوەکەیدا ئەڵێ: «ئێمە ئەو کەسەین کە فەرهەنگ و تۆرەمان پێناسەمان ئەکات».

«ئەشقی پاک»

عەیبەن ئەشقی وێت بزانی بە پاک
وێنەش نەوانی تۆ نە سەر رووی خاک
هەر ڕۆ ئینتیزار تازە یاریٚ بی
چی حاڵەت هەر شەو تا نەهاریٚ بی
ئەشقش مەزانە مەردی بیٚ چارە!
ئەسیری دەستی نەفسی ئەمارە
چوون ئەگەر خودای ئەی پەنی وڵات
نێعمەتی ئەشقش کەردێنی خەڵات
وێنەی فەرهاد و مەجنوون بیٚ کارت
شیرینیٚ لەیلیٚ کەرێنی یارت
«غەریبی» دڵ پڕ نارەکەی ئەوسان
ئەشقش هەر ئەشقی یارەکەی ئەوسان

«قەدیم یانەی دڵ»

بازە دڵ پەرێت هەر وێرانە بۆ — با هەر تەشریفت لای بێگانە بۆ
ئەر بە ناوەشیەم کەیفوو تۆ سازا — زانە نازەنین وەشیم ئانە بۆ!
پەروا نەدارۆ! دڵەی بیٚ کەیفم — هەتا تۆ شەم بی هەر پەروانە بۆ
دووری مەتاوۆ کەم کەرۆ مەیلت — تۆ هەر نەدڵنی تا زەمانە بۆ
مەبرۆ تەماعت دیدەی بیٚ شەوقم — ئەر سەد کە گۆشم پڕ جە تانە بۆ
ئەر قابل زانی تاکە ڕۆی مەردەن — دڵەی «غەریبی» قەدیم یانەی بۆ

شەوبا ڕەحیمی

ساڵی ١٩٩٢ی زایینی لە گوندی «قەڵاگا» چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی «مامۆستا لەتیف» و دایکی «مریەم» خاتوونە.

سەرەتای ئاشنا بوونی لە گەڵ دێڕ و وشە ئەگەڕێتەوە بۆ

قوتابخانە زێدەکەی. وەک قوتابیەکی چالاک و لێهاتوو بوارەکانی خوێندن لە قەڵاگا و قەڵاجێ تا قۆناغی دواناوەندی بڕیوە.

زۆر زوو لە قۆناغی ناوەندیدا بە بیستنی شێعرەکانی شاملوو، شێرکۆ، سۆهراب، سوارە و شەفێعی کەدکەنی، لەگەڵ دنیای شێعر و ئەدەبیاتدا ئاشنا ئەبێت. ئەم کچە شاعیرە هەستی خۆی و ژانی کۆمەڵگای بە شێعر ئەهۆنێتەوە و بەری ڕەنجی لە بواری شێعردا، کۆمەڵەشێعرێکە کە هێشتا بۆی نەلواوە چاپ و بڵاوی بکاتەوە.

وەک داکەوتنی ڕەشی خۆم بۆ نێو سکی دایکم تووڕەم لە بوونم لێرەدا
ماندووم لە تەواوی تراژیدیاکانی عەشق
دڵ پڕ لە زوخم بۆ خوێنی ڕژاوی وڵات
بۆ ئێوارە بەرتەنگەکانی ئێوارەکەی و هەموو ئەو بەهارانەی
کە چاو لە دوای هەنارە سوورەکەی ئازادی بە جێی ئەسرین
چاو پڕ لە خوێن چاویان نووقاند
تاق تاق کەرەش لە سەردەمەکانی خوێندن دایە
وەلێ من نازانم گوایە ئێوەش نازانن
کە زاقی کام خۆشی و کام بەهارە
کە لە زستان هەنک هەنک خۆی گەیاندە ئەم خوێنستانە
ئاخ هێدی هێدی گیانم بەردا، گیانم کێشرا، گیانمان کێشراو بەردەوام هەر ئەکێشرێت.
وەلێ بۆچی چوونکە شەوێک شەربەتی نێو دەماری تۆ بووە شەوچەرەم
چوونکە شەوێک سەربڕینی وڵات کەلەپاچە بوو بۆ بەردڵی بەیانی
چوونکە جێگای مەحاکەمە تەجاوزێک بوو
چوونکە هەموو خەونەکانتان دادڕی لە چاوانمانەوە
نازانم بەختی کام ڕۆخانە سوور بووە کە ئێمەی بەرکەوت
ئاگرەی کام بێستان بوو؟ قیژەی کام جووخە گا بوو؟
وادەی لە سێدارەدان کام دەمەو بەیان بوو؟
یان شڵپ و هۆڕی کام شەپۆلە مەرگ بوو؟

نا ئەمە گوناحی من نیە دایە کە کەڵەکی چوار چێوەی کچ بوونم گەز بە گەز
هەریەک جارە هاڕەی ڕووخانی لێوە هات
نا ئەمە تاوانی من نیە کە ئێشی ژن بوون تا ئاکامی هەڵجولانی هەناسەم لە گەڵایە
نا ئێمە قەت خوازیاری سەربڕینی دارسنۆبەر و پێشێل کردنی
قوڵینە زەیتوونەکان لە ژێر ساباتی عەشقدا نەبووین
ئیدی دەستم بەردەن ئەی خەونە زڕەکانی پڕ لە تەلیسمی کاڵی ساتەکان لێرە
کەس فریادڕەسی هاوارەکان نیە
من تا ئێستا بۆ کێ دەدوێم

سەرچاوەکان

- بنەماڵەی زانیاران، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس
- تاریخ مشاهیر کرد، بابا مەردۆخ ڕۆحانی
- دانشمندان کرد در خدمت علم و دین، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، وەرگێڕاوی ئەحمەد حەواری نەسەب
- تاریخ مەردۆخ، شێخ محەممەد مەردۆخ کوردستانی
- بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی ۱و۲و۳و۴و۵و۶و۷و۸، مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداخی
- ئالبۆمی کەشکۆل، مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداخی
- سەدەیەک تەمەنی نوورین، عبدلداییم مەعروف هەورامانی
- شاعران کورد پارسی گویی، سەید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی
- خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب، ڕەئووف مەحموود پوور
- پەراوێزێک لە سەر ژیانی مەلا خزر ڕووار، جەمیل فارۆقی
- دیوانی مامۆستا قانع
- دیوانی مدرس کردستانی
- دیوانی صیدی، محەممەد ئەمین کاردۆخی
- باخچەی کوردستان، بەندی دووهەم لە دیوانی قانع
- یادی شاعیرانی کورد، حامد حیسامی
- چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی
- نورالانوار، سەید عەبدولسەمەد تواری
- چەمکێک لە مێژووی مەریوان و هەورامان، حەمەی مەلا کەریم
- دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی، ئەحمەد نەزیری
- مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی ۱و۲، سدیق بۆرەکەی
- دیمانەی نووسەر لەگەڵ شاعیران و نووسەران یان بنەماڵەی ئەو بەڕێزانەی کە کۆچی دواییان کردووە.

پێڕستی ناوەکان

ئازاد ڕۆستەمی، ١٣، ٢٢٣

ئەحمەد محەممەدی، ٢٩٠

ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، ٢٠٤

ئیبراهیم مەردۆخی، ١٤٢

ئیبراهیم غەریبی، ١٢٧

ئیبراهیم مینویی، ٢٤٥

ئیرەج قادری، ٢٩٧

ئیسماعیل مەحموودی، ١٦٩

ئەحمەد بەگ کۆماسی، ٤٠

ئەحمەد بەهرامی، ١٦٧، ٢٥٣

ئەحمەد ڕۆستەمی، ١٥١، ٢٧٢

ئەحمەد قازی زادە، ١٥٣

ئەحمەد کۆنە پۆشی، ٢٠٢

ئەحمەد محەمەدی، ١٢٣، ١٢٤

ئەحمەد نەزیری، ١٣٩

ئەرسەلان عەزیزی، ١٩٩

ئەسکەندەر مورادی، ٢٨٥

ئەمجەد مەلایی، ٢٤٢

ئەمین عەزیزی، ١٩٠

ئەنوەر ڕەوشەن، ١٨١، ١٩٦، ١٩٧، ٢٢١

ئەنوەر لهۆنیان، ١٣٤

ئەنوەر هوژەبری، ٢٤٤

ئەییوب حەق بین، ٢٨٦

باقی سەفاری، ١٨٢

بێهزاد کوردستانی، ٢٢١
بەختیار کەریمی، ٢٦٣
پژمان حەبیبی، ٢٣٧
پیر ناری هەورامی، ٣١
پیر یۆنس هەنجیران، ٢٨
پیرشالیاری دووهەم، ٢٦
پیرشالیاری یەکەم، ٢٥
پەرویز رۆستەمی، ٢٦٧
تایەر بەهجەت مەریوانی، ٧٦
تۆفیق موورادی (رێبوار هەجمنەیی)، ٢٨٠
جەلال سەعیدزادە، ٢٠٥
جەلیل عەباسی (قەقنەس)، ١٩٤
جەمال ئیمانی، ٢٣١
جەمال محەممەدی، ٢٦٥
جەماڵ ئێرانی، ١٩٠
جەمیل فارۆقی، ٢٥٧
حاجی سەیید بابەشێخ ئەڵمانە، ٥٧
حاجی سەیید حەسەن چۆڕی، ٤٢
حاجی شێخ عەبدوڵڵای نێزڵ، ٥٩
حاجی مەلا عەزیز، ٥٠
حامد کۆنە پۆشی، ٢٨٢
حامید بەهرامی، ٢٥٣
حسەین فداکار، ١٨٣
حسەین زاهدی، ٨٩
حەمزە محەممەدی، ٢٥٦، ٢٥٩
حەمیدە خالدی، ١٣٦
حەمە عەلی رەحیم پوور، ١٠٠
خاتو خۆرشید مەریوانی، ٥٩
خەدیجە جەهانی، ٣٠٣

خەیاڵی، ٣٤، ٥١، ١٨١، ٢٢٥
د. ئومید وەرزەندە، ٢٢٨
د.رەحمەت سادقی، ٢٦٤
دوکتور عەبدوڵڵا، ١٠٩
دوڕی مەریوانی، ٩٠
رزگار عەلایی، ٢٦٠
رەحمان رەحیمی، ٢٨٧
رەحمان هوشیاری، ٢٤٥
رەووف رەهنموون، ٢١٨
رەووف مەحموودپوور، ٢٠٠، ٢٠١
زاهید بارخدا، ٢٧٥
سابیر سەعیدی، ١٧٩
ساڵح حەبیبی، ١٩٩
سوبحان ئەمینی، ٢١٢
سورەیا ئەمینی، ٣٠٨
سۆران حەیدەری، ٢٩٥
سەدیق مەحموودی، ٢٢٩
سەعدوڵڵا خەدیری، ٩٨
سەعید ئەکبەری، ٢٣٠
سەلام قادری، ٢٨٨
سەمیرە نەقشبەندی، ٢٢٧
سەید عەتای چۆڕی، ٧٨، ٢٧٢
سەیید ئیسماعیل حسەینی، ١٧٥
سەیید ئەحمەد حسەینی (دڵپڕ)، ١٨٦
سەیید باباشێخ حسەینی، ١٦٨
سەیید دارا حسەینی، ٢١٧
سەیید رەووف حسەینی، ١١٨
سەیید عەبدوڵڵا چۆڕی، ٧٤
سەیید عەبدوڵڵا حسەینی، ١٦٢، ١٦٣

سەيید محەمەد موسەنیفی، ١١٠
سەيید محەمەد زاهید، ٢٥
شلێر زەمانی، ٢٩٨
شنۆ جەوانڕوودی، ٣٠٤
شنۆ ڕەحیمی، ٣٠٦
شێخ ئیبراهیم شارانی، ٣٦
شێخ ئیبراهیم هەورامانی، ٣٥
شێخ ئەحمەد مەردۆخی (شەپۆل)، ١١٦
شێخ جەلال فاروقی، ٩٦
شێخ حەمەمارف حەسەنی، ١٠٢
شێخ رەزا موعینەدین کاکۆزەکریایی، ٣٣
شێخ سەعید دۆڵاشی، ٤٢
شێخ شەهابەدین کاکۆزەکریایی، ٣٣
شێخ عوسمان دووڕۆ، ٦١
شێخ عەبدولڕەحمان جانەوەرە، ٢٩
شێخ عەبدولڕەحمان روکنەدین کاکۆزەکریایی، ٢٥
شێخ عەزیز جانەوەرە، ٣٠
شێخ محەمەد (مەلا ئابی)، ٥٨
شێخ محەمەد حەسەن مەزهەری، ٦٢
شێخ محەمەد خەڵووزە (حەسرەت)، ٦٨
شێخ نێعمەت وڵڵا کاکۆزەکریای(یەکەم)، ٢٦
شێخ نێعمەتوڵڵا کاکۆزەکریایی(دووهەم)، ٢٧
شێخ نەجمەدین مەردۆخی، ٨٦
شێخ ڕەشید حسەینی، ١١١
شەریف مورادی، ٢٨٢
شەمسەدین فەتاحی (دواکەوتوو)، ١٥٥
شەوبا ڕەحیمی، ٣١٢
شەهین محەمەدی، ٢٢٦
عادڵ محەمەدپوور، ١٨٠

عبدوالرەحمان رەحیمی نیا، ٢٦٢
عەدنان داستوار، ٢٩٠
عوسمان ئەشکاوەند (جێماو)، ١٧٨
عومەر ئەفسەری، ٢٠٧
عیرفان حسەینی، ٢٩٣
عیسا ئەحمەد زادە، ١٦٨
عەبدولمەجید خۆرمێهر، ٢٠٢
عەبدوڵلا ئازەری دوخت، ٢٧٨
عەبدوڵلا ئەقدەسی، ٩٧
عەبدوڵلا بەگی هەورامی، ٥٣
عەبدوڵلا رەحیمی، ١٨٨
عەبدوڵلا نیکخواه (سەفایی)، ١٦٣
عەدنان بادزۆهرە، ٣٠٨
عەدنان حەسەن پوور، ٢٩٣
عەزیز ناسری، ٢٢٤
عەلی دڵاویز، ٢٥٥، ٢٥٦
عەلی مەحموودی، ١٩٥
غەزاڵ کەریمی، ٣٠٩
غەفوور(فەرەیدوون) بەهرامی، ١٨٤
فاتح شێخەلئیسلامی (چاوە)، ١٢٨
فاتێح ئەرژەنگی (تینوو)، ٢٣٩
فاتێح بادپەروا، ٢٣٢
فاتێح رەحیمی، ١٩٢
فاتێح وەیسی، ١٨٥
فازڵ کاکۆزەکریایی، ٣٢
فایەق باتەش، ١٩٦
فریشتە عەلەویی (دایکی سەلام)، ١٦٦
فەرید پەروازە، ٢٧٩
فەرید نیکخا، ٢٤٦

فەریدە محەمەدی (نارین)، ٢٩٤
فەرەج وڵڵا زەکی مەریوانی، ٥٧
قادر ئەحمەدی، ٢٣٣
قادر سەڵەسیی، ٧٣
کابل مەریوانی، ٣١
کاروان شیخولئیسلامی (کارۆ)، ٢٩٨
کافیە جەوانڕوودی، ٢٤٧
کاک حەمەی بێلو(ناری)، ٥٠
کامیل سەفەریان، ٢٣٤
کاوە موعین فەر، ٢٤٩
کاوە دەستوورە، ٢٦٦
کولسووم عوسمانپوور، ٢١٥
کوورش ئەمینی، ٢٦٧
کوێستان یەزدان پەرەست، ١٩٣
کەماڵ عەبدوڵڵایی (مەریوانی)، ٢٣٥
کەیخوسرەوی مەریوانی، ٧٣
کەیوان جامخانە، ٢٩٩
ماجد مەزهەر پوور (ئاوارە)، ١٠٤
مامۆستا بورهان عالی، ١٦٠
مامۆستا ساحێب غەریبی، ٢٧٦
مامۆستا سدیق محەممەدی، ٢٠٧
مامۆستا سەیید عەلی خالدی، ٨٥
مامۆستا شێخ ئەحمەد فارۆقی (کەڵەیمی شاعیر)، ١٠٦
مامۆستا عارف مودەڕیسی، ١٠١
مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس(نامی)،، ٨٢
مامۆستا فەخرەدین، ٣٧
مامۆستا قانێع، ٤٢، ٧٤، ٧٦، ١٢٨، ١٤٠، ١٤٩، ١٨٦، ١٨٧، ٢١٥، ٢١٧، ٢٧٩، ٣١٥
مامۆستا گۆران، ٨٠، ٨١
مامۆستا لەتیف ڕەحیمی، ١٥٢

مامۆستا مادح مرادی، ٢٥٠
مامۆستا محەممەد ئەمین عالی، ٩٥، ١٣١، ١٥٢، ١٥٥
مامۆستا محەممەد عارف عەلامی، ٩٣
مامۆستا محەمەد روستایی(مامۆستا حافز)، ١٤١
مامۆستا محەمەد عارف عەلامی، ٩٣
مامۆستا مەحموود دەستووره(مودەڕیس)، ١٣١
مامۆستا مەلا باقر بالک، ٦٧
محەممەد ناسری، ٣٠٧
محەمەد ناجی کانی سانانی، ٢٠٣
محەممەد کەریمی، ٦٤، ٢٩٢
محەممەد کەریمی(مامۆستا قازی)، ٦٤
محەممەد مەعرووفی، ١١٩
محەمەد ئەمین (خیتله)، ٤٥
محەمەد ئەمین میرزایی، ١٧٩
محەمەد سادق ئەحمەدزادە، ٧٩
محەمەد فەهیم، ١٥٧
محەمەد مستەفازادە، ٢٢٢
محەمەد مورادی (کوڕەخات)، ٨٤
محەمەد یوسف رەهنموون، ١٤٧
محەمەدی کوڕی شێخ عەلی مەریوانی دەرهەردیی، ٦٨
محەمەدی کوڕی مەلا رەزای مەریوانی، ٢٨
مستەفا عەبدی، ٢٢٨
موختار محەممەدی، ٢٥٢
موختار هووشمەند، ٢٤٠
موزەفەر یووسفی، ٢٠٩
موسلێح شێخەلئیسلامی (ڕێبوار)، ١٤٢
موسلێح ئەحمەدی، ٢١٥
موسلێح کۆنە پۆشی، ٢٦١
مێهدی چۆڕی، ٢٧٢

مێهدی خووندل، ٢٥٤
مەحمود مۆبارەك شایی، ٢٣٦
مەحموود مەحموودی، ٢١١
مەستووره خوسرەوانی، ٢٨٩
مەسعوود بینەندە، ٢٥٦، ٢٧١
مەلا ئەبووبەکر موسەنیفی چۆڕی، ٣٢
مەلا جامی چۆڕی، ٣٦
مەلا حەسەن دزڵی، ٤٤
مەلا حەمە سەعید سادەوا، ٦٨
مەلا خزری ڕووار، ٣٦
مەلا سەیید عەبدولکەریم چۆڕی، ٣٥
مەلا شەریفی مەردۆخی، ٤٣
مەلا عەبدولسەمەد بالکی، ٤٢
مەلا عەبدولعەزیم سەوڵاوا، ٤١
مەلا عەبدولقادر جەلالی، ٥٦
مەلا عەبدولواحد سەمەدی، ٥٨
مەلا عەبدوڵڵا قازی شەیدا، ٤٣
مەلا عەبدوڵڵا مەریوانی، ٥١
مەلا عەبدوڵڵای سەجادی بڵبەر(سەیید بڵبەری)، ٧٦
مەلا کەریم سەردۆش (پەژار)، ١١٤
مەلا محەممەدی جەوانروودی، ١٢٢
مەلا محەمەد سلێمان (سەیدی)، ٣٨
مەلا محەمەد کۆماسی،، ٩٨
مەلا محەمەدی ڕەشەدێی، ٦١
مەلا مەحموود جوانڕۆیی، ٥٦
مەلاعارف، ٥٠
مەلاعەبدولغەفاری دووهەم، ٣٥
مەلایوسف جان چۆڕی، ٣٥
مەولانا محەمەد گوشایش، ٢٩

مەهین بەهرامی کەمانگەر، ١٨٩
ناسر حەیدەری کانی سانانی، ١٤٤
ناسرخاوەری، ٢٩٥
نگار محەمەدی، ٢٤٠
نووری بەراری، ٢٥٢
هەورامان بەهرامی، ٣٠١
وەفا قادری، ٢٢٠
وەهمی کوردستانی، ٩٢
ڕەئووف سەعیدیان (ئاریا هەورامی)، ٢٦٩
ڕەئووف جەهانی(سەیوان.ج)، ٢٣٧
هادی ڕەحمان زادە، ٢٩٦
هانا سەیفی، ٣٠٩
هیوا نادری، ٢٧٣
هەیاس غەریبی، ٢٩٦، ٣١١

PEN CARAVAN

(Poets and Writers of Marivan and Hewraman)

Compiled and Edited By:

Fateh Mostafaei

... دیتنی ژیانی پێشکەوتووی پڕ لە جم و جووڵ و هیوا و شانازی لە لای بەشێک لە وڵاتانی جیهان لە جەمسەرێک و داماوی و کڵۆڵی و چەق بەستوویی و تاریکی و نادیار بوونی ئاسۆی ژیانی داهاتوو لە جەمسەرەکەی تری جیهان دا کە تۆشی لە گەڵ دای، بەرەی تازەی پێگەیشتووی چاو کراوە لەم جەمسەرە دەباتە سەر هەڵدێری بێ هیوایی و دابڕان لە خۆی و فەرهەنگ و کەلەپوورەکەی. ئەم حاڵەتە دەروونی یە هەر ئێستا یەکێک لە گیرو گرفتەکانی جیهانی سێهەمە کە ئێمەی کوردیش تێی دا دەژین و وای لێکردووین تەنانەت نەتوانین بە باشی کەڵک لە ئاڵ و گۆڕەکان و هەلە هەڵکەوتووەکان وەربگرین. کورتەی کەلام: خۆ لە بیر بردنەوە و خۆ بە هێند نەگرتن بۆ تاک و بۆ کۆ، بۆ گەل و نەتەوە، هۆکاری سەرەکی فەوتان و تێداچوونە و ئەرکی ڕووناکبیری دڵسۆز و زانا بەرگری کردن لە پەرەگرتنی بارودۆخی لەم چەشنەیە...

« لە پێشەکییەکەی ئەحمەد قازی»